حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

بەشی زمانی کوردی

# بنیاتی هونەری داستانە شیعری
# سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرینی خانای قوبادی

**نامەیەکە**

**شۆخان رمضان قادر**

**پێشکەشی کۆلێژی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پ.د. فازیل مەجید مەحموود**

(٢٧٢١)ی کوردی

(٢٠٢٣)ی زاینی

ئەم نامەی بنیاتی هونەری داستانە شیعری (**سولتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین**)ی خانای قوبادی، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ.د. فازیل مەجید مەحموود**

٢/٣ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ١٥/ ٣/ ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتووێژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: ن.د.عبدالقادر حمە امین
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١/ ٥/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. عوسمان محمد خدر
ئەندام:
ڕۆژ: ١/ ٥/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. نازیک محمد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١/ ٥/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. ...
ئەندام:
ڕۆژ: ١/ ٥/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی
ڕۆژ: ١١/ ٥/ ٢٠٢٣

# سوپاس و پێزانین

* خوای گەورە و باڵادەست، کە هەمیشە بەمیهرەبانی پاڵپشتێکی بەهێزی بەندەیە لە گەشتن بە ئامانجەکان.

* دایک و باوکم و هەموو ئەندامانی خێزانەکەم، کە هاوکارم بوون بۆ تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندن.

* پرۆفیسۆر د. فازیل مەجید محموود، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و هاوکاری کردم.

* بەڕێز پ.ی.د. محمد عمر عول سەرۆکی بەشی کوردی، کە بە هاوکاریی و ڕێنماییەکانی ڕێنیشاندەر بوو.

* بەڕێز کاروان عوسمان خەیات، ساغکەرەوەی دیوانی خانای قوبادی، کە بەسەرنج و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.

* سەرجەم ئەو بەڕێزانەی، کە بە وشەیەک هاوکار و پاڵپشتم بوون لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | **١-٢** |
| **بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر** | **٣-٤٣** |
| **پاری یەکەم:** زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر | **٣-٨** |
| **پاری دووەم/** مێژووی داستانە شیعر<br>أ- جیهانی<br>ب- کوردی | **٩-٢٤** |
| **پاری سێیەم/** تایبەتمەندییەکانی داستانە شیعر | **٢٥-٢٩** |
| **پاری چوارەم/** ژیانی خانای قوبادی وداهێنانەکانی لە بواری هونەری داستانە شیعردا | **٣٠-٤٣** |
| **بەشی دووەم: بنیاتی هونەری داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی لە ئاستی شیعریدا** | **٤٣-١٠٠** |
| **پاری یەکەم/** بنیاتی ئاواز<br>یەکەم/ ئاوازی دەرەوە | **٤٤-٤٧** |
| دووەم/ ئاوازی لایەکان<br>أ- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری هاونشینی (ئاسۆیی)<br>ب- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری جێنشینی (ستوونی) بە زیادکردنی هێشووە دەنگی سەروا<br>پ- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری جێنشینی (ستوونی) لەڕێگەی پاش سەروا<br>ت- گرنگی سەروا لە وێنە و واتای شیعریدا | **٤٧-٥٢** |
| سێیەم/ ئاوازی ناوەوە<br>أ- ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی<br>ب- دووبارەکردنەوەی دەنگی کۆتایی وشە | **٥٢-٥٧** |
| **پاری دووەم/** بنیاتی شێواز ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە) لە داستانی(**سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی** | **٥٨-٨٠** |
| یەکەم/ ئاستی دەنگسازی<br>أ- دووبارە بوونەوەی دەنگ لەسەر تەوەری هاونشینی<br>ب-دووبارەبوونەوەی دەنگ (هاتنی جووتە دەنگ) | |
| دووەم/ ئاستی وشەسازی<br>أ- وشە سادە و ناسادەکان<br>ب- بەکارهێنانی وشەی بێگانە<br>پ- دووبارەکردنەوە | **٦١-٦٩** |

| | |
|---|---|
| ت- وشەی هاوتاو هاو واتا ئاسا | |
| سێیەم/ ئاستی ڕستەسازی<br>أ- ڕستەی هەواڵگەیاندن<br>ب- ڕستەی داخوازی<br>پ- ڕستەی پرسیاری<br>ت- ڕستەی سەرسوڕمان | ٨٠-٦٩ |
| **پاری سێیەم** / ڕوونبێژی<br>یەکەم/ لێکچوواندن<br>دووەم/ خوازە<br>أ-خوازەی زمانی: خواستن / خوازەی بەرەڵڵا<br>ب- خوازەی ژیری<br>سێیەم / درکە | ١٠٠-٨١ |
| **بەشی سێیەم : بنیاتی هونەریی داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی لە ئاستی گێڕانەوەدا** | ١٥٢-١٠١ |
| **پاری یەکەم/ تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی**<br>أ- وەسف<br>ب- گفتوگۆ- دیالۆگ<br>پ- خۆدواندن – مۆنۆلۆک<br>ت- سەفەر<br>ج- خەون و فانتازی | ١٣٢-١٠١ |
| **پاری دووەم/ توخمەکانی گێڕانەوە لە داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی**<br>یەکەم/ پاڵەوان<br>دووەم/ ڕووداو<br>سێیەم/ شوێن<br>چوارەم/ کات | ١٥٢-١٣٣ |
| ئەنجام | ١٥٥-١٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٦١-١٥٦ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە عەرەبی | ١٦٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە ئینگلیزی | ١٦٣ |

# پێشەکی

بنیاتی هونەری لە دەقی ئەدەبیدا پێکهاتەی چەند جۆرە توخم و تەکنیکێکە، کە بەهۆی ڕێسا و یاسای تایبەت بەخۆیان خاسییەتێکی جوانیناسی دەبەخشنە دەق؛ سەرجەم بابەتە ئەدەبیی و هونەرییەکان یەکە و بنیاتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە توخم و تەکنیکەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، گێڕەرەوە بە پێی پلانی تایبەت بەرهەمە گێڕانەوەییەکەی ئەنجام دەدات؛ داستان بەشێکە لە فۆلکلۆر؛ سیمبول و شانازی نەتەوەییە؛ وەک دەقێکی گێڕانەوەیی و ژانرێکی گرنگی ئەدەب پانتاییەکی فراوانی هەیە؛ لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات؛ بنیاتی هونەری تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بنیاتی هونەری داستانەشیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادییە؛ هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بنیاتی هونەری ئەم بەرهەمە بە پێزەی خانا، هەروەها وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ لەوانە: ئایا خانا وەک گێڕەرەوە لە هۆنینەوەی ئەم داستانەدا، تا چەند گرنگی بە بنیاتی هونەری داوە؟ لە بەکارهێنانی توخم و تەکنیکەکانی گێڕانەوەی داستانیدا سەرکەوتوو بووە؟ یاخود ئەو توخم و تەکنیکە گرنگانەی بەکارهێناوە، کە دەبنە هۆکاری بە پێزی و جوانیناسی دەق لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا؟.....

بەڕێز(حەمەڕشید ئەمینی) وەک ساغکەرەوەی داستانەکە ئاماژەی بەوە کردووە ئەم بەرهەمەی لەبەر ڕۆشنایی دوو دەستنووس ساغکردووەتەوە، ئێمە یەکێک لەو دەستنووسانەمان دەستکەوتووە؛ هەرچەندە ئەزموونێکی ئەوتۆمان لەبارەی دەستنووسەوە نییە، بەڵام هەوڵمانداوە جگە لە خستنەڕووی بنیات و لایەنی هونەری ئەم داستانە بەراوردی نوسخەی چاپکرا و ئەو دەستنووسە بخەینە ڕوو لە ژمارەی دێڕە شیعرەکان، کە ناوبراو ئاماژەی بە ((نزیک (٣٥٠٠) دێڕە شیعر)) (ئەمینی، ٢٠٢١، ٢٨) کردووە، بەڵام لە دەستنووسەکە ژمارەکە جیاوازە، کە (٤٦٧٠) دێڕە شیعرە ئەمە بە دێڕە لەناوچووەکانیش، چونکە ئەو دێڕانە نیوەیان لەناوچوون چەند پیتێکیان دیارە، کە ئاماژەیە بۆ بوونی دێڕە شیعر، هەروەها لە نوسخەی چاپکراو گرنگی بە خاڵبەندی پێویست نەدراوە، کە لایەنێکی گرنگی ڕێزمانیی دەقە گێڕانەوەییەکانە...

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

چەندین هۆکار بوونیان هەیە، کە وا لە توێژەر بکەن بابەتێک هەڵبژێرێت بۆ توێژینەوە، سەرەکیترین هۆکار لای ئێمە گرنگی دیالێکتی گۆران (هەورامی)ە لە لایەک، کە ئەزموونێکی گرنگ و دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا لە ئاست شیاوی و بەپێزیی بەرهەمی شاعیرە مەزنەکانیدا ئاوڕ لە بەهای ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە نەدراوەتەوە؛ لە لایەکی دیکەوە گەورەیی و بە توانایی خانای قوبادییە، کە بەرهەمێکی زۆری هەیە، بەڵام گرنگی پێدانێکی کەم بەدیدەکرێت لە توێژینەوەی ئەکادیمی، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد؛ سەربە قۆناغی کۆنی کوردییە لە سەدەی (١٨)دا ژیاوە؛ شاعیرێکی ئازادیخواز بووە؛ لە دژی زوڵم و زۆرداری وەستاوەتەوە؛ شانازی بە زمانی کوردییەوە کردووە؛ لەو شاعیرانەیە، کە زۆرترین بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە؛ سەرەڕای ئەوەی، کە لە سەردەمێکی پڕ لە کێشەو شەڕو ئاژاوەدا ژیاوە، بەڵام هەموو هێز و تواناکانی خستۆتە گەڕ لە پێناو داهێناندا؛ بووەتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئەدەبی کوردیدا، لەڕێگەی وەرگێڕانی داستانە فارسییەکانەوە هزر و ئەندێشەی نووسەری کوردی کەمەندکێش کردووە بۆ نووسینی داستان؛ ڕاستە

بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی وەرگێڕانن، بەڵام دەتوانین بڵێین تەنها بابەتی سەرەکی بەرهەمەکەی وەرگرتووە، پاشان بە سەلیقەی هونەری خۆی و بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆی بەرهەمە داستانییەکەی داڕشتووەتەوە و داهێنانی تێدا کردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**
ئامانجی توێژینەوەکەمان دەرخستنی توانا، لێهاتوویی، داهێنەری(خانای قوبادی)یە لە نووسینی داستانە شیعردا، ناساندن و خستنەڕووی بنیاتی هونەری ئەم بەرهەمە گرنگ و تایبەتەی، بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەیەک بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی و پاڵنەرێک بێت بۆ توێژەری کورد، تا زیاتر گرنگی بەم شاعیرە مەزنە بدەن.
**میتۆدی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی شیکاری، مێژوویی نووسراوە.
**سەرچاوەکانی توێژینەوە و گیروگرفتیان:**
نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی سەبارەت بە داستانە شیعر بەگشتی؛ هەرچەندە ژانرێکی بنەڕەتی و گرنگە، بۆیە بۆ خستنەڕووی زانیاری داستان لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە بەپێی پێویست سەرچاوەی زمانەکانی دیکەمان بەکارهێناوە، لەهەمانکاتدا نەبوونی سەرچاوەیەکی پێویست سەبارەت بە خانای قوبادی ئەوەی، کە هەبوون لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، کە جێگەی داخە ئەم شاعیرە مەزنە لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا پەراوێزخراوە.
**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**
پلانی توێژینەوەکەمان لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە؛ بەشەکانیش لەچەند پار و خاڵێک پێکدێن.
ناونیشانی بەشی یەکەم بریتییە لە (سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر)، کە لە چوار پار پێکهاتووە؛ پاری یەکەم تایبەتە بە خستنە ڕووی زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر، لە پاری دووەمدا مێژووی داستانە شیعری جیهانی و کوردی پشت بەست بە سەرچاوە زانستییەکان خراوەتەڕوو، لەپاری سێیەمدا جەختمان لەسەر بوونی تایبەتمەندییەکانی داستانەشیعر کردووە، دوا پاری ئەم بەشەمان تایبەتە بە کورتەیەک لە ژیان و داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشەو هونەری داستانە شیعردا.
ناونیشانی بەشی دووەم بریتییە لە بنیاتی هونەری داستانە شیعری(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) لە ئاستی شیعریدا، کە لە سێ پار پێکهاتووە؛ لە پاری یەکەمدا بنیاتی ئاواز، کە لە ئاوازی (دەرەوە، لایەکان، ناوەوە) پێکهاتووە؛ لەداستانەکە خراوەتە ڕوو، پاشان لە پاری دووەمدا بنیاتی شێواز، ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە)ی داستانەکەمان بەگوێرەی پێویست و توانای زانستی خستووەتە ڕوو؛ پاری سێیەم تایبەتە بە هونەری ڕوونبێژی، (لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە) سەرەڕای ناساندنێکی کورتی ئەم هونەرە؛ شیکاری نموونەی شیعری لە داستانەکە لەم ڕووەوە خراوەتە ڕوو.
بەشی سێیەم ناونیشانەکەی تایبەتە بە بنیاتی هونەری داستانەکە لە ئاستی گێڕانەوەدا، لە دوو پار پێکهاتووە؛ لە پاری یەکەمدا باسمان لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە (وەسف، گفتوگۆ- دیالۆگ، خۆدواندن – مۆنۆلۆک، سەفەر، خەون و فانتازیا)ی داستانەکە کردووە، لە پاری دووەمدا توخمەکانی گێرانەوە ( پاڵەوان، ڕووداوو، شوێن، کات)ی ئەم شاکارە مەزنەی خانای قوبادیمان خستووەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

## سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر

**پاری یەکەم:** زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر

**پاری دووەم:** مێژووی داستانە شیعر

أ- جیهانی

ب- کوردی

**پاری سێیەم:** تایبەتمەندییەکانی داستانە شیعر

**پاری چوارەم** :داهێنانەکانی خانای قوبادی لە بواری ئەندێشە و هونەری داستانە شیعردا

# بەشی یەکەم

# سەرەتایەکی تیۆری سەبارەت بە داستانە شیعر

## پاری یەکەم

## زاراوە و پێناسەی داستانە شیعر

### یەکەم / زاراوەی داستانە شیعر

تێگەیشتن لە چەمک و مانای ژانرە ئەدەبییەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی ژانرەکان وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆی ئەدەبی، هەروەها ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی قوڵترو فراوانتر سەیر بکرێن و تێگەیشتنی دروستییان لەبارەوە هەبێت بە واتایەکی دیکە بۆ توێژینەوە لە هەر ژانرێک پێویستە تایبەتمەندی ئەو ژانرە بە شێوەیەکی ورد و پوخت بخرێتە ڕوو خاڵی لێکچوون و جیاوازی لەگەڵ ژانرەکانی دیکە دەستنیشان بکرێت، تا وەک هونەرێکی سەربەخۆی ئەدەبی بناسرێت؛ داستانە شیعر یەکێکە لە ژانرە گرنگ و بە بایەخەکانی ئەدەب؛ هەر میللەتێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ داستان ((زاراوەی داستان لە وشەی (EPOS)ی یۆنانی وەرگیراوە و بەرامبەر بەمەش لە زمانی لاتینیدا وشەی (EPICUM) بەکاردێت لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بەمە زاراوەی (EPIC) بەکاردێت و لە فەرەنسیشدا (EPOPEE) و ئەڵمانیەکانیش (EPOS) بەکاردەهێنن، لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بەرامبەر داستان زاراوەی (الملحمە) بەکاردێنن، کە واتای شەڕو کوشتارو خوێنڕێژی دێت فارسەکانیش بەرامبەر داستان زاراوەی (حماسە) بەکاردێنن، کە بە فەتحی یەکەم و دووەم واتای ئازایەتی و دلێری دێت و لە زمانیشدا بە مانای (سەختی لە کارو ئیش) و ( ئازایەتی و جوامێرییە) و ( **حمُس**) بە واتای دلێرو دلاوەر بوو))( حوسێن، ٢٠١٨، ١٩١).

فارسەکان بۆ زاراوەی داستان (حماسە) بە زاراوەیەکی ڕەسەن و دروست دادەنێن، بەڵام لای هەندێ کەس بە داستان ناوی دەبرێت. ( زاراوەی داستان (epos) کە بە یۆنانی مانای وشەو چیرۆکە وەک خوازەش مانای ئەفسانە دەدات، کە بووە بە بنچینەی وشەی ئیپیک (epic) وەک ئاوەڵناویش مانای گێڕانەوە دەدات بەدەستەوە، واتا بەرهەمێک کە دەکرێت بگێڕدرێتەوە) (شمیسا، ١٣٨٣، ٤٠). دەتوانین بڵێین داستان گێڕانەوە بووە ئەم گێڕانەوەیە سەرەتا سەرزارەکی بووە و کەسێک ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە، کە سادەو ساکار نەبووە، ڕوونتر بڵێین مانای وشەکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە داستان مانای کوشتارگەی گەیاندووە واتە شوێنێکە شەڕ و کوشتاری زۆر و مەزنی تێدا ڕوودراوە. عەلائەددین سەجادی دەڵێت: (( داستان و ئەفسونیش هەیە، داستان زۆرتر بۆ نەبەردی و پاڵەوانان بەکارئەهێنرێت وشەکە لە بنەڕەتدا (داواستان)ە واتە شوێنی جەنگ و شەڕوشۆڕ. وەیا (دادستان)ە واتە شوێنی عەدل، لە هەردوو بارا وەکو عیلمی بەلاغە ئەڵێ(تەسمیەی حالە بە ئیسمی مەحەل)درێژبوونەوەی زەمان وشەکە زمان کورتی کردۆتەوە و بووە بە (داستان))(سەجادی، ١٣٨٩، ١١٩).

لێرەدا ئەفسوون بەمانای (ئەفسانە) دێت، کە بەرهەمی کۆنی بیری مرۆڤایەتییە و هەمەلایەنە لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە بێ کۆتاکانی مرۆڤ کۆبووەتەوە و بەمرۆ گەیشتووە؛ ئەفسانە حەکایەت و چیرۆک و ڕازەکوردییە کۆنەکان دەگرێتەوە، کە دەماو دەم بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش دەگێڕدرانەوە. لە ئەدەبی کوردیدا ((بۆ داستان چیرۆکی شیعری و بەیت بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی وشەی داستان لەوانی دیکە باوترە، وە لە کورداندا کارێک پێی دەگوترێت داستان، کە ئازایی و چەلەنگییەکی زۆر لە لایەن ڕۆڵەکانی میللەت نوێنرابێت، بەو واتایەی هەموو کارێکی سادەو ئاسایی پێی ناوترێت داستان.)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٦). واتە پێویستە پاڵەوانەکانی ناو داستان کارێکی گەورەو مەزن ئەنجام بدەن بە جۆرێک ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر لە کارەکانیاندا بنوێنن، کە شیاوی گێڕانەوەیەکی بەپێز بێت نەک کارەکانیان سادە و ئاسایی بێت، چونکە داستان باس لە ڕووداوی مەزن دەکات، هەروەها جیهانێکی پڕ سەیرو سەمەرە و خەیاڵییە؛ لە هەمان کاتیشدا بەشێکی دیکەی واقیعە، بۆیە بە کارە سادەو ئاساییەکان ناوترێت داستان، هەروەها (( زاراوەی داستان بە بەیەککەیشتنی دوو سوپا لە داستانی شەڕێکی گەورەو گەرموگوڕ دەگوترێت، جا شوێنی بە یەکداچوونی هەردوو سوپاکە و ڕوودانی شەڕو کوشتارو کارەساتەکە داستان دەگەیەنێت، لەهەمان کاتدا ئەو زاراوەیە سەرکەوتنێکی گەورە لە شەڕدا دەگەیەنێت، کە هەست بە پاڵەوانێتی و ئازایەتی و فەخرو شانازی بەو سەرکەوتنەوە بکرێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ١٤٨).

واتە کاتێک شەڕێکی گەورەو بەهێز لە نێوان دوو سوپادا ڕوودەدات شوێنی شەڕەکەو ئەو ڕووداو کوشتارگەو کارەساتەی لەنێوانیاندا ڕوو دەدات مانای داستان دەگەیەنێت، کە جۆرێک لە هەستی پاڵەوانێتی شانازی بە سەرکەوتنی شەڕەکە دەکرێت. لە زمانی کوردیشدا بە پێی زارو شێوەزارەکان چەندین زاراوەو وشەی جیاواز بۆ داستان بەکارهێنراون وەک (گیوی موکریانی) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: (( چیرۆک، چیچەرۆک، ڕێزک، بەسەرهات، قەواتی، سەربردە، کەڤنە شۆپ، خەبرۆشک بۆ داستان بەکارهاتوون )) (موکریانی، ١٩٩٩، ٣-٤).

لە توێژینەوەی خۆرهەڵاتناسەکاندا گرنگی و بایەخی زمان و ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت بۆچەندین بابەتی ئەدەبی جیاواز لەوانە زاراوەی (داستان)، کەهەریەک لەو وشە و زاراوانە خراونەتە ڕوو بەپێی ناوچەکانیان بۆ گەیاندنی مانای (داستان) بووە؛ وەک (نەوشیروان مستەفا) دەڵێت: (( باسیل نیکیتین، لە کتێبەکەیدا: ( کورد لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی) کە بە فەڕەنسی نووسیوویێتی لە گێڕانەوەی ئەم چەشنە بابەتەدا وشەی (لاوژە) ی بەکارهێناوە محمد قازی لە وەرگێڕانە فارسییەکەیدا هەمان وشەی (لاوژە) ی هێشتۆتەوە، بەڵام د. نوری تاڵەبانی لە تەرجومە عەرەبییەکەیدا لە باتی وشەی (لاوژە) وشەی (لاوک) ی بەکارهێناوە. ئەشێ هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیدا هەمان مەبەست بگەیەنێ یا مەبەستێکی نزیکی بگەیەنێ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئەم وشانە: داستان، سەرگزوشتە، بەیت، باڵۆرە، لاوک، حەیران، سرود، ستران، ئەفسانە و لاوژە هەریەکە وەکو زاراوە تەرخان بکرێ بۆ چەشنێکی دیاریکراو لە ئەدەبی زارەکی و نوسراو بۆ جۆرێکی

دیاریکراو لە گێڕانەوەی بابەت. لێرەدا بە پێی هەڵسەنگاندنێ کە بۆ دەقەکانی ئەدەبی سۆمەری کراوە بە باشتر زانراوە بەرامبەر وشەی (ملحمە) وشەی (لاوژە) بەکار بهێنرێ)) (ئەمین، ٢٠١٢، ٦٤).

داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆر و سەرزارەکی خەڵکییەوە وەردەگیرێت، کە مانای ئەفسانە و حیکایەت و داستان دەگەیەنێت وە ( زاراوەی ئەدەبی فۆلکلۆر گوزارشت لەو داستانە زارەکییانەی نەتەوەکۆنەکان دەکات کە ئاشنا نەبوون بە خوێندن و نووسینەوە، هەروەها لەو ڕۆمانە زنجیرەییانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە دیار کەوتن، یان لە سەربردە کەسییەکان، یان بەرهەمە واقیعیە سۆشیالیستەکانی وەکو بەرهەمەکانی (فیکتۆر هیگۆ و تۆلستۆ)ی، یان بەرهەمەکانی شکسپیرو......تاد) ( واخرون، ٢٠١٢، ٦٣).

کەواتە زاراوەی داستان گوزارشتە لە ڕووداوێکی گەورەی شەڕوشۆڕ، کە شەڕەکان شێوەیەکی ئاساییان نییەو لە شێوەی کوشتارگەیەک دێنە پێش چاو لە مەیدانێکدا، کە چەندین کەس لە پێناو بیرو بۆچونەکانیان لە ناو دەچن و ناگەڕێنەوە، یاخود گوزارشت کردنە لە پڕۆسەی کردەوەی سەربازێکی گەورە و مەزن بۆ نموونە کاتێک دەوترێت داستانەکانی (شێخ مەحموود) واتە کردەوە مەزنەکانی شێخ مەحموود، کە ئەنجامی داوە لە ڕابردوودا ئەمەش وا دەکات مرۆڤ بە شانازییەوە مێژووی ئەو سەرکردە مەزنە بگێڕێتەوە، لەئەدەبی هەر میللەتێک زاراوەیەکی تایبەت بۆ داستان بەکاردێت و چەسپاوە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە لە ئەدەبی کوردیشدا بە پێی قۆناغەکانی مێژوو وشە و زاراوەی جیاواز بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتوون، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا وشە و زاراوەی (داستان) پەسەندکرا و چەسپاوە.

ژانرە ئەدەبییەکان هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەو خاسییەت و تایبەتمەندییە وا دەکات لە ژانرێکی دیکە جیابکرێتەوە، هەروەها هەر نوسەرێک بەپێی بیرو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی پێناسەیان بۆ دەکات؛ بۆ نموونە (داستانەشیعر) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەلایەن نووسەرانەوە، لەبەرئەوەی ژانرێکی سنوردارەو یەکێکە لە لوتکە بەرزو زیندووەکانی ئەدەب و هەمیشە لە گەشانەوەدابووە؛ لەگەڵ ئەو سەردەمە دێرینەی بەسەریدا تێپەڕبووە هەر بە نەمری و زیندوویەتی ماوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بوون و ئەزموونێکی قوڵی مرۆڤایەتییە، هەروەها بەهۆی سنوردارییەکەیەوە کۆمەڵێ ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆی هەیە پێویستە پەیڕەو بکرێت لەلایەن داستاننووسانەوە، بۆیە ئەو پێناسە زۆرانەی، کە بۆ داستان کراوە چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

(د.فاتمە مدرسی) لە بارەی داستانەوە دەڵێت: ( داستان epic بە واتای بوێری و دلاوەرییە جۆرە شێوازێکی ئەدەبی و گێڕانەوەیەکی ڕێکوپێکە لە بوارەکانی قارەمانیدا، کە لەسەر ڕووداوە ئاساییەکان و کردارەکانی شەڕی پاڵەوانەکان قسە دەکات داستان جۆرێکە لە شیعر لە داستاندا جۆرێک لە وەسفکردنی تێدایە، کە وەسفی کردارەکانی پاڵەوانی و جوامێری و شانازییەکانی نەتەوەیەک یان کەسێک دەکات) (مدرسی،١٤٠،١٣٩٠). واتە داستان گێڕانەوەیەکی ئەدەبییە بە شیعر دەهۆنرێتەوە بە

شێوەیەکی ڕێکخراو وەسفی ڕووداوە ئاسایی و نائاساییەکان و پاڵەوانەکان دەکات؛ جوامێری و مەزنی نەتەوەیەک یان کەسێک دەخاتە ڕوو، یاخود گێڕانەوەی بەسەرهاتێکە بە شیعرێکی درێژو کێشدار و بە مۆسیقای تایبەت دەنووسرێتەوە، هەروەها (د.شوکریە رسول) بەم شێوازە پێناسەی داستان دەکات و دەڵێت: ((شیعری مەلحەمی شیعرێکی چیرۆک ئامێزە سەرگوزشتەیەکی ڕووداو دەگێڕێتەوە، کە بە ژیانەوە بەستراوە ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکە دەهێنێتە دەرەوە وێنەی قارەمانێتی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات لەوانەیە ڕووداوەکە ڕاستەقینە بێت، بەڵام بەهۆی تێکهەڵکێشی لەگەڵ خەیاڵێکی فراوان لە واقیع بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێ، بۆیە ڕاستی لە خەیاڵ جیاناکرێتەوە.))(رسول، ١٩٨٩، ٨٨)

واتە داستان باسی ئەو ڕوودا و بەسەرهاتانە دەکات، کە پەیوەستن بە ژیانەوە نموونەی ئازایەتی و مەزنی مرۆڤەکان دەخاتەڕوو، هەروەها کاتێک ڕووداوی ناو داستانێک ڕاستەقینە بێت، بەڵام بەهۆی ئەو ئەفسانەو خەیاڵە فراوانەی تێیدا بەکارهاتووە و تێکهەڵکێشی ڕاستییەکان کراوە و لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ، بۆیە لێرەدا ڕووداوە ڕاستییەکان ون دەبن و تێکەڵ بەو ئەفسانەیە دەکرێت، کە بە جۆرێک بە ئەستەم لە ڕاستی جیادەکرێنەوە، هەروەها ( داستان چیرۆکی پاڵەوانێکە لە ڕێگەی شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، لە دوو توێی دا کرداری سەمەرە و ناوازە دەبینرێ، کە خوداوەندەکان و پاڵەوانە میللییەکان و پیاوانی ئاینی لە شارستانییەتی کۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش بەرز ڕاگرتنی پاڵەوانەکان و سەرکەوتنە لە ڕادەبەدەرەکانییانە) ( عبدالله، ١٩٧٨، ١٧).

واتە داستان بریتییە لەو ژانرە ئەدەبییەی، کە ڕووداوو و بەسەرهاتی پاڵەوانەکان دەخاتە ڕوو لە شێوەی شیعردا ئەو پاڵەوانانەش چەندین جۆریان هەیە لەوانە (پاڵەوانی میللی، خوداوەندەکان، پیاوانی ئاینی.. ) لە کردارەکانیاندا ئەفسانەیەکی لە ڕادەبەدەرو سەرسوڕهێنەر دەبینرێ، بەجۆرێک هەندێ جار دەچێتە سەرو واقیع، ڕوونتر بڵێین (خەیاڵ، فەنتازیا) ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێ لە داستاندا وەک بناغەیەکە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بە گشتی و لە داستاندا بە تایبەتی، لەبەرئەوە بە بێ (خەیاڵ) هیچ نووسەر و شاعیرێک نووسینی داستانێکی کاریگەرو پڕ چێژو خرۆش لە توانایدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەفسانەکان بنەمای واقیعی و مێژوورییان هەیە بە گشتی خەیاڵ نین، بۆیە داستان توانیوویەتی سوود لەو لایەنە (مێژوویی و واقیعییانە) وەربگرێت بەجۆرێک، کە (( داستان ئەو شیعرەیە شاعیر دەینووسێت و بابەتێکی چیرۆکئامێزانەی پێ دەگێڕێتەوە، کە لە ژیانی پاڵەوانان و پاڵەوانێتی و شەڕی مێژووییەوە وەرگیراوە لەگەڵ تێکەڵکردنی هەر هەموو ئەوانە لەگەڵ شێوە ئەفسانەییەکەدا کە هەست و نەست بووروژێنێت)) (تاڵەبانی، ٢٠١٠، ٧٦).

(جمال میرصادقی) بەم شێوە پێناسەی داستانی کردووە دەڵێت: (( داستان بەرهەمێکی گێڕانەوە ئامێزە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە کراون بە پاشخانی قارەمانگەلێک، کە ڕەنگ و بۆی ڕەگەزی و نەتەوەییان هەڵگرتووە، کە لە ناوییاندا ڕووداو گەلێکی چاوەڕوانەکراو ڕوویانداوە))(میرصادقی، ١٣٩٣، ٦٤). یاحود داستان ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیە، کە ((بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مەزن لە

بەرەبەیانی مێژووەوە، کە لە پێناوی پاراستنی شەرەفی نەتەوەییدا بە هۆنراوە وتراون، یان نووسراون لەم پاڵەوانێتی یانەدا پەیوەست بەسەردەمەکانیانەوە دەستی ئادەمیزاد تێکەڵە لەگەڵ دەستی خواوەندو فریشتەکاندا، لەبەرئەوە شتێکی ئاسایییە، کە ڕووداوەکان هەموویان ڕاستەقینەنین)) (ئەبوبکر، ٢٠٠٧، ٥٠).

دەتوانین بڵێین لە داستاندا دوو جیهانی جیاواز هەن (واقیعی و خەیاڵی) ئەم دووانە بە لێهاتوویی و زانینەوە تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن تا لە گێڕانەوەی ڕووداوی هەردوو جیهانەکە جۆرێک لە جوانی و چێژ بە خوێنەر ببەخشێت، هەروەها ببێتە هۆکاری زوو تێگەیشتنی خوێنەر لە بابەتی سەرەکی داستاندا، لە هەمان کاتدا وەک فەلسەفەیەکی مرۆڤی سەرەتایی سەیردەکرێت، لەبەر ئەوەی جیهانێکی پڕاو پڕ لە بیرکردنەوەو بیرۆکەی هەست پێنەکراوە، بۆیە بە دێرینترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، کە(( داستان بریتییە لە بە دوایەکداهاتنی کۆمەڵێک ڕووداوی ڕاستەقینەو مێژوویی یاخود دروستکراو و داهێنانیە، هەربۆیە خەیاڵکردن، دەستەمۆکردن و موسەخەرکردنی کردار دەخاتەڕوو خەسڵەتی دیاری داستان ئەوەیە، کە بتوانێت ئێمە ناچار بکات، کە بمانەوێت بزانین دواتر چی ڕوودەدات لەم مانا گشتییەدا تەنها کات هۆکارێکی گرنگەو ئەوەی کە چی ڕوویداوە و دواتر چی ڕوودەدات . داستان شا دەماری هەموو بەرهەمێکی گێڕانەوەیی و نمایشی داهێنەرانەیە، لە هەموو جۆرەکانی ئەم دووگروپەدا داستان دەبێتە ڕشتەو زنجیرەی ئەو ڕووداوانەی، کە بە پێی تەرتیبی بە دوای یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، لەم ڕووە داستان توخمی هاوبەشی جۆرەکانی ئەدەبی داهێنەرانەیە لە چیرۆک، ڕۆمانس، کورتەچیرۆک، ڕۆمان، نمایشنامە، فیلمنامە، شیعری گێڕانەوەیی و شێوازەکانیتر داستان بوونی هەیە )) (میرصادقی، ١٣٩٤، ٢٩-٣٠)

واتە ئەو ڕووداوانەی لە داستاندا باسدەکرێن ( مێژوویی، ڕاستی، دروستکراو..)ن وە تایبەتمەندی سەرەکی پەیوەستکردنی خوێنەرە، تا کۆتایی و وەرگرتنی زانیاری بەوەی چی ڕوویداوەو چی ڕوودەدات، هەروەها داستان بە دەماری سەرەکی و کاریگەری هەموو بەرهەمێکی گێڕانەوەی دادەنرێت توخمی هاوبەشی جۆرەکانی دیکەی ئەدەبییەو لە هەموو ژانرەکانی دیکە بوونی هەیە،

بابەتی داستانەکان جیاوازن؛ بۆنموونە بابەتی داستانی ئەدەبی و نووسراو جیاوازن لە داستانە فۆلکلۆرییەکان بابەتی داستانی ئەدەبی و نووسراو باس لە کێشەی تایبەتی و لایەنی دەروونی ناخی کەسەکان دەکات، بەڵام داستانە فۆلکلۆرییەکان باس لە کێشە گشتییەکانی مرۆڤ دەکەن زیاتر پەیوەستن بە گەل و نەتەوەو ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە((داستان بە تایبەتی(داستانی فۆلکلۆری)وەک ئاوێنەی خاسییەتەکانی گەل وایە و گوزارشت لەو پاڵەوانێتی و دڵدارییانە دەکات، کە لە هەناوی مێژووی گەلێکەوە هەڵقوڵاوە لەبەر ئەمە گەشەسەندنی مێژوویی داستانەکانیش بە گەشەسەندنی مێژووی گەلەوە بەستراوەتەوە)) (خەیات، ٢٠١٣، ٧).

کەواتە دەتوانین بڵێین پێناسەی (داستان) بریتییە لە بەرهەمێکی چیرۆک ئامێزی پڕ لە پیاهەڵدان؛ ڕووداوەکانی باس لە پاڵەوانبازی دەکات وە بە زۆری پاڵەوانەکان بریتین لە مرۆڤی بەهێزو

سەرکەوتوو لە مەیدانی جەنگ و بوارەکانی دیکەی ژیاندا، هەروەها پشت بە ڕەگەزی خەیاڵی و سەرسوڕهێنەرانە دەبەستێت؛ بە جۆرێک لەگەڵ ڕەگەزەکانی ڕاستی تێکەڵی دەکات و کارێکی گەورەی لێ بەرهەمدەهێنێت، یاخود کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕاستی و مێژوویی و خەیاڵییە باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان و پاشاو شازادە و خواوەندەکان دەکات، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بە دوا یەکداهاتنی کات ڕوودەدەن، یاخود ڕووداوە مەزنەکە باس لە کەسێکی جوامێرو پاڵەوان دەکات، کە لەلایەن هێزێکی گەورەی ئاینی و سیاسی و پاشایەتییەوە پاڵپشتی لێدەکرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەرزو پیرۆزەی کە هەیەتی وەک ئامانجی (نەتەوەیی و نیشتیمانی، گەیشتن بە خۆشەویست، نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری.....هتد) واتە بەگشتی بابەتەکانی داستان ڕووداو کارەساتی مەزنن بابەتە بچووک و لاوەکییەکان نابنە بابەتی داستان، چونکە ئەو کەسانەی دەبنە پاڵەوان و ڕووداوەکانیان بەسەر دێت کەسی ئاسایی نین، بەڵکو پلەو پێگەی گەورەیان هەیە و لە ناو کۆمەڵگادا بە ڕێزەوە سەیر دەکرێن، هەروەها داستاننووس (وەسف و خەیاڵ) وەک دوو بنەمای سەرەکی بەکاردەهێنن بۆ درێژبوونەوەی داستان، تا خوێنەر ڕووبەڕووی بێزاری نەبێتەوە، بەڵکو ببێتە هۆی پەیوەست بوونی خوێنەر بە داستانەکەوە، بەشێوەیەک داستانەکە دابەش دەکات بەسەر چەند بەشێکدا و هەریەک لە بەشەکان ناونیشانی تایبەت بە خۆیان بۆ دادەنێت، کە باس لە ڕووداوێک دەکات پاشان هەموو بەشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بە شێوازێکی جوانی ئەدەبی و هونەری دەیانخاتە ڕوو وا لە خوێنەر دەکات هەست بە پچڕانی زنجیرەی ڕووداوەکان نەکات.

# پاری دووەم

# مێژوویی داستانە شیعر

## یەکەم : داستانی جیهانی

سەبارەت بە دیاریکردنی مێژوو و سەرهەڵدانی داستانەشیعر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرهەڵدانی ژانرەئەدەبییەکان و پۆلێنکردنیان، چونکە داستان یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی و هەمووکات لە گەشەسەندندا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی سەرەتای ژانرە ئەدەبییەکان کارێکی هێندە ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی چەندین سەدەی خایاندووە، تا وەک ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبی دروست بوون، هەروەها لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبی بەرێژەیەکی کەم توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ بوونی ژانرەکان بەگشتی، کە جیاکردنەوەیان زەحمەت بووە؛ لە کۆنەوە پەیوەندی لە نێوان جۆری ژانرەکاندا هەبووە، کە تا ئەمڕۆش هەندێک جار هاوشانی یەکتر دەڕۆن؛ واتە تێکەڵ بوون و جیابوونەوەی ژانرەکان لە ئەدەبی کۆن و نوێدا دەبنە هۆی پەیدابوونی جۆرو ژانری تازەی ئەدەبی؛ لە هەمان کاتدا پەیوەندی لە نێوانیاندا دەمێنێ هەندێ خاسیەت و ڕەگەزی یەکتریان لە چوارچێوەیەکدا دەردەکەوێت ئەمەش دیاردەیەکی ئەرێنییە و لە سروشتی ژانرەوە سەرچاوە دەگرێت.

نووسەران لەبارەی دابەشکردنی ئەدەب بۆ ژانری جیاواز هەریەکە بۆچوونی جیاوازیان هەیە بە پێی سەرچاوەکان مێژووی جیاکردنەوەی ژانرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاکردنەوەیەی، کە (ئەرستۆ) بۆ ژانرەکان کردوویەتی لە بەرهەمە بەپێزەکەی بە ناوی (هونەری شیعر) ئەدەبی بەسەر سێ جۆردا دابەشکردووە لەوانە (تراژیدیا، کۆمیدییا، داستان)، کە بە یەکەم هەوڵ دادەنرێت لە جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکاندا لەم بەرهەمەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە بەگشتی ژانرەکان ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆیان هەیەو ناکرێ ئاوێتەی یەکتری بکرێن دەبێت هەریەک وەک ژانرێکی سەربەخۆ بخرێنە ڕوو. سەبارەت بە سەرەتای ئەدەب لای نووسەران و مێژوو نووسان هەندێکییان بۆ شیعر دەیگەڕێننەوە و هەندێک بۆ پەخشان، بەڵام بۆچوونی زۆربەیان شیعر پەسەند دەکەن بۆ سەرەتای ئەدەب، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە سەرەتای بوونەوە بۆ خستنەڕووی هەست و سۆزەکانی بە شیعر دەستی پێکردووە بەرهەمی سەرەتای زۆربەی میللەتانیش هەر بە شیعر بووە پاشان بەپێی گۆڕانی حەزو ویستی مرۆڤ ژانری نوێ هاتووەتە کایەوە بۆ گوزارشتکردن لە خواست و ویستەکانی مرۆڤ. ((دابەشکردنە کۆنەکان تا سەدەی هەژدەیەم وابەستەی دابەشکردنی شیعرن، بەو ئاڕاستەیەی "ئەدەب" تا ئەو دەمە بە "شیعر" دەناسرا، هەر ئەمەش وادەکات کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستووە تا بە برۆنتێرو هیگڵ و ئیلیۆت دەگات پۆلێنکردنی شیعرە نەک شیعرو پەخشان پێکەوە)) (حسەین، ٢٠٠٧، ٣٤).

چەندین سەرنج و بۆچوونی جیاواز لەبارەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و لاواز بوونی ژانرەکان لەلایەن نووسەرانەوە خراونەتەڕوو بۆ نموونە ((برۆنتییر پێی وایە کە چۆن لە سروشتدا هیچ شتێک

لەناو ناچێت، بەم جۆرەش لە ئەدەبدا هیچ شتێک لەناو ناچێت، چونکە جۆری ئەدەبیی وەکو جۆری بـایۆلۆژیی وایە سـەرهەڵدەدات و گەشـەدەکات و لەناودەچێـت، بەڵام لەنـاوچوون لە جۆرەکـانی ئەدەبداوەک لە ناوچوونە لە جۆرەکانی بوونەوەرە زیندووەکاندا، بە تەواوەتی لەناو ناچێت، بەڵکو هەندێ لە ڕەگەزەکانی بەردەوام دەبن لە جۆرێک یاخود لەو جۆرانەی کەلێیەوە فراژییان کردووە. نزیـک لەم واتـایەوە (هیگـڵ) شـیعری بـۆ دوو جـۆر دابەشـکردووە داسـتانی و ویژدانـی (گـۆرانی) یەکەمییان داستانییە، ئینجا دووەمیان گۆرانییە، بەیەکداچوونیان کۆتایی بە جۆری سێیەم دێت، کە درامیـیە، هەروەهـا شـیعری درامـیش دوو جـۆرە یـاخود دوو شـێوەیە- تراجیـدیا و کۆمیـدیا، چوونەناویەکیان بە شێوەی سێیەم کۆتایی دێت،ئەویش درامای هاوچەرخە))(عزیز، ٢٠١٠، ٩٧).

واتە دەکرێ ئەو ژانرە نوێیەی هاتووەتە کایەوە ببێتە بناغەیەک بۆ ژانری داهاتوو دوای خۆی؛ وەک چۆن بووەتە تەواوکەری ژانری پێش خۆی، چونکە بەپێی خواست و ویستی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری ڕوودەدات و ژانری نوێ دێتە کایەوە، کە لەگەڵ ویستی مرۆڤ بگونجێ، وە (( "هدسۆن" بۆ لێکدانەوەی چەشنەئەدەبییەکان لە تێڕوانینە دەرونشیکارییەکانەوە نزیک دەبێتەوە پێی وایە چەشـنەئەدەبییەکان وەڵامـدەرەوەی پێداویسـتییە دەروونییەکـانی مـرۆڤن و ئەم دابەشـکردنە بـۆ جیاکردنەوەی چەشنە ئەدەبییەکان دەخاتە ڕوو:

١- خواستمان لە گوزارشتکردنی خود هەبێت (شیعر دەدۆزینەوە).

٢- بایەخ بە خەڵک و بەرهەمەکانیان بدەین (شانۆ دەدۆزینەوە).

٣- بـایەخ بەو دەوروبەرە بـدەین کە تیایـدا دەژیـن و بەو جیهـانی ئەندێشـە ئـامێزەش بـدەین کە دەمانەوێت بیگوێزینەوە بۆ بوون و واقیع (چیرۆک دەدۆزینەوە).

٤- خۆشەویسـتیمان بـۆ وێـنەیەک هەبێـت لەبەر ئەوەی وێـنەیە( ئەدەب وەک کیـانێکی دامەزراو لەسەر خۆی دەدۆزینەوە).)) (اسماعیل، ١٩٧٣، ٢١). ژانرەکان لە ڕێڕەوی مێژوویاندا گۆڕانیان بەسـەردا هاتووە، هەروەها گەشەکردنیان لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤایەتی بووە لە هەر بوارێکی وەک ڕوخسـارو ناوەڕۆکدا بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک گۆڕانکاری نوێ لە ژانرێکدا دەبینی لە هەمان کاتدا هەست بە وێنەی ژانرە کۆنەکە دەکەیت؛ وەک ئەوگۆڕانەی کە لە (داستان)دا کرا بەوەی سـەرەتا بە شیعر دەنووسرا پاشـان بە پەخشـان دەنووسـرا، کە بەشـێوەیەکە لە قۆنـاغی ئێسـتادا جیاوازە و ڕەگەزی لە ناو ڕۆماندا هەست پێدەکەیت بۆیە ((ئەمڕۆ هەر نووسەرێک بە ئاسانی دەتوانێت سنوری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان ببڕێت و لە ژانرێکەوە بپەڕێتەوە بۆ ژانرێکی دیکە، ئەمڕۆ ژانرەکان تێکەڵی یەکدی دەبن، ژانری بەسەرچوو و ڕەگەزی کۆن جێدەهێڵرێت و بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ٤٤) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نووسەر ئازادە لە گەیاندنی مەبەستی سەرەکی بە خوێنەر بە بێ خۆبەستنەوە بە تاکە ژانرێکەوە، چونکە سنورێکی فراوان لە بەردەم نووسەراندا هەیە. (د.هەڤاڵ ئەبوبکر) لە (چەشنە ئەدەبـی و ڕۆژنامەنووسـییەکان و ڕەنگـدانەوەیان لە ژیـن و ژیـان)دا هێڵکـاری گـۆڕانی ژانرەکـانی خستووەتە ڕوو دەڵێت:(( ئەگەر بڕوانینە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە کە دەربارەی گۆڕانی ژانرەکانە لە

سەرچاوەی بنەڕەتی داستانە شیعرەوە، ئەوا بە ڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بە پێی ڕێبازو سەردەم و گەشەی کۆمەلایەتی ژانرەکانیش دەگۆڕێن




(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٤)

کەواتە دەتوانین بڵێین کە داستانە شیعر سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو ژانرێکە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زاینی هەر یەک لە داستانی نووسراوی کۆنی میللەتانی وەک (سۆمەری وگریکەکان)، لەو سەردەمە دوورو درێژەیدا چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە تایبەتی لە ڕووی بنیاتەوە، هەروەها بەگشتی سەرچاوەکان داستانی زارەکی بۆ قۆناغەکانی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێنەوە، کە ((مێژوویەکی درێژی هەیە، سەرەتا لە دەورانێکی زۆر کۆنەوە هەر لە کۆمەڵی خێڵەکییەوە دەست پێدەکات وە لە دەوری کۆیلایەتیدا گەشەی سەندوو لە دەوری دەرەبەگیشدا هەر لە پەرەسەندنابوو)) (ڕەسول، ١٩٧٩، ٣٦). هەروەها ((داستان گێڕانەوەیەکی شیعرییە، کەچیرۆکێک لە هەناویدا خۆی حەشارداوە خاوەن گوتارێکی باڵایە، ئەگەرچی خاوەنی نادیارە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی هەر پەیوەندی بە مێژووی سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەیە))(محمد، ٢٠١٥، ٤٣). (د. کەیفە ئەحمەد)یش مێژووی داستانەکان بەم شێوە دەخاتەڕوو دەڵێت : ((ئەوەی گومانی تێدا نییە ڕووداوەکانی داستانەکان بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێنەوە، هەروەها مێژووی ڕێکخستن و گێڕانەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دوای ئەوە بە چەند سەد ساڵێک واتە دەکەونە سەردەمی سۆمەری و گریکەکان)) (ئەحمد، ٢٠١٩، ١٥١) وە (باخان ئەحمد) یش پێی وایە، داستانە شیعر ( کۆنترین جۆری ئەدەبە کە بۆ مرۆڤایەتی مابێتەوە، هەر لە داستانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی وەک " گلگامێش " و داستانە یۆنانییەکانی " ئیلیادە " و " ئۆدیسا " ی هۆمیرۆسەوە، لە (٧٠٠ پ.ز) لە یۆنانی کۆندا پەیدابووە.))(حەمە ئەمین، ٢٠١٤، ٦)

گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی داستانە فۆلکلۆرییەکان بووە ڕێگە خۆشکەر بۆ نووسەرانی سەردەمەکانی دواتر کاتێک نووسین و خوێندەواری بەرێژەیەکی زۆر بڵاوبوویەوە نووسەران هەوڵی

ئەوەیان دەدا ڕووداوە فۆلکلۆرییەکان بکەنە بنەماو هەوێنی نووسینی داستانی ئەدەبی، هەروەها ئەو پێشکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ(( دەرکەوتنی بێ هاوتای " ئیلیادە " Iliada لە ڕیزی شاکارەکانی داستاندا بووە نموونەیەک کە هەموو نووسەرە کلاسیکەکان لاسای بکەنەوە))(پیربال، ٢٠٠٤، ٣٨). واتە (ئیلیادە) بووەتە هۆکاری سەرەکی هاندانی نووسەرانی سەردەمی دوای خۆی تاوەکو بەرهەمی لەو شێوەیە بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتنە وایکرد داستان بچێتە ڕیزی سەرەتاوبێتە یەکەم جۆر لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەب وەک (ڕەزا سەید حسێن)ی دەڵێت: (( سەرکەوتنی بێ نەزیری " ئیلیادە " بووە هۆی ئەوەی کە حەماسە لە نێو جۆرەکانی بەرهەمێن ئەدەبیدا ڕیزی یەکەم بگرێ و هەریەک لە شاعیرانی سەدەی کلاسیک لە لای خۆیەوە هەوڵی داوە کە بەرهەمێکی حەماسی وەکو ئەو بەرهەمە کۆنانە بەرهەم بێنێ)) (حسێنی، ٢٠٠٦، ٣٩)

(داستان) کۆنترین و دێرینترین ژانری ئەدەبییە (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (( چیرۆکی شیعری (ئیپیک) وەک بەرهەمێکی ئەدەبی مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە میلیە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزادی ناو ئەشکەوت پەیدا بووە))(خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٣٢٨). لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتییەوەکاتێک دایک منداڵی دەلاواندنەوە گۆرانی وەک کۆنترین هونەر دەرکەوت، کە ئاوازێکی خۆش و ناوازەی هەبوو بە شیعر و بە شێوەیەکی زارەکی خراوەتە ڕوو، چونکە لەو قۆناغەدا هۆکارێک نەبووە تا ئەو شیعرە لە فەوتان بپارێزێت، بۆیە(لە بنچینەو بنەڕەتدا داستان لە شیعری گۆرانی پەیدا بووە) (صفا، ١٣٧٨، ٣٤). داستان و ڕووداوە مێژووییەکان ئەوانەی، کە لە نێوان میلەتان درووست بوون بە درێژای قۆناغە جیاوازەکان پەیوەندییەکی پتەویان هەیە بە جۆرێک، کە ((ئیپۆس لە ڕێڕەوی گەشەسەندنیا مێژوویەکی درێژو دەوڵەمەندی هەیە زۆر بەتین بەستراوە بە گەشەسەندنی گەلەوە، بۆیە ئەبێ لەوە بگەین کەوا ئیپۆس کە لە خۆیدا ڕوداوێکی مێژووییە))(ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٣٣). ئەو بابەتانەی لە داستاندا دەخرێنە ڕوو وەک (مێژوو) بەو مەبەستە نییە، کە نووسەر مێژوو نووسی بکات، بەڵکو مەبەستی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکە بە شیعرو زمانی دایکی ئەو نەتەوەیە،بۆیە( هەر داستانێک، بە جۆرێک لە جۆرەکان تایبەتمەندی مێژوویی هەیە، لەبەرئەوەی، کە داستان بە هۆی وابەستەبوونییەوە بە کات و شوێنەوە بە شێوەیەکی بەرچاو قەرزاری ڕووداوە مێژووییەکان و مێژووی کۆمەڵایەتییە)( میرصادقی، ١٣٩٤، ٦٢). بابەتی سەرەکی داستانەکان (ئاین و دەسەڵات) بووە؛ لە هەمانکاتیشدا ئەفسانەیەکی زۆری تێدا بەکارهێنراوە بۆ گەیاندنی مەبەستە ئاینی و دەسەڵاتییەکانیان واتە داستان (( لە کۆتایی چەرخی تیۆکراتی پیرۆز دەرکەوتووە و بەر لە هەر شتێک چەمکی ئاینی تێدا ڕەنگی داوەتەوە ئەم ئەدەبە لە پەرستگاکان هۆنراوەتەوەو بەشێک بووە لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان)) (حاجی، ٢٠٠٩، ٣٤ ).

داستان و مێژوو لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە مانای ئەوە نییە لەیەک جیا نەبن بەڵکو جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا بەوەی، کە داستان لەگەڵ خەیاڵ و خورافیات ئاوێتەیە هەرچی مێژووشە لەگەڵ هێزی دەسەڵاتەگەورە و چینە بەرزەکان ئاوێتە دەبێت. بیری ئەفسانەیی بە ڕادەیەکی

زۆر لە داستاندا بەدیدەکرێت تەنانەت هەندێک لە داستانەکان سەرچاوەی دروستبوونیان ئەو بابەتە ناواقیعی و ئەفسانانەیە، هەروەها ئەدەب بەبێ خەیاڵکردن مانایەکی ئەوتۆ نادات بەدەستەوە هەریەکێک لە ژانرەکان یاخود بەرهەمێکی ئەدەبی گەر ڕیالیستی و واقیعیش بێت بەدەر نییە لە خەیاڵ وە خەیاڵ دەبێتە هۆی زیندوو هێشتنەوەی ئەو بەرهەم و ژانرە ئەدەبییە، خەیاڵ لە داستاندا زۆرە، چونکە ڕووداوەکانی نەنووسراونەتەوە، بەڵکو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراونەتەوەو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کە(( لەگەڵ پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ و بەستنەوەی بە واقیع داستانیش دەوەستێ))(عبدالله، ١٩٧٨، ١٧). لە کاتی وەستانی ژانرێکدا ژانرێکی دیکە لە دایک دەبێت وەک لە وەستانی داستاندا ڕۆمان دروست بوو، بەجۆرێک (( لە شوێنی مەرگی ئەدەبی داستاندا لە ئەورووپای سەردەمی بوژانەوە شێوەیەکی داستانی نوێ سەرهەڵدەدات کە نوێنەرەکەی ڕۆمانە))(کوزینوف، ١٩٨٦، ١١). (جورج غریب) بەم جۆرە مێژوو گرنگترین قۆناغەکانی داستانە شیعر دەخاتە ڕوو دەڵێت :((مێژووی شیعری داستان بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە گرنگترینیان بریتین لەم سێ قۆناغە:

١- قۆناغی گوزارشتکرن لە قەیرانی بوونگەرایی، سەبارەت بەوەی، کە چی لەو دیو بوونەوە هەیە لەو ڕووەوە تێکەڵەیەکە لە رۆحانیەت و ماددییەت، عەقیدەو خورافات، ڕاستی و ئەفسانە.

٢-قۆناغی گوزارشتکردن لە قەیرانی کۆمەڵایەتی لە ململانێتی بووندا.

٣-قۆناغی گوزارشتکردن لە قەیرانی نەتەوایەتیدا. ))( حوسێن، ٢٠١٨، ١٩٧). زۆرێک لە نووسەران و ڕەخنەگران هەردوو چەمکی (داستان و ئەفسانە) لە یەکتر جیا ناکەنەوە لەبەر ئەوەی، کە سەرەکیترین بابەتی داستانە بەراییەکانە و وای لەو داستانانە کردووە ببنە بە پێزترین داستانەکان لە ڕێڕەوی مێژوودا؛ ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی نووسەران ئەو دوو چەمکە لە یەک جیا نەکەنەوە، بەڵام(( داستان منداڵی ئەفسانەیە و ئەفسانە وەکو دایکێکی بەخێوکەر دەمێنێتەوە کە داستانی لێدەبێت و لە باوەشی خۆی پەروەردەی دەکات و دەیلاوێنێتەوە داستان لە دڵی ئەفسانەدا دێتە دەرەوە، پەیدابوونی داستان پەیوەستە بە ئەدەب و فەرهەنگی خەڵکێک، کە خاوەن مێژوویەکی کۆن و ئەفسانەیەکی دێرینن))( حوسێن، ٢٠١٨، ٢٢٩). بەگشتی داستانی جیهانی لە ڕووی مێژوویی و پەیدابوونییەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری گرنگدا بە پێی قۆناغی مێژوویی ئەوانیش (داستانی سروشتی و داستانی دەستکرد) ((داستانی سروشتی شیعرێکی سەرەتایی لەسەر ڕوداوێکی مێژوویی یا ڕووداوێک، کە خەڵک وا گومان دەکەن بنیاتنراوە و مێژووییە وەکو گەمارۆدانی تەڕوادە بەوە جیادەکرێتەوە، کە زۆر کۆنەو ناتوانرێت ئەو شاعیرە بناسرێت، کە داستانەکەی داهێناوە یا چەند شاعیرێک بەشدارییان لە هۆنینەوەی داستانەکەدا کردووە یا گەل بە تەواوەتی بەشدارە تیایدا و ناوی دانەرەکانی ونبووە)) (ترحیینی، ١٩٨٨، ١٨)

جۆری دووەمی داستان داستانی دەستکردە جۆرە داستانێکی سەربەخۆیە و دانەری دیاریکراوە، کە بەپێی بۆچوونی خۆی کار لەسەر ڕەگەزە پێویستییەکانی ناو داستانەکە دەکات و لاسایی داستانە

سەرەتاییەکان دەکاتەوە، بەڵام چوارچێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە (( لەم جۆرە داستانانە شاعیر بابەتێک دادەهێنێت، یا بە شێوەیەکی ئازاد سود لە بابەتە کۆنەکان وەردەگرێت، بەڵام پێوەری داستانە کۆنەکان دەپارێزێت و ڕەچاویان دەکات هەندێ کەس جۆری سێیەمیش بۆ داستان جیادەکەنەوە لە ڕووی پەیدا بوونەوە، کە بریتین لە داستانە سێیەمینەکان (THERTAIRY EPICS) کە لەسەر بنچینەی داستانە دەستکردەکانەوە بونیاتنراون وەکو شاهنامەی کوردی ( ئەڵماس خان) لەو جۆرەیە کە لەسەر بنەمای (شاهنامە)ی فیردەوسییەوە بونیاتنراوە)) (شمیسا، ١٣٩٣، ٦٦-٦٧).

دەتوانین بڵێین بۆ مێژووی داستانی جیهانی پێویستە ئاماژە بە کۆنترین داستانەکان بدەین کە بە پێی ڕیزبەندی و قۆناغی مێژوویی لە لایەن نووسەرانەوە بەم جۆرە پۆلێن کراون :

**١-داستانی سۆمەرییەکان:** (( داستانی میسۆپۆتامیا (وادی الرافیدین) : تا ئێستا ئەوەی لە بارەی کۆنترین داستانی تۆمارکراو دەستی ئێمە کەوتبێت، داستانی (گلگامێش) ی سۆمەرییە (یا بابلی کۆنە) کە بە زمانی سۆمەری و بە خەتی بزماری هۆنراوەتەوە ))(حوسێن، ٢٠١٨، ٢٣٣)

بە پێی سەرچاوەکان سۆمەرییەکان لە عێراقدا ژیاون خاوەنی شارستانییەت بوون و کەلەپوورێکی زۆریان لە دوای خۆیاندا بە جێهێشتووە ((سۆمەرییەکان لە نێوان سالانی (٥٠٠٠- ٤٠٠٠ پ.ز) بەشێکیان نەک هەموویان لە چیاکانی کوردستانەوە بەرەو باشوری وڵاتی عێراقی کۆن کۆچیان کردووە، بەڵام لەگەڵ خۆیاندا سەرەتاکانی داهێنانی نووسین و شارستانیەت وژیاریان بەرەو ئەو شوینە بردووە و دواتر پەرەیان پێداوە)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٦، ٧)؛ بۆیە لەکاتی پشکنینی ئەو کەلەپورانە چەند داستانێکی سۆمەری دۆزرانەوە توێژەران توێژینەوەیان لە جۆری نووسینی سۆمەرییەکان ئەنجامدا ئەمەش بووە بە سەرەتاو دەسپێک بۆ توێژینەوە لە مێژووی داستانی جیهانی، کە لە داستانی (گلگامێش) هوە دەست پێ دەکات وە (( لاوژەی گلگامێش لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی سۆمەریە و، نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بە زمانی سۆمەری دانراوە و بە خەتی مێخی لەسەر خشتی قوڕ نوسراوەتەوە، بەڵام هەمان لاوژە لەسەردەمی جیاوازو لە شوێنی جیاوازدا بە زمانەکانی بابلی و ئاکەدی و ئاشوری و هتد.. نوسراوەتەوە لە چەند جێگایەکی تر هەندێ بەشی بە پچڕ پچڕی لەسەر خشت دۆزراوەتەوە چەند بەشێکی لە مۆزەخانەی عێراقە بەشی زۆری لە مۆزەخانەکانی دەرەوەی عێراقە بە تایبەتی مۆزەخانەی بەریتانی گرنگترین ئەم کۆمەڵە خشتە ساڵی ١٨٧٢ لە کتێبخانەی شای ئاشوری ئاشور ناسر باڵ (٦٦٨- ٦٢٦ پ.ز) لە نەینەوا دۆزراوەتەوە بە لێکدانی هەموو ئەو خشتانە و بە یارمەتی چەندین خشتی تری مۆزەخانە جیاوازەکان توانیویانە کۆی لاوژەکە بە یەکخراوی بگێڕنەوە)) (ئەمین، ٢٠١٢، ١٠٥).

داستانە بەناوبانگەکانی جیهان بە شیعر نووسراونەتەوە وەسفی ڕووداو پاڵەوان و تەکنیکەکانی گێڕانەوە بە گشتی و بەشێوەیەکی وردوو لێهاتووانە خراونەتە ڕوو، چونکە داستان جێگەیەکی بەرزی لە ناو میللەتاندا هەیە و سنورێکی فراوانی هەیە هەریەک لەو داستانانەی، کە نووسەران بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی دیارییان کردوون دەرخەر و ئاوێنەی خاسییەتەکانی گەلەکەیانن، لەبەر ئەوە

خستنە ڕوویان و باسکردنی کورتەیەکی داستانەکانیش بێت لەم توێژینەوەیە سنوری توێژینەوەکەمان فراوانتر دەکات و دوورمان دەخاتەوە لە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە، بۆیە تەنها ئاماژە بە مێژووی داستانەکان دەدەین بەو ڕیزبەندییەی، کە دیاریکراوە.

**٢-داستانی فینیقی:** (ئۆگاریت یا (راس الشمرا) کە ناوەکەی پێش ساڵی (١٩٢٩) نەناسرابوو تەنیا لە هەندێ نامەو پەیماننامە بازرگانی و هاوپەیمانێتییە سەربازییەکانی نێوان میسری و حوسی و میتانیەکان نەبێت لە ساڵی (١٩٢٨) جوتیارێکی سوری لە نزیک گوندی (مینة البیضاء) ی نزیک لازقیە ژێر زەمینێکی دۆزیەوە، کە بەرەو گۆڕێکی کۆن دەچوو، بەڵام داگیرکەری فەڕەنسی دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیە گرت و لە ڕێگەی هەڵکۆڵینەکانیانەوە پێنج چینی ئاسەواری ئاشکرا کران، کە کۆنەکەیان بۆ هەزارەی شەشەم و پێنجەم دەگەڕێتەوە و نوێترینیشیان بۆ نێوان سالانی ١٦٠٠-١٢٠٠ ی پێش زاین دەگەڕێتەوە لەم دیکۆمێنتە دۆزراوانەدا داستانی ئەفسانەیی هەیە بەناوبانگترین داستانی ئۆگاریتییەکان بریتییە لە داستانی (ئەقهات) یا هەندێک جار بە (ئۆگاریت)یش ناودەبرێت لە سەدەی چوارەمی پێش زایین نووسراوەتەوە سەروادار نییە، بەڵام کێشی هەیەو بۆ ماوەیەکی زۆر دەقەکە بە شێوەی زارەکی بووە بە ناوی پاڵەوانەکەی (ئەقهات) ناونراوە) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٤١-٢٤٢).

**٣-داستانی گریکی یان یۆنانی:** یۆنانییەکان خاوەنی ئەدەبێکی مەزن بوون بە ڕادەیەک، کە ڕۆمانییەکانیش لەسەر بنەمای لاسایکردنەوەی ئەوان کارە ئەدەبییە مەزنەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنا، بۆیە کاتێک بەرهەمێکی ئەدەبی جوان و سەرنج ڕاکێش بوایە و سەرنجی نەوەکانی دوای خۆی ڕابکێشایە بە بەرهەمی کلاسیکی یۆنانی ناو دەبرا. گرنگترین و کۆنترین داستانی یۆنانی داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسا) ی هۆمیرۆسە لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی پێش زاینی نووسراون، کە کۆنترین جۆری شیعرن تا ئەم قۆناغە گەشتبێتە دەست نووسەران وە (( هۆمیرۆس بە هۆنینەوەی هەردوو داستانی ( ئەلیادە و ئۆدیسا) توانیویەتی دوو شاکاری بەرزی داستانی بۆ ئەدەبی یۆنانی لەسەدەی هەشتەمی پێش زاینی تۆمار بکات)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٤٧).

(ئەلیادە) ڕووداوەکانی ساڵی یەکەمی ئەو شەڕەی نێوان (گریک و تەڕوادە) دەخاتە ڕوو و دە ساڵی خایاندووە، هەروەها (ئۆدیسا)ش داستانی دووەمی (هۆمیرۆس)ە و باسی پاڵەوانێکی گریک دەکات ناوی (ئۆدیسیۆس)ە

**٤-داستانی هیندی :** وڵاتی هیندستان وڵاتێکی پڕ لە داستان و ئەفسانەیە، بە جۆرێک لە ڕیزبەندی مێژووی داستانی جیهانیدا کاریگەرییەکی گرنگ و گەورەی هەبووە بە پێی سەرچاوەکان لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینی دوو داستانی ئاینی و ئەفسانەیی بوونیان هەبووە لەوانە (مەهابھاراتا) و (ڕامایانا) ئەم دوو داستانە شەقڵی تاکە کەسییان پێوە دیارە لەبەر ئەوەی کاتی پەیدابوونیان درەنگترە وە ((مەهابھاراتا دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زاینی ئەم بەرهەمە درێژترین داستان (مەلحەمە) ی جیهانە و نزیکەی دووسەد هەزار بەیتە نزیکەی هەشت ئەوەندەی هەردوو

داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەیە، و بریتییە لە هەژدە کتێب، هەوێنی ڕەمزی ئەم بەیتە (کە نزیکەی هەشتا هەزار بەیتە) دەربارەی جەنگی نێوان (کورو) وەکان و (کە نمایندەی هێزی خراپەن ) و (پاندو) وەکانە کە نمایندەی هێزی چاکەن )) ( تراویک، ٢٠٠٨، ١٥)، یاخود ((مەهابهاراتا داستانێکی مێژوویی ئاینی هیندی کۆنە و لە سەدەی شەشەم یا پێنجەمی پێش زاینی بە زمانی سانسکریتی هۆنراوەتەوە، مەهابهاراتا لە سەد هەزار بەیت ( لە هەندێ نوسخەشدا سەدو حەوت هەزار بەیت) پێکهاتووە، بەمەش بە گەورەترین داستان لە جیهان دادەنرێت، داستانەکە دەدرێتە پاڵ (ڤیاسا)، بەڵام کۆمەڵێک ڕەخنەگر لەو باوەڕەدان، کە(ڤیاسا)تەنیا کۆکەرەوەی داستانەکەیە، ڕامایا دەدرێتە پاڵ ڤالمیکی، کە شاعیرێکی ناسراوە و لە دیدی هیندییەکان وەکو کتێبێکی پیرۆز سەیری دەکرێت و داستانەکە بریتییە لە هەزار لاپەڕەو هەر لاپەڕەیەک ٤٨ دێڕ لەخۆدەگرێت بەمەش کۆی داستانەکە ٤٨٠٠٠ دێڕە لە سەدەی سێیەمی پێش زایین نووسراوەتەوە تا سەدەی دووەمی زایینی بەردەوام شتی بۆ زیادکراوە)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٦٦-٢٦٨)

**٥-داستانی ڕۆمانییەکان:** سەردەمی شکۆداری ئەدەبییاتی یۆنانی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی کۆتاییان پێ هات بەهۆی داگیرکردنی یۆنان لە لایەن ڕۆمانییەکانەوە لەو کاتەدا ڕۆمانییەکان لایەنی شارستانییان لاواز بوو، کە (( لەسەردەمی ڕۆمیدا نووسراوانی پڕ بایەخ تا ڕادەیەک کەم بوو. شیعری گەورە نەنووسراوە، ژمارەی پەخشاننووسانی پلە یەکیش کەم بووە. پەخشانی ئەم قۆناغ و سەردەمە زیاتر بایەخی بە مێژوو، ژیاننامە، فەلسەفە، تەنز، ڕەخنە داوە)) ( تراویک، ٢٠٠٨، ١٣١)؛ بۆیە هەوڵیان دا، کە لایەنی شارستانی خۆیان فراوان بکەن کەوتنە لاسایکردنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی دەیانویست کەلتورێکی ئەدەبی و هونەری هاوشێوەی یۆنانییەکان دابمەزرێنن سەرکەوتنی بەرچاو بەناوبانگی داستانە یۆنانییەکان وای لێکردن، کە داستان ئەو بەرهەمە گرنگ و بە پێزە بێت لەلایان هەوڵی لاسایکردنەوەی بدەن؛ بۆیە ڕوویانکردە هونەری داستان نووسین بە ناوبانگترین داستانەکانیشیان بریتین لە (ساڵنامەکان) ی (ئینیۆس) و (ئەنیادە) ی (ڤێرجیل)

( نووسەری داستانی یەکەم (ساڵنامە) (ئینیۆس)ە هەژدە بەشی لەم داستانە بە ئامانجی گێڕانەوەی مێژووی ڕۆمانی کۆن لە سەرەتاوە تا سەردەمی خۆی نووسیووە ستایشی ڕۆما دەکات لەسەر شێوەی داستانە گریکییەکان، پاش ئەوەی سەرۆک ڕێگەی پێدەدا داستانێک لەسەر شێوەی گریکی بنووسێت بە ناوەڕۆک و ڕۆحێکی ڕۆمانی، ئینیۆس هۆمیرۆسی ڕۆمانییە لەو ڕووەوەی، کە داهێنەری شیعری داستانی لاتینییە، هەروەها نووسەری داستانی دووەم، کە بەرهەمێکی گرنگ و بە پێزی ئەدەبی داستان نووسینە (ڤێرجیل)ە یەکێکە لە بەرزترین و لێهاتووترین شاعیری ڕۆمانی چەند بەرهەمێکی گەورەی نووسیووە، بەڵام لە هەموویان بەناوبانگتر بریتییە لە داستانی (ئینیادە) لە ساڵی (٣٠) پێش زایین دەستی پێکرد، کە ئەوکات لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو و یازدە ساڵی تەمەنی کۆتای ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٧١-٢٧٣).

**٦-داستانی ئینگلیزی:** ئینگلیزییەکانیش وەک هەر میللەتێکی دیکە خاوەنی چەند داستانێکی گرنگ و بە پێزن لەوانە (( بیۆوۆڵف ( biowolf ) داستانێکی شیعری نەتەوەی ئینگلیزییەو خاوەنی شێوازێکی باڵایە و مێژووەکەی وەک ئەوەی لە دەستنووسی (نۆیل)دا تۆمارکراوە بۆ نێوان سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی یازدەیەمی زاینی دەگەڕێتەوە و باس لە قارەمانێکی ئەسکەندەناڤی دەکات، کە ناوی (بیۆوۆڵف)ە و پاڵەوانی (geast)ەکانە و بە هانای (هرۆسگار) ی (پاشای دانیمارک)ەوە دەچێت، کە گرفتاری دەستی دێوێکە، هەروەها جۆن میلتۆن شاعیری ئینگلیز (١٦٠٨- ١٦٧٤) بە دوو داستان وەکو یەکێک لە ڕابەرانی نووسینی داستانی یەکەمی ناوی (بەهەشتی ونبوو، یا لە دەستچوو)ە (paradise lost) دووەمیش بریتییە لە فیردەوسی بەدەستهاتوو(paradise agonists) ))( حوسێن، ٢٠١٨، ٢٨٥-٢٨٦).

**٧-داستانی فەڕەنسی:** داستان بەرهەمێکی مێژووییە، بۆیە پەرەسەندنی لای میللەتان وەک یەک نییە هەر میللەتێک لە پەیدابوون و گەشەسەندنی داستاندا قۆناغ و مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە هەندێک لە میللەتان بەهۆی شەڕو کێشمەکێشی سیاسییەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکە باری ئەدەبی و هونەریان لاواز دەبێت یاخود لە ناو دەچێت و وڵاتی داگیرکار خۆی دەکاتە خاوەنی وەک بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکانی یۆنانی، کە لە لایەن ڕۆمانییەکانەوە داگیرکرا فەڕەنساش بەدەر نییە لەو وڵاتانەی، کە دوچاری شەڕ بوون؛ کۆنترین داستانی فەڕەنسی (شانسون دو ڕۆلاند) ە (( کۆنترین و باشترین مەلحەمەی فەڕەنسییە و بریتییە لە ٤٠٠٢ چوار هەزار و دوو بەیتی دە سیلابی و هاوسەدا دانەرەکەی نادیارە، لەوەیە تورولدوس ناوێک بێ، کە لە کۆتایی نوسخە دەستنووسەکەی ئۆکسفۆردا ناوی هاتووە سرووودی ڕۆلان جۆرە دەربڕینێکی هەرە جوان و دڵگیری نیشتیمانپەروەریی فەڕەنسەوی و گیانی مەسیحییەتی خەباتگێڕە))( تراویک، ٢٠٠٨، ٢٥٤). واتە داستانی فەڕەنسی ڕەنگدانەوەی ئەو شەڕانەن، کە لەو وڵاتە ڕوویانداوە.

**٨-داستانی ئەڵمانی :** نیبلۆنگن (( داستانێکی پاڵەوانیێتی ئەڵمانییەو بۆ سەدەی دوازدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە هۆنراوەیەکە بە زمانی ئەڵمانی پەتی ناوەڕاست لەسەر کێشی ( longzeilenns strophe) هۆنراوەتەوە، کە لە نەریتەکانی شیعری ئەڵمانی کۆن بۆ دوو بەیت کێشێکە دابەش دەبێت، ئەم بەرهەمە دەدرێتە پاڵ شاعیرێکی نەناسراوی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی قوڵ، کە پێوەندییەکی توند و تۆڵ و بەتینی لەگەڵ کەشی دەربارداهەیە، بەڵام لە کۆنەوە ناوی نەناسراوە))(حوسێن، ٢٠١٨، ٢٩٦) هەروەها (بوکنەر ب. تراویک) لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا بەڕوونی لە ئەدەبیاتی جەرمەنی مێژووی ئەدەبیات و زمان و تیرە جەرمەنییەکان و قۆناغەکانی ئەدەبی و بەرهەمە بەپێزەکانی ئەو وڵاتە دەخاتە ڕوو لە بارەی داستانی (نیبلۆنگن) هوە دەڵێت: ((سرووودی نیبلۆنگن (١٢٠٠ ی ز) گەورەترین بەرهەمی ئەدەبی ئەڵمانییە لە سەدەکانی ناڤیندا، ئەم بەیتە لە نزیکەی دە هەزار بەیت پێکهاتووە و بریتییە لە کۆمەڵە بەندێک کە بە ( بەندەکانی نیبلۆنگن ) بەناوبانگە هەر بەندێکی لە چوار بەیتی هاوقافیە پێک هاتووە هەر بەیتێک بە هەڵوەستەیەک دەبێت بە دوو بەشەوە بەشی یەکەم و

دووەم لە هەر بەیتێک سێ وێستگەی هەیە دوا بەیتی هەر بەندێک نەبێ کە نیوە بەیتی دووەمی چوار وێستگەی هەیە، قەسیدەیەکی زۆر وەستایانەیە، بەڵام لەوە دەچێت کە شەقڵی چیرۆکی پەرییان، ئەفسانەو مێژوو کەم دابێژێک لە هاوئاهەنگی و هاوسازی بەیتەکە کەم بکەنەوە)) ( تراویک، ٢٠٠٨، ٢٢٥).

**٩-داستانی ئێرانی:** لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا چەندین داستانی گرنگ و بە بایەخ هەن ئەو داستانانەش مۆرک و شەقڵی ئەو میللەتەی پێوە دیارە کە دەیگێڕنەوە واتە هەریەک لەو میللەتانە بەپێی کلتورو داب و نەریتی خۆی ئەو داستانە دەگێڕێتەوە وەک دەزانین داستان لە سەرەتادا بەرهەمی فۆلکلۆر و سەرزارەکییە و دەماو دەم دەگێڕدرێتەوە بە شێوازی شیعرو پەخشان، بەڵام بە زۆری بە شیعر گێڕدراونەتەوە ئەو شیعرەش تایبەتمەندی خۆی هەبووە؛ لەو تایبەتمەندییانەش(( ئەم جۆرە شیعرە شێوازێکی درێژە پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت، چەندین ڕووداو و پاڵەوانی مێژوویی تێدایە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١١٩). لە قۆناغی دووەم، کە قۆناغی داستانی دەستکردە نووسەرێک ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییە بە دەستکاری و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا و بە سەلیقەیەکی هونەری تۆمار دەکات.

بەشێکی زۆر لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان ئەوانەی خەیاڵ و ئەفسانەی زۆریان تێدایە بەرهەمی دەروناسەکانن، کە بە پێی بۆچوونی دەروونناسی خۆیان ئەم بەرهەمانەیان لەسەر بنەمای خەیاڵ و ژیانی دەروونی مرۆڤ بنیاتناوە وەک داب و نەریت و ئەو پێداویستییە تایبەتییانەی مرۆڤ دڵخۆش و سەرگەرم دەکەن، کە یەکێک بوون لە سەرچاوەگرنگەکانی نووسینی داستان، بۆیە کاتێک ئەم پێداویستییە دەروونیانە لە بەرهەمی داستاندا هەن دەبینین، کە هەندێک لە وڵاتان ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانەیان کردووە بە بیانووی ئەوەی دەبنە هۆی شێواندنی دەروونی لاوان و گەنجان و لادانیان لەسەر ڕێگەی ڕاست، ئێران یەکێک بووە لەو وڵاتانەی ڕێگری ئەم جۆرە بەرهەمانەی کردووە وەک (جمال میر صادقی) دەڵێت: ( بە داخەوە لە وڵاتی ئێران چەند دەیە لەمەوبەر ئەم بابەتە لایەنێکی فراوانی هەبووە و ئەو کەسانەی، کە تەسەوریان دەکردوو پێیان وابوو داستان خوێندنەوە و گوێگرتن لە باس و بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان بەتایبەت عاشقانەکان و پاڵەوانبازییەکان زیان بە خەڵکی و کۆمەڵگە دەگەیەنن زۆر بوون و بە هەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە، کە کتێبی داستان نەگاتە دەستی خەڵکی و منداڵ و نەوەکانیان، تاوەکو نزیکەی چوار بۆ پێنج دەیە لەمەوبەر نرخ و بەهایەکی ئەوتۆ بۆ داستان دانەدەنرا و بە شتانێکی ناپەسەند هەژمار دەکران، بەڵام دەکرانە ڕاستگەو میصداق بۆ نووسینە فەلسەفی و ئەخلاقییەکان لە ناو کتێبە ئەدەبی و فەلسەفییەکان وەک نموونە، کە بەلای نووسەرەوە گونجاو بوایە ئاماژەیەکی خێرایان پێدەکرا)(میرصادقی، ١٣٩٤، ٥٦) گرنگترین و بەناوبانگترین داستانی ئێرانییەکان (شاهنامەی فیردەوسی)یە (( ئێرانییەکان گەلێک بەرهەمیان لەسەر شێوازی داستانی نووسیووە، بەڵام هیچ یەکێکیان وەکو(شاهنامەی فیردەوسی) ناوبانگ و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. شاهنامە بەرهەمی ئەبولقاسمی فیردەوسی توسییە لەسەر کێشی موتەقاریبی هەشتی مەحزوف و شەست هەزار بەیت لەخۆدەگرێت و سەروای مەسنەوییەو

یەکێکە لە گەورەترین داستانەکانی ڕۆژهەلآت و جیهان بەگشتی و سی ساڵ ڕەنجی لەگەڵ کێشراوە)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٣٠٢). ئەم داستانە باس لە مێژووی کۆنی ئێران دەکات، سەردەمی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی زایینی. سێ قۆناغ لەخۆ دەگرێت:

١- قۆناغی (ئەفسانە): لە سەردەمی کەیۆمەرسەوە تا دەرکەوتنی فەرەیدون.

٢- قۆناغی پاڵەوانێتی: لە شۆڕشی کاوە تا مردنی ڕۆستەم و دەسپێکردنی پاشایەتی بەهمەن.

٣- قۆناغی مێژوویی: لە سەردەمی داراوە تا حکومەتی ئەشکانیان و سەرئەنجام حکومەتی ساسانیەکان.

**١٠-داستانی ئیتالی** : لە سەدەی تاریکی ئەوروپایی و پاش دەرکەوتنی (ئینیادە) ی ڤێرجیلی ڕۆمانی بەرهەمێکی بە پێز نابینرێت، کە شیاوی ناوی داستان بێت بە پێی سەرچاوەکان ئەم دۆخە تاوەکو سەدەی چواردەم بەردەوام دەبێت، پاشان (دانتی) وەک زیندووکەرەوەی داستان دەردەکەوێت، کە بە نووسینی (کۆمیدیای یەزدانی) توانی سەرلەنوێ بەرگێکی زیندوو بە جەستەی داستان ببەخشێ ئەم سەرکەوتنەی (دانتی) بووە هۆی هاندانی زیاتری شاعیرانی دوای خۆی و هەوڵیان دەدا لاسایی بکەنەوە. (کۆمیدیای یەزدانی) ((ئەم بەرهەمە کە بە یەکەمین ژیاننامەی هونەرمەندێک دەژمێردرێت، لەم ڕووەوە زۆر بایەخدارە کە هەندێ گێڕانەوەی زارەکی کۆنی لەمەڕ ژیانی نووسەری کۆمیدیای خوای تۆمار کردووە و پاراستووە)) (تراویک، ٢٠٠٨، ١٨).

ئیتالیا ئەو دەوڵەتەیە، کە شوێنی لە دایک بوونی ڕێنسانسە هەمیشە شانازی بە پێشەنگ بوونی ئەو بزوتنەوە مەزن و بە بایەخەوە دەکەن، چونکە ڕێنسانس قۆناغێکی گرنگی مێژوویی ئەوروپایە هۆکاری پێشەنگی ئیتالییەکان لەم بزووتنەوە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چینی دەرەبەگی گەشەی نەکردبوو لەو وڵاتەدا؛ لە قۆناغەکانی سەرەتاوە ئەم چینەیان ڕەتکردبوویەوە وە خوێندن بە شێوەیەکی شارستانی بوو پێچەوانەی تەواوی ئەوروپا، کە خوێندن کەنیسە بوو شاری (فلۆرەنسا) بوو بووە بنکەیەکی فەرهەنگی گرنگ، کە وێنەگر و پەیکەرتاش و زاناو دانا و مامۆستا و گەنجانی هۆشیاری پەروەردە دەکرد لەوانە دانتی، کە خاوەنی (کۆمیدیای یەزدانی)ە ئەم داستانە داستانێکی بەناوبانگی جیهانییە بە جۆرێک، کە (( یەکێک لە داستانە جیهانییە هەرە بەناوبانگەکان بە تایبەتی دوای ئەلیادەو ئۆدیسای هۆمێرو ئینادەی ڤێرجیل، (کۆمیدیا) ی دانتییە. دانتی لە ساڵی (١٣٠٠) ی زاینی دەستی بە نووسینی ئەو بەرهەمە کرد)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٣١١).

## دووەم : داستانی کوردی:

ئەدەبی فۆلکلۆر کەرەستەی خاوی هەموو ژانرە کۆن و نوێیەکانە، لەبەر ئەوەی (( زۆر لە زاناکانی جیهان ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە و بە کۆمەڵانی خەڵکیان سەلماندووە، کە فۆلکلۆر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە هەبووە هەر بۆیەش بیر و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و کەلەپووری نەتەوایەتی بە پێی پێشکەوتنی شارستانییەتی و قۆناغەکانی مێژوویی پێشکەوتوون لە هەمان کاتیشدا ئەو گەلە زۆر گیرو گرفت و ناخۆشی و دەرد و ئازاری بینیوە، فۆلکلۆریش لەگەڵ گەشەکردنی گەلەکەی خۆیدا لە سەرکەوتنی بەسەر ئازارەکانی ژیاندا پێشدەکەوێ و گەشەدەکات))(ئیبراهیم، ١٩٧٩، ٧٦). واتە فۆلکلۆر بەردی بناغەی ژانرەکان و هەموو ئەدەبی نووسراوە؛ جا پاراستنی ئەم ئەدەبە بە پێزە لەلایەن باو باپیرانەوە بووە کە شوێن دەستیان لە مێژوویی ئەدەبییاتدا دیارە، یاخود لەلایەن ئەوشاعیرە بەهرەمەندە بووە، کە بەهرەی لە خواوەندی شیعرەوە وەرگرتووە و بەرهەمەکەی لە قاڵبێکی ئەدەبیدا داڕشتووە و کردوویەتییە شاکارێکی ئەدەبی بەپێزو گرنگ، کە لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکە سوودی وەرگرتووە بە هەندێک گۆڕانکاری بە پێی بیرو گوزارشتی سەردەم و بارودۆخ و زمانی میللەتەکە، جا یەکێک لەو بەرهەمە گرنگ و بەپێزە داستانە فۆلکلۆرییەکانە، کە چەندین سەدە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گێڕدراونەتەوە، تا ئەو شاعیرە لە فەوتان ڕزگاری کردوون. ئەم داستانانە داهێنانی ئەو شاعیرە نین، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوە دەگەڕێنەوە(( واتە داستانی گەل کە لەناو کۆمەڵدا سەری هەڵداوەو خۆی لە خۆیدا هەبووەو کەس دروستی نەکردووە، بەڵکو شاعیر لە چەند بەیتێکدا دای ڕشتووە وەک داستانی (ئەلیازە و ئۆدیسا)، کە هۆمیرۆس تەنها دایڕشتۆتەوە، بەڵام دروستی نەکردووە، هەروەها داستانی شانامەی فیردەوسی داستانێکی تەبیعی و میللی یە)) (ڕەسول، ١٩٨٩، ٩٠).

سەرجەم سامانی ئەدەبی نەتەوەی کورد لە قۆناغی ڕابردووەوە، تا قۆناغی ئێستا دوو بەشی سەرەکییە یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکییە، کە بەشێوەی شیعرو بەیت و پەخشان و ڕازو مەتەڵ و پەندی پێشینان...هتد بووە وە بە شێوەی سینە بە سینە تا قۆناغی ئەمڕۆ گەیشتووە ئەم بەرهەمانە دانەریان دیار نییە نادرێنە پاڵ تاکە کەسێکەوە، بەڵکو موڵکی هەموو میللەتن.

دووەمیان ئەدەبی نووسراو ناسراوی کوردە، کە دانەر و خاوەنیان دیارە لە چ زارو شێوەزارێکی کوردن (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (( ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، گەلێ لە بەرهەمە گەورەو مەزنەکانی گیتی ئەدەبی نەنووسراو بوون و لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراو زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکان سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆر بووە )) (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٨)، واتە ئەدەبی نەنووسراوی فۆلکلۆر بووە بە بنەما بۆ نووسینی ئەدەبی نووسراوی وەک (داستان). بە پێی سەرچاوەکان بنەمای داستانی کوردی (بەیت و بەند)ە، (( چونکە ئەوەی پاشتر وەک بەرهەمی جدی نووسەران لە ژێر ناوی داستاندا دەبینرێت، بناغەکەی بەیتی فۆلکلۆری کوردییە،

هەروەهــا ئیپیکــی کــوردی، نمــونەی نووســراو و پێشــکەوتووی، بەیــت و بــاڵۆرەیە. ئەم ژانــرە بە پێچەوانەی زاری سۆرانی یان زمانی فەرمی نووسین، لە زارەکانی گۆرانی و کرمانجی، لە ترۆپکی خۆیدایە. نموونە گرنگ و سەرکەوتوو و باشەکانی داستان لە شێوەکانی ئەویینداری و پاڵەوانی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی، بەو دوو شێوەزارە نووسراونەتەو)) (کەسنەزانی، ۱۸۹،۲۰۲۲).

نەتەوەی کورد خاوەنی سێ ئەزموونی ئەدەبی و زمانییە، وەک کۆڵەکە ئەدەبییاتی کوردی لەسەر ئەو سێ ئەزمـوونە ڕاگیـراوە و دامەزراوە، ئەوانـیش: (ئەزمـوونی گـۆرانی، کرمـانجی، سـۆرانی )یە، هەریەک لەو ئەزموونانە خاوەنی تێکست و داستان و بەرهەمی ئەدەبیی بەپێزن، بەڵام خاڵێک، کە ئەو سێ ئەزموونە لە یەکتر جیا بکاتەوە بوونی داستانە، کە لە ئەزموونی گۆرانی و کرمانجیدا ڕێژەیەکی گرنـگ و بەپێـز هەیە پێچەوانەی زاری سـۆرانی، گەر بـوونی داسـتان لەو دوو ئەزمـوونەش بەهـۆی کاریگەری نەتەوەی دراوسێوە بووبێت و شاعیران وەرگێڕانیان ئەنجامدا بێت ئەوا گرنگ ئەوەیە ئەو دوو ئەزمـوونە نەتەوەی کوردیـان بێ بەش نەکردووە لەو ژانرە گرنگەی ئەدەبییات، کە (داسـتان)ە، چـونکە بەشـێوەیەکی لێهـاتووانە لەو پەڕی داهێنانـدا لە ڕووی فـۆڕم و نـاوەڕۆکەوە بەرهەمەکەیـان داڕشتووەتەوە و گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردییان دەوڵەمەند کردوە.

سـەبارەت بە(بەیـت و داسـتان)ەوە ڕای جیـاواز هەیە لەوانە (د.کەیفـی ئەحـمەد) بۆچـوونی لەگەڵ (عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان) جیاوازە لەو بارەوە دەڵێت: ((عوبەیـدوڵڵا ئەیوبیـان لەبـارەی بەیتەوە پێی وایە بەیت کوردی نییە، بەڵکو بریتییە لە لەتە شیعرێک، ئەویش لەلای هەردوو نەتەوە عـارەب و فـارس، لەکوردیدا بە بەیت دەڵێن (بەندوباو)، هەرچەندە لەلای زۆر کەس بەیتەکەش بەکارهاتووە، هەروەها لە ئەسڵی زمانی کوردیدا (چریکەش)ی پێدەڵێن دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێمەی کورد هەرچی سەربردە و داســتانێکمان هەیە ئەوا بە شــێوەی بەنــدو چــریکەش دامانڕشــتووە، بەڵام بە ڕای ئــێمە ئەو وتەیەی ئەیوبیان بەهەڵە تێگەیشتنە لە واتای(بەیت)، چونکە بەیت لێرەدا وەک گوزارشـتکردن لە لەتەشـیعرێک نییە، بەڵکو گوزارشتە لەو ڕووداوانەی کە لە کۆندا ڕوویانداوە جا قارەمانێتی یا دڵداری یا ئـاینی بن، هیچ پەیوەندی بەو واتایەی بەیتی شیعری عەرەبی و فارسییەوە نییە، لە هەمانکاتدا چریکەش بەهـیچ شـێوەیەک واتـای بەیـت ناگەیەنێت، بەڵکـو ئەویـش جـۆرە داڕشـتنێکی دیکەیە)) (ئەحمەد، ۲۰۱۹، ۱۶۲) . دەتوانین بڵێین لە بەیتی کوردیدا چیرۆک و بەسەرهاتەکان لەگەڵ چیرۆکی ئەفسانەیی و دڵداری....هتد نەتەوەکانی دیکەی دراوسێدا ئاوێتەی یەکدی بوون. ئەو بەرهەمـانەی، کە لە شێوەی بەیتدان بـاس لە ڕووداوە پـاڵەوانی و ئـاینی و ئەفسـانەییەکان......هتد دەکەن لە قۆنـاغی دواتـر بە داسـتانی کـوردی لە قەڵەم دەدرێن، کە هەریەکەیان بەپێی شوێن و زار و شێوەزاری بەیت بێژەکانەوە هۆنراونەتەوە، هەر نەتەوەیەک بە پێی ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی داهێنەرو دامەزرێنەری داستانی نەتەوەکەیەتی . توێژەران لە بارەی سەرەتاو بوونی داستان لەناو ئەدەبییاتی کوردیدا بیرو بۆچوونی جیاوازیـان هەیە بەگشـتی دان بە بـوونی داسـتانی کوردیـدا دەنـێن بـۆ نمـوونە (د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسوڵ) دوو جۆر داستان دیاریدەکات ئەوانیش: ((داستانی قارەمانێتی و داستانی دڵداری و ئەڤینی))

(ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٤٢)، دەکرێ بڵێین بە شێوەیەکی گشتی لەناو ئەدەبییاتی کوردیدا داستانەکان دەبن بە دوو قۆناغەوە ئەوانیش: (داستانی فۆلکلۆری، داستانی نووسراو)

داســـتانی فۆلکلـــۆر و نووســـراو لە ڕووی بـــابەت و نـــاوەڕۆکەوە هاوبەشـــن لە نێـــوان نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەو واتایەی کە نەتەوەیەک خاوەنی ڕەسەنی داستانەکەیە لەڕووی ڕووداو شوێن و ناوی پاڵەوان و....هتد نووسەرانی نەتەوەکانی دراوسێی هەوڵیانداوە ئەو داستانە وەربگرن و بە پێی بیرو بۆچوونی خۆیان دایبڕێژنەوە وەک ئەو داستانە گرنگ و بە بایەخانەی، کە خانای قوبادی لە ئەدەبییاتی فارسی و عەرەبی وەریگرتوون بە بەرگێکی کوردایەتی دایڕشتوونەتەوە؛ ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە گەر بەرگی کوردیشیان بە بەردا کرابێت گرنگ تواناو لێهاتوویی خانای پێشەنگە لە هۆنینەوەی ئەو بەرهەمانەدا و بوونیان لە ناو گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردیدا. خانا لە ئاستیکی باڵادا شارەزای دونیای بیر و زمانی گێڕانەوەی (نیزامی گەنجەوی) بووە بە جۆرێک توانیوویەتی پێنج بەرهەمی ئەو شاعیرە فارسە بە دارشتنەوەیەکی هونەری و لەو پەری لێهاتوویەتی فۆڕم و ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە بە زمانی کوردی دابڕێژێتەوە. (( سەرچاوەی چیرۆکە شیعرییەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگاوە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوی دیکەیان لە دەرەوەیە واتە بێگانە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٢، ٣٢٨) ئەو دوو جۆرەش مولکی ئەدەبیاتی داستانی ئەو میللەتەن، کە یەکەم جار بەو زمانە ئەو داستانە هۆنراوەتەوە.

لە ئەدەبییاتی کوردیدا داستان بە (( بەرهەمی پاش ئەفسانە و قۆناغی بەرەو وردبوونەوەی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵوێست و مرۆڤە پاڵەوانەکانیشی سەر بە هەواری بیری خۆیانن داستان ئەوەندەی برەو بە مرۆڤ دەدا ئەوەندە دینداری ناخاتە بەر کارو خەمی پێشەوەی)) (جوتیار، ١٩٨٤، ٧). واتە داستان بەرهەمی قۆناغی ڕۆشنبیری و فراوانبوونی ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤەکانە و گرنگییەکی زۆر بە مرۆڤ دەدات بە پێچەوانەوە بایەخێکی ئەوتۆ بەلایەنی دین و بیرو باوەڕ نادات، بەڵام ئەم بۆچوونەی نووسەر پێچەوانەی هەندێ داستانی کوردییە بەتایبەت لە بارەی دین و بیرو باوەڕەوە، کە بابەتێکی گرنگی ناو داستانەکانە لەو داستانانەش (مەم و زین)ی ئەحمدی خانییە، کە باس لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تەسەوف دەکات، بە جۆرێک بەشی سەرەتای باس لە وەسف و ستایشی خوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلام (محمد) (د.خ) دەکات پاشان باس لە کێشەکانی کورد دەکات لە نەبوونی سەرۆک و دەسەڵاتدارێکی دڵسۆزو بە ئەمەک، هەروەها نەبوونی یەکڕیزی و برایەتی نێوان کوردان باس دەکات و ڕەخنە لەو ناتەبایەی کوردان دەگرێت.

بەگشتی سەرهەڵدانی داستان پەیوەستە بە پەیدابوونی بیری نەتەوایەتییەوە لە ناو ئەدەبییاتی کوردیشدا بە پێی سەرچاوەکان سەرەتای بیری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤ز)، کە لە نێوان فارس و تورکەکان بوو لەم قۆناغەدا نەتەوەی کورد هەستی بە زوڵم و زۆرداری و ماف خواردن کرد لە لایەن ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرانەوە، بۆیە ئەو هەستە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند بنچینەیەکی سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی و داستان نموونەی دیارو

گرنگی داستانی کوردیش ( مەم و زین) ی ئەحمەدی خانییە، خانی لەم داستانە گرنگە توانی بیری نەتەوایەتی بڵاوبکاتەوە داوای یەکڕیزی و یەکگرتووی لە میللەت دەکرد، تا بتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن؛ لەبەر ئەوە لەو قۆناغەدا داگیرکەر بە هەمووشێوەیەک هەوڵی سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردی دەدا هۆی سەرەکیش ئەوە بوو، کە چەند قۆناغێک پێش خانی ((عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدیرانی ساڵی ١٥١٤ سەرکەوتن یەکێک لە ئەنجامە هەرە گەورەکانی ئەم شەڕە چوونی بەشێکی هەرە گەورەی کوردستان بوو بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی)) (عەلیاوەی، ٢٠٠٤، ٢٣).

داستانە فۆلکلۆرییەکان زمانێکی سادەو ساکاریان هەیە، بە جۆرێک زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک بووە؛ بەو پێیەی گێڕەرەوەکان کەسانی شارەزاو بە ئەزموون بوون لە لادێی دیهاتەکانی کوردستان لە دایک بوون گەورە بوون کاریگەری زمانی بێگانەیان بەسەرەوە نەبووە، بۆیە داستانەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و جیاواز بوون لە بەرهەمی ئەو نووسەرانەی، کە کاریگەری زمانی بێگانەیان تێدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوەی (( زمانی داستان و وێنەی داستان و کاتی داستان و گێڕانەوەی نێو داستان خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی خۆیانن بە هەموویانەوە داستان لە هۆنراوەی لیریکی و درامای نێو تێۆری ئەدەبی کۆن جیا دەبێتەوە)) ( گەرمیانی، ٢٠٠٨، ١٧).

لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد سەرهەڵدان و پەیدابوونی داستان پەیوەستە بە بیری نەتەوەییەوە، گەر سەیر ئەو نەتەوانە بکەین، کە دەرکەوتنی بیری نەتەوەییان دوا کەوتووە دەبینین ئاستی دەرکەوتنی هونەری داستانیان دواکەوتووە، لە چاو نەتەوەکانی دیکە وە ژانرێکی سەربەخۆی وەک داستانیان، یاخود ئەدەبێکی نووسراویان نییە، چونکە(( نەبوون و لاوازی هەستی نەتەوەیی بە سەرەکیترین هۆکار دادەنرێت لە پەیدابوونی داستان هەروەک ئەوەی دەبینین، کە ئەدەبی عەرەبی ئەوەندە دەوڵەمەندە و فرە لقە، بەڵام خاوەن ژانرێکی سەربەخۆ نییە بە ناوی داستان چ فۆلکلۆری و چ نووسراو، ئەمە سەبارەت بە کوردیش ڕاستە، چونکە دوای ئیسلام نەتەوەگەرایی بە تاوان هەژمار دەکرا دەرچوون بوو لە ئاین، لە لایەکی تریشەوە یەکنەگرتوویی و نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ هۆکارێکی دیکەی دەرنەکەوتنی داستانە؛ لەبەر ئەوەی داستان زیاتر لەسەردەمێک دەردەکەوێت، کە نەتەوەیەک ڕوو لە وڵاتگیری و داگیری بکات، یاخود یەک بگرێت و کیانێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێت گەلی کوردیش ئەو بیرە سەربەخۆییە نەتەوەییەی نەبووە، چ پێش دەرکەوتنی ئیسلام، کە وابەستەی دەسەڵاتی فارسەکان و چ لە دوای ئیسلامیش پابەندی دەسەڵاتی عەرەبەکان بووە))(حوسێن، ٢٠١٨، ٣٢٣).

بەپێی سەرچاوەکان سەرەتای داستانی کوردی بەرهەمەکانی فەقێی تەیرانن، کە( سەرەکیترین و چاکترین هەوڵیش لەم بوارەدا بریتیین لە بەرهەمەکانی فەقێی تەیران کە چەند بەرهەمێکی چیرۆکی یا، گێڕانەوەی نووسیوە و بە سەرەتایەکی گرینگ دادەنرێت لە بواری داستاننووسی کوردیدا وە دەستڕەنگینی نواندووە لە تۆمارکردنی چەند چیرۆکێکی میللی و بە شێوەی شیعری، کە ناوەڕۆکییان

کوردییە، بەڵام زیاتر دیمەنی ئاینی و سۆفیگەرییان بەسەردا زاڵە. بەرهەمەکانی فەقێی تەیرانیش بریتین لە :

١- چیرۆکی شیعری شێخی سەنعان : ئەم بەرهەمە لە (٣١٣) دوبەیت و لە هەندێ نووسخە (٣٣٤) دوو بەیتە.

٢- زەمبیل فرۆش : ئەم بەرهەمە لە (٦٠) چوارین یا (٢٤٠) دێڕە شیعر پێکهاتووە.

٣- بەیتی دمدم : لە (٢٢٦٨) دێڕە شیعرە (٦٧) چوارین و کێشی خۆماڵی حەوت بڕگەییەو سەرواى (ا ا ا ا) (ب ب ب ب ) (ج ج ج ج) ە .) (حوسێن، ٢٠١٨، ٣٢٤-٣٢٥).

(د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (بەیتەکانی فەقێ تەیران لە ڕووی ڕوخسارەوە هەمووی لەسەر بەندی دوو بەیتی (چوارین) ی هەشت سیلابی قافیە (ا ا ا ب) دانراون کۆمەڵێ چیرۆکی شیعری (بەیت) ی جوانی بۆ نەوەکانی کوردی داهاتوو بە جێ هێشتووە وەک

٤- بەیتی ئەسپی ڕەش : ئەم حیکایەتە پێوەندی بە غەزەواتەکانی ئیسلامەوە هەیە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەیدا.

٥- بەیتی بەرسیسی عابید : (٢١١) چوارین (٤٢٢) دێڕە شیعرە وە بە کێشی ڕەجەزو ڕەمەل هۆنراوەتەوە.

٦- بەیتی ئاف و ئاف : گفتوگۆی لەگەڵ ڕووبار دیجلە کردووە لە بارەی جوانی سروشتەوە هۆنراوەتەوە.

٧- بەیتی دلۆ رابە : ئەم بەرهەمەی لەسەر بنچینەی چوارین هۆنراوەتەوە، کێشی هەشت سیلابی خۆماڵییە و لە (٧٧) بەند پێکهاتووە) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٤٤-٢٦٤).

دەتوانین بڵێین بەرهەمەکانی دیالێکتی گۆران بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی گێڕانەوەی داستانییان تێدایە لەم بارەیەوە (د. ئەنوەر محمد) دەڵێت: (( ئەوەی پەیوەندیی بە لیریکی دیالێکتی گۆرانییەوە هەبێت بە شێوەیەکی گشتی و بێسارانیش بە تایبەتی، ئەوا بونیادێکی ئێپیک (داستانە شیعر) ئامێزی هەیە و زۆرجار وێنەکان زاوزێ دەکەن و بە شێوەیەکی ئۆرگانی تێهەڵکێشی یەکترین و دیمەنەکانی بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بونیادی غەزەلەکە پێکدێنن ئەمەش هۆی دەوڵەمەندیی دیالێکتی گۆرانییە بە داستانە شیعری دڵداری و ئایینی و جەنگی... )). (محەمەد، ٢٠٠٧، ٩).

واتە بنەمای داستانی کوردی (بەیت و بەند)ە وە بەرهەمەکانی (فەقێی تەیران) بە باشترین سەرەتا دادەنرێن بۆ هونەری داستاننووسی کوردی. لە کۆی ئەدەبییاتی کوردیدا زاری (گۆرانی و کرمانجی) پێشەنگن لە بوونی داستانی کوردیدا، بەڵام لە (زاری سۆرانی)دا ئەم ژانرە بەرێژەیەکی زۆر کەم بوونی هەیە لە بەرهەمەکانی ئەو دووزارەی لە پێشەنگی هونەری داستانوسیدان (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بە داستانێکی ڕەسەنی کوردی دادەنرێت، کە لە سەرچاوەی فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە لە (زاری گۆرانی) شدا داستانی بە پێز هەن، گەر وەرگێرانیش بن شاعیران و نووسەران بە لێهاتوانە دایانڕشتووەتەوە و داهێنانیان تێدا کردووە.

# پاری سێیەم
# تایبەتمەندییەکانی داستانە شیعر

هەموو بابەتە ئەدەبیی و هونەرییەکان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن؛ داستانیش یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین ژانری ئەدەبی و هەمووکات لە گەشەسەندندا بووە، هەروەها سەرچاوەی بنەڕەتی ژانرەکانە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە؛ هەندێ تایبەتمەندی گرنگی هەیە، کە لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی جیایدەکاتەوە لە ڕووی تەکنیکەکان و توخمەکانی گێڕانەوەیی و هونەری ڕەوانبێژی..... هتد ئەم تایبەتمەندییانەی وای کردووە، کە شێوازێکی بەرز و داهێنەرانەی هەبێت ببێتە سمبولی نەتەوەیی و جێگەی شانازی مێژوویی نەتەوەکان؛ لەبەرئەوەی، کە بەرهەمی سەرەتایی مێژووی نەتەوەکانە. داستان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب جیادەکرێتەوە، کە بریتین لە:

١- **پاڵەوانی داستان**: پاڵەوانانی داستان هێز و توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە، کە هەندێک کاری پاڵەوانێتی ئەنجامدەدەن لە توانای کەسانی دیکەدا نییە، هەروەها داستاننووس لە ڕێگەی جۆری پاڵەوانەکانەوە هەوڵدەدات درێژە بە ڕووداوی داستانەکەی بدات، یاخود هێواشکردنەوەی ڕووداوەکان یەکێکە لە خاسییەتەکانی داستان، بەوەی چەندین جۆری پاڵەوان بەکاردێنێ وەکو ( مرۆڤ، خواوەند، فریشتە، دێو درنج، ئاژەڵ، دارودرەخت و گژوگیا.....) لەڕێگەی ئەمانەوە ڕووداوەکان بۆ ماوەیەک ڕادەگرێت ڕاگرتنی ڕووداویش کەشێک بۆ خوێنەر دروست دەکات، کە سەرنج و بیرکردنەوەی فراوان دەکات، لە هەمان کاتدا وەک پشوویەک دەبێت بۆ خوێنەر. ڕوونتر بڵێین هێواش کردنەوەی ڕووداوی داستان بۆ دەرخستنی جەوهەری بابەتەکەیە بۆ خوێنەر (( پاڵەوانانی سەرەکی داستان پاڵەوانێکی تێکەڵە لە خوداوەند و مرۆڤ، یاخود قارەمانێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە و توانای ئەنجامدانی چەندین کارو کردەوەی دەگمەن و لە ڕادەبەدەری هەیە و نەتەوە و میللەت هەندێ جار چارەنووسی وڵاتی دەخەنە بەردەست نموونەی ئەمەش لە داستانی گلگامێشدا دەبینرێت، کە سێ بەشی خواوەندە و بەشێکی مرۆڤە، یا ڕۆستەم لە شاهنامەدا، کە توانایەکی لەسەروی دەسەڵاتی مرۆڤی هەیە، یاخود پاڵەوانانی داستان دڕندەیەک یا ئەژدیهایەکی گەورە و بەهێز دەکوژن، گلگامێش و ئەنکیدۆ (خەمبابا) دەکوژن و بیۆوۆڵف (گریندل و دایکی گریندل و ئەژدیهای ئاگراوی) دەکوژێت....))(حوسێن، ٢٠١٨، ٢٠٢).

٢- **ناوەڕۆکی داستانەکان** باس لە شەڕو شۆڕ دەکات و ڕووداوی ترسناک و سەرسوڕهێنەری تێدا بەدیدەکرێت وە ڕووداوەکان بە جۆرێک گەورە دەکرێن، کە لە سەرو هێزە سروشتییەکانن، بۆیە(( بەرهەمە داستانییەکان هەڵگری ناوەڕۆک و بابەتی شەڕوشۆڕو پاڵەوانییەتین، بۆ نموونە ئەلیادەی هۆمیرۆس تێکرا بریتییە لە باسکردنی شەڕی نێوان ئەسپارتە و تەڕوادە و نیبلۆنگن بریتییە لە شەڕی نێوان زیگفرید و نیبلۆنگنەکان و کوشتنی ئەژدیها)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٠٣).

**٣-ئاژەڵی نائاسایی:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی داستان بوونی چەند ئاژەڵێکی نائاسایی بە توانان، کە توانایان لە سەرو هێزی سروشتەوەیە و لە ناو ڕووداوەکاندا هەندێک جار دەبنە دۆستی پاڵەوانەکان و یارمەتیدەریان لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا وە هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە دەبنە دوژمن و هەوڵی لەناوبردنی پاڵەوانەکان دەدەن؛ بۆیە((لە داستاندا ئاژەڵان ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕووداوەکان دەگێڕن گیانداری ئاسایی نین بۆ نموونە: سەگی ئۆدیسییۆس لە ئۆدیسادا توانای قسەکردنی هەیەو دوای دە ساڵ دەتوانێت خاوەنەکەی بناسێتەوە، هەروەها ئەسپەکەی (ئەشیل) توانای پێشگۆییکردنی هەیە و سیمرخ لە داستانی شانامەدا زاڵی باوکی رۆستەم لە چیای ئەلبورز بەخێو دەکات.

٤- **گژوگیای سەیرو سەمەرە:** لە داستاندا ڕووبەڕووی چەند گژوگیایەکی سەیرو سەمەرە دەبینەوە وەکو ئەوەی کە (ئەشیل) دەچێتە دورگەی (لۆتۆس) و ئەو جۆرە گیایە، کە هەرکەس بیخوات یاد و گەڕانەوەی بۆ نیشتیمانی خۆی لەدەست دەدات. گلگامێش بە دوای گیای نەمریدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، ئەو گیایە هەریەکێک بیخوات بە نەمری و جاویدانی دەمێنێتەوە)) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٠٣).

**٥-ڕووداو:** ڕووداوەکانی ناو داستان بە تەواوی جیاوازن لە ڕووداوی ژانرەکانی دیکە ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەکی گرنگی داستان بەوەی ڕووداوەکانی دەگمەن و نائاساین گۆڕەپانیان فراوانە بە ئەندازەیەک (( وا پێویست دەکات بەر فراوان بێت، بە شێوەیەک زۆربەی نەتەوە و وڵاتانی دنیا بگرێتەوە، پێویستە پاڵەوان خاوەنی ئاکارو کردەوەی بەرز بێت، وەکو ئازایەتییەکی بێوێنە، تاکو بچێتە ئاستێک، کە بچێتە سەروی عەقڵ و توانای مرۆڤەوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ١٥٨-١٥٩).

**٦-کات و شوێن:** یەکێکن لەو دوو توخمەی، کە لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەدیدەکرێن گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بە ئەندازەیەکی جیاواز؛ بە پێی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە دەگۆڕێن لە هەندێکیاندا سەرەکییە و لە هەندێکی دیکەیاندا لاوەکییە وە (کات) بەپێی جۆرەکان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت لەوانە بەرهەمی وا هەیە زیاتر پەیوەستە بە کاتی داهاتوو، یاخود ڕابردوو بۆ نموونە داستان یەکێکە لەو بەرهەمە ئەدەبییەی، کە لەسەر کاتی ڕابردوو بنیاتنراوە؛ (( ڕووداوەکانی داستان لە کاتێکی زووی مێژوویی مرۆڤایەتی ڕوودەدەن، کە بۆ قۆناغە بەراییەکانی ژیانی هەر میللەتێک دەگەڕێتەوە، هەروەها لایەنی کات و شوێن لە داستاندا کراوەیە و دەکرێ چەند کارێکی سەیرو سەمەرە لە چەند چرکەیەکدا ڕووبدەن، یا ماوەی هەزار ساڵ بە چرکەیەک تیپەڕێت سەبارەت بە شوێنیش لە داستاندا پاڵەوان لە سەر زەوی دەچێتە ئاسمان یا دەچێتە ژێر دەریا، بۆیە دەکرێت بگوترێت شوێنی داستان بریتییە لە جیهان، لە کۆمیدیای دانتیدا زەوی و ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ ڕووداوەکانیان تێدا ڕوودەدا....))(حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٢٠٤).

**٧-وەسف:** تایبەتمەندییەکی دیکەی داستان (وەسف)ە (( وەسفی سروشت و دەوروبەرە، هەروەها وەسفی ڕواڵەتی دەرەوەی پاڵەوان و دەربڕی هەست و نەست و ناخییەتی)) (محمد، ٢٠١٨، ٤٦) وەسف

دەبێتە هۆی بەردەوامی ڕووداوەکان، تا سەرنجی خوێنەری داستان ڕابکێشێت بە شێوەیەک (( کە لە کاتی گێڕانەوەدا بە شێوەیەک وەسفەکان درێژ دەکرێنەوە کە دەگاتە ئاستی درێژدادڕی، بەمەش ڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەوەستێت بۆ ماوەیەکی زۆر)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ١٥٩-١٦٠).

**٨-دەرنەکەوتنی کەسایەتی داستاننووس:** یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی داستان بەشداری نەکردنی خودی داستان نووسە لە ڕووداوەکاندا و لە زاری کەسانی دیکە درێژە بە پرۆسەی گێڕانەوەکە دەدات، واتە(( لە ئیپیکدا هەست بەو دەورە ڕاستەوخۆیەی شاعیر ناکەین جیهان بە شێوەیەکی گونجاو لە خۆیەوە گەشە دەسەنێت، هەر وەک ئەوەی شاعیر چاودێریکەرو ڕازگێڕەوەی هەندێ ڕووداو بێ، کە لە خۆیانەوە ڕوودەدەن، هەر زۆر زوو ئەرەستۆ ئەمەی دەستنیشانکردووە و دەڵێ "شاعیری ئیپیکی باسی ڕووداوێک دەکات، وەک شتیک کە پەیوەندی بە خۆیەوە نەبێ" )) (محمد، ٢٠١٨، ٤٦). واتە گێڕانەوە و خستنەڕووی (ڕووداو و پاڵەوان و شوێن و کات ....) هیچ پەیوەندی بە شاعیرەوە نییە و نابێت هەستی خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوەکە بکات، ئەمەش دەبێتە (( گرنگترین شت کە شیعری داستانی لە ژانرەکانی دیکە جودا دەکاتەوە، دەرنەخستنی کەسایەتی شاعیر و شتە تایبەتییەکانییەتی، بەڵکو داستان بایەخ بە بەرجەستەکردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵ و ڕەوتی مێژوو دەدات)) (تاڵەبانی، ٢٠١، ٧٩)، یاخود (د. دڵشاد عەلی) دەڵێت: ((یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە هۆنراوەیە ئەوەیە، کە جۆرێکی چیرۆک ئامێزە و پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت و تیایدا وەسف و کەس و گفتوگۆ و پەند و ئامۆژگارییەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و لە ژێر ڕوخسارێکی سەرگوزشتەیی یەکگرتووی ڕووندا دەگێڕێتەوە)) (عەلی، ١٩٩٨، ١٩).

**٩-چەکی ناو داستانەکان:** چەکێکی بەهێزو کاریگەرن، لەبەر ئەوەی توخمی پاڵەوان سەرەکیترین توخم بووە لە داستانەکانی ڕابردوو هەموو چەکێک و تواناو دەسەڵاتێک لە چواردەوری ئەودا چڕکراوەتەوە، بەجۆرێک زۆربەی وەسفەکان بۆ پاڵەوان بووە، چونکە توانایەکی زۆری هەبووە، بێگومان ئەو هەموو هێزو توانایەش بۆ ئەفسانەی داستانەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەم ئەفسانەیەش وای لە کەرەسەو چەکەکانی پاڵەوان کردوە بێوێنە و سەرنجڕاکێش بن (بۆ نموونە شمشێرەکەی (زیگفرێد) کە لە گەنجینەی نیبلۆنگنەکان دەستی کەوت یەکجار جوان و سەرسوڕهێنەرە، زرێی ئەشیل جۆرە زرێیەکە، کە لە واقیعدا کەس نەیبینیووە، یاخود خاڵی لاوازو تەن زرێی پاڵەوان، کە لە بەشێکی داستانەکاندا پاڵەوان بە هۆکارێک جەستەی وای لێدێت کە هیچ جۆرە چەکێک کاری تێنەکات تەنیا یەک شوێن هەیە کە خاڵی لاوازی ئەو پاڵەوانەیە و بەوێ دەمرێت، لە داستانی نیبۆنگن (زیگفرێد) ئەژدیهای (ڤافنێر)دەکوژێت و بە خوێنەکەی خۆی دەشوات تەنیا یەک شوێنی جەستەی، کە لە نێوان هەردوو شانی دایە ئەو خوێنەی بەهۆی گەڵایەکەوە بەرنەکەوتووە، ئەمەش خاڵی لاوازی پاڵەوانەکەیەو چەک کار لەو شوێنە دەکات (هاگن) بەو شوێنە دەزانێت و ڕمێکی تێدا دەچەقێنێت و زیگفرێد دەمرێت، هەروەها ئەو زۆرانبازی و شمشێربازییە دیمەنێکی جوانی داستانە.

١٠- **ناپاکیکردن:** ناپاکیکردن یەکێکی دیکە لە خاسییەتەکانی داستان ئەوەیە، کە زۆرجار شکستی پاڵەوان لە ئەنجامی ناپاکیکردنی هاوڕێ نزیکەکانییەوە دەبێت، لە داستانی ڕۆڵاند دا بەهۆی ناپاکی (گانلۆن) ی برای هاوسەری شارلەمان و باوکی هاوسەری ڕۆڵاند، پاڵەوانی داستانەکە (ڕۆڵاند) دەکوژرێت.

١١- **عاشق و خۆشەویستی یەک لایەنە :** یەکێکی دیکەیە لە بابەتەکانی ناو داستانەکان، کە ژنێکی جوان یا خوداوەندێک عاشقی پاڵەوان بێت، بەڵام پاڵەوان گوێ بەو عەشقە نادات و تەسلیمی ژنەکە نابێ، لە گلگامێشدا عەشتار عاشقی گلگامێش دەبێت، گلگامێش گوێی پێنادات، هەندێک جاریش پاڵەوان بۆ ماوەیەکی کاتی عاشقی ژنێک دەبێت و دواتر وازی لێدەهێنێت وەکو ئەوەی لە داستانی (ئینیادە) دا (ئینیاس) عاشقی دێو دەبێت و بۆی دەسوتێت، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە ڕازیکردنی (ژوپیتێر) پەیامنێریک دەنێرێت بۆ لای تا ئەرکەکەی ئەنجام بدات، بەمەش واز لە دێو دەهێنێت.

١٢- **موناجات و پاڕانەوە:** لەسەرەتای زۆربەی داستانەکاندا موناجات و پاڕانەوە لە خوداوەندان دەبینین: لە ئەلیادە و ئۆدیسادا هۆمێر سەرەتا بە ستایشکردنی خوداوەندان و پارانەوە لێیان تا یارمەتی بدەن لە گێڕانەوەی داستانەکە دەست پێدەکات، هەروەها ئەم دیمەنە لە داستانەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا دەبینرێت ئەوەتا فیردەوسی لە شاهنامەدا سەرەتا دێتە سەر شتایشکردنی خوداوەند و پەیامبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین، ئینجا داستانەکەی دەست پێدەکات) (حوسێن، ٢٠١٨، ٢٠٥-٢٠٨).

١٣- **ئەفسانە:** لە داستاندا ئەفسانەیەکی لەڕادەبەدەر بەکاردەهێنرێت بۆ بەپێز بوونی شێوازی داستان، بۆیە چەندین وشەو ناو و شوێنی سەیر و سەرسوڕهێنەر بەدیدەکرێت بە تایبەت لە ((داستانە کۆنەکاندا کەسایەتییەکان نیوە خواوەندو نیوە مرۆڤ یاخود پەرییەکان بەشدار بوون لە یارمەتی دانی پاڵەوان لە کاتی تەنگانەدا)) (جەمیل، ٢٠٢١، ٣٠-٣١). گێڕەرەوەی داستان شێوازێکی ئاست بەرزو بابەتییانە هەڵدەبژێرێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، تا ببنە جێگای سەرنج و تێرامانی خوێنەر (لەبەر ئەوەی شێوازی داستان بەرزو دەگمەنە، بۆیە ئاساییە ڕووبەڕوی وشەی کۆن و سەیرو تۆقێنەر، یا شوێنی تاریک و ئەنگوستەچاو، یا دەربڕینی نامۆی خەیاڵاوی ببینەوە، ئەمەش زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە داستان سوود لە مێژوو و ئەفسانە وەردەگرێت؛ وشەو دەربڕینی کۆن و سەیر لە خۆدەگرن وە فەنتازیای دەقەکە وادەکات زیاتر پێویستی بەو جۆرە شوێن و گیانلەبەرو وشانە بێت.

١٤-**تۆڵەکردنەوە**: لە زۆربەی داستانەکاندا دیمەنی تۆڵەکردنەوە بە دیدەکرێت. لە ئەلیادەدا (ئەشیل) تۆڵەی (پاترۆکلس) لە (هیکتۆر) دەکاتەوە لە ئۆدیسا (ئۆدیسیۆس) تۆڵە لە هەموو خوازبێنیکەرانی پینیلۆپە دەکاتەوە و دەیانکوژێت...)(حوسێن، ٢٠١٨، ٢٠٩-٢١٠). دەتوانین بڵێین ئەم تایبەتمەندییانە لە زۆربەی داستانەکاندا بوونیان هەیە هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی بیرو باوەڕی ئاینی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری..... وڵات و نەتەوەن لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویی ئەدەبییاتی وڵاتاندا. بۆ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا داستانەکان بە زۆری داستانی قارەمانیی و دڵدارین وەک (مەم و زین) کە لەژێر

بابەتی دڵداریدا پەیامی نەتەوەی دەگەیەنێت و بانگەشە بۆ خەباتی نەتەوەی دەکات هەوڵ دەدات تاکی کورد بە تایبەت سەرکردە و گەورە دەسەڵاتدارانی کورد هۆشیار بکاتەوە، کە خەبات بکەن لە پێناو بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەل و نیشتیمانەکەیان و ڕزگار بوون لە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی داگیرکارانەوە.

# پاری چوارەم

## ژیان و داهێنانەکانی خانا لە بواری ئەندێشە و داستانە شیعردا

### یەکەم : ناو و هۆزو ساڵی لە دایکبوون و مردنی خانای قوبادی

لە ئەدەبییاتی کوردی قۆناغی کۆن بەتایبەت چەندین شاعیرو نووسەری بەناوبانگ هەن، هەریەکەیان بە شێوازێک دەرکەوتوون، درێژەیان بە کاروانی ئەدەبی کۆنی کوردی داوە؛ بەشاکارە بەپێزەکانیان گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بێت هەندێک لەو شاعیرانە بوونەتە پێشەنگ و دەرکەوتنیان بووەتە هۆکاری خاڵێکی وەرچەرخان لە خاوەنداریێتی ئەدەبی کوردیدا؛ یەکێک لەو شاعیرە پایە بەرزانەی ئەم قۆناغە شاعیر و وەرگێڕ و بیرمەند (خانای قوبادی)یە، کە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی ئەدەبییاتی کوردییە، بەڵام بە داخەوە بەهۆی نا هەمواری بارودۆخی سیاسی کورد لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی نەتەوەیدا، کە هەمووکات بووەتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی دەوڵەتە داگیرکارەکانی( فارس و تورک و عەرەب ...) تەم و مژ و ناڕوونی لە هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردیدا بەدیدەکرێت و چەندین دەستنووس و بەڵگەنامە و بەرهەمی شاعیران لە ناوچوون و ساڵی لەدایک بوون و مردنیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانیان ڕوون نییە. (خانای قوبادی) یەکێکە لەو شاعیرانەی زانیاری پێویست دەربارەی ناو و هۆز و ساڵی لەدایک بوون و مردن و چۆنییەتی بیرکردنەوەی...هتد ڕوون نییە؛ نووسەران جیاواز دەیخەنە ڕوو، هەندێک بەپێی قسەی زارەکی، کە لە کەسە بەتەمەنەکانەوە بیستوویانە، بەڵام ئەم بۆچوونانە لە توێژینەوی ئەکادیمیدا سوودی نییە گرنگترین و باوەڕ پێکراوترین بۆچوون ئەوانەن بەپێی شیکردنەوەی بەرهەمەکانی خراونەتە ڕوو. ساغکەرەوەی دیوانەکەی ئاماژەی بە بەڵگەی دەستنووس و بەڵگەی موڵکداریێتی و قەباڵەکان دەدات، کە ناو واژوو و مۆری چەندین کەسی لەسەرە، بەڵام لە کۆتایدا دەڵێت : (( دوا بەڵگە و بەڵگەیەک کە حاشا هەڵنەگرە، لە ناو هۆنراوەکانی خانا خۆیدا ناوی بەم شێوانە هاتووە "موحەمەد خان قوبادی، خانەی قوبادی، خانای قوبادی........" ناوی هاتووە، ناوی ڕاستەقینەی خاناشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خانا ناوی ڕاستی و تەواوی موحەممەد بووە، هەروەها لە داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا بەڕوونی هۆزی دەستنیشان دەکات و دەڵێت :

**گوش دەن بە داستان خانای خان قوباد　　　　وەی دنیای بادی هەرگیز نەبن شاد.**

لێرەدا خانا زۆر بە ڕوونی و جوانی پلەو پایە و هۆزەکەی خۆی دەستنیشان دەکات. لە نیوە بەیتی یەکەم دەڵێت : گویَ بگرن لە داستانێک کە خانای خانی قوبادییەکان بۆتان باس دەکات ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خانا لە هۆزی قوبادییەکانی جافی جوانڕۆ بووە و لە هۆزی باجەڵان نەبووە، پاشان خانا لەم شیعرەیدا بە سیَ ئاماژەی گرنگ یەکلاییمان ئەکاتەوە لەسەر ئەوەی بڵێین خانا ساڵی چەند لە دایک بووە خانا لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت :

**پەی سەنەی سالْم، پەی سەنەی سالْم          دیام وە تاریخ پەی سەنەی سالْم**

**پەنجاو چوار بیم هەرەس وە مالْم          پیری وە بێ دەنگ بی وە زەوالْم**

یاخود لەم دێڕەشدا دەڵێت: پیرو کەفتەکار قامەت قەواغم          شەریک مەینەت، ڕەفیق ئاخم

ئەم بەیتە دەتوانین زۆر شتی لێ بەدەست بهێنین، خانا تەواو پەشێو بێحاڵە بەدەست پیرییەوە. ئاماژەش دەکات بەوەی کە جەستەی چی بەسەر هاتووە، ئەوەی زۆر گرنگە لەم بەیتەدا وشەی " قەواغم"ە ئەم وشەیە بە پێی ڕیزبەندی پیتەکانی ئەلف وبێ (حروفی ئەبجەد) بەم شێوە لێکدەدرێتەوە:

| |
|---|
| ق١٠٠+ ە ٥+ و٦+ ا ١+ غ ١٠٠٠ + م ٤٠ = ١١٥٢ |

لەم بەیتەدا چەند شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە :

١- ساڵی نووسینەوەی شیعرەکە کە ساڵی (١١٥٢) ی کۆچییە.

٢- نامەکە بۆ میرزا شەفیعی کولیای نووسراوە.

٣- لەو ساڵەدا خانا پیر بووە. خانا لە ساڵی (١١٥٢)دا ئەم شیعرەی بۆ میرزا شەفیعی کولیایی نووسیوە، هەروەها لە سەرەتاوە دەڵێت:من تەمەنم (٥٤) ساڵە، جگە لەوەش وشەی قەواغم دەکاتە ساڵی (١١٥٢)بەم پێیە ساڵی (١١٥٢-٥٤=١٠٩٨)ی کۆچی دەکات. کەواتە خانای قوبادی لە ساڵی (١٠٩٨)ی کۆچییدا لە دایک بووە)) (خەیات، ٢٠١٦، ٧٨-٩٤).

بۆ ساڵی مردنیشی ((ئەو سەرچاوانەی کە باسیان لە کۆچی دوایی خانای قوبادی کردووە خانا لە (١١٦٨ك.) وەفاتی کردووە. جگە لەو بەڵگانەی نووسەران باسیان لێوە کردووە، من هیچ دەستنووس و بەڵگەیەکم لەبەردەستدا نییە کە ئاماژە بە ساڵ و کۆچی دوایی خانا بکات. ڕام لەسەر ئەوەیە کە خانای قوبادی ساڵی (١١٦٨ك.) واتە لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. گۆڕی خانا لە گۆڕستانی (بانی گومگان) دایە و لەوێدا نێژراوە )) (خەیات، ٢٠١٧، ١٨-١٩). کەواتە دەتوانین بڵێین باشترین ڕێگا بۆ دیاریکردنی ساڵی لە دایک بوونی هەریەک لەو شاعیرانەی، کە ناڕوونی لە قۆناغ و ساڵی لە دایک بوونیان هەیە شیکردنەوەی زانستییانەی دەقە شیعرییەکانە؛ بەو پێیەی (خانای قوبادی) لە زۆربەی شیعرەکانیدا ناوی خۆیی و قۆناغی پیرییەتی ... هتد هێناوە ئەمانە دەبنە یارمەتیدەرێکی گرنگ و بەپێز بۆ توێژەر تا بتوانێت شیکارییەکی دروست و زانستییانە لە دێڕە شیعرەکانیدا بکات، لەگەڵ ئەو شیکردنەوە وردانەی توێژەر بۆ ئەو دێڕە شیعرانەی خانا کردوونی دەشێ ڕۆژێک دەستنووسێکی باوەڕ پێکراوتر بدۆزرێتەوە.

کەواتە خانای قوبادی ناوی (محمد کوڕی قوباد بەگی جافی جوانرۆ)یە و لە هۆزی قوبادییەکانە و لە ساڵی (١٠٩٨ك)ی لە دایک بووە و لە ساڵی(١١٦٨ك.)، کە دەکاتە تەمەنی (٧٠) ساڵی کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی (بانی گومگان) نێژراوە. تا ئەم قۆناغە ئەوە ناو و هۆز و ساڵی لەدایکبوون و مردنی خانای قوبادییە.

## دووەم: جۆر و بابەتی داستانە شیعرەکانی خانای قوبادی

خانای قوبادی یەکێکە لە شاعیرە بەتواناکانی ئەدەبی کوردی، کە شارەزاییەکی زۆری لەبواری داستاننووسین و وەرگێڕاندا هەبووە و خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا مافی خۆی پێنەدراوە، نووسەرانی کورد خەمسارد بوون لە ناساندنی ئەم شاعیرە گەورەیەدا؛ بە پێی ئەو شوێن دەست و خزمەتەی، کە لە ئەدەبی کوردیدا لە بواری (داستان و غەزەل و قەسیدە......) هەیەتی شیاوی رێزگرتنە، بۆیە (( بیستنی ڕستەی "خانای قوبادی" لەناو مێشکی ئەدەبدۆستی کوردیدا وێنەی کەسێکی باڵا بەرزی قارەمانی بەهێز دروست دەکا، ئەم شاعیرە زاگرۆسییە لەسەر لوتکەی بەرزی زاگرۆسەوە دەنواڕێتە هەورامان و هەموو کوردستان. لە هونەری داستان سەراییدا (ڕۆمانی شیعری) کەلێنێکی گەورەی پڕکردۆتەوە. ئەو بەرهەمەی لەبەردەستماندایە مافی ئەوەمان دەداتێ بە یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی بژمێرین، ئەوەی لەبەر دەستیشدا نییە لە دواڕۆژدا بێگومان ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر دەکا)) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٢٥). دەکرێ بڵێین ناگونجێت کاتێک باسی داستانی کوردی بکەین ناوی خانای قوبادی نەهێنین، لەبەر ئەوەی خانای قوبادی پێشەنگی و دەستڕەنگینی لەم بوارەدا لە پلەی باڵادایە، بە جۆرێک شارەزاییەکی تەواوی لە (مێژوو، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، بازرگانی، کەلتور و دابوونەریتی وەک شایی و شیوەن.....هتد) هەبووە؛ ویستوویەتی ئەم ئەزموونانەی بە نەوەی دوای خۆی بگەیەنێ، لەبەر ئەمەیە ساغکەرەوەی دیوانەکەی دەڵێت: (( وای بۆ دەچم خانا تەنها خاوەنی چەند داستانێک نەبوبێت، خاوەنی چەندین داستان و کورتە چیرۆک و بەرهەمی ناوازە بێت، چونکە خانا سەلیقەی داستاننووسی و نامەی شیعری لە شێوەی داستانوسیدا زۆر بەهێز بووە خاوەنی بیرو هزرێکی جوان و سەلیقەیەکی ناسک بووە)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٠٢).

ناوەڕۆکی داستانەکان دەبنە دیارخەری ئەو داستانە لە بواری هزری و هونەری، چونکە تا هزر و ئەندێشەی داستاننووس فراوان بێت و بە وردبینانە لە بابەتەکان بنواڕێت و شارەزای لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەبێت فەرهەنگی وشەی جوان دەوڵەمەندتر دەکات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی داستانێکی پلە باڵا، دەتوانین بڵێین، کە خانای قوبادی لەو ئاستە باڵایەدایە و شارەزای لە سەرجەم ئەو بوارانەدا هەبووە؛ بەمەش شوێنێکی ئێجگار گرنگ و بەپێزی لە ئەدەبییاتی کوردیدا بۆ خۆی تۆمارکردووە. وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەدەن، خاوەنی بەرهەمێکی زۆری ئەدەبییە و بە پڕ بەرهەمترین شاعیر دادەنرێت، کە (( دەیان شیعری داناوە و سامانێکی ئەدەبی گەورەی بەرهەم هێناوە، کە تا ئێستەش نرخی ئەدەبییان بە گرانی ماوە. خانا ئەشێ تا ئێستا بە پڕ بەرهەمترین شاعیری کورد دابنرێ وەکو حەکیمی مەلا سالح لە پێشەکی " یوسف و زلێخا "دا وتوویەتی تا ئێستا ١٤٤٤٥بەیتی خانای کۆکردۆتەوە. جا ئەگەر ئەو بە تەنیا ئەوەندەی کۆکردبێتەوە ئەبێ لەملاوئەولا چەندی تر مابێ. ئەگەر ڕۆژێ " کلیات"ی خانا کۆبکرێتەوە ئەوسا پایەی ئەدەبی خانا لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا چەند ئەوەندەی ئێستا بڵنتر ئەنوێنێ )) (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٦١).

چەندین بەرهەمی ئەدەبی گرنگی لە بواری (غەزەل، قەسیدە، داستانی شیعری، کورتە داستان، وەرگێڕان... هتد) هەیە، لێرەدا سەرجەم بەرهەمەکانی، کە تائێستا دەست نووسەرانی کورد کەوتوون تەنها ئاماژەیان پێ دەدەین؛ بێگومان هەریەکێک لەو بەرهەمانە کەرەستەی گرنگ و بەپێزن بۆ توێژینەوەی زانستی، بەڵام هەوڵی زیاترمان تایبەتە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) لە ئاستی شیعری و ئاستی گێڕانەوەیدا.

بەرهەمەکانی خانای قوبادی بریتین لە :

((١- دیوانی شیعری خانا، لە ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین) (٢٠١٦).

٢-خوسرەو شیرین، ئەم بەرهەمە چەند جارێک چاپ و بڵاو کراوەتەوە، یەکەمین جار محمدی ملا کریمی مودەڕیس لە ساڵی (١٩٧٥)دا بڵاوی کردەوە.

٣-لەیلاو مەجنوون، ئەم بەرهەمە لە ساڵی (٢٠١١) غەفار ئیبراهیمی لە بنکەی ژین چاپی کردووە.) (خەیات، ٢٠١٦، ١٠٣).

سەبارەت بە شیرین و خوسرەو محمەدی مەلا کەریم مودەڕیس دەڵێت: (( زۆر بە ئاواتەوە بوم بۆم بلوایە بەیت بەیتی ئەم شیرین و خوسرەوە نازارەم لێک بدایەتەوە تا بۆ هەموو کورد زمانێک وەک بۆ ئەوانە بوایە کە زاراوەی گۆرانی ئەزانن)) (مەلاکریم، ١٩٧٥، ١٠).

٤-سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، ئەم بەرهەمە لە لایەن مامۆستا موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەییەوە ئامادەی چاپکراوە، دەزگای ئاراس لە هەولێر ساڵی (٢٠١١) چاپی کردووە.

٥- یوسف و زلێخا، ئەم بەرهەمە مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح لە ساڵی (٢٠٠٦) ئامادەی کردووە، کۆڕی زانیاری کوردستان بە ژمارە (١٧) لە زنجیرەی کتێبەکانی خۆیدا لە هەولێر چاپی کردووە.

٦- شیرین و فەرهاد، حەکیم مەلا ساڵح دەڵێت کۆپی نوسخەیەکی ئەم بەرهەمەم لە بەردەستدایە تاکو ئێستا چاپ نەکراوە.

٧- ئەسکەندەرنامە، ئەم بەرهەمە تا ئێستا نوسخەی بەردەست نەکەوتووە غەففار ئیبراهیمی ئەوەی پێمان گوت کە نووسخەیەکی نەفیسی ئەم بەرهەمەی لەلای مەلایەک دیوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەرچەند هەوڵی داوە کە بە هەرچەند و چۆنێک بێت بە دەستی بهێنێت، بەڵام نەیتوانیوە)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٠٤-١٠٥). د. نەوشیروان مستەفا " پۆلێنی بابەتی داستانەکانی بەم جۆرە کردووە.

((١- داستانی دڵداری

٢- داستانی ئەخلاقی

٣- داستانی جەنگی )) (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٥٠).

کەواتە بەرهەمەکانی خانای قوبادی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیلاو مەجنوون، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، یوسف و زلێخا) (شیرین و فەرهاد) تا ئێستا چاپ نەکراوە، بەڵام حەکیمی مەلا ساڵح ئاماژە بە بوونی دەدات و دەڵێت: (( شیرین و فەرهاد: ئەم شاکارە لە (٢٣٤٠) بەیت پێکهاتووە خانا لە سەرەتاکەیدا بەم دوو بەیتە ئاماژەی پێدەکات.

**جەدمای کیتاب خوسرەو و شیرین          جە ڕووی تەواریخ ویەردەی وەرین**

**داستانی شیرین و فەرهاد          تاق وستان جامڕێز بێستوون کەین یاد.** ( مەلاسالح، ٢٠٠٦، ٦)

واتە لە دوای کتێبی خوسرەو شیرین لە ڕووی سەردەمی ڕابردوو داستانی شیرین و فەرهاد و تاقۆسان و شاخی بێستونی ئاوێنە بەند یاد بکەینەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ڕووی پۆلێن بەندی جۆری و بابەتی داستانیی داستانەکانی خانای قوبادی دەکرێن بە سێ بەشەوە، کە ئەمانەن:

## * جۆری داستانەکانی خانای قوبادی بریتین لە :

یەکەم: داستانە شیعرییە ڕاستییەکان وەک داستانی (یوسف و زلێخا).

دووەم: داستانە شیعرییە خەیاڵییەکان وەک داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین).

دووەم: داستانە شیعرییە وەرگێڕاوەکان وەک داستانی (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد لەیلاو مەجنوون).

## * بابەتی داستانەکانی خانای قوبادی بریتین لە:

یەکەم: داستانە شیعرییە دڵدارییەکان (خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، لەیلاو مەجنوون، یوسف و زلێخا).

دووەم: داستانە شیعرییە ئاینییەکان (یوسف و زلێخا).

سێیەم: داستانە شیعرییە جەنگییەکان. ئەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لە داستانەکانی بەگشتی هەیە، کە بەشێوەی جەنگی خەیاڵی باسی کردوون.

# سێیەم : داهێنانەکانی خانای قوبادی (لە بواری ئەدەب و هونەری داستانە شیعر)دا

خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە بواری هزرو ئەندێشە پێش شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە و داهێنای گەورەی لەو بوارەدا کردووە؛ ئەم داهێنانانەی بوونەتە هۆی سەرمەشقبوونی شاعیر لە ئەدەبییاتی کوردیدا و ڕەوشی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی نوێکردووەتەوە؛ داهێنانەکان بریتی بوون لە (وەرگێڕانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکان) لێرەدا ئاماژە بەو داهێنانەی دەدەین.

**١-وەرگێڕانی ئەدەبی:** خانای قوبادی دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری وەرگێڕاندا، کە (( لە قۆناغی سەرەتادا "بۆ وەرگێڕان" لەو سەردەمە دێرینەی کە کورد هیچ نەخشەدانانێکی کولتووری بۆ خۆی نەبووە شاعیرانی گۆران لە سەدەی حەڤدەدا شان دەدەنە بەر کاری وەرگێڕان))(پیربال، ٢٠٠٢، ٢٥).

لە ناو ئەدەبییاتی گۆراندا بە تایبەتی و لە ئەدەبییاتی کوردیدا بە گشتی خانای قوبادی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە (( خانای قوبادی لە کاتی خۆیدا بۆ یەکەم جار دەستی کردووە بە وەرگێڕانی سێ بەرهەمی نیزامی (٥٣٠-٦١٩ک.م) و بەم کارەی هەم دەبێتە یەکەمین وەرگێڕی کوردی هەم مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبەکەماندا دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئێستا)) (مەلا سالح، ٢٠٠٦، ٧). خانا شێوازێکی تایبەتی هەیە لە نووسینی بەرهەمە

ئەدەبییەکانیدا مۆرکی خانابیان پێوە دیارە هەر ئەم تایبەتمەندیە وای لەو شاعیرە مەزنە کردووە جیاواز بێت لە شاعیرانی دیکە، کە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکەی یاخود داستانەکەی ناوی خۆی یان هۆز و ساڵی نووسینی ئەو بەرهەمەی هێناوە، بە جۆرێک دوای کاتێکی کەم لە خوێندنەوەی هەست بە خاوەندارێتی خانا دەکەیت لە بەرهەمەکەیدا وەک لە(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا دەڵێت:

**گوش دەن بە داستان خانای خان قوباد وەی دنیای بادی هەرگیز نەبن شاد.** (ئەمینی، ۲۰۱۱، ٥).

لێرەدا بەشێوەی ڕستەی ئەمری ناو و هۆزی خۆی دەخاتە ڕوو وە داوا مان لێ دەکات گوێی لێبگرین و دڵمان بە دنیای خراپ خۆش نەبێ، هەروەها جگە لە نازناوێتی خۆی ئاماژەی بەو شاعیرە یان زمان و وڵاتەی داوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەری هەبووە؛ وای لە خانا کردووە دەست بداتە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان یەک لەو شاعیرانە (نیزامی) یە، کە بە ئاشکرا لە خوسرەو شیریندا ئاماژە بە ناوی نیزامی دەدات بەوەی بەرهەمی ئەوە و وەریگێڕاوە، جا(( بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خانا وەرگێڕانی کردووە، لە(خوسرەو شیرین)دا بە ئاشکرا لە (١٧) شوێندا ناوی نیزامی هێناوە و لە بەرانبەردا لە (٢٠) شوێندا ناوی خۆی هێناوە)) (رضایی، ۱۳۹۹، ٤٧).

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو شێوازی وەرگێڕانەی خانا دەقاو دەق نییە، چونکە هەمیشە گۆشەیەکی بۆخۆی هێشتووەتەوە، تا بیرو ئەندێشەی خۆی بخاتە ڕوو، جا لە هەر بوارێک خۆی ویستبێتی بەتایبەت لەبواری بیری نەتەوەیی و زمان، کە دواتر باسی دەکەین. حەکیمی مەلا ساڵح دەڵێت: ((جا ئەگەر لەو بەرهەمانەی کە خانا وەری گێڕاون وردبینەوە دەبینین کە شێوەی وەرگێڕانەکەی ئەوە نییە دێڕ بە دێڕ بە دوای (نیظامی) داڕۆشتبێ، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی لەو وەرگرتووەو ئیتر بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باشبووە دایڕشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گەلێ شوێندا دەقاو دەق بەیتەکانی ئەوی هێناوە و بە شێوەیەکی جوان وەریگێڕاون با بۆ سەلماندنی قسەکەمان لێرەدا چەند بەیتێ لە(لەیل و مەجنوون)ەکەی بە نموونە بێنینەوە ڕەنگە وەک مشتێ بەس بێت بۆ نموونەی خەرمانەکە.

| <u>نیظامی:</u> | <u>خانا:</u> |
|---|---|
| **کای تازە گل خزان رسیدە** | **وات ئەی تازە گوڵ خەزان ڕەسیدە** |
| **رفتە ز جهان جهان ندیدە** | **نە جیهان لوای جیهان نەدیدە.** (مەلا ساڵح، ۲۰۰٦، ١٠) |

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی وەرگێڕانەکانی خانای قوبادی کورتکردنەوە و درێژکردنی بەیتە شیعرەکانە؛ لە هەندێ شوێن چەند هەزار بەیتی کورتکردووەتەوە یاخود بە پێچەوانەوە وەک لە (خوسرەو شیرین)دا (( ئەم بەرهەمە لای نیزامی(٦٥٠٠) دێڕە لەسەر کێشی هەزەجی شەشی حەزفکراو یای مەقسوورە. لای خانا (٥٥٢٦)دێڕە لەسەر کێشی دە سیلابی خۆماڵی))(رضایی، ۱۳۹۹، ٤٧).

لێرەدا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە خانا داهێنانی کردووە لەم داستانەدا؛ دێڕە شیعرەکان لای خانا ژمارەیان کەمترە لە چاو نیزامی، بەمەش گۆڕانکاری لە دێڕەشیعرەکاندا کردووە، هەروەها کێشی داستانەکەشی گۆڕیووە بە کێشی دە بڕگە، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی

مەبەست و پەیامی داستانەکەی گەیاندووەتە خوێنەر ((هەروەها لە وەرگێڕانی (قورئانی پیرۆز)دا بەتوانا بووە توانای وەرگێڕانەکەی لە ئاستێک بووە مەزنی و باڵا دەستی (خوای گەورە) و بچووکی بەندەی خستووەتە ڕوو لەم بارەوە بیروڕای جیاواز هەیە هەندێک لە نووسەرانی وەک (سوڵتانی، سەید تاهیر هاشمی، حەکیمی مەلا سالح ) پێیان وایە بەو هۆیەوە زانایانی ئاینی و والی ئەو سەردەمەی تورە کردووە ئەوانیش بەندیان کردووە و لە دین دەریانکردووە، بەڵام ساغکەرەوەی دیوانەکەی خانا دەڵێت: (پێم وانییە هێنانی ئایەتی قورئان بۆ نێو شیعر، تاوانی ئەوەندە گەورە بێت ببێتە هۆی لە دین دەرکردن هەر لە سەردەمی پەیامبەرەوە هەتاوەکو ئێستا ئەم کارە کراوە. وە خانا ئەگەر لەم کارەیدا تەفسیری کردبێت یان شیکاری و ڕەخنەی کردبێت، پێم وانییە بە شێوەیەک بێت ببێتە هۆکاری کوشتنی)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٢٣-١٢٥)، هەروەها لە بارەی تەرجیع بەندەکەی خاناوە ڕوونکردنەوەی زیاتری خستووەتە ڕوو سەرەتا حەوت تەرجیع بەندەکەی خستووەتە ڕوو پاشان بە پێی لێکدانەوەیان بۆی ڕوون بووەتەوە و دەڵێت: (( جگە لە پیاهەڵدان و وەسفکردنی خوای گەورە و خۆ بچووککردنەوە لە بەرانبەر حەزرەتی حەقداو تاوانباری و بێدەسەڵاتی بەندە لە ئاست گەورەیی ئەودا، هیچ شتێک نابینی کە جێگەی ئەوە بێت مەلا، یان کۆلکە مەلایەکیش بێت فەتوای تەکفیرو دەرکردنی خانا لەو سنوورە بدات. وەک لە بەیتی پێنجەم دەڵێت:

**پادشای شاهان، ئیقلیم هەستی        نەققاش تەسویر بڵندی و پەستی**

گەر وردبینەوە ئەم بەیتە کوفر نییە، چونکە خودا خاڵقی خێرو شەڕیشە، ئەگەر چی مەفهومی پەستی و بڵندی لێرەدا دوو مەفهومی وجوودی و عورفییان لەخۆ گرتووە. هەڵبەت نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەوان تا ئەندازەیەکی باش شارەزاییان لە عەقیدەو تەسەوری دینییدا هەبووە بە تەواوی بە فلتەری چوار مەزهەب و قوتابخانەی ئەشعەریدا تێپەڕیون، هەر بۆیەش خوڵقاندنی پەستی لێرەدا، لای خانا شێوازێکی دیکەیە لە نەقشی ئیلاهی لە جیهانی بووندا.)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٢٣-١٢٥)، لە بارەی وەرگێڕانەکانی خاناوە دەڵێت: (( ڕاستە ئەو بە وەرگێڕ دادەنرێت، بەڵام ئەم سەد لە سەد خۆی بە دەقەکانەوە گرێ نەداوە لە هەندێک بڕگەدا، دووسەد بەیتی کردۆتە دە بەیت، لە بڕگەی تردا دوو بەیت کراوەتە چوارسەد بەیت سەرەڕای ئەمەش، گیانی کوردەواری و بە تایبەت هەورامانی سەدەی (١٨)ی پێوە دیارە و ئەمەش جۆرێکی ترە لە هونەری وەرگێڕان)) (خەیات، ٢٠١٦، ٢٨).

**٢-نیشتیمان پەروەری و بیری نەتەوەیی:** گەورەترین سامانی ئەدەبی لە سەدەکانی ڕابردوو بەتەنها (شیعر)ە، بۆیە توێژینەوە لە هەر بوارێکدا بکرێت دەبێت پشت بە شیعر ببەسترێت، ڕوونتر بڵێین شیعر تاکە ڕێگا بووە بۆ گواستنەوە و دەربڕینی هەست و نەستی تاکی کورد؛ نشتیمان و نەتەوە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی شاعیرانی کورد شاعیرانی پێشەنگ لەم بوارەدا (ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی و حاجی قادری کۆی)ن لەم بارەوە توێژەر (عوسمان نووری (ڕێبین) ) بە توێژینەوەیەک بەشداری کردووە لە یەکەمین کۆنگرەی (خانای قوبادی)بە ناونیشانی (بنەماکانی چەمکی نیشتیمانپەروەری لە ئەندێشەی ئەحمەدی خانی و خانای قوبادیدا)دا لەم توێژینەوەیەدا بە

ڕوونـی قۆناغەکـانی چەمکـی نیشـتیمانی کـورد دەخـاتە ڕوو پێـی وایە، کە نووسـەرانی کـورد لە دیاریکردنی قۆناغی ئەو چەمکەدا سەدەی شانزدە بۆ نۆزدە دیاریدەکەن و تەنها ئەحمەدی خانی وەک بنەمـا دادەنـێن و پاشـان ئامـاژە بە حـاجی قـادری کـۆیی دەکەن؛ شـوێنی خانـا ون دەکەن واتە لە دابەشـکردنی بیـری نیشـتیمانی کوردیـدا توانـاو لێهـاتوویی خانـا فەرامـۆش دەکەن، بەڵام لە ڕاسـتیدا هـزری نیشـتیمانی کـوردی دوو قۆنـاخە، کە(( یەکەم قۆنـاخی پـێش سـەدەی نـۆزدە کە بە قۆنـاغی بنیاتنانی هزری نیشتیمان پەروەری ناوزەد دەبێت و ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی بنەمای ئەو هزرە دادەمەزرێنن، دووهەم قۆناخی پاش سەدەی نۆزدە کە قۆناخی ناسیۆنالیزمەو لە حاجی قادری کۆییەوە تا سەردەمی ئێستاکە درێژەی هەیە)) (رضایی، ١٣٩٩، ٦٠).

هەروەها چەمکی نیشتیمان پەروەیی و ناسیۆنالیزم لە یەکتر جیادەکاتەوە و دەڵێت: ((زۆر جار نیشـتیمانپەروەری لەگەڵ ناسـیۆنالیزمدا تـێکەڵ دەکرێن، هەڵەیەکی تەواوە. زەقترین جیـاوازی نێوان پاتریۆتیسـم یـان نیشـتیمانپەروەریی لەگەڵ ناسـیۆنالیزم لەوەدایە کە نیشـتیمان پەروەی پێشـینەیەکی زۆر کـۆنتری هەیە، بەڵام ناسـیۆنالیزم دیـاردەیەکە پێشـینەی دەگەڕێـتەوە بـۆ کۆتاییەکـانی سـەدەی هەژدە بەمـلاوە و چەمکێکـی گرێـدراوی دەوڵەت نەتەوەیە وەک مۆدێلێـک لە دەوڵەت وە لە ئەنجامـدا نیشـتیمانپەروەری چەمکێکی سروشـتی و خۆمـاڵییە، کەچـی ناسـیۆنالیزم زیـاتر دەسـکردێکە لەڕووی سەرچەشنێکی ناخۆماڵی و مۆدێرنەوە داتاشراوە، کەوابوو لە نیشـتیمانپەروەرییەوە بـۆ ناسـیۆنالیزم ئێمە سێ کەسمان هەیە لە سێ شێوەزار و سێ قوتابخانەی شیعری و سێ جوغرافیـاو سـێ سـەدەی جیاوازدا :

**یەکەم:** ئەحـمەدی خـانی (١٦٥٠-١٧٠٧) بایەزیـد، کوردسـتانی بـاکوور، شـێوەزاری کرمـانجی ژوور، قوتابخانەی کرمانجی ژوور، شاعیرو بیرمەندی سیاسی، یەکەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمانپەروەری.

**دووەم:** خانــای قوبــادی (١٧٠٤-١٧٧٤)، جــوانڕۆ، کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، شــێوەزاری گــۆرانی، قوتابخانەی گۆران، هۆنەرو بیرمەند، دووەم بنەمای ئەندێشەی نیشتیمان پەروەری

**سـێهەم :** حـاجی قـادری کـۆیی (١٨١٦-١٨٩٧)، کوردسـتانی باشـوور، کـۆیە، شـێوەزاری کرمـانجی ناوەڕاسـت، قوتابخـانەی سـۆران، شـاعیرو بیرمەنـد، سـێهەم بنەمـای نیشـتیمانپەروەری و یەکەمـین بیرمەندی ناسیۆنالیستی کوردی )) (رضایی، ١٣٩٩، ٦٢-٧٧).

واتە لە قۆنـاغی بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد لە سـەدەی (١٧، ١٨، ١٩) سـێ کەڵە شـاعیر و نووسـەرو بیرمەنـدی سیاسـی و وەرگێڕ هەیە، کە چەنـدین شـاکارو بەرهەمـی بەپێز و گرنگیـان بـۆ گەنجینەی ئەدەبی کوردی تۆمارکردووە؛ هەڵبەتە شاعیرانی دیکەش هەبوون، بەڵام ئەم سێ شـاعیرە مەزنە پێشەنگی بیری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری بوون لە ئەدەبییـاتی کوردیدا، لێرەدا خانـا کە لە قۆنـاغی دووەمە ڕۆڵێکی گرنـگ و گەورەی گێـڕاوە لە بـواری زمـان و نیشـتیمان پەروەی دا زمـانی ئەدەبی زمانی هەست و سۆزو ئامانجە؛ خانا بەم زمانە داوا دەکات گرنگی بە هەستی نەتەوەیی بدەن

زمانی نەتەوەیی فەرامۆش نەکەن هاو شێوەی (ئەحمەدی خانی)، کە مەم و زین دەکاتە بەهانەیەک بۆ گەیاندنی هەستی نەتەوایەتی و داوا دەکات لە دەسەڵاتدارانی کورد نەبنە پاشکۆی بێگانان و بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بنووسن؛ خاناش داستانە شیعرەکان دەکاتە بەهانەیەک بۆ گەیاندنی ئامانجی نەتەوەیی و نووسین بە زمانی کوردی.

ڕاستە زۆر کاریگەری زمانی فارسی لەسەر بووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە بەو زمانە بنووسێت، لەبەر ئەوەی(( خانا کۆڵەکەیەکی سەرەکی مەدرەسەی گۆرانە. جگە لەوەی خۆی بە کوردی داستانەکانی هۆنیوەتەوە و شیعری پێ داناوە. پێ ئەچێ بەم هۆیەوە لە سەردەمی خۆی دا سەرزەنشتی کرابێ لەسەر ئەوەی بە کوردی نووسیوێتی، هەروەکو دوای ئەویش نالی و حاجی قادری کۆیش توشی هەمان لۆمە بوون، بەڵام خانا داکۆکی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و برەو پێدانی کردووە لە پێشەکی شیرین و خەسرەودا وتوویەتی:

**ڕاستەن مواچان : فارسی شەکەرەن کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن**

**پەی چێش نەدەوران ئەی دنیای بەد کێش مەحظوظەن هەرکەس بە زوبان وێش.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٢٦١)

واتە خانا لەم بوارەشدا داهێنەرە، چونکە شانازی بە زمانی کوردییەوە کردووە؛ بە زمانێکی شیرین لە قەڵەمی داوە و پێداگیری زۆری کردووە لە بارەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردییەوە.

**٣- هەجوو(داشۆرین)/** جۆرە شیعرێکە ناوەڕۆکێکی جنێو ئامێزی هەیە شاعیران بە زمانی شیعری خۆیان بۆ چەندین مەبەست و ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و ...هتد خۆیان بەکاری دەهێنن، یاخود جۆرە ڕەخنەیەکی توند و زبرە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە بێ دەسەڵاتییەکە، کە شاعیر دەسەڵاتی بەسەر کەس و ڕوودا، یاخود بابەتدا ناشکێت توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسە یاخود بابەتە دژەی نابێتەوە؛ جنێو وەک چەکێک بەکار دەهێنێ بۆ سەرکەوتنی خۆی. بەگشتی شاعیرانی کلاسیکی ئەدەبی کوردی لەم بوارەدا تووشی ڕەخنە بوونەتەوە لە لایەن کۆمەڵگاوە و پەراوێز خراون، بۆیە دەبینین لە دوای مردنیان شیعری هەجوویان بڵاوکراوەتەوە، کاتێک باس لە سەرەتای شیعری هەجووی ئەدەبی کوردی دەکرێت وە (( لەسەر بنەمای زۆرێک لەسەرچاوەکان داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا بۆ نالی و پاشان بەشێوەیەکی فراوان بۆ شیخ ڕەزای تاڵەبانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی خانادا و بە تایبەتی لە شاکاری خوسرەوشیریندا چەند دێڕێک بەسەر دەکەینەوە کە داشۆرینی پیرەژنێکە. دەتوانین بە یەکەم داشۆرین لە ئەدەبی کوردیدا ناودێری بکەین و یەکەمین داشۆرین بدەینە پاڵ خانا)) (رضایی، ١٣٩٩، ٥٢)، هەروەها حەکیمی مەلا ساڵحیش بە هەمان شێوە ئاماژەی بە هەجووی خانای قوبادی داوە و دەڵێت: (( کە خوسرەو شیرینەکەی خانای قوبادی دەخوێنینەوە دەبینین لە گۆشەیەکدا قەڵەمی خستۆتە سەر ئەم شێوازە شیعرە و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دایڕشتووە)) (مەلا سالح، ٢٠٠٦، ١٥) کەواتە خانای قوبادی بەم بەیتەی لە خوسرەو شیرینەکەیدا داهێنانێکی دیکەی خستووەتە ناو داهێنانە ئەدەبییەکانییەوە و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە لە

بارەی شیعری داشۆرین لای خانا، چونکە هەر کەسێک ئەم بەیتە بخوێنێتەوە بە ڕوونی هەست بە داشۆرین دەکات کە داشۆرینێکی توند و زبرە بۆ ئەو پیرەژنە، کە دەڵێت :

**شەخسێ پەرستار یاونا ئەوشەو** **بە عەرز شیرین بێهۆشی خوسرەو**

**شیرین پەی یاری و مەخسەرەو مەزاق** **کەیوانوی قۆخێ کۆر دەم فەراق**

**پشت دەرقوپیای چون پشت کیسەڵ** **ساڵ صەدو شەست، هەشت گوان چون دەڵ**

**چەم تەنگ و ڕو چرچ، لوت چەفت و چڵمن** **لەب کەوەو لیکن، دەنگ وە دەنگ جن**

**پاو سم شەق شەق، ساق ساق سمی خەر** **سەر چون قژاکە، جە مەیموون بەدتەر**

**بن باخەڵ بۆگەن، پڕ جە سپێ و ڕشک** **لانەی قوڵانچەو مار و مور و مشک**.(مەلاکریم، ١٩٧٥، ٦٣١).

واتە ئەو شەوە کارەکەرێکی نارد بۆلای شیرین ئەو کارەکەرە لە تاو خوسرەو هۆشی نەمابوو، وە ئەو کەیوانووە بۆ ڕابواردن و گاڵتەکردن باش بوو، ژنێکی پشت چەماوە و کوێر و دەم ناشیرین بوو، پشتی وەکو پشتی کیسەڵ دەر پەڕی بوو، تەمەنی سەد و شەست ساڵ دەبوو، وەک مێینەی سەگ هەشت گوانی هەبوو، چاوی بچوک و دەم و چاوی چرچ و لوتێکی ناڕێک و چڵمنی هەبوو، لیوی شین و لیکن و دەنگی هەر لە دەنگی جنۆکە دەچوو، پێی شەق شەق و پوزی لە هی کەر دەچوو، سەری وەک قژاکە بوو لە مەیموون ناشرینتر بوو، بن باڵی بۆگەن بوو پڕ بوو لە ئەسپێ و ڕشک لانەی قوڵانچەو مارو مورو مشک بوو.... لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا لە بەندی (دەرمانداوکردنی سوڵتان ئیبراهیم و ڕفاندنی نۆش ئافەرین لە لایەن سەلیمەوە) دەڵێت :

**گۆش بدەر بە ئەو ناپۆختەو ناخام** **جە ئەمیر سەلیم دێوانەی کەم فام**

**ئەو ناموافێق دێوانەی دەغەڵ** **زەهرش پەنهان بی دایم نە بەغەڵ**

**سەلیم ناپاک دڵ پڕ ژ تەشویش** **نۆش ئافەرینش وست نەتەرک وێش**

**ئەی چەرخ غەدار شەرمێ نییەن پێت** **خەجاڵەت نابی تۆ جە کردەی وێت**

**واتش ئەی سەلیم چون ئامای وەی جا** **جە کۆن شازادە ئەرێ بێ حەیا**

**ئاخر هورێزا دەست دا بە ساتوور** **واتش ئەی ناپاک لەعین بەد نوور**. (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٢٧- ٢٣٥)

دەکرێ ئەم چەند دێڕە لە باسکردنی ناپاکی سەلیم بە هەجوو دابنرێت، کە هەجووی کوڕی یەکێک لە وەزیرەکانی باوکی نۆش ئافەرینە ژەهر دەکاتە ناو خواردنەکەی شازادە تا بە نۆش ئافەرین بگات، چونکە عاشقییەتی و دەیەوێت بە نسیب خۆی بێت. خانا سەلیم بە (کەم فام و ناموافێق و ناپاک و خەجاڵەت و لەعین بەد نوور ) باسی دەکات ئەم وشانەش ئاماژەن بە داشۆرین لەم داستانەدا.

**٤- بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری:** خانای قوبادی لەبەر ئەوەی ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە خاوەنی ئەندێشەیەکی ئازادی خواز بووە دژی زوڵم و ستەم و نادادپەروەری بووە و بانگەشەی بۆ ئازادبوونی بیروباوەڕی مرۆڤ کردووە لەم بارەوە (( لەسەر شانۆی ڕووداوی نێوان خوسرەو دیهاتییەکان بۆ سەردەمی دەسەڵاتی هۆرمز و شازادەی جێنشین بۆمان دەگێڕێتەوە و

وەسفی دەستدرێژی یەکێک لە پیاوەکانی خوسرەو دەکات کە هەڵسوکەوتێکی نادادپەروەرانەو ستەمکارانە بەرانبەر گوندنشینەکان دەکات شاعیر ڕووداوەکە زەق دەکاتەوەو پێ لەسەر کێشەی دادپەروەری و ستەم و زۆرداری دادەگرێت:

**ئەسپش کشتزار موسڵمانان وەرد          غوڵامش قۆرەی دیهقان بە جەور بەرد**

**ئەر ظوڵمێ وەی طەور بێگانان مەکەرد          شەهەنشا یانەش بە غارەت مەبەر....**

شاعیر دەربارەی ڕووداوێک دەدوێت کە دوور نییە بەرهەمی خەیاڵسازی خۆی بێت، لە چرکەیەکدا کە خوسرەو مەست و بێ ئاگا دەبێت غوڵامێکی ئەسپەکەی بەرەڵا دەکاتە ناو کشتوکاڵی جوتیاران، ئەوانیش سکاڵای خۆیان دەبەنە لای هورمز کە ناداد پەروەری و زوڵمێکی گەورە لە لایەن غوڵامێکی شازادەی جێنشینەوە لەوان کراوە. شا سزایەکی زۆر قورس بۆ کوڕەکەی خۆی دەبڕێتەوە و گوێ ناداتە ئەوەی کە تاوانبار کوڕەکەی خۆیەتی و زوڵملێکراو جوتیارێکی بێ پشت و پەنایە. گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەی نێوان خەسرەو باوکی، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕۆژگاری خاناوە هەیە، ڕەنگە کەمتر پەیوەندی بە سەردەمی چیرۆکەکەی خوسرەو هورمزەوە هەبێت لەوانەیە ئەرکی شاعیر ئەوە نەبووبێت سەرنجی خەڵکی بۆ ستەم و زۆرداری و نادادپەروەریی ئەو سەردەمەی خۆی ڕاکێشابێت و ئەفسانەکەی بۆ مەبەستێکی سیاسی شاراوە بەکارهینابێت)) (خەیات، ٢٠١٦، ٤١-٤٣) پاشان، کە ئەنجامی ئەم دادپەروەرییەی هورمز دەبینێ ئارەزووی سەرکردەیەکی دادپەروەر دەکات بۆ نەتەوەکەی دواتر دەکەوێتە سەرزەنشتی خۆیی، دەڵێت :

**خانا بۆ وەسەن زوباندرازی          کۆن ئەو صاحیب عەدڵ تۆپێش بنازی.**

((دوا بەیتی ئەم کۆپلەیەی سەرەوە، کرۆکی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیرە. ئەو لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و دەڵێت: "بەسە زماندرێژی!" ئینجا پرسیارێک لە خۆی دەکات: " ئەو کەسە دادپەروەرە لە کوێیە کە تۆ پێی بنازیت؟" ئەم پرسیارە هەروا لە خۆڕا نەکراوە. شاعیر ویستوویەتی ئەوە بدرکێنێت کەسێکی لەبەر چاودا نییە شانازی پێوە بکات، بۆ ناتوانێت شانازی بە کەسایەتی، یان سەرکردەیەکەوە بکات؟ ئەو لەسەر نەخشەی سیاسی کوردستان کەسێکی دادپەروەری (صاحب عەدڵ) بەرچاو ناکەوێت شایانی شانازی پێوەکردن بێت یاخود ئاماژەی بۆ گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی کردووە و دەڵێت :

**مەعلووم بۆ جە لای بزورگان دەور          هەرکەس عادڵ بۆ چون هورمز بەی طەور......**

واتە ئاشکرا بێت لای گەورە پیاوانی سەردەم، ئەگەر دادپەروەر بن وەکو هورمز خوا لە ئاگر دەیان پارێزێت، ئەگەر صەد جار کافریش بن. گرنگ دادپەروەرییە لای شاعیر، نەک بڕوا هێنان بە دین و ئیمان. لەم خاڵە دا خانا لەگەڵ ئەحمەدی خانیدا یەک دەگریتەوە کە هەردووکیان بانگەشەیان بۆ دادپەروەری کردووە)) (خەیات، ٢٠١٦، ٤٣، ٤٤). لەبارەی پەیامی ئەم بەیتەی خانا (نەوشیروان مستەفا) دەڵێت: (( لە سیستەمی سیاسی و کارگێری ئێران دا، شا هەبووە، کە گەورەی هەموو وڵات بووە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا حاکم بە نازناوی جیاواز و بە پلەی جیاواز هەبووە. تەنیا بە

حاکمەکانی کوردستان و لوڕستان گورجستان پلەی والی بەخشراوە، بۆیە پیاوێکی شارەزای وەکو خانا، کاتێ وشەی والی بەکار هێناوە، ئەبی مەبەستێکی دیاریکراوی هەبووبێ ئەگینا ئەیتوانی وشەیەکی تر بەکار بهێنێ)) (ئەمین، ٢٠١٢، ٢٦٠). واتە خانا مەبەستی سەرەکی کوردو والییەکانی بووە وە داواکەی لە سەرکردەی کوردی کردووە، کە دادپەروەر بن دواجار بینیوویەتی کەسێکی وا لە گۆڕەپانی کوردی دا نییە پەشیمان بووەتەوە داوای لە خۆی کردووە، کە بوەستێ لەسەر ئەو پەیامە و درێژدادڕی نەکات.

(( لە بارەی زوڵم و ستەمەوە نموونەی ستەمی ئەهلی شەریعەت بەرانبەر سۆفی و عاریفاندا دەهێنێتەوە و ناڕەزای خۆی دەربڕیوە لە بەرانبەر کوشتنی (نەسیمی) دەڵێت :

**ئەر چون نەسیمی مەکەنان پۆسم          هەرتا زیندەنان هەر تۆنی دۆسم**

بۆ ئەم بەیتە بەیتێکی داخراوەو تێگەیشتنی ئاسان نییە؟ خانا خۆی دەخاتە "جێگەی نەسیمی"یەوە، یان لە ناو پێستی ئەودا خۆی دەدۆزێتەوە. با ئێمە پێشەکی بزانین نەسیمی کێیە؟ عیماد الدینی نەسیمی (١٣٦٩-١٤١٧ز) یەکێکە لە شاعیرە سۆفییە گەورەکان و بە عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری هەیە. بە یەکێک لە پێشەوا ناسراوەکانی ڕێبازی"حروفیە"دادەنرێتساڵی (١٤١٧ز) لە شاری حەلەب، لەسەر فەتوای پیاوە ئایینییەکانی شام هەر بە زیندوویەتی پێستی دەگروون و پاشان پاچە پارچەی دەکەن. ئێمە ئەگەر زانیمان "حروفییەکان" ڕیبازێکی شۆڕشگێر بوون و دژی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی سەردەمی خۆیان بوون و بۆ دادپەروەری خۆیان خەباتیان کردووە، ئەوجا دەردەکەوێت خانای قوبادیش لە کام سەنگەردا بووە و بۆ ئەوەندە لەسەر عەدڵ و دادپەروەریی و کۆمەڵایەتی جەخت دەکات؟)) (خەیات، ٢٠١٦، ٤٤،٤٥). سەبارەت بە داد و دادپەروەری لە (شیرین و خوسرەو)دا و لە و بەندەی، کە خوسرەو ئامۆژگاری دانیشتوانی دەکات دەڵێت :

**بە لەفظ فەصیح شیرین تەر جە قەند          پەرێ بزورگان بەزم دڵ پەسەند**
**چەند نوکتەی شەریف شۆخ دڵ پەزیر          بە دورر کەلام بەی طەور کەرد تەقریر**
**واتش هەر شەخسێ ساحێب شوعورەن          مەعلوم جە ئاداب نادانی دوورەن**
**چون زومرەی بەعضێ بەد جینس بێ پیر          نە شمارا ئەرباب دەروێش بە فەقیر**
**دورەن جە ڕای دین ڕەویەی کافری          تۆ بە عەیب وێت هیچ را نەبەری**
**بەڵێ هەردەم عەیب مەردوم بشماری          عەیب وێت جە خەڵق پەنهان بداری**
**ئەمانەت فەرضەن ئەر هەنت شوعور          بە خوردی دوشمەن هیچ نەبەر مەغرور**
**مکەرۆ عاجز بە دانای دادوەر          پەششەێی صەد پیل ئەژدەها پەیکەر**
**هیچ کەس جەی دنیای ئاشفتەی پڕ شۆر          دامان دەوڵەت نەگرتەن بە زۆر**
**دەوڵەت نە بە زۆر نە بە کردارەن          دەوڵەت هەر بە داد پەروەردگارەن**.(مەلا کریم، ١٩٧٥، ٢٩٧-٢٩٨) لێرەدا بە زمانی ئامۆژگاری دەدوێت ئامۆژگاری گەورەکان دەکات، کە هەر کەسێک چاک بێت چاکی دێتە ڕێی و لە خراپی دوور دەبێت وە ئەو کەسانە بە دوورە دین دەزانێ، کە عەیب و

عاری خۆیان نازانن و نابینن لە هەمان کاتدا عەیبی خەڵکی دەژمێرن و عەیبی خۆیان دەشارنەوە، هەروەها کاتێک دەڵێت ئەمانەت فەرزە مەبەستییەتی بڵێت دەبێت ئەو فەرزە وەک خۆی بە داد و دادپەروەری بە ئەنجامی بگەیەنێت و لە خۆبای نەبێت لەبەرئەوەی هیچ کەس بە زۆر و زۆرداری دەوڵەتی نەگرتووە، یاخود بەزۆرداری دەوڵەتی بەڕێوە نەبردووە دەوڵەت بە زۆرداری و ستەم نابرێت بەڕێوە، بەڵکو هەر بە تەنها بە دادپەروەری و پابەند بوون بە دادی پەروەردگار بەردەوام دەبێت.

کەواتە خانا لە گێڕانەوەی داستانەکاندا زۆر جەختی لە دادپەروەری و ئازادی کردۆتەوە ئەندێشەیەکی ئازادی خوازی هەبووە دژی هەموو زوڵم و ستەم و نادادپەروەرییەک بە هەڵوێست بووە کەسانی نادادپەروەری بە دوورە دین و کافر داناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەوڵی چەسپاندنی بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری داوە.

٥- **قاڵبە شیعرییەکان:** شاعیرانی گۆران بە گشتی شیعرەکانیان مەسنەوی جوت قافییەی دە بڕگەی خۆماڵی بوون؛ خانای قوبادیش بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆشتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خانا دەستێکی باڵای هەبووە لە بواری هونەریدا جیا لە شاعیرانی سەردەمی خۆی داهێنانی لە قاڵبە شیعرییەکاندا کردووە بە پێی سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار فۆڕمی تەرجیع بەندی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەڵام (( مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی، دیوانە شیعرێکی گۆرانی- هەورامی چاپ و بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (دیوانی عەزیز). ئەم دیوانە دوو چاپی بینییوە. لە پێشەکی چاپی یەکەمدا مامۆستا بۆی ساغ نەبووەتەوە، کە ئەم عەزیزە کێیە؟ چونکە لە مێژوودا چەند شاعیرێکمان بە ناوی عەزیزەوە هەیە. گومانی مامۆستا لە نێوان(عەزیز دەردین: کە ناوی لە لیستی شاعیرانی لای ڕەنجووری هەیە و لە شاعیرانی کۆنە) و (شێخ عەزیز جانەوەری سیراجەددینی نەقشبەندی بووە و هاوچەرخی مەولەوی بووە) ماوەتەوە، بەڵام لە چاپی دووەمدا بە پێی هەندێ شیعری تازە دۆزراوەی تر گومانەکە بە لای دووەمیاندا شکاوەتەوە و بووەتە یەقین. بەڵام من پێموایە زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە مۆرکێکی کۆنیان هەیەو بە دووری نازانم هی عەزیز دەردین بن. مەبەست لەمە بوونی تەرجیعبەندێکە لە دیوانەکەی عەزیز. ئەم تەرجیع بەندە لە ١١ بەند پێکهاتووە و تەرجیعەکەی بەم چەشنەیە: **یاعەلی دەخیل بدەر نەجاتم سوپای خەم کەردەن قەطع حەیاتم**

ئەگەر ئەم شاعیرە عەزیز دەردین بێت، کە دەشێ هاوچەرخی خانا یان کۆنتر بێت ئەوا خاوەنی یەکەم تەرجیع بەند بە هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە، بەڵام تا ئەو بابەتە ساغ دەبێتەوە لە ئێستادا خانا بە یەکەم شاعیر دادەنرێت کە تەرجیع بەندی نووسیووە)) (رضایی، ١٣٩٩، ٥١، ٥٢). دیارترین نموونەی تەرجیع بەند لای خانا لە شیعرە ئاینییەکانە؛ ئەم داهێنانەی خانا بەگشتی لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێت، کە(( لە دیوانی خانای قوبادیدا چەندین تەرجیع بەند بەرچاو دەکەوێت، وەک: حەوت تەرجیع بەند، داستان لە شێوەی تەرجیع بەند، نامەی شیعری لە شێوەی تەرجیع بەند... ئەگەرچی تەرجیع بەند قاڵبێکی تایبەتی خۆی هەیە لە شیعری عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردیدا، بەڵام لەلای خانای قوبادی و لە شێوەزاری گۆرانیدا ئەم قاڵبە

گۆرانی بەسەردا هاتووە)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٨٠). ئەم جۆرە قاڵبە شیعرییە بۆ بابەتی خواداناسیو و عیشقە، کە خانا داهێنانێکی گرنگی تێدا کردووە؛ یەکێک لەو گۆرانکارییانەی لەم بەندانەیە، کە دەڵێت:

**نیاز وات: زەریف خەندەوە، زەریف خەندەوە    خانە وات:    شیرین خەندەوە، شیرین خەندەوە**

**زەریفی زەریف ها بەو خەندەوە    شیرینی شیرین ها بۆ خەندەوە**

**یەکش باف زەڕین گرت و چەندەوە    دەست خەناڕەنگ گرت وە چەنەوە**

**خەنە ها وەلای زەڕڕەی قەندەوە    خاس خەنە کەردی هەم بە خەنەوە**

لەم تەرجیع بەندەدا گۆرانکارییەکی بێوێنە ئەنجامدەدات، ئەویش تەرجیع بەندێکی تازە دروست دەکات و لەناو تەرجیع بەندەکەدا قاڵبی گفتوگۆ هەیە. لەم بەندەدا خانا بابەتێکی تازە باس دەکات بابەتەکەش بە ناوی "نیاز و خانە " هەر بەندێک تایبەتە بە یەک کەس، واتە بەندی یەکەم تایبەتە بە "نیاز " و بەندی دووەمیش تایبەتە " خانە " بەندی یەکەم دابەش بووە بەسەر چوار بەشدا و نیاز دەستپێشخەرە، خاناش هەمان کار دووبارە دەکاتەوە لە بەندەکانی تردا ئەم کارە بە شێوەی سەربەخۆ دەڕوات و دابەشکردنی تێدا نییە. دەتوانین بۆ ئەم قاڵبە شیعرییە دوو ناو دابنێین: تەرجیع بەند و تەرکیب بەند، چونکە ئەم دوو قاڵبە شیعرییە زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە تەرجیع بەندیشدا تەنها نیوەبەیتی دووەمی هەموو بەندەکان وەکو یەکن. دەبینین خانا گۆرانکاری زۆری بەسەر قاڵبە شیعرییەکاندا هێناوە. ئەم گۆرانکارییانەش ئاماژەی دەسترەنگینی و ورت و وریایی خانان و زۆر بە جوانی و بە شێوەیەکی ناوازە کارەکەی کردووە، هەروەها لەم تەرجیع بەندەدا جوانکاری و تێکهەڵکێش و لێوەرگرتن (اقتباس)ێکی ناسکی کردووە و ئەم جۆرە داهێنانە بەشێوەیەکی کوردانەو ناوازە دەردەکەوێت)) (خەیات، ٢٠١٦، ١٨٦).

واتە خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرە پایە بەرزانەی، کە داهێنانی کردووە؛ لە هەندێکیاندا دەبێتە پێشەنگ؛ ئامانجی لە وەرگێرانی (قورئانی پیرۆز) ئەوە بووە، کە تاکی کورد بە زمانی نەتەوەی خۆی (قورئانی پیرۆز) بخوێننەوە. شاعیرێکی مرۆڤ پەروەر و ئازادیخواز بووە؛ بەم بیرە ورد و دەسترەنگینییەی دەبێتە پڕ بەرهەمترین شاعیری کورد، تا ئەم قۆناغەش نووسەران بەردەوام بەرهەم و شاکاری جوانی ئەم کەڵە شاعیرە دەدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی سەردەمی ژیانی پڕ بووە لە جەنگ و کوشتن و بڕین، بەڵام بلیمەتانە توانییویەتی داهێنانی گەورە لە ئەدەبی کوردیدا بکات؛ بلیمەتی خانای قوبادی بووەتە هۆی ڕێگا ڕۆشنکەرەوەی شیعر و ئەدەبییاتی قۆناغی دوای خۆی، کە شاعیرانی وەک مەولەوی ئەو ڕێگە ئەدەبییە بگرنە ئەستۆ و برەوی زیاتری پێ بدەن.

# بەشی دووەم

# بنیاتی هونەری داستانە شیعری(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) ی خانای قوبادی لە ئاستی شیعریدا

## پاری یەکەم: بنیاتی ئاواز

یەکەم/ ئاوازی دەرەوە

دووەم / ئاوازی لایەکان

أ- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری هاونشینی (ئاسۆیی):

ب- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری جێنشینی (ستوونی) بە زیادکردنی هێشووە دەنگی سەروا:

پ- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستانەکە لە تەوەری جێنشینی (ستوونی) لەڕێگەی پاش سەروا:

ت- گرنگی سەروا لە وێنە و واتای شیعریدا

سێیەم/ ئاوازی ناوەوە

أ- ڕەگەزدۆزی(تەواوی هاوڕەسەن، تەواوی ساوێتە، ناتەواوی زیاد، ناتەواوی جودا، ناتەواوی لار)

ب- دووبارەکردنەوەی دەنگی کۆتایی وشە

## پاری دووەم: بنیاتی شێواز ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە)

یەکەم/ ئاستی دەنگسازی

أ- دووبارە بوونەوەی دەنگ لەسەر تەوەری هاونشینی

ب-دووبارەبوونەوەی دەنگ (هاتنی جووتە دەنگ)

دووەم / ئاستی وشەسازی

أ- وشە سادە و ناسادەکان

ب- بەکارهێنانی وشەی بێگانە

پ- دووبارەکردنەوە

ت- وشەی هاوتاو هاو واتا ئاسا

سێیەم / ئاستی ڕێزمانی و ڕستەسازی

أ- ڕستەی هەواڵگەیاندن

ب-ڕستەی داخوازی

پ- ڕستەی پرسیاری

ت- ڕستەی سەرسوڕمان

## پاری سێیەم/ ڕوونبێژی

یەکەم/ لێکچوواندن

دووەم/ خوازە

سێیەم/ خواستن

چوارەم/ درکە

# بەشی دووەم

# پاری یەکەم

# بنیـاتـی ئـاواز

**یەکەم/ ئاوازی دەرەوە:** داستانەکان بە شیعر هۆنراونەتەوە؛ ئاشکرایە کە شیعریش تایبەتمەندی خۆی هەیە؛ یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بوونی (کێش)ە، کە دەبێتە هۆی بەخشینی ئاوازێکی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ چێژو خرۆشی بە داستانەکە، لەبەر ئەوەی داستان دەقێکی درێژە پێویستە داستاننوس جۆرە کێشێکی زەحمەت بەکار نەهێنێت، تاوەکو بتوانێت زاڵ بێت بەسەر گێڕانەوەی داستانەکەدا، چونکە هۆنینەوەی چەند هەزار بەیتێک بە کێشێکی قورس کاری داستاننوس زەحمەتتر دەکات، بۆیە دەبێت کێشێکی بێ گرێ وئاسان بەکار بهێنێت. لە شیعری کۆنی کوردیدا دوو جۆرە کێش هەیە(کێشی بڕگەی (خۆماڵی) و کێشی عەروزی) هەریەک لەم کێشانە چەندین جۆریان هەیە ئەوەی گرنگە لێرەدا کێشی داستانە فۆلکلۆرییەکانە، کە بە (کێشی بڕگەی (خۆماڵی) ) هۆنراونەتەوە، چونکە (( ئەمە کێشی ڕەسەنی کوردییە. هەموو شیعری میللی کوردی بەم جۆرە کێشە گوتراوە، هەروەها نزیکەی هەموو شیعری زاری گۆران بەم جۆرە کێشە نووسراوە، جگە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەواری و چیرۆکە ئایینییەکان)) (گەردی، ٢٠١٤، ٢٣٩)، هەروەها ئاوازی دەرەوە لە کێش و سەرواوە دروست دەبێت، کە دوو بنەمای گرنگ و بە پێزی شیعرن بە جۆرێک (( لە نێوان شیعرو ئاوازدا پەیوەستێکی پتەو هەیەو زۆر جاران دەگوترێت کەوا شیعر لە هەقیقەتدا بریتییە لە ئاوازی وشەو بێژەکان، ئەوە هەرتەنها شیعریشە کە بە هۆی ئاهەنگ و ئاوازەوە بە گۆرانی دەگوترێت و دەخوێندرێت وە کێش و پێوانەی دەنگ دەبنە بنەما بۆ بەرپا بوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعری کە بە (ئاوازی دەرەوە – الموسیقی خارجیة) دەناسرێت ئەم جۆرە ئاوازەش تایبەت دەبێت بە شیعری کێشراو یاخود کێشدار، جا عەرووزی بێت یاخود بڕگەیی و خۆماڵی)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ١٩).

سەروا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شیعردا دە بێتە پردێک بۆ بەستنەوەی دێڕە شیعرەکان و بەخشینی ئاوازێکی خۆش و ڕەنگاو ڕەنگ بە داستانە شیعرییەکان . واتە ڕیزبوون و ڕێکخستنی سەرواکان دەبنە هۆی ئاوازی شیعری بە پێچەوانەوە ناڕێکی و ناهاوئاهەنگی لەم ڕیزبوونەدا تێکچوونی کێش و سەروای شیعری لێدەکەوێتەوە و ئاوازی وشەکان تێک دەچێت خوێنەر لە تێگەیشتنی کرۆکی شیعری و مانا ڕاستییەکەی دوردەخاتەوە، بەمەش سەرنجڕاکێشی لای خوێنەر نامێنێت، چونکە کێش و سەروا کەرەسەی بنەڕەتی و سەرەکی ئاوازی شیعرە؛ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندایەو هەرگیز لەیەکتر جیا نابنەوە، روونتر بڵێین ئاواز و مۆسیقا هێندە گرنگ و کاریگەرە بۆ شیعر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی شیعر جیابکاتەوە لە ژانرەکانی دیکە ئەدەبی، بۆیە (سەروا ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دەقی

شیعردا، لەبەرئەوەی وا دەکات کە هاوسەنگی لە ڕیتمی دەرەوەی شیعرەکە دروست ببێت، هەروەها ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت بۆ بەخشینی شیعریەت بە دەقی شیعرەکە) (صدقة، ٢٠١٠، ٣٠٥).

کێشی خۆماڵی جۆرە ئازادییەک بە داستاننوس دەبەخشێت، کە بە پێی بابەتی داستانەکە بەردەوام بێت و کێشی هەمەجۆر و ڕەنگاو ڕەنگ بەکاربهێنێت هەر ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراو جۆری لە سەرواکاندا، بێگومان ئەم تایبەتمەندییەی کێشی خۆماڵی لە داستانە فۆلکلۆرییەکاندا نەبووەتە هۆی لاوازی، یاخود کەم کردنەوەی پلەو پایەی داستانەکە، بەڵکو وای لە داستانە فۆلکلۆرییەکان کردووە بە نەمری بمێننەوە و نووسەرانی دوای خۆیان لاسایی ئەو ڕێچکەیە بکەنەوە، چونکە((کێش چێژی مۆسیقی بەدیدەهێنێت و ئەمەش لە سروشتی مرۆڤدایە کە چێژی لێدەبات . شیعری هەورامی بە بەکارهێنانی کێشی هیجائیی پەنجە و هونەرییانە چنینی وشە و کەرەسە شیعرییەکان، گوێ پڕ دەکات لە ئاوازی چێژدار و گوێگر بەرەو خۆی کەمەندکێش دەکات؛ ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەدوای هۆکاری ئەم نەمری و جادوییبوونەیدا بگەڕێین و لە وەڵامیشدا زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و سەرەکی و لاوەکی خراونەتە ڕوو )).(محەمەدپور، ١٣٨٨، ٤٧). واتە کێشی پەنجە، هۆکارێکی بنەڕەتییە لە دروست بوونی تایبەتمەندیی ئاوازەیی؛ ئەم کێشە ئاسان و بێ پێچ و پەنایە و لەسەر زمان خۆشە چەندین ئاوازی جوان و دڵگیری لێ بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە داستاننووسەکان بۆ هۆنینەوەی ئەو چەند هەزار بەیتە شیعرییەی داستانەکەیان ئەم کێشەیان بەکارهێناوە.

داستانی (سوڵتا ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانی قوبادی، بە کێشی دە پەنجەیی داڕێژراوە، واتە هەر لەتێک لە دووپێی(٥) برگەیی پێک دێت، هەرچەندە شاعیر لە چەند بەیتێکدا ژمارەی بڕگەکان کە م و زیادیان کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خانا ئەم داستانەی بە کێشی دە بڕگەی(٥X٥) و(( نزیک (٣٥٠٠) دێڕە شیعر)) (ئەمینی، ٢٠٢١، ٢٨) و بە( ٦٣بەند) هۆنیوەتەوە؛ لە بەندی یەکەم، دەسپێکی داستانەکەوە دەست بە شیکردنەوەی دەکەین، تا ببێتە سەرەتای شیکردنەوەی تەواوی داستانەکە.

**وا / تن / شا/ زا/ دە// شەی/ دای/ شوور/عە/ شق**

١ ٢ ٣ ٤ ٥ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

**نیشت/ وە/ تۆی/ کەش/ تی// ل/ وا/ پەی/ دەم / شق**

١ ٢ ٣ ٤ ٥ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

**وە/ تا/ ج و/ تۆ/ مار//، جو/ قەی/ شا / قە / سەم**

١ ٢ ٣ ٤ ٥ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

**ڕاس/ تی/ هەر/ ئێ/ دەن// بێ/ زیا/ د و/ بێ/ کەم.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥١)

١ ٢ ٣ ٤ ٥ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

**هەر/ دوو/ کەر/ د/ شان// نی/ گای/ چەم/ وە/ هەم**

١ ٢ ٣ ٤ ٥ // ١ ٢ ٣ ٤ ٥

**هەر/ دوو/ بێ/ هۆش/ بین/ خە/ ج/ ڵ و/ ما/ تەم. (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٥)**

**١ ٢ ٣ ٤ ٥// ١ ٢ ٣ ٤ ٥**

بەم شێوەیە دەبینین خانای قوبادی ئەم داستانەی بە کێشی (١٠) بڕگەیی هۆنیوەتەوە، کێشێکی بڕگەیی باو سادە و ئاسان، ئاوازدارە، کە هەر نیوە دێڕێکی دوو پێی پێنج بڕگەییە، بۆیە ژمارەی بڕگەکانی (١٠) بڕگەیە واتە (٥+٥=١٠) وەستانێکی کورت لە ناوەڕاستدایە؛ خانا توانیوویەتی ڕیتم و ئاوازەیەکی خۆش بە داستانەکە ببەخشێ بڕگە و پێیەکانی بە پێی ویستی خۆیی و پێویستی وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی ناو داستانەکەی ڕێکخستووە. کەواتە پابەند بوون بە ژمارەی بڕگەکان و یەکێتی کێش دەبێتە هۆی دروست بوونی ساز و ئاوازێکی خۆش، پاشان یەکگرتنی لەگەڵ بابەتی سەرەکی داستانەکە ئەمانە هەمووی ژینگەیەکی خۆش و پڕ لە ئاوازی سەرنجڕاکێش بەرهەمدەهێنن دەبنە جێی سەرنجی خوێنەر؛ شاعیر کێشەکە بەپێی بابەتی داستانەکە دەگونجێنێت واتە بابەتەکە بڕیاری هەڵبژاردنی کێشی داستانەکە دەدات

بەگشتی لە داستانە هەورامییەکاندا کێشی دووپێی پێنج بڕگەیی بەکار هاتووە، کە کێشێکی کورت و ئاسان و خۆش ئاوازە، چونکە((نەغمە، وەک پرەنسیپێکی تایبەتی لە دەقی شیعر و مۆسیقای هۆرامی و توخمێکی جیاکەرەوە لە شیعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، کە مەبەستم ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشووە دەنگانەیە کە لە پێکهاتەی شیعری هێجاییدا، بە هۆی چڕی فۆنیمەکان و شەپۆلە دەنگەکان، مۆسیقای تایبەتی دروست دەکەن (دەنگ تەوەری) .....کە ئەم دیاردە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان دەشارێتەوە و خۆی لە کێشناسی عەرووزی - لە شیعری کلاسیکی کوردی سۆرانی و فارسیدا -جیا دەکاتەوە و دەبێتە کۆمپۆزسیۆن و ریتم بۆ شیعرەکە و ئاوازە)) (محەمەدپور ١٣٨٨: ٤٧). گەر سەرنجی سەروای داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) بدەین دەبینین بە شێوەی مەسنەوی(جووت سەروا) هۆنراوەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە؛ بۆ نموونە خانای قوبادی لە بەندی (٢) دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **گۆش بدەن وە ڕاز زەمانەی وەرین** | **بەیان کەم ڕازان شای نۆش ئافەرین** |
| **سەرتا پا لیباس شەوڕەنگی پۆشا** | **ئایر هەوەس نەفەرقش جۆشا** |

یاخود هەر لەو بەندەدا وەسفی باخ و حەوشەی قەسری (نۆش ئافەرین) دەکات و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **چەمەی ئاو ساف وێنەی شیرو قەند** | **ساف و خوشگەوار دانایان پەسەند** |
| **جارییەن بە ڕووی سەوزەی فەزاوە** | **وێنەی مرواری بە ڕووی تەڵاوە** |
| **جەرگەی ناروەن دار ئەرغەوان** | **جە شنۆی نەسیم لاحەولە مەوانان** |
| **لارەی یاسەمەن وێنەی تاجداران** | **سیب و بەیی بۆخۆش نە سایەی داران.....** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧٥) |

لێرەدا دەبینین هەردوو لەتی دێڕە شیعرەکان سەروای تایبەت بە خۆیان هەیەو لەگەڵ سەروای دێرەکانی دیکە جیاوازە و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، ئەمەش شێوازی دابەشبوونی سەروایە لە (مەسنەوی)دا، چونکە ((مەسنەوی زیاتر بۆ شیعری درێژو چیرۆکە شیعر بەکاردێت)) (گەردی، ٢٠١٤،

٢٨٤). سەرواى دێڕەکانیش بەم جۆرەیە . لە دێڕی یەکەم سەرواى (وەرین، ئافەرین) دێڕی دووەم (پۆشا، جۆشا) دێڕی سێیەم( قەند، پەسەند) دێڕی چوارەم (فەزاوە، تەلاوە) دێڕی پێنجەم (ئەرغەوان، مەوانان) دێڕی شەشەم (تاجداران، داران)....لە سەرەتاوە تا کۆتای داستانەکە بەم جۆرە سەرواکان دابەشبوون و بە پێی قالبی مەسنەوی جووت قافییە هۆنراونەتەوە. هەر سەبارەت بە سەرواى ئەم داستانە(حەمە ڕەشی ئەمینی) ئاماژەی بەوە کردووە، کە کەسێک بە ناوی (حەسەن) ئەم داستانەی نووسیووەتەوە ویستوویەتی لە بری ناوی (خانای قوبادی) ناوی خۆی لە دێڕە شیعرەکاندا بنووسێ، بەڵام لە بەرئەوەی سروشت و شێوازی نووسینی خانای قوبادی ئەوە بووە، کە لەناو بەرهەمەکانیدا بە ڕێژەیەکی فراوان ئاماژەی بە ناو و هۆزی خۆی کردووە، بۆیە نەیتوانیووە ئەو گۆڕانکارییە لە ناوەکاندا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند شوێنێکی داستانەکەدا بە هەڵە وشەو دێڕەکانی گۆڕیوە، کە بوونەتە هۆی هەڵەی سەرواو ئاوازی شیعری داستانەکە بۆ نموونە لەم دوو بەیتەدا دەڵێت:

**کەمەر گەوهەر جە کەمەرگاش <u>بەست</u>      شازادە هۆشش یەکجار بی <u>خەست</u>**

**شوستوشوو کەردش روخسار <u>گوڵزار</u>      ڕەونەق دا شێوەی شۆخ شیرین <u>خاڵ</u>.**

بەگوێرەی شارەزاییەک کە لەسەر بەرهەمەکانی (خانا)دا هەمە پێموایە ئەو نیوە دێڕە ئاوابێت (شازادە هۆشش یەکجار شی جە دەست) )) (ئەمینی، ٢٠١١، ٧) واتە سەرواکانی (بەست و خەست) لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، کە ساغکەرەوەی داستانەکە بەو جۆرە ئەو نیوە دێڕەی ڕاست کردوەتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین بۆچوون و ڕاستکردنەوەکەی گونجاوە، بەو شێوەیە مانای دێڕە شیعرەکە تەواو دەکات مانای بەیتەکەش ئەوەیە، کە کاتێک گەوهەرێکی مەبەستی لە پشتوێنی زێڕە لە کەمەری بەست شازادە بە تەواوی لە هۆش خۆی چوو، بۆیە لەهۆش خۆچوونەکە گونجاوترە لە ڕووی ماناوە، تا خەست بوونەوەی تەواوی هۆشی شازادە سوڵتان ئیبراهیم؛ ئەمە ڕوونە مانایەکی هەڵەی هەیە، هەروەها (گوڵزار و خاڵ) لە بەیتی دووەم لە ڕووی سەرواو ئاوازەوە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. بە گشتی ئەم جۆرە نەگونجانی سەروا و ئاوازی دەرەوەی دێڕە شیعرەکانی ئەم داستانە نابنە کەم و کوڕی بۆ ئەم بەرهەمەی خانای قوبادی، لەبەر ئەوەی بەرێژەیەکی ئەوتۆ نین، هەروەها دەستنووسی ئەم بەرهەمە لە چەند شوێنێکەوە لەناو چووەو کوژاوەتەوە، بۆیە (( ئەم ناتەواوییە لە هەندێک لە بەیتەکاندا بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە ئەم بەسەرهاتەیان نووسیوەتەوە)) (قوبادی، ٢٠١١، ٨).

**دووەم / ئاوازی لایەکان : (الموسیقی الجانبیة)** ئەم جۆرە ئاوازەی شیعریش لە ڕێگەی هونەرەکانی سەرواوە دروست دەبێت، کە سۆزو ئاوازێکی چێژدار بە شیعر دەبەخشێت وە دەبێتە لایەنێکی گرنگی ئێستاتیکای گێڕانەوەی لە داستانە شیعرییە (هەورامی)ییەکاندا بە تایبەتی، چونکە داستانە هەورامییەکان بە کێشی بڕگەی و قالبی (مەسنەوی) هۆنراونەتەوە شێواز و سیستەمی سەرواى ئەم قالبەش بریتییە لە جووت سەروا واتە ئەو جۆرە سەروایەیە کە هەردوو لەتی دێڕە شیعرێک یەک سەروایان هەیە، تا کۆتایی داستانە شیعرەکە سەرواى دێڕەکان دەگۆڕێت و هەر

دێڕێک سەرواى تايبەتى خۆى دەبێت و جياوازە لە سەرواى دێڕى پێش خۆى (( جا ئەم ئاڵوگۆڕەى سەروا لە دێرەكاندا دەرەتانێک بۆ پاراستنى يەكێتى ئاواز و مۆسيقاى سەروا لە تێكستدا ناهێڵێتەوەو، ئەو چێژو لەزەتەى خوێنەر لەبەدواى يەكتريدا هاتنى سەرواكاندا پەى پێ دەبات لێرەدا بەدى ناكرێت. ئينجا لە پێناوى قەرەبووكردنەوە و زێدەكردنى شەپۆلى ئاهەنگ و ئاوازى شيعرەكە، تا ئەوەى هەست و هۆشى خوێنەريش بە دەقەكەوە بەند بكات پەنا بۆ چەند هونەرێكى بەديل دەبرێت))(دەشتى، ٢٠٠٩، ٢٢).

واتە يەكێتى سەروا ڕۆڵێكى گرنگى هەيە لە ئاوازى شيعريدا، ئەم جۆرە يەكێتييەش لەو جۆرە بەرهەمانەى، كە بە كێشى بڕگەيى و قاڵبى (مەسنەوى) هۆنراونەتەوە، ياخود لە داستانەكاندا كەمتر بەدى دەكرێت، گەر چەند هونەرێكى بەديل بۆ بەخشينى سازو ئاوازێكى خۆش بە داستانەكەى بەكار نەهێنرێت، چونكە (( يەكێتى سەروا لەگەڵ هۆى ترى كۆمەڵايەتى و مێژوويى و جوگرافى دەبێ بە لەمپەر لە بەردەم دروستبوونى داستانى(ملحمە) دوور و درێژى وەک ئەليازە و ئۆديسەو ئەنيادە و شانامەو مهابهارتا...هتد لە زمانێكى وەكو عەرەبى، چونكە ئەو دەيان و سەدان هەزار وشەيەى سەروا لە زمانەكەدا دەسناكەوێ، با ناوبەناويش ڕێگاى دووبارەكردنەوەى وشەى سەروا هەبێ ئەو داستانە شيعرييە درێژانە يا بە شيعرى ڕەها (المرسل) هۆنراونەتەوە يا سەرواى مەسنەوييان تێدا پەيڕەو كراوە . نازک ملائيكە نەبوونى داستانى درێژ لە عەرەبيدا بە تاوانى يەكێتى سەروا دادەنێ))(گەردى، ١٩٩٩، ٤٤). لە داستانى(سوڵتان ئيبراهيم و نۆش ئافەرين)دا ئەم جۆرە بەديلە هونەرييانە ڕەچاوكراون ئەوانيش بريتين لە:

## ١- ڕازاندنەوەى ئاوازى شيعرى داستانەكە لەسەر تەوەرى هاونشينى/ (ئاسۆيى):

ئاوازى شيعرى جوانييەكى ڕازاوە بە دەقى شيعر دەبەخشێ، كە پشت بە زمان و وشە و دەستەواژەى ئاوازدار دەبەستێت، هەروەها ڕيزبەندكردنيان بە شێوەيەكى كارامەيى و شارەزايى وە بە (( دابەشبوونى (ڤاوڵ، كۆنسنانت)ەكان بە يەكسانى)) ( دەشتى، ٢٠٠٩، ٢٣)، واتە دروست بوونى ئەم جۆرە ئاوازانە لە ڕێگەى ڕازاندنەوەى دێڕە شيعرەكان بۆ زيادكردنى ئاوازى شيعرى لە ئاستى ئاسۆى دێتە كايەوە بۆ نموونە يەكسان بوونى پيتە (بزوێن و نەبزوێن)ەكانى دێڕە شيعرەكان و جۆرەكانى دووبارەكردنەوەى (دەنگ و وشە) كان دەبنە هۆى دروست بوونى هاوسەنگى و ئاوازى خۆش لە شيعرەكەدا، بۆيە (( دەبێ ئەوەشمان لەبير بێت لە شيعردا هەم لە لێكدان و هەم لە هەڵبژاردنى وشەكان هاو واتاكان لەبەر چاو بگرين، ئەو وشانەى لە تەنيشت يەكيان دادەنێين لە ئاست واتا و كێش و ئاهەنگەوە لەگەڵ يەک بگونجێن)) (بەرزنجى، ٢٠٠٨، ١٣٥). بۆ نموونە ژمارەى (ڤاوڵ، كۆنسنانت)ەكانى ئەم چەند دێڕە يەكسانن، كە لە بەندى (٩)دا دەڵێت:

**م ە ى و ب ە ڕ ا و ە د ڵ ب ە ج ۆ ش ە و ە (٩ ڤاوڵ)**
**ب ا ر ێ س ە ن گ ی ن ە ا ب ە د ۆ ش ە و ە (٩ ڤاوڵ)**
**ش ی ر ی ن م ە ک ە ر د ش خ ە ی ا ڵ ێ ن ە د ڵ (٨ ڤاوڵ)**

**ب ە خ ە ی ا ڵ ت ە ش و ی ش ل ێ ش م ە ب ی ح ا س ڵ .  (٨ ڤاوڵ)** (ئەمینی، ٢٠١١، ١١١)

لێرەدا ڕوونە، کە ژمارەی (ڤاوڵەکان) ی دێڕە شیعرەکان یەکسانن ئەم یەکسانییەش هاوسەنگی دەنگی لە نێوان لەتە دێڕەکاندا دروست دەکات، کە لەکاتی خوێندنەوەیاندا بەرزو نزمی دەنگ و خوێندنەوە یەکسان دەبن، ئەمەش خاڵێکی بەپێز و گرنگە، ئاواز و ئاهەنگی داستانە شیعرییەکە دەوڵەمەنتر دەکات. یاخود لە بەندی ( ١٣) دا دەڵێت:

**د ا د م ە ن ج ە د ە س ت ئ ە ی د و ن ی ا ی ک ە چ ب ا ز  (٩ ڤاوڵ)**

**ڕ ۆ ژ ێ ە ە ز ا ر ف ە ن ف ی ت ن ە م ە د ۆ س ا ز   (٩ ڤاوڵ)**

**ئ ە ی د و ن ی ا ی ب ێ ش ە رت ش ا ی ن ۆش ئ ا ف ە ر ی ن  (٩ ڤاوڵ)**

**چ ون م ە د ۆ ب ە د ە س ت م ە ل ع و ن ب ێ د ی ن.  (٩ ڤاوڵ)** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٢٤)

کەواتە خانای قوبادی بە شارەزایی و لێهاتووانە ئەم جۆرە بەدیلە هونەرییانەی لەداستانەکەدا بەکار هێناوە لە پێناو بەخشینی ئاوازێکی بەچێژ و پەیوەستکردنی خوێنەر بە بەرهەمەکەی.

**٢- ڕازاندنەوەی ئاوازی داستان لەتەوەری جێنشینی(ستونی)دا بەزیادکردنی هێشووە دەنگی سەروا:**

یەکێکی دیکە لەو بەدیلە هونەرییانەی، کە شاعیران بۆ گرنگیدان بە ئاوازی لایەکان لە داستانە شیعرییەکاندا بەکاریان هێناوە برەودان بووە بە ژمارەی دەنگە سەرواداریەکان وەک (( زیادکردن و بەرە و پێش بردنی هێشووە دەنگی سەرواکان، لە وشەی کۆتایی (وشە سەروا)ی نیوەدێڕەکان دا، وەکو دەزاندرێ سەروا لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە هاودەنگی دوا دەنگی وشە سەرواکان لە کۆتای نیوە دێڕەکاندا، وەلێ شاعیر بۆ برەو پێدان و زێدەکردنی کاریگەری مۆسیقای سەروا، ئەوەندەی لە دەسەڵاتی دا هەبێت، پەنا بۆ بەرزکردنەوەی ڕادە و ڕێژەی هاودەنگی نێوان وشە سەرواکان دەبات، واتا لە دەنگێکەوە بۆ هەورازتر، بۆ (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ....) دەنگ لە وێنەی هێشوە دەنگی یەکسان، تا هارمۆنیایەکی ئاوازەییان لێ پێک بێت و زیاتر لەباری ئاوازەوە بڕازێنەوە)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ٢٤). ئەم جۆرە زیادکرنی هێشووە دەنگی سەروایانە لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادیدا بە ڕێژەیەکی فراوان و بەڕوونی بەدیدەکرێن. بەکارهێنانی ئەم لایەنە هونەرییە گرنگ و بە پێزە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە خانای قوبادی لە چ ئاستیکی باڵای دەستڕەنگینی و لێهاتوویدا بووە لە هۆنینەوەی داستانە شیعردا. لە خوارەوە چەند نموونەیەکی زیادکردنی هێشووە دەنگەکان لەم داستانە دەخەینە ڕوو. لە بەندی (٦٠) و بەندی (٦١)دا دەڵێت :

**شازادە واتش مەکێشە تەشویش    ئینشەڵا بە خەیر زوو میاوی پێش**  (١ دەنگ)

**واتش شازادە فیدای نامت بام    ئەلحەمدولیللا وێت یاوای بەکام**  (٢ دەنگ)

**من حەسرەت نە دڵ چون شەوەن ڕۆزم    مەزانی عاشق بە جەهانسۆزم**  (٣ دەنگ)

**نامە نویسا مەزموون جەواهێر    تەمامی مەتڵەب تیدا کەرد زاهێر**  (٤ دەنگ)

**کار سازی کەری بە ئەساسەوە    بە دانەی گەوهەر دیبای خاسەوە**  (٥ دەنگ)

**مەزانوو تاسەی دیە مەستتەن    هیچ نمەواچوو حەق بە دەستتەن**  (٦ دەنگ)

**شازادەو سپا کەردن ئافەرین        جە زۆر باڵای شای نۆش ئافەرین (٧ دەنگ)** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٦٤-٣٨٠)

ئەتوانین بڵێین هێشووە دەنگی سەرواکان لەم داستانەدا لە (١) دەنگییەوە دەست پێ دەکات، تا (٧) دەنگ زیاتریش، بەڵام بە ڕێژەی (٩٠ %)ی هێشووە دەنگی سەروای (٢، ٣، ٤، ٥)دەنگی بەکارهێناوە لە هۆنینەوەی داستانەکەدا، هەروەها لە هەندێ شوێندا، کە وشەکان دووبارە بوونەتەوە گەیشتووەتە (١١) دەنگ بۆ نموونە لە بەندی (٦٢) دا دەڵێت:

**بەڕەسم قانوون عەقدشان وانا    بە ڕەویەی وێشان عەقدشان وانا (١١ دەنگ).** (قوبادی، ٢٠١١، ٣٨٧)

**٣- ڕازاندنەوەی ئاوازی شیعری داستان لەتەوەری جێنشینی(ستوونی)دا لە ڕێگەی پاش سەرواوە:**

پاش سەروا یەکێکە لەو بەدیلە هونەرییانەی، کە خانای قوبادی بۆ خۆش ئاوازی ئەم بەرهەمەی بەکاری هێناوە، لەبەر ئەوەی (( پاش سەروا (ڕەدیف) وشەیەکە یان چەند وشەیەکە لە دوای وشەی سەروادا وەکو خۆیان، بە هەمان مانا، دووبارە دەبنەوە)) (گەردی، ٢٠١٤، ٢٧٧). بێگومان بەکار هێنانی ئەم هونەری سەروادارییە دەبێتە هۆی برەودانی زیاتری سۆزو ئاوازی داستانە شیعرییەکە. لێرەدا چەند نموونەیەک لە پاش سەروای ئەم داستانەی خانی قوبادی دەخەینە ڕوو:

**دەرلاد گرفتار بەژن باڵاش بێ    گرفتار بە شەوق ڕەنگ ئاڵاش بێ**

**جە سەحرای هاموون ئەونە شەڕ کریا    سپای ئەلیاس شا تەمام قڕ کریا**

**نیم ساعەت بێ تۆ، ژیانم نییەن    ئارام و تاقەت تەوانام نییەن**

**مەلیک محەمەد دڵ نە هەراس بێ    مێهمان بە سەرای شاە ئەلیاس بێ**

**مەشی بەڕاوە هەر بەیانش بێ    هەر نۆش ئافەرین نەزوانش بێ**

**ئینە دوو ساڵەن گرفتار تۆم    بە جان و بە گیان خەریدار تۆم**

**عیزەت خان وەزیر جەهانگیر شا بێ    وەزیر کامڵ هەم ساحێب جا بێ**

**زەڕەی خورشیدیی ژلاش شای شۆخ شەنگ داشت    شێوەی عالەمگیر دوخت فەرەنگ داشت**

**هەتا کە قەمەر نە ڕووی سەما بۆ    مدام پاتەختیی شاهیت بەرپا بۆ** . (ئەمینی، ٢٠١١، ٨٣، ١٠١، ١٠٨، ١٢٦، ١٢٩، ١٤١، ٢٤٦، ٢٥٧، ٤٣٥، ٤٣٨).

بەیتی هەشتەم لە دە برگە زیاترە (١١) برگەیە، ئەمەش ئەو ڕێژە کەمەیە خانا لەم داستانەی بەکاری هێناوە واتە دیاردەی زیاد و کەمی برگەی شیعری داستانەکە. کەواتە ئەتوانین بڵێین هونەری سەروادار‌ی و پاش سەروا لە مەسنەویدا تایبەتمەندی خۆی هەیە؛ لەبەر ئەوەی بەرهەمی مەسنەوی پابەندی یەکێتی سەروا نییە و داستاننووس بۆ بەخشینی ئاوازێکی قەشەنگ بە داستانەکەی ئەو هونەرانە بەکاردەهێنێت.

٤- **گرنگی سەروا لە وێنە و واتای شیعریدا:** سەروای شیعر لە هەموو بارەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی بەخشینی سۆز و ئاوازێکی بەچێژ، ئەم سۆز و ئاوازە کاریگەری گرنگ و گەورەی هەیە لەسەر هۆشی گوێگر لە گەیاندنی وێنە و واتای شیعردا، هەروەها((لە ڕەخنەی تازە لەنگەری بایەخ خراوەتە سەر ئەم لایەنەی سەروا، کەوا لە ڕێگەی ئەو ئاهەنگ و ساز و ئاوازەی لێی

بەرپا دەبێ ڕۆڵێکی دەروونی و هۆشەکی گرنگ دەگێڕێ لە گەیاندن و بەرجەستەکردنی وێنە و واتادا لە شیعر))(دەشتی، ٢٠٠٩، ٢٦). دارشتنی وێنەی شیعری دیاردەیەکی هونەری بە پێزە؛ توانا و دەستڕەنگینی شاعیر دەخاتە ڕوو، گەر سەرنجی ئەم داستانەی خانا بدەین دەبینین لە ڕێگەی سەرواوە وێنە و واتای گشتی داستانەکەی لەوپەڕی پلەی هونەری خستووەتە ڕوو، چونکە یەکێک لە لایەنە باڵا دەستییەکانی خانای قوبادی لە وێنەگەریدا سەرنجدانییەتی لە شتە وردەکان و خستنە ڕوویان وەک تابلۆیەکی نەخشێنراو، کە بە خوێندنەوەی هەریەکەیان وێنەیەک لە زەینی خوێنەردا دەکێشن و بە توانایەکی هونەری زۆر تایبەت ئەم وێنەیە دەگوازێتەوە بۆخوێنەر؛ واتە بەم شێوازەی خوێنەر زۆر پەیوەست دەکات بە گێڕانەوەی داستانەکە، بەجۆرێک تا کۆتایی بە جۆش و خرۆشییەوە بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوەی و لە هەر کات و ساتێکدا چاوەڕێی ڕوودانی شتێکی نوێیە لە گێڕانەوەکەیدا، هەروەها لە هەر بەند و بەیتێک مەبەستی گێڕانەوەکەی گۆڕا بێ سەرواکانیش گۆڕاون بە پێی بابەتی گێڕانەوەکە، بەمەش یەکسانی و هاو ئاوازی لە واتاو وێنەی داستانەکەدا دروست کردووە، چونکە دەربڕینی چەندین وشەی سەروادار دەرئەنجام دەبنە وێنەی شیعری و لە ڕێی ئەم وشە و دەستەواژانەوە تایبەتمەندیی شێوازیی زمانی شیعری خانای قوبادی پێکدەهێنن و لە ئامێتەبوون و گونجانی ڕوواڵەت و واتای وشە سەرواوارەکان وێنەیەکی زەینی و مانایەکی شیعریی دەبەخشن بە داستانەکە. بۆ نموونە لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**خەبەر نەداری ژ ئاه سەردم        ژ عەرش ویەردەن ناڵەی نەبەردم**
**چەنی بادە قوش شەوان تاوە ڕۆ        سەدای زایەڵەی زاری من مەیۆ**
**شین و شیوەنم نە شەب و ڕۆژەن        تەمام نە هیجران عەشق جانسۆزەن**
**جەهانسۆز کناچەی ئەسکەندەر شاهەن        جەمنیش(•) وێنەی دوو هەفتە ماهەن**
**شەوم هەر روزەن ڕۆزم هەر شەوەن        ئەی(••) قەسرو تەلار هەم ماڵ ئەوەن.......( ئەمینی، ٢٠١١، ٦٠)**

گەر سەرنجی وشەکانی ( ئاهی سەردم، ناڵەی نەبەردم، شین و شیوەنم، شەو ڕۆ، شاهەن، ماهەن...) بدەین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی عاشقکێی سووتاومان لا دروست دەبێت، کە کەسێتی حەمیدە، یاخود کاتێک ئەو وشانە دەبیستین هەست بە ئازار و دڵشکاوییەکی زۆری حەمید دەکەین. واتە ئاوازی وشە سەرواوارەکان وا لە خوێنەر دەکەن هەست بە ئێش و ئازاری کەسی عاشق بکەن، پاشان کاتێک خوێنەر بەردەوام دەبێت هەست بە وشە خەمبار و دڵشکاوەکان دەکات و دەبیستێت، کە بانگ و هاواری مرۆڤێکی ستەملێکراوە لە لایەن باوکی شۆخی دڵپەسەندییەوە، کە پادشایە و ڕێگری

---

(•) جەمنیش : واتا (ڕوخساری) ئەم وشەیە دەبێت بەم جۆرە بێت (جەمینش) پیتی (ی) لە پێش پیتی(ن)ەوە بێت، چونکە بەو شێوە مانای گونجاو دەدات بە دەستەوە.

(••) ئەی : لە هەورامیدا بۆ جێناوی نیشانە (ئەی) بەکارنایەت، بەڵکو (ئی) بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژە دان بە شتێک، کەسێک... دەکرێ ئەمانە هەڵەی تایپبن.

له بەیەکگەیشتنی ئەو دوو عاشقە دەکات، پاشان ئەم عاشقە سەر هەڵگرتووە دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆری (سوڵتان ئیبراهیم) بۆ گەیشتنی بە (نۆش ئافەرین)؛ لەبەر ئەوەی خەڵکی شوێنی نۆش ئافەرینە دەڵێت بە شازادە سوڵتان خەمت نەبێ من هاوکاریت دەکەم لە گەیشتن بە خۆشەویستت، کاتێک شازادە ئەمە دەبیستێ زۆر دڵخۆش دەبێت، لێرەدا کاتێ بابەتی داستانەکە لە خەم و ئازارەوە دەگۆڕێ بە خۆشی و شادی داستاننووس ئەو وشە سەروادارانە بەکاردەهێنێ، کە گوزارشت لە خۆشی و شادی دەکەن، تاوەکو ئاوازێکی پێچەوانە لە خەم و پەژارە بە وشەکان ببەخشێت و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **دانەو جەواهێر مەتای کەس نەدار** | **بار کەریم ئەسپان رەوەند رەهوار** |
| **ژدانەی زمرود <u>ئەڵماس و یاقووت</u>** | **بارگیری بکەیم <u>موحکەم و مەزبووت</u>** |
| **وەعەون بێ چوون جەهان ئافەرین** | **بچیم وە دمشق پەی نۆش ئافەرین** |
| **شازادە کە ئێد شنەفت ژ حەمید** | **رەخشەندە بی <u>بە وێنەی خورشید</u>** |
| **خەم و پەژاران <u>بەرکەردش نە دڵ</u>** | **شاد بی شکۆفا چون <u>شکۆفەی گوڵ</u>** |
| **واتش وە حەمید ئەی برای گیانی** | **مەرحەبا ژ تۆ عالی مەکانی** |
| **برادەر بوزورگ شاری چینمی** | **ئەگەر من مردم جانشینمی** |
| **وەلایات چین وەتۆ مەسپارم** | **هەر تۆنی ساحێب تاج و تۆمارم.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٦١-٦٢) |

کاتێک خوێنەر وشەسەروادارەکانی (ئەڵماس و یاقوت، موحکەم و مەزبووت، شنەفت ژ حەمید، بە وێنەی خورشید، بەرکەردش نە دڵ، چون شکۆفەی گوڵ....) دەبیستێت هەست بە دڵخۆشی و شادی کەسایەتییەکانی داستانەکە دەکات، کە چۆن لە پەیمان پێدانی کەسایەتی یەکەم بە هاوکاری کردنی کەسایەتی دووەم، کە سوڵتان ئیبراهیمە وەک گوڵ دەگەشێتەوە و دەکەوێتە وەسفکردنی و وەسیەتکردن، کە بخرێتە شوێنی برای لە جێنشینیدا و ویلایەتی پێ بسپێرن بەرانبەر ئەو یارمەتییەی لە گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی پێی دەبەخشێت. کەواتە سەروا بەو سۆزو ئاوازەی، کە دەیبەخشێت بە گێڕانەوەی داستانەکە ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە گەیاندنی واتا و وێنەی داستانەکەدا.

## سێیەم / ئاوازی ناوەوە (ریتم) :

ئاواز و مۆسیقا ڕازاوەیی و جوانییەکی تایبەت بە شیعر دەبەخشێت. لە جۆرەکانی ئاوازدا ئاوازی ناوەوە ڕۆڵ و گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە بەخشینی مانا و چێژی تایبەت بە شیعر، دەرخەری هەست و باری دەروونی شاعیرە لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی وردی وشە و پیت و دەنگەکانەوە، بەمەش باڵادەستی و توانا و لێهاتووی شاعیر دەردەکەوێت، کە بتوانێ بە شێوازێکی چێژبەخش ترپە و ئاوازی شیعرەکە لەگەڵ واتاکەی بە شێوەیەکی ئەندازەی بهۆنێتەوە، چونکە ((مەبەست لە ڕیتمی شیعریی پێکەوە گونجانی فۆنەتیکیی نێوان رووبەرەکانی دەنگ و بێدەنگی، یان جووڵە و ئارامییە، کە فەرمانێک لە بیستندا ئەنجامدەدا و کاریگەریی لەسەر وەرگر(خوێنەر-گوێگر ) جێدێڵێ، بەڵام ئەم پێناسە باوە بەگوێرەی ڕێچکە تازەکانی ڕەخنە و ئیستاتیکای شیعری تەنها یەک جۆر لە ریتم

دەگرێتەوە، کە ئەویش ریتمی دەرەکییە ...ئەو ڕێچکانە پێیان وایە ریتمی دەرەکی تەنها یەک کۆڵەکەی شیعرە لەسەر ئاستی بیستن، بەڵام کۆڵەکەکەی دیکە ریتمی ناوەکییە کە هەردوو ئاستی بیستن و بینینی زەینییش دەگرێتەوە . ئەم ریتمە ناوەکییەش لەسەر بنەما نەریتیەکانی ریتمی چامەی شیعری دانەمەزراوە، بەڵکو ریتمێکی هەمەجۆرە و چەند دیاردەیەک لە خۆدەگرێ وەک هاوتەریبی، دووبارە بوونەوە، ستریس.....هتد)). (سەعید، ٢٠٠٤، ١٨). واتە کۆمەڵێ هونەر ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا بۆ نموونە ستریس چەندین وشە هەیە وەک یەکن و هاوشێوەن، بەڵام بە بەکارهێنانی ستریس واتا و مانەکەی دەگۆڕێت لە هەورامیدا بەهۆی هەندێ تایبەتمەندی لە ڕێزمانیدا ئەم دیاردەیە فراوانە وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**(( گۆشت مووەروو : گۆشت دەخۆم              گۆشت مووەروو: گوێت دەخۆم ))** (بێدار، ٢٠٠٧، ١٣)

کاتێک دەڵێیت گۆشت دەخۆم هێز و ستریس لەسەر پیتی (ش) دادەنرێت، بەڵام هەمان وشە، گەر سترێست خستە سەر پیتی (ت) ماناکەی بەتەواوی دەگۆڕێت، کە بە مانای گوێ خواردن دێت.

دەتوانین بڵێین ئاوازی ناوەوەی شیعر بەهۆی پەیوەندی بەهێزی نێوان وشەکانی ناو شیعر و واتاکەی پەیدا دەبێت، یاخود (( ژان و هەژانی ناخی شاعیرە و بە ڕێگای زمان و شێوازی شیعری، بە تایبەت( هاوئاهەنگی و وەکیەکی و دژیەکی) کە لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و پێکهاتە و ڕستە و دەستەواژەکاندا خۆی دەنوێنێ و لەتەک ئاستی کێش و سەروادا یەکانگیر دەبن و جۆرە ئاهەنگ و ئاوازێکی تایبەت بە شیعر دەبەخشن)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ٢٨). گەر شاعیر لە بەرهەمەکەیدا بە شارەزایی پێوانەی ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی بەیەکەوە گونجاندبێت و بەجۆرێکی وەستایانە هاوئاهەنگی و وەک یەکی و دژیەکییەکانی ڕێکخستبێ ئەوا داهێنانی هونەری لە بەرهەمەکەیدا لەوپەڕی پلەی باڵادا بەرجەستە کردووە، لەبەر ئەوەی هەتا زیاتر شاعیر وردوو لێهاتووانە ئەم هونەرانە بەکاربهێنێ ئەوەندە بەهای جوانی و چێژ بەخشین بە ئاوازی شیعرەکە دەبەخشێت، بۆیە (( مۆسیقای ناوەوە بەهۆی چەند هونەرێکەوە دروست دەبێت، کە بریتین لە (ڕەگەزدۆزی، دووبارە کردنەوە... )) (حەوێزی، ٢٠١٩، ١٦)، هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەگەز دۆزی لە دروست بوونی ئاوازی ناوەوەی شیعردا (د. عوسمان دەشتی )دەڵێت: ((ڕەگەزدۆزی یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری لە دەقی شیعری و ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتەی ڕیتم و ئاوازی ناوەوەی شیعردا دەگێڕێ، ئەم وشانەی کە ڕەگەزدۆزییان لێ دەکەوێتەوە دەبنە هۆی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر)) (دەشتی، ٢٠١٥، ١١). واتە چەند هونەرێک ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەکایەی ئاوازی ناوەوەی شیعر لەوانە :

**یەکەم / ڕەگەزدۆزی**(الجناس): ئەو هونەرەیە، کە گرنگی زیاتر بە ئاوازی شیعری دەدات ئەم گرنگی دانەشی دەبێتە هۆی ئەفراندنی ئاوازی ناوەوەی شیعر واتە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دروست بوونی ئەم ئاوازە گرنگەی شیعر، کە ئاوازێکی سۆزدار و پڕاو پڕ لە ترپە و ئاهەنگی شیعرییە، هەروەها(( ڕەگەزدۆزی {الجناس} ئەوەیە، کە دوو وشە یان پتر بێنی لە ڕواڵەتدا وەکو یەک وابن یا

بەیەک بچن، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودابێ لە واتای وشەکانی تر، ڕەگەزدۆزی دوو جۆرە **یەکەم** : ڕەگەزدۆزی تەواو {الجناس التام} ئەویش چوار جۆری هەیە ١- ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن ٢- ڕەگەزدۆزی تەبا ٣- ڕەگەزدۆزی ئاوێتە ٤- ڕەگەزدۆزی ساوێتە . **دووەم:** ڕەگەزدۆزی ناتەواو {الجناس غیر التام} ئەمیش چوار جۆرە١- ڕەگەزدۆزی زیاد ٢- ڕەگەزدۆزی جودا ٣-ڕەگەزدۆزی لار ٤- ڕەگەزدۆزی ئاڵۆز)) (گەردی، ١٩٧٥، ٧-١٥).

ئەم جۆرە هونەری ڕەگەزدۆزییانە بەڕێژەیەکی کەم تا زۆر لەم داستانەی خانای قوبادیدا بوونیان هەیە، چونکە ((ڕەگەزدۆزی تەواو ئەوەیە وشە دووبارە بووەکان کت و مت وەکو یەک وابن، هیچ جیاوازییەکیان نەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ واتە وشەکان لە ڕواڵەتدا وابن بەڵام واتایان جودابێت، ڕەگەزدۆزی ناتەواویش ئەوەیە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییەکە دروست دەکەن یەکێ لە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی تەواو جێ بەجێ نەکرابێت واتە وشەکان لە ڕووی دەنگەوە یا شێوەی ڕیزبوونیان وەکو ڕەگەزدۆزی تەواو نەبێت)) (دەشتی، ٢٠١٥، ١١،١٢)، بەپێی پێناسەی جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی، کە لەم داستانەدا بوونیان هەیە نموونەی شیعریی دەخەینە ڕوو.

**یەکەم/ ڕەگەزدۆزی تەواو:**

**أ- ڕەگەزدۆزی تەواوی هاوڕەسەن:** (( ئەوەیە کە هەموو ئەو وشانەی دەکەونە بەر ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن بن واتە لەیەک ڕەسەن و ڕەگەز دابن وەک ئەوەی هەموویان {ناو} بن یا هەموویان کردار بن)) (گەردی، ١٩٧٥، ١٠). بۆ نموونە خانای قوبادی لە بەندی(١٠)ی ئەم داستانەدا دەڵێت:

**ئیبتیدا بە نام جەهان <u>ئافەرین</u>        بواچووم سەنای شای نۆش <u>ئافەرین</u>**

**شازادە واتش شای وەفا <u>پێشەن</u>        هەنی ئەی کارە نەکەی وە <u>پێشەن</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٨٨، ١١٦).

لێرەدا ڕەگەزدۆزییەکە لە دێڕی یەکەمدا لە وشەی (ئافەرین)دایە، کە لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا هاتووە هەردووکیشیان ناون یەکەمیان خوازراوە بۆ ناوی (خودای گەورە) کە دروستکەری جیهانە و دووەم ناوی کەسایەتی سەرەکی داستانەکەیە، کە نۆش ئافەرینە واتە لە دەست کردن بە گێڕانەوەی ئەو بەندەدا وەسف و ستایشی (خوای گەورە)ی کردووە و دەڵێت: سەرەتا بە ناوی جیهان ئافەرین پاشان دەڵێت با وەسفی شا نۆش ئافەرینتان بۆ بکەم و دەست بە گێڕانەوەکەی دەکات. لە دێڕی دووەمدا ڕەگەزدۆزییەکە لە وشەی(پێشەن) دایە، کە دەڵێت: شازادە وتی شای وەفات هەیە واتە وەسفی وەفای نۆش ئافەرین ئەکات، کە ڕزگاری کردووە و هێندە وەفای هەیە، تا گەیاندویەتییە شای وەفاداران، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وەک بڵێی خەمی نۆش ئافەرینی بێت دەڵێت: ئەم کارە نەکەیت بە پیشەت، کەواتە وشەی (پێشەن) کردارە، دوو مانای جیاوازی هەیە یەکەم هەبوونی وەفادارییە دووەم پیشەیەک و کردنی هەر کارێک لە پێناو وەفادارییەکەی بۆ شازادە سوڵتان ئیبراهیم.

**ب- ڕەگەزدۆزی تەواوی ساوێتە:** (( ئەوەیە نووسەر یا هۆنەر دوو وشە بێنێ ئەم دوو وشەیە لە ڕواڵەتدا وەکو یەک بن و هەریەکە واتای تایبەتی خۆی هەبێت و یەکێکیان وشەیەکی سادە و ئەوەی تریان لێکدراو بێت)) (گەردی، ١٩٧٥، ١٣). بۆ نموونە خانا لە بەندی (١) دا دەڵێت:

**ناگا سەدای دەنگ دەبدەبە خێزا          جە دوورباش دوور باش مەحشەر مەخێزا**[1]

واتە لە ناکاو دەنگی دەف و تەپڵ هات دوور بێ لێی مەحشەر هەستا؛ لێرەدا وشەکانی (خێزا، مەخێزا) ڕەگەزدۆزی تەواوی ساوێتەی دروستکردووە، لە وشەی یەکەم بە مانای هاتنی دەنگ و وشەی دووەم بە مانای هەستانی مەحشەر دێت وە بەهۆی پێشگری (مە) هاوسەنگی ڕەگەزدۆزییەکەی ڕاگرتووە.

**دووەم/ ڕەگەزدۆزی ناتەواو:**

**أ- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد:** (( ئەوەیە ئەم دوو وشەیەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری ڕەگەزدۆزی جۆرو شێوەو ڕیزی پیتەکانیان یەک بێ بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ، یەکێکیان پیتێک یا دوو پیت لەوەی تر پتر بێت هەر لەبەر ئەمەشە پێ ی دەگوترێ ڕەگەزدۆزی زیاد ))(گەردی، ١٩٧٥، ١٦). واتە جیاوازی وشەکان لە زیادی پیتەکانە، کە ژمارەی پیتەکانی وشەیەکیان زیاترە لەوی دیکە، جا لە یەک پیت بێت یاخود لە چەندپیتێکدا وە شوێنی پیتە زیادەکەش دەگۆڕێت، بۆیە ((ڕەگەزدۆزی زیادە یەکێک لە وشەکانی ڕەگەزدۆزییەکە پیتێکی لەوەکەی تر زیاتر بێت ئەم پیتە زیادەیە وا هەیە لە سەرەتای وشەکەیە، لە وێنەی (طاعت/ اطاعت) و واش دەبێت ئەم پیتە زیادەیە لە کۆتای وشەکەدا بێت، لە وێنەی (خام / خامە) و جاری واشە زیادەکە لە ناوەڕاستی وشەکەدایە، لە وێنەی (کف/ کنف))) (صفوی، ٢٠١٨، ٣٣٤). بۆ نموونە لە بەندی (١) دا دەڵێت:

**خولاسە ئەسپاب چینی وەسەرد ڕەنگ          مەدرەوشان جۆرجۆر چون دانەی فەرەنگ**

**وەقت ئیسم یار شازادە شنەفت          بڵێسەی دەروون چون ئاگرو نەفت**

**تەن وەبەرگ خاس دڵنەوازەوە          بە لە عل و گەوهەر خۆش نەوازەوە.** (ئەمینی،٢٠١١، ٥٦، ٦٩).

وشەکانی (ڕەنگ، فەرەنگ) لە دێڕی یەکەمدا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادییان دروست کردووە، کە وشەی دووەم بە دوو پیتی (ف، ە) زیاترە لە وشەی یەکەم واتە پیتە زیادەکان لە سەرەتای وشەکەدا هاتوون، هەروەها لە دێڕی دووەمدا وشەکانی (شنەفت، نەفت) یەک پیتی سەرەتای وشەی یەکەم زیاترە، کە پیتی (ش)ە لە وشەی دووەم، بەڵام لە دێڕی سێیەم وشەکانی (دڵنەوازەوە، نەوازەوە)، کە ژمارەی پیتەکانیان جیاوازە وشەی(دڵنەوازەوە) دوو پیتی (د، ڵ) ی زیاترە لە وشەی (نەوازەوە) وە پیتە زیادەکانیش لەسەرەتای وشەی یەکەمەوە هاتوون.

---

[1] لە هەورامانی (تەخت) پیتی (مە) بۆ ئەرێ بەکاردێت پێچەوانەی هەورامانی (لهۆن) کە بۆ نەرێ بەکاردێت بۆ نموونە: مەکەروو ← دەکەم هەورامانی (تەخت). مەکەروو← ناکەم هەورامانی (لهۆن)

**ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا** : ((ئەو جۆرەش وا دەبێ دوو وشە یا زیاتر بێنێ کە ژمارە و شێوە و ڕیزی پیتەکانیان یەک بێ بەڵام جۆری هەموو پیتەکانیان یەک نەبێ لە تاکە پیتێکدا لیک جودا بن)) (گەردی، ١٩٧٥، ١٩). بۆ نموونە خانای قوبادی لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**بچیم بزانیم شازادە چێش کەرد وە ڕووی دەریاوە چۆن تەشریفش بەرد**

**شازادە ئەوڕۆ نیشت وەتۆی کەشتی نەزاناش وەنەردبەخت بەرگەشتی**

**وات بار ئیلاهی ئامان سەد ئامان چێش کەروو چەنی ئەی کۆی بێ سامان**

**ئەو هەم گرفتار وە یار وێش بی سال و مانگ و ڕۆز ئەی جەنگەڵ جێش بی** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥٢، ٥٥).

هەریەک لە وشەکانی (کەرد، بەرد) (کەشتی، گەشتی) (ئامان، سامان) (وێش بی، جێش بی) (ڕاتان، پالاتان).......هتد بە پیتێک جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا، بەم جۆرە ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری جودا بەشێوەیەکی فراوان ڕووبەری داستانەکەی پێکهێناوە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی ئەم جۆرەی ڕەگەزدۆزییە زۆرە هەوڵ دەدەین ئاماژە بە چەند ژمارەیەک لە وشەکان و بەندەکانیان بدەین:

بەندی (١) : (هەق : شەق ) (سوینە: چوینە) (داشان، پاشان) (کەیل، لەیل).....هتد

بەندی (٢) : (کەفتەن، سفتەن)(بام، پام)......هتد

بەندی (٣) : (بەخت من، تەخت من) (بڕیا، کڕیا) (ڕەنگ، شەنگ) (شەنگ، چەنگ) (کەردەبێن، بەردەبێن).....هتد بەندی (٤) :(نازت بۆ، ڕازت بۆ)(چێشەن، پێشەن) (مەرد، بەرد) هتد (قوبادی، ٢٠١١، ٥٧-١٠٣)

**پ- ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لار**:(( ئەمەش وا دەبێ دوو وشە یا پتر بێنێ لە ژمارە و جۆر و ڕیز پیتەکانیان وەکو یەک بن، بەڵام شێوەیان جودا بێ، شێوە جوداییەکە یەکێ لەمانەی خوارەوە دەبێ أ- لەبەر هەبوون و نەبوونی خاڵ {.} وەکو پیتی {ر- ز} کە ئێسکی بنەڕەتی یان یەکە بەڵام بەهۆی یەک خاڵ لەیەک جودا دەبنەوە یا وەکو {ح- خ} {ف- ق} ب- لەبەر هەبوون و نەبوونی نیشانەی {٧} وەکوپیتی{ڕ- ر}{ڵ- ل}....هتد)) (گەردی، ١٩٧٥، ٢١). بۆ نموونە خانای قوبادی دەڵێت:

**شازادە واتش بەسەر گەردت پام کەمەند شەوق بەستەن دەست و پام**

**لوان بە هەمڕاز بەسەر چەشمەی نۆش بە دەماغ دڵ ماە قەسەب پۆش**

**وات ئەی سەروەناز مایەی بەخت من خاس کێشک کێشای نەپای تەخت من** (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٤، ١٢٢).

وشەکانی (بام، پام) (نۆش، پۆش) (بەخت من، تەخت من) (ئافەرینەن، قەرینەن) شێوەیان جیاوازە و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لاریان درووستکردووە بە جیاوازی لە بوونی خاڵێک یان دوو و سێ خاڵ، کە پیتی بنەڕەتییان وەکو یەکە ئەو زیاد و کەمییە لە خاڵدا جیاوازی شێوەی دروست کردووە.

**دووەم / دووبارەکردنەوەی دەنگی کۆتایی وشە:** (( دووبارە بوونەوەی دەنگی کۆتای وشە ئەویش ڕۆڵێکی هەیە لە بەرپاکردنی سازو ئاواز و ریتم و مۆسیقای ناوەوە)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ٢٩) بە هەمان شێوەی هونەرەکانی دیکەی بەخشینی ئاواز و ئاهەنگ بە شیعر دووبارەکردنەوەی دەنگی

کۆتـای وشـه لەم داسـتانەدا بەڕێژەیەکـی پێویسـت بوونیـان هەیە، کە ئـاوازێکی گرنـگ و بەپێـزی بە داستانەکە بەخشیوە. بۆ نموونە لە بەندی (٤٤) دەڵێت:

**یار<u>ان</u> بە فەرم<u>ان</u> شازادە ویەردە<u>ن</u>** **ش<u>ین</u> نازار<u>ان</u> وێش<u>ان</u> ئاوەردە<u>ن</u>**

**نیگاش مەکەرد<u>ن</u> سەردار<u>ان</u> سەف** **زان<u>ان</u> کە هۆشش بەرشییە<u>ن</u> نەکەف**

**شازادەو یار<u>ان</u> هەم نۆش ئافەر<u>ین</u>** **ئام<u>ان</u> وە مەنزڵ وێش<u>ان</u> بە تەمک<u>ین</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٧٢-٢٧٥)

**یاخود لە بەندی(٦٠)دا دەڵێت :**

**وات ئە<u>ی</u> خان محمد دلێر ڕوو<u>ی</u> جەنگ** **مەبۆ جە<u>ی</u> کارە ناوەر<u>ی</u> درەنگ**

**کارساز<u>ی</u> کەر<u>ی</u> بە ئەساسەوە** **بە دانە<u>ی</u> گەوهەر دیبا<u>ی</u> خاسەوە**

**واتشان ئە<u>ی</u> خان بە وێت مەناز<u>ی</u>** **بە<u>ی</u> تەور مەکەر<u>ی</u> زبان دراز<u>ی</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٦٥-٣٦٩)

لێرەدا دەبینین چەندبارە بوونەوەی دەنگەکانی (ن، ی) لە کۆتای وشـەکانی نیوەدێڕەکاندا جۆرێک لە سـەروای نـاوەوەی پێکهێنـاوە، کە سـۆزو ئـاوازێکی تـایبەتی بە دێـڕە شـیعرییەکانی ئەم داسـتانەی بەخشیوە، بێگومان ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هەست و هۆشی خوێنەر دروست دەکات.

کەواتە سەروا گرنگترین ڕۆڵی هەیە لە بەخشینی سۆزو ئـاوازێکی بە جۆش و خرۆش بە شـیعر، بە پێیی ئەو هونەرە بەرچاوانەی، کە لەم داستانەی خانای قوبادیدا هەبوون لە هەندێک لەبەندەکانیدا وەک نموونەی شیعری داستانەکە خستمانە ڕوو ئەوەی، کە دیار و ڕوون بوو ڕەگەزدۆزی ناتەواو و لقەکـانی بەڕێژەیەکـی زۆریـنەو بەرچـاو دەتـوانین بڵێـین (٩٠%)ی داسـتانەکەی پێکهێنـاوە بەتـایبەت ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا، ئەمەش جۆرێکی گرنگ و بە پێزی هـونەر و شـێوازی شـیعرییە، دەبنە دروستکەری هاوسەنگی دەنگی و ڕیتمی سەروادای بەندەکانی داستانەکەو خستنەڕووی مەبەست و نیازی داستانووس.

## پاری دووەم

## بنیاتی شێواز ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە)

توێژینەوە لە شێواز و هونەرە زمانەوانییەکان بەرچاو ڕوونی و زانیارییەکی گرنگمان دەدەنێ سەبارەت بە سەرەتا و پەیدابوونی ئەدەب و ژانرەکانی، چونکە (( زمان ئەرکێکی گرنگی گرتۆتە ئەستۆ ئەویش بریتییە لە گواستنەوەی بیرێک کە لەوە و بەر لە مێشکی کەسێکدا هەیە بۆ کەسانێکی دیکە (گوێگر، خوێنەر)) (کاکی، ٢٠٠٨، ١١). شاعیران و نووسەران بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجییان شێوازی زمان و دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە، تا چەندە گرنگی بە جوانکاری و هونەری ئەو شێوازەیان بدەن ئەوەندە بەرهەمەکەیان کاریگەر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ((ستایڵ دەنگ و ئاوازەی خودی نووسەرە، تایبەتە بە کەسایەتی ئەوەوە، وەک پێکەنینی، ڕۆیشتنی، دەستنووس و تەعابیری دەموچاوی، ستایڵ خودی کەسەکە، هونەرمەندەکەیە. ستایل دابەشکراوە و هەندێ جار ئەم دابەشکردنە یارمەتیدەری تێگەیشتنە لە چەشنی ستایڵ، ئاوان جۆرەکانی

أ- بە گوێرەی قۆناغ- میتافیزیکی، ئاوگوستیان...

ب- بە گوێرەی نووسەرەکان- ستایلی شیشرۆنی، چۆسەری، میلتۆنی، هەمینگوایی......

ج- بەگوێرەی زمانەکەی- زانستی، شیعری، ڕۆژنامەوانی.....

د- یان بە گوێرەی ئاست – بەرز، مامناوەند، نزم... بابەت و جۆری نوسینەکە. ئەم سێ ئاستەی دوایی، ستایڵی دیاری دەکرد، بۆ نموونە epic- داستانە شیعر دەبوایە بە ستایلی بەرز بنووسرایە، بەڵام ساتیر- تەنز و تەوس دەبووایە بە ستایڵی نزم بنووسرایە، بەڵام دوای شۆڕشی ڕۆمانتیکییەت ئەم هەرەمییەتەی ستایل گۆڕرا بە شێوازێکی ترو ستایڵ وەک دەربڕی کەسییەتی تاکی هونەرمەند سەیر دەکرا)) (هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨، ١٧٠).

زانستی شێوازناسی لە ڕێگەی زمانەوە دێتە کایە، چونکە زمان کەرەستەیەکی خاوی دروست بوونی ئەدەب و شێوازی دەربڕینی مرۆڤە؛ لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت بە باشترین و جوانترین شێواز ڕاز و پەیامی خۆی بگەیەنێتە بەرامبەر و شێوازێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، یاخود شێواز ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەست، گەر ئەو ڕێگەیە بە باشی بەکارهێنرا ئەوە بەکارهێنەری ئەو ڕێگەیە شێوازێکی جوانی هەیە، چونکە جوانی و ڕازاوەیی لە شێوازەکەی بەکارهێناوە، بۆیە (( ساناترین پێناسەی شێوازناسی، ڕەنگە ئەوە بێت : میراتگری ڕەوانبێژییە وە مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەسەر بنەمای زانستەکانی ڕەوانبێژی و زمانناسی دامەزراوە)) (عبدالرحمن، ٢٠٢١، ٦٨). یاخود (زانستی شێوازناسی لە ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی: وشە و داڕشتنی ڕستە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و گشت تایبەتمەندییەکانی وشە و دەربڕین دەکۆڵێتەوە؛ بە هۆی ئەم زانستەوە دەتوانین شیعر و پەخشانی سەردەمێک لە سەردەمێکی دیکە جیابکەینەوە و تایبەتمەندییەکانی هەر سەردەمێکیش بناسین و شێوازی هەر شاعیر و پەخشاننووسێکیش لەوانی دیکە جیا بکەینەوە) (بهار، ١٣٣٤، ١٠)

توێژینەوە لە زمان و شێوازی بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بریتین لە ئاستەکانی ( دەنگ، وشە، ڕستە). خانای قوبادی شێوازێکی تایبەتی هەیە لە بەرهەم و داستانە شیعرییەکانیدا، بەجۆرێک خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو شێوازە بناسێتەوە. لەم پارەدا هەوڵ دەدەین ئاستی (دەنگ، وشە، ڕستە)ی داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) بخەینە ڕوو.

## یەکەم : ئاستی دەنگ

لە پاری پێشوودا ئاماژەمان بە جۆری ئاوازەکانی ناوەوە و لایەکان و دەرەوەی داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا، کە خۆی لە خۆیدا ئەمانە لایەنی گرنگی دەنگسازین، لەم پارەشدا ئاماژە بە چەند لایەنێکی دیکەی دەنگسازی داستانەکە دەدەین وەک زانستێکی گرنگی بەخشینی سۆز و ئاواز بە شیعر، کە((ئەو زانستەیە کە لە هەردوو لقەزانستەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دەکۆڵێتەوە. فۆنەتیکیش لقێکە لە زانستی دەنگ، کە لە پەیدا بوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان لە هەر زمانێکدا دەکۆڵێتەوە، هەروەها ئاماژە بەو کەرەستانە دەکات، کە بەشداری لە دروست کردنی دەنگ دەکات بە تایبەت (دەم، لوت، مەلاشوو)، کەواتە بە کورتی فۆنەتیک لایەنی تیۆری دەنگ دەگرێتەخۆ. فۆنۆلۆجیش لقێکە لە زانستی دەنگ، تیایدا ئاماژە بە یاساکانی دەنگ دەکات وەکو (یاساکانی پەیدابوونی دەنگ، تێچوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ،...هتد) بەو واتایەی فۆنۆلۆجی لایەنی پراکتیکی دەنگ دەگرێتە خۆ)) (خۆشناو، ٢٠١٤، ٨). دووبارەکردنەوە و جۆرەکانی لایەنی گرنگی دەنگسازین لە دروستکردنی ئاوازی شیعری.

***دووبارەکردنەوە:** دووبارە کردنەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئاوازی داستانەکە، یاخود بەرهەمە ئەدەبییەکە، کە چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێ لە کاتی خوێندنەوەیدا، چونکە (( دووبارەکردنەوە یاسای سەرەکی دروست بوونی ڕیتمە و گرنگی تایبەتی لە ناو دەقدا هەیە، ریتم لە دەقدا، کە لە دەنگە (بێدەنگ و دەنگدارەکانەوە)دەردێت بەهۆی دووبارەکردنەوەوە دروست دەبێت. دووبارەکردنەوە پەیوەندی بە بەستنەوەی نێوان ڕیتم و واتاشەوە هەیە خۆی دەچێتە خزمەتی واتا بۆ جەختکردنەوەی واتاکەو دەبێتە شێوەیەکیش بۆ ڕێکخستنی دەق)) ( دەشتی، ٢٠١٥، ٦) هەروەها (نازک الملائکە) دەڵێت: (( دووبارەکردنەوە دیاردەیەکی پێشکەوتووی شێوازگەرییە کاریگەری لەسەر ئاستی دەنگی و دەلالی دەبێت و پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانی شیعرییەوە هەیە)) (الملائکە، ١٩٧٨، ٢٣٥). دووبارەکردنەوەش چەندین جۆری هەیە لەوانە:

**أ- دووبارەبوونەوەی دەنگ لەسەر تەوەری هاونشینی:** شاعیران بۆ بەخشینی لایەنی جوانی و ئێستاتیکی بە شیعر ئەم هونەرەی شیعر بەکاردەهێنن، تا ئاوازێکی خۆش و بە چێژ بە بەرهەمەکەیان ببەخشێت لەوانە دووبارەکردنەوەی دەنگە بزوێنەکانی (ا، و، ی).

***دەنگی (ا)** دەنگێکی خۆش ئاوازە و یەکێکە لە دەنگە درێژەکانی زمانی کوردی و ڕوون و ئاشکرایە؛ لەم داستانەدا زۆر بەدی دەکرێت دەتوانین بڵێین (٨٠٪) لە سەرجەم بەند و بەیتەکاندا دووبارە بووەتەوە؛ لە بەندی(١٨) دا دەڵێت:

**سا وەقتێ لەشکر یاران دان حەسار        شازادە واتش یا حەیی جەبار**

**خودای بێ شەریک تاک تەنیای فەرد        بێ خوردو بێ خاو ئاگادار جە دەرد**

**ئومێدم بە تۆن پادشای شاهان        یا رەهنومای رای گوم کەردە راهان.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٨)

دەبینین لەم سێ دێڕەدا دەنگی (ا) بە ڕێژەیەکی زۆر دووبارە بووەتەوە، بە جۆرێک لە دێڕی یەکەمدا (١٠) جار دێڕی دووەم (٧) جار دێڕی سێیەم (٩) جار . خانا لەم سێ دێڕەدا دەپاڕێتەوە و داوا لە(خوای گەورە)دەکات؛ وەسف و ستایشی پەروەردگار دەکات، بەوەی ڕێگا نیشاندەری ڕێ ونبووەکانە و دەڵێت ئومێدم پێتە سەرکەوتنم بدەرێ، جا بەو پێیەی دەنگی (ا) دەنگێکی درێژ و ڕوونە، بۆیە بۆ وەسف و ستایشی پەروەردگار و گەیاندنی داواکەی بەکاری هێناوە.

***دەنگی (و)** : ئەم دەنگەش بە هەمان شێوە ئاوازی تایبەت بە شیعر دەبەخشێ خانا ئەم دەنگەشی وەک دەنگەکانی دیکە بۆ بەخشینی ئاوازێکی خۆش بە بەرهەمەکەی بەکارهێناوە لە سەرجەمی داستانەکە بە ڕێژەیەکی گونجاو بەدیدەکرێت لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو. لە بەندی (٢٦)دا دەڵێت:

**مەیموونە خاتوون شیرین دڵکێش        ڕوو کەرد بە مەسکەن موڵک بابوی وێش**

**بە باهۆ چون بەور روستەم داستان        جەماڵ چون خوسرەو شاه سەرمەستان.**(ئەمینی، ٢٠١١،٢١٠-٢١١)

ئەم دەنگە لە دێڕی یەکەم (٥) جار و لە دێڕی دووەم (٦) جار لە وشەکانی(مەیموونە، خاتوون، ڕوو، موڵک، بابوی، چون، بەور، روستەم، چون، خوسرەو) دووبارەبووەتەوە.

***دەنگی (ی)** :دەنگێکی نەرم و درێژە شاعیر بۆ درێژەدان بە مەبەست و ئامانجی تایبەت بە بابەتی شیعرەکە بەکاری دەهێنێ لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**چون ئاهووی چۆڵگەرد خاسەی دیاری        نییەن ژ سەرکار هیچ شەهرەیاری**

**یە شار تۆ بی ئەی بینایی چەم        رەونەق دادەی رەنگ رەمەق رەمیدەم**

**ساکە وەی تەوردی شازادەی چینی        ئەی باز تەرلان وەی نازەنینی.** (ئەمینی، ٢٠١١،٦١- ٧٩).

لە دێڕی یەکەم (٩) جار دێڕی دووەم (٨) جار دێڕی سێیەم (٩) ئەم دەنگە دووبارە بووەتەوە، کە بێگومان ئاوازێکی خۆش و ڕەنگینی بەم داستانە بەخشیوە، گەر لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام بین پەی بە چەندین نموونەی دیکەی لەم جۆرە دەبەین، بۆیە ئەم چەند نموونەیە وەک نیشاندەری بوونی ئەو هونەری جوانکارییە لەم داستانەدا خراوەتە ڕوو، تا دەرفەتی زیاترمان هەبێت بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی دیکەی دووبارەبوونەوە لە داستانەکە.

**دووبـــارەکردنەوەی دەنگـــی نەبزوێنـــی (م) یـــاخود (ش):** دووبــارەکردنەوەی ئەم دەنگــانەش گێڕانەوەی داستانەکە بەردەوامتر و ڕەنگینتر دەکەن، چونکە (( دووبارە بوونەوە زیادە نییە، هەروەک هەندێ کەس دەڵـێن لە شـیعری نوێدا بەزۆری شـاعیر بەمەبەسـت لە پێنـاوی واتـادا ئەوە دەکـات و خوێنەر و وەرگر لە بێزاری دوور دەخاتەوە))(بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٤٦). بۆ نموونە لە بەندی (١٩)دا دەڵێت:

مەواناو مەوات مەسۆزا چون شەم     دەرونش بی کەیل جە پەژارەو غەم

مەوات نازەنین دەرمان زامم     مەتڵەب و موراد مەقسوود کامم. (م)

یاخود لە بەندی (٢)دا دەڵێت :

شازادە بێ دەنگ شی بە سەرینش     دیا بەو جەماڵ شۆخ شیرینش

دیش کە نازەنین نە شیرین خاوەن     زولفانش نەدەور جەمین بەلاوەن. (ش).(ئەمینی، ٢٠١١، ٧٨-١٦٨)

**ب- دووبارە بوونەوەی جووتە دەنگ:** (( ڕواڵەتێکی دیکەی دووبارە بوونەوەی دەنگ مەسـەلەی هـاتنی (جـووتە دەنـگ)ە لە هەردوو پـارچەی وشـە و پێکهـاتە زمـانییە لێکدراوەکان (نـاو و ئاوەڵنـاوی لێکـدراو، گرێـی وەسـفی و گرێـی ئیزافـی)) (دەشـتی، ٢٠٠٩، ٣٢). ئەم جـۆرە دووبــارە بــوونەوەیە لە سەرجەمی داستانەکە زۆر بە ڕوونی بە دیدەکرێت بۆ نموونە لە بەندی (٣)دا دەڵێت:

وات ئەی سەروەناز نازدار نازم     مەخفی بۆ جە لات ڕاز و نیازم

ئەسباب موتریب بە سازی سەد ڕەنگ     چەنی موتریبان شەیدای شۆخ شەنگ

بە فەرمان ئەمر شای شیرین جەماڵ     دایە هۆرێزا دەرزەمان دەرحاڵ

نیاشان بە ناز پەی شۆخ دڵدار     دەنگ بولبولان نە گوڵ و گوڵزار

چون شاباز شۆخ بە ئارەزووی دڵ     داخڵ بی وەتۆی ئەو گوڵزارو گوڵ. (ئەمینی، ٢٠١١، ٨٤-٨٧)

وشـەکانی ( نازدار نازم، راز و نیازم، شۆخ شـەنگ، شـای شیرین، گوڵ و گوڵزار، شاباز شۆخ، گوڵزارو گوڵ) دووبـارە بـوونەوەی جووتە دەنگن، کە لە ناوەند و کۆتایدا هـاتوون، بێگومـان ئەمەش جوانی و ڕازاوەی تایبەتی بە داستانەکە بەخشیوە؛ بە ڕێژەیەکی گونجا و پێویست بوونیان هەیە لەم بەرهەمەدا وەک ((جەمین جام، شۆخ شـەم، بە نـاز و نیـاز، چەنگ و چەقانە، سـازو زەمـانە، سـاز و ئاوازە، شۆخ و شەنگان، نازدار بێگەرد، فەرقشان جۆشان، شەخسێ سیاپۆش، شۆخ شەیدای شـەنگ، گوڵستان بووسـتان، خـاس و عـاو، شـاە و شـازادە، ڕەنگاو ڕەنـگ، وەنەوشـەی وەش بـۆ، سـەخت و سەهمناک، بێ تان و بێ پۆ، مەیۆ مەویەرۆ،............)) ((ئەمینی، ٢٠١١، ٨٥-١٤٧).

**دووەم : ئاستی وشە :** وشەسازی زانستێکە توێژینەوە لە وشـەی زمان دەکات محمد معروف فتاح لە کتێبی زمانەوانیدا بـاس لە نەبـوونی پێناسـەیەکی گونجاو دەکات بۆ وشـە و دەڵێت: (( هەرچەنـدە وشـە دانەیەکـی زمـانی یەکجـار دێـرین و بـڵاو ئاشـنایە تـا ئێسـتا پێناسـەیەکی ورد و قـوڵ و تەواوی نەخـراوەتە ڕوو وە چـوار جـۆر بەکارهێنـان بەرچـاو دەکەوێ: وشـەی فۆنۆلـۆجی وشـەی ڕێزمـانی وشـەی ڕێنووسـی وشـەی واتـایی)) (فتاح، ٢٠١١، ٨٩-٩٤) بـۆ شـیکردنەوەی ئاسـتی وشـە لەم داسـتانەی

خانای قوبادیدا زیاتر مەبەستمان لە وشەی واتاییە، کە نووسەری پێشوو بۆ پێناسەکەی دەڵێت: (( وشەی واتایی بچووکترین دانەی بیرە، کە بەهۆی دەنگەوە دەربڕێ، دیسان ئەو پێناسانەی کە وشە بە بچوکترین دانە دادەنێن کە بتوانێ ئەرکی ڕستە یان گوتن ببینێت هەر ئەم جۆرە وشەیە دەگرنەوە)) (فتاح، ٢٠١١، ٩٥).

لەبەر ئەوەی لە داستاندا مەبەستی سەرەکی گەیاندنی واتا و پەیامی بابەتی سەرەکییە، بۆیە ((نرخ و گرنگی و تام و چێژی شیعر، بەرزی و نەرمی و ڕەواجی شیعر لە واتاکەیدایە و دەیخەملێنێ))(بێدار، ٢٠١٢ ٩٣)داستاننووسان بۆ هۆنینەوەی داستانەکەیان زمانێکی سادەو ساکار و وشەی سادە بەکاردەهێنن، چونکە داستان گێڕانەوەی ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێکە بە چەند هەزار بەیتێک بۆ ئەم مەبەستەش(( زمانی دیالۆگ پێویستە زمانێکی ساکار بێت و بە ئاسانی مەبەست و ئامانجەکەی بگەیەنێت))(عەبدوڵلا، ٢٠١١، ٣٧٧). خانای قوبادی وەک شاعیرانی دیکەی شێوەزاری هەورامی بە کێشی (١٠) بڕگەیی ئەم داستانەی هۆنیوەتەوە، کەکێشێکی بڕگەیی سادە و ئاسان و ئاوازدارە، هەر ئەمەشە وایکردووە وشە و زمانێکی سادە و ساکاری بەم بەرهەمە ببەخشێ. چەند هونەرێکی وشەسازی ئەم داستانەیان ڕازاندووەتەوە لەوانە :

**أ‌-وشە سادەو نا سادەکان:** داستانەکە بە وشەی سادەو ساکار هۆنراوەتەوە بۆ خستنەڕووی جۆری وشەکانی داستانەکە چەند نموونەیەک لە بەندەکانی سەرەتاو کۆتایی داستانەکە دەخەینە ڕوو لەوانە:

بەندی (١) واتن شازادە شەیدای شوور عەشق نشت وە تۆی کەشتی لوا پەی دەمشق

٢ ٣ ٢ ١ ٢ ١ ١ ١ ٢ ١ ١ ٣

بەندی (٢) گۆش بدەن وە ڕاز زەمانەی وەرین بەیان کەم ڕازان شای نۆش ئافەرین

١ ٢ ١ ١ ٣ ٢ ٢ ١ ٢ ١ ١ ٣

بەندی (٣) خانم ئێد شنەفت شای شیرین شەکەر نە دورج دەهان ڕێزنا گەوهەر

٢ ١ ٣ ١ ٢ ٢ ١ ١ ٢ ٢ ٢

بەندی (٤) خانا چێش کەرۆ چەرخی چەپی واز یەکسەر فەنا کەرد ئەی سازو ئاواز

٢ ١ ٢ ٢ ٢ ١ ٢ ٢ ١ ١ ٢ ٢

بەندی (٥) سەحەر فەراشان خان سیای زەنگ هۆر پێچا تەناف خەیمەی سیارەنگ

٢ ٣ ١ ٢ ١ ١ ٢ ٢ ٢ ٢

بەندی (٥٩) چە دمای یەک ماه شای بوڵەند ئەختەر کەفت نە تەدارەک عەرووسی دوڵبەر

١ ١ ١ ١ ١ ٢ ٢ ١ ١ ٣ ٣ ٢

بەندی (٦٠) ئینە کارشەن ئەی دنیای غەدار هەزار کەس بە دام کەردەن گرفتار

٢ ٢ ١ ١ ٢ ٢ ٢ ١ ١ ١ ٢ ٢

بەندی (٦١) چەند لاشەی دێوان نە رووی خاک کەفتەن چەنی غەرق هوون بە زەمین جفتەن

١ ٢ ٢ ١ ١ ١ ٢ ٢ ١ ١ ١ ٢ ٢

بەندی (٦٢)   تەڵەب کەرد یاران خان محەمەد وە پێش     پەرێ تەدارەک پەی عەرووسی وێش

٢ ١ ٢ ٢ ٣ ١ ١ ٢ ٣ ١ ٣ ٢

بەندی(٦٣) نیشت نەرووی هەوا وێنەی باد بەرد تا تەشریف وەلای فەیاز عابێد بەرد (ئەمینی، ٢١١، ٥١-٣٩٢)

٢ ٢ ٢ ٢ ١ ١ ١ ٢ ٢ ٢ ٢ ١

| بەندەکان | وشەی(١)برگەیی | وشەی(٢)برگەیی | وشەی(٣)برگەیی | وشەی(٤)برگەیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦ | ٤ | ٢ | – |
| ٢ | ٦ | ٤ | ٢ | – |
| ٣ | ٤ | ٧ | – | – |
| ٤ | ٣ | ٩ | – | – |
| ٥ | ٣ | ٦ | ١ | – |
| ٥٩ | ٦ | ٤ | ٢ | – |
| ٦٠ | ٤ | ٧ | – | – |
| ٦١ | ٧ | ٦ | – | – |
| ٦٢ | ٥ | ٤ | ٣ | – |
| ٦٣ | ٤ | ٨ | – | – |
| کۆی گشتی | ٤٨ | ٥٩ | ١٠ | ٠ |

لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیەدا، کە بۆ بەندەکانی سەرەتا و کۆتایی ئەم داستانە ئەنجام درا؛ ڕوون بوویەوە، کە زۆربەی وشەکانی ئەم داستانە وشەی (٢، ٣) بڕگەی سادە و ساکارە وشەی ئاڵۆزی تێدا نییە، ئەمەش بۆ تواناو لێهاتوویی خانای مەزن دەگەڕێتەوە لەوەی ویستوویەتی زمانێکی سادەو کورت و پوخت بەکاربهێنێ لە هۆنینەوە و گەیاندنی پەیامی ئەم شاکارە مەزنەیدا.

**ب-بەکارهێنانی وشەی بێگانە:** بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی لە شیعری کلاسیکی بەشێوەیەکی بڵاو بوونی هەبووە لەو سەردەمەدا شاعیرانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو دوو زمانەوە بە تایبەت، بەڵام خاڵێکی گرنگ و دیار لای شاعیرانی هەورامی لە بەکارهێنانی وشەی ئەو دووزمانە ئەوە بووە، کە وشەکانیان بە شێوازی هەورامی بەکارهێناوە، یاخود هەوراماندویانن وەک تویژەر (لهۆن قادر) دەڵێت: ((مامەڵەی شاعیرانی هەورامان، کە لە چوارچێوەی لیکسیکی شیعریی وشەسازیدایە، کە لە ڕاستیشدا لە زمانانی تریشدا، نەک هەر لە زمانی شیعرییدا، بەڵکو لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانەشدا ئەو وشانەی کە ڕۆژگار و پێداویستی زمان لوولی داونەتە زمانێکی ترەوە، ئەگەر شیاوبووبن، ئەوا گەلاڵە و نەقارپییان کردوون و لەگەڵ یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆیاندا ساچاندوویانن)) (عبدالرحمن، ٢٠٢١، ٣٨).

خانای قوبادیش هەروەک شاعیرانی دیکەی گۆرانی وشە و دەستەواژە فارسییەکانی بەکارهێناوە دەتوانین بڵێین بەشێک لە وشەکانی ئەم داستانەی خانای قوبادی فارسین و کردوونی بە هەورامی، ئەمەش دەشێ نزیکی و هاوڕەگی هەورامی و فارسی هۆکار بێت کەوا شاعیرانی گۆران بە زۆری وشە فارسییەکانیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە بەندی (١٧) دا دەڵێت :

**یەکێ جە دێوان قەد وێنەی منار دەست و پا چون فیل ئەنگوشت چون خیار**

**گەردەنش وێنەی شتور دراز بی دندانش وێنەی سوفرەی گوراز بی.** (قوبادی، ٢١١، ١٤٦)

وشەی (ئەنگوشت) فارسییەکەی (انگشت)ە، کە بۆ وشەی (پەنجە) بەکاریهێناوە بە هەورامی دەبوو بنووسرابا (پەنجێش چون خیار) وشەی (چون) بۆ چواندن و هاوشێوەییەکان بەکاردێت بۆ هەمان مەبەست وشەیەکی دیکە لە هەورامیدا بەکاردێت ئەویش (پێسە). بە هەمان شێوە وشەی (شتور) واتە وشتر، یاخود لە بەندی (١٨)دا دەڵێت:

**روخ کە ئێد شنەفت گوشاد بی جە غەم وات قەسەم بەزات دارای موعەزەم**

**ئەر بکەی دەوای باڵ شکەستەم ساڕێش بۆ زامان هووناو جەستەم**

**نەخدمەتکاری نەداروم درێغ نمەبۆم هەرگیز نەکارت فارێغ.**

**لە بەندی (٦٣)دا دەڵێت:**

**بەعد ژ ساعەتێ ئاماوە بەهۆش شوکرانەی دەرگای سەتار سرپۆش**

**قڵفەن دەر قەسر وەتەڵای ئەحمەر مەیۆت وە بیروون شەرارەی شەرەر**

**رەنگش قرمزەن ها نە تۆی قەفەس وە شوعلەی ئاتەش بسۆزان قەفەس.** (ئەمینی، ٢١١، ١٤٦، ٤٠٠-٤٠١)

وشەکانی (گوشاد، شکەستەم، تەڵای ئەحمەر، بیروون، قرمزەن، ئاتەش) سەرجەم فارسین و بە گۆڕانکارییەوە بەکاریهێناون، هەروەها( وشەکانی موعەزەم، فارێغ، بەعد)لەبنەڕەتدا عەرەبین و فارس بەکاریان دەهێنن. بەم شێوەیە.

| وشە | فارسییەکەی | ماناکەی | وشە | فارسییەکەی | ماناکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| شنەفت | شنفت | بیستن | گوشاد | گشاد | فراوان |
| موعەزەم | معظم | گەورە | شکەستەم | شکستەام | شکاوم |
| فارێغ | فارغ | بێکار | بەعد | بعد | دوای |
| تەڵای ئەحمەر | طلا احمر | ئاڵتوونی سوور | بیروون | بیرون | دەرەوە |
| قرمزەن | قرمز | سەوزە | ئاتەش | اتش | ئاگر |

بەم جۆرە چەندین وشەی فارسی دەبینین لەم داستانەدا وەک وشەکانی( بەعد، ستارە، ئاب، موریخ، بەخت بەرگەشت، زەر خەرید، داروم، تیز، رەهوار، بارگیری، شام، سیا، جەنەت، عەزیم، سەهمناک، خەیلێ، پاین، خدمەت، بۆسا، تەڵەب، روز، ماە، سفیدە، نیگا، وەقت، خواب، قرمز، زام، کەفت،....هتد). ئەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەی خانا ئەم وشە و دەستەواژە فارسییانەی بەکارهێناوە بەگشتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردووەتە سەر مانای داستانەکە؛ لەبەر ئەوەی ئەو دەستەواژە و

وشانەی بە شێوەی هەورامی نووسیووە، جگە لەمەش بەشێکی زۆریان نامۆ نین بۆ خوێنەری کورد لە بەشێکی زۆری بەرهەمی شاعیرانی کۆن بەدیدەکرێن و جێگایان لە ئەدەبی کوردیدا دیارە. لەبەر ئەوەی زمانی داستان زمانێکی گێڕانەوەییە لەم داستانەشدا ئەفسانەیەکی لەڕادەبەدەر بەکار هاتووە، بۆ ئەم گێڕانەوەییەش بەشەکانی ئاخاوتنی (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار، کات و شوێن، ئامڕازەکانی پەیوەندی و مەرج و گەیاندن و.....هتد) بەڕێژەیەکی زۆر فراوان بەکارهێنراون، بۆیە دیاریکردنی ڕێژەی بەشەکانی ئاخاوتن کارێکی زەحمەتە؛ دەکرێ بڵێین ڕێژەی ئەو بەشانەی ئاخاوتن، کە بۆ وەسف و ستایش و هەواڵگەیاندن بەکارهێنراون وەک ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکارەکان ... زیاترن لە بەشەکانی دیکە، چونکە ڕێژەی هەواڵگەیاندن لەداستان زۆرترینە.

**پ- دووبارەکردنەوە:** دووبارەکردنەوەی یەکێکە لەو هونەرانەی، کە شاعیران بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشی و بەخشینی جوانییەکی تایبەت و یەکسانی ئاواز و دڵنیایکردنەوەی واتای بەرهەمی ئەدەبی بەکاریدەهێنن، یاخود (( ئامانج لە دووبارەکردنەوە بەهێزکردنی واتایەو ڕوونکردنەوەیەتی، لە هەمان کاتیشدا بەهێزکردنی تۆنی ڕیتمە لە قەسیدەدا)) (الجنابي، ٢٠١٣، ١٥٤). واتە شاعیر مەبەستی لە دووبارەکردنەوەکان گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانییەتی لەگەڵ ڕازاندنەوەی ئاوازو ئاهەنگی بەرهەمەکەی. دووبارە کردنەوەش چەندین جۆری هەیە لەوانە (دەنگ، وشە و گرێ و ڕستە) لە ئاستی دەنگسازیدا دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێکمان لەم داستانەی خانای قوبادی خستە ڕوو لەم پارەشدا چەند نموونەیەک لە جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی وشە لەسەر تەوەری هاونشینی و جێنشینی داستانەکە دەخەینە ڕوو. بۆ نموونە لە بەندی (١٣)دا دەڵێت :

**<u>یەکێ</u> چون مەجنوون جامە کەردش چاک**　　**<u>یەکێ</u> ویش مەدا نە رووی تەخت خاک**

**<u>یەکێ</u> بار وە لێو هێجران کەشیدە**　　**<u>یەکێ</u> مەرێزا ئەسرین نەدیدە**

**<u>یەکێ</u> نەداخش سەرتاپا سیا**　　**<u>یەکێ</u> جە عەشقش تەرک کەرد دونیا**

**<u>یەکێ</u> غەڵتان بی نەپای ئەیوانش**　　**<u>یەکێ</u> خاک مەکەرد وەبان شانش**

**<u>یەکێ</u> نە هێجران هەردەم مەناڵا**　　**<u>یەکێ</u> خاک بورج بە دەم مەماڵا. (ئەمینی، ٢٠١١، ١٢٥)**

لەم دێڕانەدا خانا بە دووبارەکردنەوەی (یەکێ) مەبەستییەتی گرنگی و پلەو پایەی (نۆش ئافەرین)مان بۆ باس بکات، کە سەرجەم چین و توێژەکان بە خەمن بۆ ڕفاندنی کچی پاشای وڵات لە لایەن عەلقەمی دێوەوە. کەسەکان خەم و پەژارەکەیان بە شێوازی جیاواز دەردەبڕن، بەجۆرێک یەکێک هاوشێوەی مەجنوونی کردووە و یەکێک قوڕی پێواوە و، یاخود یەکێک فرمێسکی ڕشتووە و تەرکی دونیای کردووە و خۆی ڕەشپۆش کردووە.... هەموو ئەمانە بۆ دەرخستنی حەسرەت و ئاهی ناخی کەسەکانە لە ونبوونی ئەو کچە شۆخ و شەنگەی پاشا. واتە خانا بەمەبەست ئەم دووبارەکردنەوانەی ئەنجامداوە، تا لەلایەک جوانی و ڕازاوەی ئاواز بە داستانەکە ببەخشێ و لە لایەکی دیکەوە ئەوەمان پێ بڵێت، کە لە سیستەمی فەرمانڕەوای ئەوسەردەمەدا چەندە گرنگی بە خێزانی پاشا دراوە، یاخود بۆ نیشان دانی جوانی و شۆخ و شەنگی لە ڕادەبەدەری (نۆش ئافەرین)ە،

بەجۆرێـک بــووە ســەرجەم شــازادەکان عاشــقی بــوون و بە داخ بــوون لە ڕفاندنیــدا؛ بــۆیە ((دووبــارەکردنەوە چەنــدێک پەیوەســتە بە زمــانەوە هێنــدەش بە شــێوازی نوســەرەوە، کــاتێکیش دووبارەکردنەوەی توخمەکانی شێوە و ناوەڕۆک لە قسەکردندا دەربکەوێت، ئەوە شێواز بەرجەستە بووە، بەو مانایەی کە دووبارکردنەوەکان بە شێوی ڕێکەوت و سروشتی نەبن، بەڵکو نوسەر بە مەبەســت و لە ڕوانــگەی ئێســتاتیکییەوە داینــابن)) (کەســنەزانی، ٢٠٢٢، ١٣٦). لەبەر ئەوەی داســتان مەودایەکــی فــراوان و ئــاڵۆزی هەیە و ئەفســانەیەکی زۆری تێــدا بەکاردێــت، بــۆیە جۆرەکــانی دووبــارەکردنەوەی بەشــەکانی ئاخــاوتنی زیــاترە لە چــاو بەرهەمە ئەدەبییەکــانی دیکە، ئەمەش بــۆ مەبەستی بەخشینی ئێستاتیکایەکی تایبەت و ئاوازی جیاوازە بە داستان، تا خوێنەر بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی چەند هەزار بەیتێکی داستاندا. ئەم داستانە بە پێزەی خانای قوبادیش ئەو تایبەتمەندییە هـونەرییە گـرنگەی بە ڕێژەیەکـی فـراوان تێـدایە. لێـرەدا چەنـد نمـوونەیەکی دیکە دەخەیـنە ڕوو لە دووبارەکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن وەک(ئامرِاز، جێناوی نیشانە،وشەی سادەو لێکدراو، گریَ، نـاو، ئاوەڵناو، کردار....هتد) .

**بەندی (٤) گامەبۆساوە گامەکەرد ئەفشار گاگا مەنۆشا پیاڵەیێ گوڵنار** ← ئامرِاز
**گا دەست نە زوڵفان مەوەرد نە چیندا پەخش مەکەرد بە رووی جام جەمیندا**

**یە شەربەت یە جام یە بادەو ساقی یە مەزەی شەراب یە عومر باقی** ← جێناوی نیشانە
**یە عەیش یە نیشات یە کامەرانی ئینە بەزم خۆش یە شادمانی**
**ئینە نەوبەهار دیدار یاوەر یە شێرەی نەبات یە ڕێزەی شەکەر**
**یە لەعل لەبان حەیات باقی یە شەراب و کەیف یە ئیمای ساقی**

**بەندی (١٤): هەفت تاقەن هەر تاق چون تاق ئەخزەر یەک تاق جە تڵاو یەک تاق جە ئەحمەر** ← وشەی سادە
**بەندی (١٩)هەردوو کەردشان نیگای چەم وەهەم هەردوو بێ هۆش بین خەجڵ و ماتەم** ← وشەی لێکدراو
**بەندی (١٧) جە ناگا سەدای دوورباشان خێزا جە دوورباش دوورباش عاڵەم مەخێزا** ← فرێز (گریَ)
**بەندی (٢٠) واتن ئەی نازار نازار باوان ئەڵبەت شازادە ئاما وەی مەکان** ← ناو
**بەندی (٣) وەقتێ ئەساسە تەریب بی تەمام دایە شی بەلای شۆخ جەمین جام** ← کردار،ئاوەڵناو
**واتش هۆرێزە شۆخ جەمین جام ئەساسەی موتریب کەردەنم تەمام** ← ئاوەڵناو، کردار
**بەندی (٦٢) بە رەسم قانوون عەقدشا وانا بە ڕەویەی وێشان عەقدشا وانا** ← فرێز (گریَ)
**بەندی (٦٣) وات ساحێبقێران گۆش دەر وەعەرزم عەرزم واجێبەن واجێبەن عەرزم** ← فرێز (گریَ)
**پەریَ مەتڵەبێ من دارۆم ئومید ئەر قبووڵ کەری وە تۆم هەن ئومید** ← ناو

لە بەنـدی (١) دا جێنـاوی نیشـانەی (ئەی) چەنـد جارێـک دووبـارە کـردووەتەوە، هەرچەنـدە لە هەورامیــدا بــۆ جێنــاوی نیشــانە، یــاخود ئامــاژەدان بە شــتێک (ئەی) بەکارنــایەت، بەڵکــو (ئــی) بەکاردەهێنرێت، دەکریَ ئەمەش یەکێک بێت لە هەڵەی نووسین لە داستانەکەدا، چونکە بە پێی ئەو دەستنووسەی دیکە، کە لە بەر دەستمانە بەم شێوەیە نووسراوە (ای).

یەک ڕۆزنە تەقدیر ئەی چەرخە پیرە        ئەی زاڵ زەهان هەرگیز نەمیرە
ئەی ساحێب چەرخ تەمام پڕ نەقشە        ئەی کوهنە دەیر دڵداری بەخشە
ئەی چادر کەبود بێ چڵ و سوینە        ئەی دوون دەوران نەزان چوینە        جێناوی نیشانە
ئەی ئاگای دەردان ژ بان سەرە        ئەی شادی تاسەر وەکەس نەدەرە
ئەی ژ دەنگ پای موور خەبەردارە        ئەی قەرار دادەی لەیل و نەهارە
ئەی گیان کێش گیان جانداران سینە        ئەی کون فەیەکون هیچ کەس نەوزینە. (ئەمینی، ٢٠١١، ٥٨-٥٩)

لێرەدا دەبینین، کە بە جێناوی نیشانەی (ئەی) وەسف و ستایشێکی جوانی (پەروەردگار)ی کردووە بەوەی، کە ئاگاداری هەموو شتێکە بڕیاردەری ڕۆژ و شەوە خاوەنی گیان و ڕۆحە... پاشان ئاماژە بە ئایەتێکی (قورئان)ی پیرۆز دەدات ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (سورەتی یس: ئایەتی ٢٨) واتە کاری خوای گەورە وایە ئەگەر شتێکی ویست پێی ئەڵێ ببەو ئەبێ. بەو زمانە دەپارێتەوە کە کەس نەخات؛ ڕوونتر بڵێین کەس توشی شکست نەکات، کەواتە ((دووبارەکردنەوە یەکێکە لە تایبەتمەندی دەقی ئایینی و عیرفانی، سرووتە ئایینی و دەقە عیرفانی و تەنانەت کتێبە ئاسمانییەکانیش لەسەر دووبارەکردنەوە بونیادنراون، ڕۆڵی دووبارەکردنەوە ئەگەرچی لە ڕووکەشدا ئاواز و مۆسیقا دروستکردنە، بەڵام لە بونیادی قوڵدا ئەرکی جەختکردن و پێداگرییە، وەک چۆن ژمارەیەکی زۆر دەربڕین لە قورئاندا هەن، چ وەک وشە، چ ڕستە و تەنانەت نزا و چیرۆک، ئاواش لە گێڕانەوەی چیرۆکدا بە هەردوو ئاڕاستەی فەزاسازی و ئاوازداری و مانابەخشین دێت)) (کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ١٣٦). بەم جۆرە، گەر بەردەوام بین لە دیاریکردنی دووبارە بوونەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لەم داستانەدا ئەوا چەندین نموونەی دیکە دەدۆزینەوە، بێگومان ئەمەش بۆ سەلیقەو دەستڕەنگینی خانای قوبادی دەگەڕێتەوە لە هونەری داستانە شیعردا.

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی دووبارە بوونەوە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزییە. ئەم تایبەتمەندییەی دووبارە بوونەوە لە داستانەکەدا لە پاری بنیاتی ئاواز (ئاوازی ناوەوە) ئاماژەمان پێداوە و چەند نموونەیەکمان لە بەندەکانی داستانەکە خستووەتە ڕوو.

**د- وشەی هاو واتاو هاو واتائاسا:** ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە هەمان واتا و مەبەست بگەیەنن لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوخساردا جیاواز بن. واتە (( ئەو وشانەی کە جیاوازن لە ڕوخسار و دەربڕین دا و وەک یەکن لە ڕووی واتاوە، یاخود بریتییە لەو وشانەی کە لە هەموو چوارچێوە و بەکارهێنانێکدا دەتوانین بیانگۆڕیننەوە یان لەبری یەکتر بەکاریان بهێنین)) (سعید، ٢٠٠٦، ٤٦). یاخود وشە هاو واتاکان (( ئەو وشانەن کە واتاکانیان وەک یەک بن و لە زۆر باردا بتوانن لەسەر تەوەری جێ نشینی شوێنی یەکتر بگرنەوە، هاوتا ئاساش ئەو وشانەن کە واتاکانیان بەیەکەوە پەیوەست بن و لەیەک گێڵگەی واتاییدا Semantic field پێکەوە کۆببنەوە)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ٤٥). کەواتە هونەرەکانی ئێستاتیکای دەق بەشێوەیەکی گشتی دەبنە هۆکاری جیاکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە؛ بە

واتـایەکی دیـکە ئەم هـونەرانەی جوانکـاری وەک وشـە هـاو واتاکـان و هونەرەکـانی دیـکەی وەک ڕەگەزدۆزی و ئەوانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان شێوە و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی دەق دیاری دەکەن و دەبـنە هـۆی ئەوەی، کە خـوێنەر کـات و ئـاوەزێکی تـایبەتی هەبێت بـۆ تێگەیشـتن لەو بەرهەمە ئەدەبییە، چونکە ((هۆکارە گەورەکانی خاوبوونەوەی پرۆسەی لێ تێگەیشتن لە بەرهەمی ئەدەبی، بریتییە لە بەرجەستەبوونی هارمۆنی و کەرەسە پێکەوە گونجاوەکان (وەک کێش، سەروا، سەروادار، ڕەگەزدۆزی، گەمەی دەربـڕین)، پێکهـاتە و تەکنشـێنییە نائاسـاییەکان (لێکچوانـدن، دژیەکبـوون) ئـاڵوگۆڕکردن و جێگـرتنەوەی وێـنەی زمـانی، (خـوازە، خواسـتن) کە دەبـنە هـۆی لادان لە نـۆرمی ئاماژەیی و واتـایی. ئەم هۆکارانە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دەبنە هۆی ئەوەی درەنگ لە پەیامەکە بگات .بە واتایەکی دیکە، دەربڕینی ئەدەبی بە پشتبەستن بە تەکنیک و پێکهاتە بونیادییەکانی خۆی، خۆی نامۆ و بەرجەستەدەکات و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. ئەم بەنامۆکردنە سەردەکێشێت بۆ تایبەتمەندیی شێواز و دەبێتە هۆی تایبەتمەندیی ستایلی کەسێک لەبەرامبەر زمانی ئاسایی دەربڕیندا)) (فتوحی، ١٣٩٥، ٧٤). خانا بۆ بەخشینی جوانی و تایبەتمەندییەکی گرنگی هونەری ئەم لایەنە جوانکارییەی لەم داستانەدا بەکار هێناوە لێرەدا نموونە لە چەند بەندێکی ئەم داستانە دەخەینەڕوو، کە وشە هاو واتاو هاو واتا ئاساکانی بە ڕوونی تێدا بەدیدەکرێت.

**بەندی (٧) دایم دەردەدار جە دەرد و داغش     حەسرەت مەند بە شەوق بەهار باغش**     **هاو واتا**

**یەک وەزیرێ داشت دانا و هۆشیار     جە حاڵ رازان دەوران خەبەردار**

**واتش ئەی وەزیر جای عەقڵ و هۆشم     مزانی من مات دەروون پڕ جۆشم**

**بەندی (١٥) ئەنگوشت حەسرەت مەبەردن نەدەم     واتی پارە بین جە پەژارە و خەم**

**بەندی (١٦) هەفت پشتەن وەزیر جەهانگیر شابێ     جە کارو کردار واسیتەی شابی**

**مەدۆم بە دەستت ببەر چەنی وێت     مەخفی نەهانی کەس نەزانۆ پێت.**

**بەندی (١٧) تەی کەردن راهان سەحرا و بیابان     لوان تا چەندێ بە مەغریب یاوان**

**شەست هەزار نەفەر دێوی جادووکار     سەدای نەعرەتە چون ئەبر بەهار.**

**بەندی (١٨) شازادە دیا جە مێوەی ڕەنگش     جە پۆست و جە شاخ بەرگ قەشەنگش**

**مێوەش سیا بی بەرگش سەبزڕەنگ     پۆستش قرمز بی، چون لالەی گوڵڕەنگ**

**جە ناگا سەدای وەلوەلە و غەریو     ئاواز ناخۆش دەنگ سەدای دێو**     **هاو واتا ئاسا**

**ئەوسا کە ئامان بە قەسر زەڕکار     یاقوت و گەوهەر دانەی مایەدار**

**بە قەدەر وێشان بەردن جەواهیر     جە سیم و جە زەڕ جە لەعل و گەوهەر**

**جەو دەم هۆرێزان بە تەعجیل و تاب     نیشتن نە کەشتی وێشان دان نە ئاب**

**ئەی بیابانە بێ پایان دوورەن     بە موڵک و مەکان مەغریب مەنشوورەن**     **هاو واتا**

**جە پەهلوی ئەو باغ یەک کۆە عەزیم     سەخت و سەهمناک پڕ تەرس و پڕ بیم** (ئەمینی، ٢٠١١، ٩٥-١٦٢)

بەندی (١٩)ڕوخ تەڵەب کەردش واتش ئەی یارم **هامڕاز و هامدەم** هەم مەدەدکارم
پەی کێ سەرگەردان وێڵ وڵاتم پەی کێ نە هیجران دەرد و **غەم و ماتم**
مەبۆ تۆ بە **شەوق بە شادی و** دەماخ زوو من ببەری بە تۆی قەسر خاک
ڕوخ وات عەزیزم منەت بە گیانم من بە **ئەمر** تۆ بەندە **فەرمانم** — هاو واتا
**مەوانا و مەوات**، مەسۆزا چون شەم دەرونش بی کەیل جە **پەژارە و غەم**
مەوات نازەنین دەرمان زامم **مەتڵەب و موراد مەقسوود** کامم.
تا پەیدا نەکەم ماە قەسەب پۆش جە لام حەرام بۆ **خورد و خواب و نۆش**.(ئەمینی، ٢٠١١، ٦٥-٢٠٩)

لەم چەند دێڕەدا وشە هاو واتاکان و هاو واتا ئاساکان هێڵیان بەژێردا هێنراوە و دەست نیشانکراون؛ ئەم جۆرە وشانە بەڕێژەیەکی بەرچاو و پێویست لەم داستانەدا بەدیدەکرێن لەوانە: (جۆش و خرۆشا، سیحرو ئەفسوون، شێوە و جەمال، خورد و نۆش، رجا و لاڵە، شۆخ و شەنگ، شادی و کەیف، قین و قیلە، شەوق و شادی، مەدح و سەنا، وەقاڵ و قیل......هتد)، ئەمەش بۆ مەبەستی سەرەکی شاعیر دەگەڕێتەوە لە گەیاندنی پەیامی شاکارەکەی، کە پەنا بۆ ئێستاتیکای ئەدەبی لە فۆرم و شێوە و ڕێکخستنی بەشە ئاخاوتنەکان دەبات بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ناوەڕۆک و ڕوخساردا، تا کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر خوێنەر دروست بکەن. کەواتە ئەم تایبەتمەندییە ئێستاتیکایانە وای لە بەرهەمی داستانی کردووە بەپێی تێپەڕینی ئەو هەموو کاتە خوێنەری تایبەت بە خۆی هەبێت و چێژ لە خوێندنەوەی وەربگیرێت.

ئەم داستانەی خانای قوبادیش پڕاو پڕە لە ئێستاتیکای هونەری گێڕانەوەیی و زمانەوانی، هەر ئەم تایبەتمەندییانەش وای کردووە ئەم بەرهەمەی تەواو جیاواز بێت و مۆرکی تایبەتی خۆی پێوەبێت وەک حەمەڕەشید ئەمینی ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت: (( هیچ گومان لەوەدا نییە کە دانەری یەکەمی ئەم بەسەرهاتە (خانای قوبادی)یە)) (ئەمینی، ٢٠١١، ٧)، هەرچەندە ڕێژەیەک گۆڕانکاری و دەستکاری لە لایەنی هونەری؛ وەک سەروا و زیاد و کەمی برگەیی و وشەسازی و ...هتد پێوە دیارە، کە لەلایەن نووسەرەوەی داستانەکەوە ئەنجام دراوە، بەڵام (( بێگومان ئەو ناتەواوییانەی لەم بەسەرهاتەدا دەکەونە پێش چاو هەڵناگەڕێنەوە بۆ دانەری ئەم بەرهەمە واتە خانا، لەبەر ئەوەی خانای قوبادی یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی کورد و لە دانانی شیعردا باڵا دەست بووە)) (ئەمینی، ٢٠١١، ٨).

**سێیەم/ ئاستی ڕستە:** سەرنجدان و شیکاری لە ئاستی ڕێزمانی و ڕستە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەرکێکی گرنگ و وردی توێژەرە، لەبەر ئەوەی ڕێکخستن و ریزبەندکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بە گشتی و جۆری ڕستەکان بە تایبەتی دەبنە هۆکاری بەخشینی ئێستاتیکا و سەرنج ڕاکیشانی خوێنەر بۆ دەق، بۆیە ڕستە بەشێکی گرنگی زمانەوانییە و ئاستی ڕێزمانی پێکدەهێنێت. ڕستە وشەیەکە یاخود کۆمەڵە وشەیەکە، کە بەشێوەیەکی تایبەت و بە پێی ڕێساو یاسای تایبەتی زمانەوانی ڕیز دەکرێن؛ هەموو ئەو کۆمەڵە وشەیە بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن. چەندین پێناسە بۆ

ڕستە کراوە لەلایەن نووسەرانەوە لەوانە ((ڕستە بڵاوترین دانەی زمانی گەورەیە کە زۆربەی زمانەوانەکان دانی پێدادەنێن و دەیناسنەوە و باوەڕیان وایە کە دەتوانێ چاری ڕۆنان و پۆلە ڕێزمانییەکان بکات)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ٤)، (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو) بە وردی بیرو بۆچوونی زمانناسان و نوسەرانی خستووەتە ڕوو لە بارەی پێناسەی ڕستەوە لەوانە ((د.نەسرین فەخری دەڵێت: ڕستە کۆمەڵە وشەیەکی ڕێکخراوە بۆ مەبەستێک بە پێی یاسای زمان وە د. وریا عومەر ئەمین دەڵێت: ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەکیی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە)) (خۆشناو، ٢٠١٢، ١١)....هتد پاشان لایەنی کەم و کوڕی هەریەک لە پێناسەکان دیاریدەکات بەوەی، کە ڕستە وەک کۆمەڵە وشەیەک یان وەک دانەی گەورەی ڕێزمان یان وەک بکەر و کردار....هتد دادەنێن پێیوایە کە هەر یەک لەم پێناسانە گشتگیر نین لەسەر یەک جۆر ڕستە لە ئەدەبی کوردیدا پەیڕەو دەکرێن بۆ نموونە ئەو پێناسەیەی دەڵێت: ڕستە لە کۆمەڵە وشەیەک پێک دێت ئەمە گشتگیر نییە، چونکە ڕستە هەیە لە تاکە وشەیەک پێکهاتووە وەک (هات، ڕۆشت، مرد) بەم جۆرە بۆ هەریەک لە پێناسەکان ڕوونکردنەوەی پێویست دەخاتە ڕوو لە کۆتایدا دەڵێت (( دەکرێ بڵێین ئەم پێناسانەی خوارەوە تاڕادەیەک زانستین. *ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێک و پێکە. *ڕستە بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر، کە واتایەک بدات بە دەستەوە. *ڕستە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری)) (خۆشناو، ٢٠١٢، ١٤).

وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان بەوە کرد، کە زمانی داستان زمانێکی سادە و ساکارە داستاننوس زمانی ئاسایی خەڵکی بەکاردەهێنێ بە شێوازیکی جیاواز، هەروەها (( شاعیر دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێ و مەبەستییەتی خەڵکی تێبگەن، بەڵام تێگەیشتنێک بە ڕێگایەکی جیاواز)) (جان کۆهین، ١٩٨٦، ٩٥)، بۆیە بنیاتی ڕستە لە داستاندا سادە و پوختە، لەبەر ئەوەی داستان بەرهەمێکی گێڕانەوەییە و دیالۆگ و دواندن بوونیان هەیە و بە شیعر دەهۆنرێتەوە؛ شیعریش یاسای تایبەت بە خۆی هەیە بەهۆی لادانی زمانی و واتاییەوە سەرنجراکێشتر دەبێت لای خوێنەر؛ واتە شاعیر بۆ بەخشینی جوانی و ئاواز و ریتم و ڕێکخستنی کێش... لادانی زمانی و واتایی و پێش و پاشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بەکاردەهێنێ، ئەم جۆرە لادانەش کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە ناوەڕۆک و واتای داستان ناکات (( بۆیە لە ڕووی واتاوە ناکرێ گرفت بۆ زمانی شیعری ساز بکرێ، چونکە ڕستە شیعرییەکان لە دۆخی تایبەتی خۆیاندا کە دۆخی لادانە زمانییەکانە دەبنە ڕستەی واتادار، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوێنەر شارەزای دۆخەکە بێ و بزانێ جوڵە و گەشەی واتا تێیدا چۆنە)) (ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٢٠). داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی بە زمانێکی سادە هۆنراوەتەوە، دەکرێ لە ڕووی ڕۆنان و پێکهاتنەوە ئاماژە بە جۆرەکانی دیکەی ڕستە وەک (لێکدراو، ئاڵۆز، ڕستەی ناوی، کاری.....هتد)بدەین، کە لایەنی شێوازگەری دەق و بەرهەمی ئەدەبین، بەڵام تیشک خستنە سەر ئەم لایەنانە سنوری توێژینەوەکەمان فراوانتر دەکات، لە داستاندا بنیاتی ڕستەی سادە و جۆرەکانی ڕستەی وەک

(هەواڵگەیاندن، داخوازی، پرسیاری، مەرج) بەزۆری پەیڕەو دەکرێن، بۆیە ئەم جۆرانەی ڕستە بە پێی بەندەکانی داستانەکە دەخەینە ڕوو و شییاندەکەینەوە.

**أ- ڕستەی هەواڵگەیاندن:** ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە قسەکەر هەواڵێک بە گوێگر دەگەیەنێت واتە ((ڕستەی هەواڵگەیاندن بەو ڕستانە دەگوترێت کە قسەکەر زانیاری یان هەواڵ دەگەیەنێت و باسی دەوروبەری خۆی دەکات واتە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر سەرچاوەی زانین و زانیارییە)) (خۆشناو، ٢٠١١، ٣٠). بەو پێیەی گێڕەرەوە لە داستاندا گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانە دەبێتە سەرچاوەی زانیاری و هەواڵگەیاندنەکان، بۆیە ڕستە هەواڵییەکان لە داستاندا بە پلەی سەرەکی و ڕێژەیەکی زۆرینە بوونیان هەیە. چەند نموونەیەک لە ڕستە هەواڵییەکانی داستانی(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی دەخەینە ڕوو.

**بەندی(١) واتن شازادە شەیدای شوور عەشق نیشت وەتۆی کەشتی لوا پەی دمشق**
**وە تاج و تۆمار جۆقەی شا قەسەم راستی هەر ئێدەن بێ زیاد و بێ کەم.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥١)

واتە وتیان شازادەی عاشق بە کەشتی ڕۆشت بۆ دیمەشق، سوێند بە تاج تەختی شا ڕاستییەکە هەر ئەمەیە نە زیادی هەیە نە کەم. گێڕەرەوە هەواڵێک دەگەیەنێت هەواڵی ڕۆشتنی شازادە بە کەشتی بۆ دیمەشق، وەک دەزانین ڕستەی هەواڵ دەشێ ڕاست بێت یاخو ناڕاست، بۆیە خانا بە سوێندێک دڵنیامان دەکاتەوە، کە هەواڵەکەی ڕاست و دروستە، پاشان دەست دەکات بە گێڕانەوەی داستانەکە لەم بەندەدا ڕستەکان سەرجەم هەواڵگەیاندنن تا کاتێک کەشتییەکەیان تێکدەشکێت و لە ناو دارستانێکدا خۆیان دەبیننەوە گەنجێک دەبینن دەبێتە هاوکاریان لە دۆزینەوەی ڕێگاکە لەو کاتەدا گێڕانەوەکە بە ڕستەی پرسیار و وەڵام بەردەوام دەبێت، بەجۆرێک دێڕێک یان چەند دێڕێک دەبنە ڕستەی پرسیار و دێڕی دواتریان دەبنە وەڵام لەکۆتاییدا بەندەکە بەڕستەیەکی واتایی و مۆسیقایەکی بەهێز دادەخرێت.

**بەندی(٢) وات ئەی شازادە یە دەمشق شارەن بدەر مزگانی مەنزڵگەی یارەن**
**مەکان و ماوای نۆش ئافەرینەن ئەو خودا رەشتەی ئەو بێ قەرینەن**
**شازادە شنەفت موژدە ژ حەمید وانا شوکر زات دانای کەس نەدید.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٤)

لەم بەندەدا حەمید هەواڵێک بە شازادە دەدات و دەڵێت شازادە مژدەم بدەرێ ئەمە شاری دیمەشقە شوێن و ماوای یارە شازادە، کە ئەم موژدەیە دەبیستێت لە خۆشییا سوپاسی خوای گەورە دەکات؛ لێرەدا گێڕانەوەکە دەبێتە وەسف و ستایش، کە شازادە بە وەسفێکی جوان و خۆش ئاواز وەسفی شاری یارەکەی دەکات، پاشان بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوە.

**بەندی(٧) مەلیک محمد نام شازادەی گوزین شێر شێرانگیر چون بەور غورین**
**ئەویش کە عاشق نۆش ئافەرین یوارێد وەی مەکان وەی سەرزەمین بید**
**دایم دەردەدار جەدەردو داغش حەسرەتمەند بە شەوق بەهار باغش** (ئەمینی، ٢٠١١،٩٤-٩٥).

لێرەدا هەواڵی غەم و پەژارەی مەلیک موحەمەدمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆ وەزیرەکەی باس دەکات هەوڵدەدات بە دیداری یاری بگات، بەڵام لە هەوڵێکی بۆ بینینی نۆش ئافەرین شازادە سوڵتان دەبینێت لە ژووری خۆشەویستەکەی زۆر بێتاقەت دەبێ، پلانی کوشتنی بۆ دادەنێت، پاشان بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکە و بە ڕستە هەواڵێک و کۆتایەکی دانەخراو بەندەکە تەواو دەکات و دەڵێت:

**چەنی غوڵامان پەسەند کەردەی وێش          هۆرێزان لوان نەپەی کار وێش**

**نە پای قەسر زەڕ شین یەک جاهێ          وێشان دا پەنهان نە گوزەرگاهێ.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٠١)

ئەم کۆتاییە دانەخراوەی لەم بەندەدا بەدی دەکرێت یەکێکە لە خاڵە هونەرییە بەهێزەکانی خانای قوبادی، کە دەیەوێت خوێنەر بە جۆش و خرۆشەوە بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی داستانەکە، تا بزانێت ئاخۆ ئەم پلانەی مەلیک محمد بە چ ئاقارێک دەگات ئایا شازادە سوڵتان دەکوژرێت؟ ئایا ئەم پلانە نابێتە هۆی دروست بوونی شەڕ و ئاژاوەیەکی گەورە لە کۆشکی شادا؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لای خوێنەر دروست دەبێت، بۆیە خوێنەر بۆ وەرگرتنی وەڵامەکانی بە حەسرەتەوە بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە.

**بەندی (٢٣) خانای قوبادی دەروون پڕ نەدەرد     سەرلەوحەی ئەلواح جەدوەلکاری کەرد**

**بە حەرف راوی دانایان پێش          بەی دەستوور کەردەن تای رشتە تاکێش**

**خامەی عەتر ئامێز نوکتەی رەقەم ساز          بەی دەستوور بییەن ئەی راز و ئاواز**

**سەحەر شازادە نە خاو بی بێدار          کەردش ئارەزووی جەماڵ دڵدار**

**نیگا کەرد بە جای خوابگای دوڵبەر   دیش نۆش ئافەرین نەدارۆ ئەسەر.** (ئەمینی، ٢٠١١،١٨٩-١٩٠)

لەم بەندەشدا خانا هەواڵی ئەوەمان پێدەگەیەنێت، کە هەرچەندە دەروونی پڕە لە خەم و دەرد، بەڵام ئەم ڕازە، یاخود ئەم سەرلەوحەی شیکاری کردووە؛ بە جۆرە وشەیەکی ڕەوان هاوشێوەی داناکانی پێشوو بە دەستوور ئەمەی کردووە؛ عەتر واتە بۆنخۆشی لە ئامێزی پێنووسەکەی بووە؛ واتە هێندە بە جوانی و بۆنخۆشی ئەم شیکارییەی کردووە بە دەستوور ئەم ڕاز و ئاوازەی هۆنیوەتەوە، لێرەدا بەم وەسفە جوانە، کە بۆ خامە و پێنووسی خۆی دەیکات بۆمان دەردەخات، کە ویستوویەتی ئەم بەرهەمەی بەوپەڕی هونەری و لێهاتووی بهۆنێتەوە، پاشان بە ڕستەیەکی هەواڵی دەست دەکات بە گێڕانەوەکەی و دەڵێت بەیانی شازادە لەخەوهەستا ئارەزووی بینینی دڵداری جوانی کرد سەیری جێگای خەوەکەی یاری کرد بینی لەوێ نییە.....هتد بەم جۆرە ئەم بارودۆخە ڕێزمانییە بەردەوام دەبێت و ڕستەی هەواڵگەیاندن بە ڕێژەیەکی زۆرینە و بەرچاو بوونیان هەیە دەکرێ دەیان و سەدان نموونەی دیکە بخەینە ڕوو.

**ب-ڕستەی فەرماندان (داخوازی):** ئاخاوتنی مرۆڤ چالاکییەکی ڕۆژانە و سروشتییە، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەری ڕێکبخات؛ واتە زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیاندنی مەبەست و داخوازییەکانی. ڕستەی فەرماندان یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان و (( بەو

ڕستانە دەوترێت کە کەسی یەکەم، واتە قسەکەر داوا لە کەسی دووەم واتە گوێگر دەکات، کارێک ئەنجامبدات یان ئەنجامنەدات)) (خۆشناو، ٢٠١٢، ٣٤)، یاخود (( ئەم جۆرە ڕستەیە یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستەی داخوازی کە قسەکەر داوا لە کەسی دووەم دەکات کارێک بکات، یان هەڵوێستێک بنوێنێت، یان بە پێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێک بەکاردەهێنرێت)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ٤٩) کەواتە ڕستەی فەرماندان ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە کەسێک خواستێکی هەیە و دەخوازێت کەسێکی دیکە خواستەکەی جێ بە جێ بکات. ئەم جۆرە ڕستانە لە داستاندا بەڕێژەیەکی فراوان بوونیان هەیە، لەبەر ئەوەی داستان بە شیعر هۆنراوەتەوە جوانی و گەوهەری شیعریش بەهۆی زمانەوانی و تایبەتمەندییەکانی دەردەکەوێت؛ بە پێی ئەرکەکانی لە ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی ئاستەکانی (دەنگ، وشە، ڕستە...)کان بەشێوەیەکی هونەری لە ناو دێڕەکاندا و گونجاندنیان لە گەڵ بابەتەکانی داستاندا، بەکارهێنانی هونەری لادانی زمانی بەمەبەستی بەخشینی ئێستاتیکا بە شیعر. واتە لادان لە هەریەک لەو ئاستانە دەبنە هۆی جیاوازی لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی بە تایبەت زمانی شیعر. خانا ئەم جۆرەی ڕستەی بە زۆری لە سەرەتای بەندەکاندا بەکارهێناوە، ئەمەش لایەنێکی گرنگی هونەرییە ڕۆڵێکی باشی هەیە لە پشوودان بە خوێنەر، تا کاتێک دەگاتە ناوەڕۆکی ڕووداو گێڕانەوەکە؛ خوێنەر پشوویەک وەربگرێت و بە وزە و توانایەکی باش داستانەکە بخوێنێتەوە. لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە ڕستە داخوازییەکانی داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) دەخەینە ڕوو.

**بەندی (٢)　گۆش بدەن وە ڕاز زەمانەی وەرین　　بەیان کەم ڕازان شای نۆش ئافەرین.**

**بەندی (٣)　وات ئەی سەروەناز نازدار نازم　　مەخفی بۆ جە لات رازو نیازم**

**نەدەری بەدەر ڕاز نەهانیم　　هەر تۆ بزانیم هەر من بزانیم**

**تەڵەب کەرد دایە وات ئەی هامڕازم　　ڕەفیق موونس مەحرەمی ڕازم**

**ئارۆ یەک گوفتە ها نە دەماغم　　ئیمشەو ئارەزووی گوڵزار باغم**

**ئیمشەو یەک جەوان مێهمانمانەن　　هەم دیدە و هەم ڕۆح هەم جانمانەن**

**فیدات بام دایە یار غەمخوارم　　چراغان کەرە باغ گوڵزارم**

**گوڵاو پاشی کەن تەمام ئەخیاوان　　بۆ بدۆ نەبۆی حەوزو سەراوان.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧٣-٨٦)

لەبەندی (٢) بەڕستەیەکی داخوازی داوا دەکات و دەڵێت: گوێ بگرن بۆ ڕازی زەمانی پێشوو با بۆتان باس بکەم ڕازی شای نۆش ئافەرین، پاشان دەست بەگێڕانەوەکەی دەکات، کە شازادە بە دزییەوە دەڕوات نۆش ئافەرین ببینێت؛ بەیانی دایەنەکە لێی دەپرسێ ئەمشەو ئەوە کێ بوو لە ژوورەکەت ئەویش فەرمانی پێ دەکات بە کەس نەڵێت و نهێنی بێت لەلای دواتر فەرمانی پێ دەکات کۆشک برازێنێتەوە بە چراو ڕووناکی و گوڵاو پژێنی کات، چونکە میوانێکی خۆشەویستی هەیە.

**بەندی (٧)　گۆش بدەن بە داستان پڕ نە جەفاو دەرد　　کێ بە دام سەخت موبتەلا نەکەرد**

**بەندی (١٠)　گۆش دەن بە داستان زەمانەی وەرین　　وەی تەور کەرد بەیان جە نۆش ئافەرین**

**بەندی (١٢)     گۆش بدەن بە کار چەرخ چەپی واز          هەنگامەی عەزیم جە نەو مەبۆ ساز**
**گۆش دەن بە راز زەمانەی وەرین          جە نەو بشنەوین جە نۆش ئافەرین**
**بەندی (١٤) گۆش بدەر بە من بشنەوە رازم          بزانە مەتڵەب ڕازو نیازم**
**بەندی (١٨) گۆش دەن بە داستان خانای خان قوباد          وەی دنیای بێ پۆ هەرگیز نەوین شاد**
**شازادە واتش مەکەن مدارا          هۆرێزن بشین بە دەشت و سارا**
**بەندی (١٩) خانا گۆش بدەر چەرخ کەچ نەبەرد     کێ بە دام سەخت موبتەلا نەکەرد**
**مەبۆ تۆ بە شەوق بە شادی و دەماغ          زوومن ببەری بە تۆی قەسر خاک**
**بەندی (٢١) خانا ئەی دونیا نەمەیۆ بەکار          ئەی داستان واچە پەرێ رۆزگار**
**بەندی (٢٢) گۆش دەر بە داستان زەمانەی کەچ باز     هەنگامەی عەزیم چ تەور مەبۆ ساز.** (ئەمینی، ٢٠١١ ٩٤-١٨٣). خانا بەگشتی لە بەرهەمەکانیدا ڕستەی داخوازی بەکار دەهێنێت لەم داستانەشدا لە زۆربەی  بەندەکاندا ڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەکات، کە گوێی بۆ بگریت، هەندێک جاریش ئامۆژگاری گوێگر دەکات دڵی بە دونیا خۆش نەبێت و هەندێ سیفەتی دزێوی دونیا دەخاتە ڕوو؛ ئەم حاڵەتانەی زیاتر لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوی ناپاکی و کوشتن و ناخۆشییەکاندا دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا ئەو ئامۆژگارییە بۆ خۆی دەکات و دەکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆی بۆ نموونە لە بەندی (١٩، ٢١)دا دەڵێت خانا گوێ لە دەورو زەمانەی کەچ بگرە، پاشان لە خۆی دەپرسێ کێی بە داوی سەخت گرفتار نەکرد، خانا ئەم دونیایە بەکار نایەت، یاخود سودی نییە ئەم داستانە بڵێ بۆ ڕۆژگار؛ لێرەدا لە خەمی داهاتووە و هانی خۆی دەدات، کە دونیا بۆ کەس نامێنێ و تەواو دەبێت، بۆیە باشترە ئەم داستانە بنووسێت بۆ نەوەی داهاتوو.

**بەندی (٢٥)  خانا گۆش بدەر دنیا بێ شەرمەن          هەر ڕۆ بە ڕەنگێ بازاڕش گەرمەن**
**گاهێ مەدۆ نۆش گاهێ مەدۆ ڕەنج          گاهێ مەدۆ سەنگ دەمێ مەدۆ گەنج.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٨)

واتە خانا گوێ بگرە دونیا بێ شەرمە هەر ڕۆژێ بە ڕەنگێ بازاڕی گەرمە جارێک خۆشی و نۆشت دەداتێ جارێک ڕەنج و ماندووبوونت دەداتێ ...هتد پاشان بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکەی، کە زەلغەم نۆش ئافەرین دەبات بۆ چیای زەرغام شازادە زۆر تورە دەبێ دەست دەکات بە جنێودان بە زەلغەم، جا مەبەست لەم فەرمانکردنە بە خۆی و خستنەڕووی دونیا، کە خۆشی و ناخۆشی تێدایە لەوەدایە، کە گێڕانەوەکەی ڕەنگڕێژی لایەنی ئێستاتیکا و هونەری بکات و پێمان بڵێت دونیا ئێستا ناخۆشی و غەم بە شازادە دەدات؛ لە کاتێکدا ڕۆژانی پێشوو لەو پەڕی خۆشی و شادیدابووە، بۆیە بۆ هەموو کەسێک خەم و خۆشیی تێدایە.

**پ-ڕستەی پرسیاری:** بەو جۆرە ڕستەیە دەوترێت، کە قسەکەر زانیاری لە بارەی شتێک، کەسێک، ڕووداوێک......نییە، یاخود دڵنیا نییە لە زانیارییەکەی بۆ زانین یان دڵنیا بوون لەکەسی بەرانبەر، کە گوێگرە دەپرسێت لە ڕێگەی جێناوەکانی پرس وەک (کێ، کەی، کوێ، چی، چۆن، کام.....) هەریەکە لەم

جێناوانەش بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردێن بۆ نموونە (کێ) بۆ پرسیارکردنە لە کەس (کەی) بۆ پرسیارکردنە لە کات...واتە (( مەبەست لە پرسیارکردن دەستخستنی زانیارییە. لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت، چونکە قسەکەر زانیاری لا نییە دەیەوێ بە هۆی پرسیارکردنەوە ئەو زانیارییانە بە دەست بێنێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ٤٧)، هەندێک جاریش قسەکەر لە خۆی دەپرسێت؛ بۆ نموونە لە دوای کردنی کارێک یان نەکردنی، جا لە ڕابردوو بێت یاخود داهاتوو لە دۆخێکی تایبەتدا بیردەکاتەوە و پرسیار لەخۆی دەکات لەو جۆرە پرسیارانەش(من بۆ ئەو کارەم نەکرد؟) (چۆن ئەو بابەتەم باس نەکرد؟) (لە پێناو کێ چاوەڕێ بکەم؟) (تۆ بڵێیت بەیانی کێ سەردانم بکات؟ )........هتد واتە (( لەم جۆرە ڕستەیەدا قسەکەر ڕستەی پرسیاری ئاڕاستەی خۆی یان بیسەر دەکات بەمەبەستی ئاشنابوون بە زانیاری و هەواڵی نوێ)) (کەریم، ٢٠١٤، ١٤٢).یاخود ڕستەی پرسیاری (( بەو ڕستانە دەگوترێت کە قسەکەر بۆشاییەکی لە زانیارییەکانی هەیە، بەو واتایەی قسەکەر شتێک نازانێت یاخود لەلای ڕوون نییە، بۆیە بەهۆی پرسیارکردنەوە زانیارییەکانی دەست دەکەوێت، کەواتە لە ڕستەی پرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانین و زانیارییە، هەروەها تایبەتمەندی ڕستەی پرسیاری نیشانەی پرسیار لە کۆتاییدا دادەنرێت وە لە زمانی کوردی بە دوو شێواز دروست دەکرێت: ١-بەهۆی جێناوەکان پرس: (کێ، کام، بۆ، چۆن....هتد) ٢- بەهۆی ئاوازەوە)) (خۆشناو، ٢٠١٢، ٣٢-٣٣). بۆنموونە لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**بەندی (١) واتش عەزیزان <u>چۆن</u> کەفتەن راتان وە بان دیدەم گەرد پالاتان**

**<u>چتەور</u> ناوەردین تەشریف وەیانە بفەرمان بچیم وە بەندە خانە**

حەمید، کە سەرەتا دەبێتە قسەکەر زانیاری نییە لە بارەی شازادە سوڵتان و وەزیرەکەی کاتێک دەیانبینێت، بە جێناوی پرسی (چۆن و بۆچی) دەپرسێت. واتە وتی ئازیزان چۆن ڕێگەتان کەوتووەتە ئێرە ؟ خۆڵی پێڵاوتان سەرچاوم. بۆچی تەشریفتان نەهێناوەتە ماڵەوە؟ فەرموون با بچین بۆ ماڵی بەندە. ئەتوانین بڵێین خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە خانا دەیەوێت بە هۆنینەوەی ئەم ئادابی سەلام کردنە میوان دۆستی و خانەدانی نەتەوەیی پێشان بدات. ئاوەزی گەنجێک دەردەخات، کە یەکەم جارە دوو کەس دەبینێت خێرا هەست دەکات غەریبەن بەو پەڕی ڕێز و شکۆوە سڵاویان لێ دەکات و خولقێکی گەرم و خانەدانییان لێ دەکات، کە دەبێتە هۆکاری سەرسامی و خۆشحاڵی زۆری شازادە و وەزیرەکەی و دەڵێن:

**شازادە و وەزیر خەیلێ خوشحاڵ بین واتشان ئەحسەن هەزار ئافەرین**

پاش چەند ساتێک و سەرنجدانی شازادە و وەزیر لە شوێنی ئەو گەنجە سەریان سووڕ دەمێنێ چۆن بە تەنها لەو دارستانە دەژیت وەزیر لێی دەپرسێت و دەڵێت:

**وەزیر کاردان فەهمیدەی گوزین پەرسا ژ حەمید وە لەفز شیرین**

**وات واچە پەرێم تۆ چ کارەنی وە تەنیا نە تۆی ئەی تالارەنی**

**حەمیدیش لە وەڵامدا دەڵێت:**

**واتش ڕاز من بێ حەد شمارەن بەختم سیاهەن چارەم ناچارەن**

**ئێوە بواچین حاڵات وێتان ئەوسا شەرح وێم ماچوو پەرێتان**

لەبەر ئەوەی شوێنەکە و مەبەست و گفتوگۆکە چاوەڕوان نەکراوە، بۆیە جگە لە ڕستەی پرسیاری ڕستەی سەرسووڕمانیشی تێدایە وەک (وات واچە پەرێم تۆ چ کارەنی؟) (وە تەنیا نە تۆی ئەی تالارەنی؟!) (واتشان ئەحسەن هەزار ئافەرین!)، پاشان شازادەش دەست دەکات بە گێڕانەوەی ڕازو نیازی و هۆکاری سەفەرکردنەکەی و دەڵێت:

**بە عەزم دەمشق نەهانیی عادل تەی کەردیم راهان مەنزڵ بە مەنزڵ**

**تەی مەراحل مەنزڵ تەی کەردیم تەشریف وە لەب دەریا ئاوەردیم.( ئەمینی، ٢٠١١،٥٥-٥٦)**

بەم جۆرە بە ڕستەی پرسیار و وەڵام، یاخود دیالۆگ و دواندنی نێوان شازادە و وەزیرەکەی لەگەڵ حەمید ئەو گەنجە لە دارستان بووە هاوڕێ و هاوکاریان بەردەوام دەبێت. لێرەدا لە نێوان ڕستەی دێڕەکاندا دێڕێک دەبێتە پرسیارو دێڕی دواتر دەبێتە وەڵام بەم جۆرە بەردەوام دەبێت، کە چەندین ڕستەی مۆسیقایی و واتایی دروست دەبێت کۆتای بەندەکەش بە ڕستەیەکی داخوازی دادەخرێت، کە داوا لە خوای گەورە دەکەن هاوکاریان بێت لە ڕۆشتن و گەیشتنیان بە دیمەشق.

**بەندی (٥) دایە وات ئەی شۆخ نازدار بێگەرد حەرفێ مە پەرسو جەلات نەبۆ دەرد**

**ئەو کەسە <u>کێ</u> بی ئیمشەو هامڕازت تەکیە کەردەبێ دوو بازووی نازت**

**یە ڕەفتار نییەن گرتەنت نەسەر ئەگەر بزانۆ پادشای سەروەر**

**مەکەرۆ وەپەند رووی رۆزگارم گوربە مەوزۆ نەتۆی شەلوارم.( ئەمینی، ٢٠١١، ٩١-٩٢)**

لێرەدا دایەنەکەی دە بێتە قسەکەر و زانیاری لا نییە، بۆیە پرسیار لە نۆش ئافەرین دەکات و دەڵێت: (حەرفێ مە پەرسو جەلات نەبۆ دەرد؟) (ئەو کەسە کێ بی ئیمشەو هامڕازت؟) واتە وشەیەک دەڵێم لات نەبێتە دەرد ئەو کەسەکێ بوو ئەمشەو بوو بووە هامڕازت دواتر ئاگاداری دەکاتەوە، کە ڕەفتارەکەی هەڵەیە گەر پاشا بزانێ سەرکۆنەی ئەو دەکات و دەیکاتە پەندی ڕۆژگار؛ نۆش ئافەرینیش پارچەیەک لە خشڵی دەداتێ تا بێدەنگ بێت و بە کەس نەڵێت.

زمانی داستان زمانێکی گێڕانەوەییە؛ ڕێزمانی گێڕانەوەش تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوانە: بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری لایەنی هونەریی گێڕانەوە و تەکنیکە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی وەک (وەسف، گفتوگۆ، پلۆت.....) ئەمانە وا دەکەن، کە ڕوودا و بەسەرهاتەکان ببنە داهێنان وە بەرهەمی گێڕانەوەی وەک داستان جیاواز بێت لە گێڕانەوەی ئاسایی، لەبەرئەوە ئاساییە سەدەها جۆری ڕستەی وەک (هەواڵگەیاندن، پرسیاری، فەرمانی، سەرسووڕمانی.....) بوونیان هەبێت، چەند نموونەیەکی دیکە دەخەینە ڕوو لەوانە:

**بەندی (٧) مەلیک وات وەزیر تەنها بێ یاوەر تەنها <u>چۆن</u> بشووم وە قەسر دڵبەر**

**<u>چێش</u> واچووم جواو عوزر لوانم <u>چۆن</u> مەسمووع ببۆ رازو زوبانم.**

**بەندی (٩) نیگا کەر نە کار زەمانەی کەچباز چەنی <u>کێ</u> کەمەر بەستەن وە ئەمجاز**

**چەنی کێ پۆشان وێش وە بەقاوە    تا سەر چەنی هەم کێ شین بەراوە**
**ئەی شەخسە کێ بۆ نەی شەو دەیجوور    ئەی کۆڵە چێشەن ئاوەردن جە دوور**
**عەزم کۆ دارۆ چێشش مەقامەن    با من بپەرسووم ئەو مەرد چێش نامەن.**
**بەندی (١٠)ئەی بارە چێشەن نە پشت کەردەنت    جە خەزانەی کێ تۆ ئاوەردەنت**
**ئەفراسیا وات ئەی بەدەن سیا    پەی چێش مەگێڵی کووچەو گوزەرگا**
**ئەی کۆڵە چێشەن نەی شەب دەیجوور    گرتەنت نە دۆش چون دوزدان دەستوور**
**بەندی (١٧) ئەی چەرخ غەدار پڕ جە قەباحەت    کێ نیشتەن تیدا ساتێ بە راحەت**
**زوخاو جەرگش بە کێ نەنۆشا    بەرگ ماتەمی بە کێ نە پۆشا**
**هەر جە عارفان تا شەهریاران    کێ نەوست نەمەوج دەریای هەزاران.**
**بەندی (١٨) مورغ سەبز پەرسا پەی چێ مەکۆشی    پۆست ئەی درەخت پەی چێ مەنۆشی**
**شازادە پەرسا ئەی مورغ شیرین    پەی چێش کەفتەنی نە تەخت زەمین**
**مورغ وات فیدات بام، چونکە پەرسای لێم    پەنەت مەواچوم سەرگوزشت وێم** (ئەمینی، ٢٠١١، ٩٧-١٥٩)

کەواتە ڕستەی پرسیاری لە زمانی کوردیدا بە دوو جۆر دروست دەبێت یان بەهۆی جێناوی پرسەکانەوە یان بەهۆی ئاوازەوە، هەروەها ئەو دوو جۆرەش جیاوازن بەوەی، کە (( جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرەی ڕستەی پرسیاری بە شێوەیەکی گشتی لەوەدایە، کە پرسیارکردن بەهۆی ئاواز داوای زانیاری ناکات، بەڵکو وەڵامەکەی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەبێت، بەڵام لە شێوەی دووەمدا داوای زانیاری دەکات و وەڵام بە (بەڵێ) یان (نەخێر) نادرێتەوە)) (کەریم، ٢٠١٤، ١٤٤). بەگشتی ڕستە پرسیارەکان لەم داستانەدا بەهۆی جێناوی پرسەوە دروست کراون نیشانەی پرسیار بۆ هیچ یەکێک لە ڕستە پرسەکان دانەنراوە لە لایەن ساغکەرەوەی داستانەکە، ئەمەش دەبێتە ڕێگرییەک لە ناسینەوەی ئەو ڕستە پرسانەی، کە بەهۆی ئاوازەوە دروست دەکرێن. نەک بۆ ئەم جۆرەی ڕستە، بەڵکو بۆ جۆرەکانی دیکە نیشانەی پێویست بە خۆیان دانەنراوە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم خاڵە دەبێتە خەوشێک لە ڕێزمانی ئەم داستانە، چونکە نیشانەکانی وەکو(؟ / !...) تایبەتمەندی گرنگی ڕێزمانی و ڕستەسازین بۆ بەرهەمی داستانی.

**د-ڕستەی سەرسوڕمان :** ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە قسەکەر بەهۆی بینین، یاخود بیستن و هەستپێکردنەوە هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت ئەو سەرسام بوونەشی بە جۆرە ئاوازێکی بەرز یان نزم دەردەبڕێت، جا ئەو هەستە بۆ خۆشحاڵی بێت یان بۆ ناخۆشی، نیشانەی سەرسووڕمانیش، گەر وشەی سەرسوڕمان هەبوو لە دوای ئەو وشەیەوە دادەنرێت، گەر نەبوو نیشانەکە دەچێتە کۆتای ڕستەکە. واتە (( ئەو ڕستەیەیە، کە واتای هەی هۆلان و سەرسوڕمان لە ڕووداوێک، هەواڵێک شتێک و ...هتد، دەگەیەنێت. ڕستەی خەبەردان، پرسکردن و فەرمانکردن لەگەڵ بەهێزکردنی هێزیاندا مانای سەرسووڕمان دەگەیەنن)) (موکریانی، ١٩٨٦، ٦٧). تایبەتمەندی ئەم جۆرە ڕستەیە، جگە لە بوونی نیشانەی تایبەت بە خۆی وەک (!) وشە سەرسووڕمانەکان لە دوو شێوازی دەربڕینی خۆشیی و

ناخۆشیدا جیاوازن و بۆ دوو مەبەستی جیاواز دەردەبڕدرێن، کە لە شێوازی خۆشیدا (( وشـەکانی (هەربژی، ئافەرین، ئۆخەی،.......) بەکاردێن واتە لەم جۆرەدا قسـەکەر هەسـتی خۆی بە ڕاسـتی و بە بێ دەستکاری وەک چۆن لە دەروونیدا هەیە دەریدەبڕێت، بەجۆرێک ئەمجۆرەیان بۆ مەبەستی هاندان و دەستخۆشـی کردن بەکاردێت وەک: ئـافەرین! بەیەکەم دەرچووی، بەڵام لە شـێوازی دووەم وشـە سەرسووڕمانەکانی (ئاخ، ئۆف، پەکو، ئای.....) ئەمجۆرە بۆ داشۆرین و شکاندن و لایەنـی خراپەکـاری بەکاردێت وەک: ئـۆف! لە کچـی ئەم زەمـانە)) (خۆشـناو، ٢٠١٢، ٢٨). بـۆ نمـوونە لەم داسـتانەی خانـای قوبادیدا لە بەندی (١١) دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **هەرتا نیازت مە بۆ موبارەک** | **بکەرۆ ئەنجام تەهیەو تەدارەک** |
| **بیبەرۆ پەی ویش بە شادۆمانی** | **تۆ مەبی فاریغ بە کامەرانی** |
| **پەسەند کەر تەدبیر شای دارا نگین** | **واتش بە وەزیر هەزار ئافەرین.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١١٩) |

ئەمە گفتوگـۆی نێـوان بـاوکی نـۆش ئـافەرینە لەگەڵ وەزیـرەکەی، کاتێـک مەلیـک مەحمـوود پـلان دادەنێـت بـۆ کوشـتنی شـازادە سـوڵتان ئیبـراهیم، بەڵام ئەو شـەوە نـۆش ئـافەرین شـازادە سـوڵتان ئیبـراهیم ڕزگـار دەکـات و ئەفراسـیاو دەکوژێـت بـۆ بەیـانی هەواڵـی ئەم شـەڕە و کوشـتنە دەگـات بە جەهـانگیر شـا بـاوکی نـۆش ئـافەرین زۆر شـپرزە دەبێـت نـازانێ چـی بکـات وەزیـرەکەی پلانێکـی گونجاوی بۆ پێشنیار دەکات ئەویش سەرسام دەبێت بە پلانەکەی و دەست خۆشی لێ دەکات (واتش بە وەزیر هەزار ئافەرین!) وشەی (ئافەرین!) ڕستەکە دەکاتە ڕستەیەکی سەرسووڕمان.

| | |
|---|---|
| **بەندی (١٥) پادشا ئەژنی خیلێ بێ خوشدڵ** | **بۆسا دەست و پا فەیازی کامڵ** |
| **شا کە نیگا کەرد مەردێ دی وەچەم** | **بە کەفت و بازوو بە وێنەی روستەم** |
| **شا خەیلێ خوشحاڵ پەرێ کەماڵش** | **هۆرێزا جە تەخت دەس گرت وە باڵش** |
| **ئاوەرد بە نەزدیک نیشتە جای ویش** | **خەیلێ تەوازع چەنی بکەردش** |
| **دەست بەرد پەرێ دورج گەردەن رەها کەرد** | **دورجش نە گەردن تووتی بەرئاوەرد** |
| **تەمام مەجلیس مەکەردن نگا** | **شازادان یەکسەر چەنی پادشا** |
| **تووتی بە زبان فەسیح گوویا بی** | **ئیبتیدا حەرفش بە بیسمیلا بی** |
| **جەو دما واتش، سوڵتان ئیبراهیم** | **ئینشەڵا بە فەزڵ ئیسم عەزایم** |
| **مەدەدکارتەن فەیز نوور زات** | **تۆ نۆش ئافەرین مەدەری نەجات.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٣٣). |

کاتێک فەیازی عابد تووتییەک دەداتە پاشـا و دورجێک دەکـاتە ملی و پێـی دەڵێـت شـازادەکان کـۆ بکەرەوە با هەر یەکەیان ئەو دورجەی ملی دەربێنن تووتییەکە لەگەڵ کامیان کەوتە قسـە ئەوە دەبێتە ڕزگارکەر و هاوسەری نۆش ئافەرین لەو کاتەدا، تووتییەکە لەگەڵ هیچکام لە شازادەکان قسـە ناکـات دەگاتە سەرەی شازادە سوڵتان ئیبراهیم، کاتێک دوورجی ملی تووتییەکە دەردێنێ هەموو مەجلیسەکە بە سەرسـووڕمانەوە سـەیر دەکەن (تەمـام مەجلیس مەکەردن نگـا!) (شـازادان یەکسـەر چەنـی پادشـا !).....هتد تووتی بە زمانێکی پاراو بە شازادە دەڵێ تۆ نۆش ئافەرین ڕزگار دەکەیت، لەبەر ئەوە تەوای

شازادەکان و هەرچی لە کۆشکدایە سەریان سوور دەمێنێ لەم کارە، بۆیە دەکرێ بڵێین دەربڕینی خۆشحاڵی پاشا بە دەست و پا ماچکردنی فەیاز لە پای هەواڵ پێدانی بە بوونی تووتییەک بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی و هاتنە گفتوگۆی تووتییەکە لەگەڵ شازادە سوڵتان ئیبراهیم سەرجەم ئامادەبووان سەرسام دەکات، هەرچەندە ساغکەرەوەی ئەم داستانە نیشانەکانی (پرس، سەرسووڕمان.....)ی دانەناوە، واتە گرنگی بە خاڵبەندی و نیشانە ناسی نەداوە بەڵام لەڕێگەی ئاوازو دەربڕینی هەستەکان بە جۆری جیاواز دەتوانرێت ڕستە سەرسووڕمانەکان دیاریبکرێن.

**بەندی (١٧) داغڵ بین بە باغ جەزیرەی پڕ گوڵ مەبی حەیرانش دڵێ نە هەزار دڵ**

**باغێ دین چ باغ <u>عەجەب</u> گوڵزارێ نییەن نە سەرای هیچ شەهرە یارێ**

**میوەی ڕەنگاو ڕەنگ بە هەم پەیوەستە ڕەنگا، ڕەنگ (لوءلوء) گوڵ دەستە دەستە.**( ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٥-١٤٦)

کاتێک شازادە دەگاتە جەزیرەی (گۆیا) سەرسامی باخ و گوڵ و گوڵزاری دەبێت. ڕستەکانی ئەم وەسفکردنی باخە دەبنە ڕستەی سەرسووڕمان لەوانە (مەبی حەیرانش دڵێ نە هەزار دڵ!) (باغێ دین چ! باغ عەجەب گوڵزارێ) (نییەن نە سەرای هیچ شەهرە یارێ!).......هتد.

**بەندی (١٨) شازادە واتش بە یاران وێش ئەی مەشعەلانە ئینە یانی چێش**

**ئەی مەشعەلانە جەی بیابانە ئەڵبەت چەشم دێو یا چەند بەیانە**

**جە بەین وێشان نەی گفتوگۆبین ناکا زەنگیان ئامان نەکەمین**

**هەفتا هەزار دێو قەد وێنەی چنار دەهەن بە غەوغا وێنەی سیامار**

**هەریەکێ سەنگێ کەمتەر بی نە کاخ بە وێنەی زیوەر کەردەنش سوراخ.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٥٤)

لە دوای جەزیرەی گۆیا دەگەنە جەزیرەی (واق واق) لەوێ پشوودەدەن، بەڵام بۆ دەمەو بەیانی چەند هەزار ڕووناکییەک دەبینن شازادە بە سەرسووڕمانەوە دەپرسێت (ئەی مەشعەلانە ئینە یانی چێش؟!) (ئەی مەشعەلانە جەی بیابانە؟!) (ئەڵبەت چەشم دێو یا چەند بەیانە؟!) لەم گفتوگۆیە بوون لە ناکاو زەگییە مرۆڤ خۆرەکان هاتن لە وەسفی ئەم زەنگییانە دەڵێت: (هەفتا هەزار دێو قەد وێنەی چنار!) (دەهەن بە غەوغا وێنەی سیامار!) (هەریەکێ سەنگێ کەمتەر بی نە کاخ!) (بە وێنەی زیوەر کەردەنش سوراخ!)......هتد **بەندی(٢١)**

**زەلغەم دیش ئاما نەبیرەی عادل لەرزا ژو سامش سەرسام بی خجل** .( ئەمینی، ٢٠١١، ١٧٨-١٨٠)

لە ڕووو بە ڕوو بوونەوەی دەلغەم و شازادە سوڵتان؛ زەلغەم سەرسامی هێزو توانای شازادە دەبێت، زۆر شپرزە دەبێت (لەرزا ژو سامش سەرسام بی خجل!) شازادە سەرەتا دەلغەم دەکوژێت زەلغەم، کە ئەمە دەبینی پەلاماری دەدات شازادەش بە مستێک لێی دەدات و بێ هۆش دەبێت کاتێک بەهۆش دێتەوە بە سەرسووڕمانەوە دەکەوێتە وەسفی شازادە و دەڵێت: (واتش ئەی جەوان زۆردار زۆر مشت!)...هتد دواتر بەردەوام دەبێت لە وەسفی شازادە و تکای لێ دەکات کە بیبەخشێ؛ ئەویش دەیبەخشێت و ئازادی دەکات.

| | |
|---|---|
| **بەندی(٦٣) مەیموونە خاتوون وانا ئافەرین** | **واتش مەرحەبا ئەی شێری گوزین** |
| **مەرحەبا وەزیر سەد جار ئافەرین** | **نەجات دەهەندەی شازادەی ماچین** |
| **سوڵتان ماچین نیگای چوار دەور کەرد** | **تەمامی شاهان وەنەزەر ئاوەرد** |
| **چی ژ خانەی فیکر شاه ساحێبقێران** | **پەرێ چێش پۆشان لیباس قەتران** |
| **واتش ئەی یاران نمەز یە چێشەن** | **ژەی بەرگ سیا دڵ وە ئەندێشەن** |
| **یاران یانی چێش بواچن پەرێم** | **یە چ خەبەرەن حاڵی کەن وە پێم** |
| **شازادە خەیلێ تە عەجوب مەکەرد** | **مامان وە خزمەت فەوج فەوج زەن و مەرد.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٤١٢-٤١٣) |

کاتێک خان محمد بە ڕێنمایی فەیازی عابید تەلیسمی زەریری جادووگەر لە کێوی قاف دەشکێنی و شووشەکە لە ناو جەرگی زەریری جادووگەر دەردێنێ پاش چل ڕۆژ دەگاتەوە بە شازادە ڕزگاری دەکات؛ مەیموونە خاتوون زۆر خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت دەڵێت: (مەیموونە خاتوون وانا ئافەرین!) (واتش مەرحەبا ئەی شێری گوزین!) (کارێ تۆ کەردی شێر بێ میساڵ!) (هەرگیز نەکەردەن نە رۆستەم نە زاڵ!) (مەرحەبا وەزیر سەد جار ئافەرین!) (نەجات دەهەندەی شازادەی ماچین!)، پاشان بە ڕێنمایی فەیازی عابید چارەسەرەکە بەکار دێنێ شازادە دێتەوە هۆش خۆی، جا لەو کاتەدا زۆر سەری سووڕ دەمێنێت و دەڵێت: (پەرێ چێش پۆشان لیباس قەتران؟!) (واتش ئەی یاران نمەز یە چێشەن؟!) (ژەی بەرگ سیا دڵ وە ئەندێشەن؟!) (یاران یانی چێش بواچن پەرێم؟!) (یە چ خەبەرەن حاڵی کەن وە پێم؟!) شازادە خەیلێ تە عەجوب مەکەردا)....هتد ئەم هەست دەربڕینە چ خۆشی بێت، یاخود ناخۆشی دەبنە ڕستەی سەرسووڕمان.

واتە دەتوانین بڵێین زمانەوانی و ڕێزمانی گێڕانەوە بەگشتی و بەرهەمی داستانی تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی، کە داستاننوس بە جۆرێک هەموو کەرەستە و بەشەکانی ئاخاوتن وەک ئەم جۆرانەی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەکاردەهێنێت، تا ببنە هۆکاری گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی گێڕانەوە لەلایەک و بەخشینی ئێستاتیکایەکی بێ وێنە بە داستانەکە لە لایەکی دیکەوە، بۆیە ((ڕێزمانی گێڕانەوەش بە مانای کۆمەڵێک حوکم یان فۆرمول دێت کە ئەم یاسایە شیدەکەنەوە، ئەم کۆمەڵە یاسایە وەک زمان، لە خودی گێڕانەوەوە دەرهێنراوە، بە ئاسانی بەهۆی ناسینی دەستوورەکانەوە دەتوانرێت گێڕانەوە لە ناگێڕانەوە جیابکرێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە خەسڵەتی مرۆڤەوە هەیە بۆ گێڕانەوە، چونکە ڕەنگە هەموان نەتوانن باش بگێڕنەوە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دا کە مێژوو و مرۆڤناسی لێی بەئاگایە، دەزانن بگێڕنەوە و لە منداڵییەوە فێری ئەمە دەبن، هەر بۆیە هەمووشیان دەتوانن گێڕانەوە لە ناگێڕانەوە یان بە واتایەکی تر چیرۆک لە ناچیرۆک جیابکەنەوە. ئەمەش پەیوەستە بە یاسایەکی ناوەکییەوە، کە دیاری دەکات چ شتێک گێڕانەوە و چ شتێک گێڕانەوە نییە. دواجار هەموان لەسەر ئەو خاڵە ڕێکن، ئایا ئەو کۆمەڵە ڕەگەزە گێڕانەوە پێکدەهێنن، یان نا، وەک چۆن لە زمانێکی دیاری کراودا، قسەپێکەرانی، دەزانن ئایا ئەو ڕەگەزانە ڕستەیەکی مانادار دروست دەکات یان نا. هەموو ئەمانەش پەیوەندی بە فێرکردنەوە نییە، بەڵکو کەسی قسەکەر خۆڕسکانە ئەوە دەکات)) (کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ٢١-٢٢).

# پــاری سێیـەم

## ڕوونبێژی

یەکێکە لە بەشـەکانی ڕەوانبێـژی؛ لەو هـونەر و بنەمایـانە پێکدێت، کە دەبـنە هۆکـاری بەخشـینی ڕوونی و جوانی و سەرنجڕاکێشی قسە و بابەتی ئەدەبی بە تایبەت شیعر، دوور خستنەوەیان لە لێڵی و تەم و مژی. واتە لەڕێگەی ئەم بنەمایانەوە یەک واتـا بە شێوازی جۆراو جۆر دەردەبڕێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە هەڵبژاردنی وشـەی پوخـت و لەبـار و ڕێکخستنێکی ژیربێژییانە هەیە، لەبەر ئەوە ڕوونبێژی (( بۆ ئاشکراکردنی وردەکارییە لە ڕێی بنەماکانی، وەک چواندن و خـوازە و خواسـتن و درکە و تەوس، بەم واتایە ڕوونبێژی بە مانا هونەرییەکەی دەربڕینێکی ڕەوانە لە گوزارشتکردن و دیاریکردنی مەبەست و مانای نێو دڵ)) (گەردی، ٢٠١٣، ١١٩).

بەگشتی ڕەوانبێژی گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە لە سەرجەم بەرهەمەکاندا لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (الرحمن)دا ئاماژەی پێدراوە ﴿الرَّحْمَنُ * عَلَّمَ الْقُرْآنَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ* عَلَّمَهُ الْبَيَانَ﴾ (سورەتی الرحمن، ئـایەتی١-٤)، هەروەهـا چەنـد بەشـێکی هەیە، کە(( بەشــەکانی ڕەوانبێـژی کـراونەتە سـێ: واتاناسـی، ڕوونبێـژی، جوانکـاری)) (مستەفا، ٢٠١١، ٢٠). زانسـتی ڕوونبێـژی ئەدەبـی گرنگتـرین بەشـی ئەدەبییە، بەجۆرێک لە شێوازناسیدا یەکەمین گۆڕانکاری شێوازی لە ڕووی ئەدەبییەوە لە ڕێگەی ڕوونبێژییەوە دێتە کـایەوە، هەروەهـا (( ڕوونبێـژی دیـارترین و گرنگتـرین زانسـتی ڕەوانبێـژییە، چـونکە زۆرتـرین هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی کە بـریتین لە خـوازە خواسـتن درکە چوانـدن تیایـدا کۆبـووەتەوە کە ئەمـانە پێکهێـنەری وێـنەی هـونەرین لە بوونیـادی شـیعریدا)) (فەرحـان، ٢٠١٥، ٢٦)، بـۆیە هـونەری ڕوونبێـژی ((زانستێکە لێیەوە فێری ڕووەکانی دەربڕین لە واتـای مەبەسـت دەبین، بە هەردوو واتـای وشـەی بۆ دانراو و واتای عەقڵیش پێکەوە)) (محمد، ٢٠٠٢، ١٣). هەرسێ بەشەکانی ڕەوانبێژی پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە، کە ((پەیوەندی ڕوونبێژی بە واتاناسی پەیوەندی کەرتە بە گشت، چونکە واتاناسـی گشـتگیرتر و فراوانتـرە، بەڵام هەرچـی جوانکـارییە ئەمە بەرجەسـتەبووێکی هەسـتی جوانییەکـانی ڕوونبێژی و واتاناسییە))(الهبیل، ٢٠٠٤، ٢٥٦).

عەزیز گەردی دەڵێت: ((ڕوونبێژی باسێکی زۆر فراوانە و ئەو هەموو شتانە دەگرێتەوە، کە پەردە لە ڕووی گـوزارە لا ئەدەن و دەیـخەنە بەر چـاوەوە، یـان بیـرو باوەڕێـک دەگـرن و دەیـخەنە ڕوو، تاوەکو گوێگر یا خوێنەر بتوانن بگەنە کرۆکی مەبەستەکان و لێیحاڵیبن)) (گەردی، ١٩٧٢، ١٨). کەواتە ڕوونبێژی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ درووست بوونی وێنەی شیعری و دەورێکی گرنگ و گاریگەری هەیە لە شیعر و داستانە شیعرییەکاندا لە پەخشـان و گوفتـاری ئاسـایی جیایاندەکاتەوە بە ڕوونی و ڕازاوەیی دەیانخـاتە ڕوو وا لە خـوێنەر دەکـات بە چێژو خۆشـییەکی تـایبەتەوە بیـانخوێنێتەوە، بـۆیە دەکرێ (( پەخشان بەوە بچووێنین، کە بە پێ یان بە پیادە بەرە و ئامانجێکی دیاریکراو بڕۆین، بەڵام

دەتوانین شیعر و وێناکردنی ڕوونبێژی بەوە بچوێنین، کە بە سەما بەرە و ئامانجەکەمان بڕۆین)) (مندور، ٢٠١٣، ٣٨).

بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی و زانستی ڕوونبێژی بەتایبەتی لە داستانە شیعرییەکاندا وای کردووە، کە ڕوخسارو ناوەڕۆکی داستان بە ڕێژەیەکی زۆرینە جوان و دەوڵەمەند بکات، ئەمەش توانا و لێهاتوویی گێڕەرەوەکان دەخاتە ڕوو لە ڕێکخستن و هۆنینەوەی داستاندا لەبەرئەوەی (( لە داستاندا تەواوی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبینرێن وەک ئەوەی لە شیعردا بەشێوەیەکی گشتی هەن، بەڵام پەیڕەوکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی نابێت ببێتە هۆکاری ئەوەی زمانی داستان زمانێکی قورس بێت، چونکە لە داستاندا زمان ناکرێ ئاڵۆز بکرێت تا ئاسانتر و ڕوونتر بێت و زووتر لێی تێبگەی سەرکەوتووتر دەبێ وە بەلاغەتگەری لە ناو داستاندا تەنیا بۆ بەمەبەستی جوانکاری بەکاردێت نەوەک بۆ ئاڵۆزکردنی زمان و بەکارهێنانی هێما لە داستاندا، ئەمەش جیاوازی نێوان شیعری داستانی و شیعری ئاساییمان بۆ دەردەخات)) (قادر، ٨٧). لەبەر ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی زیاترمان بۆ هونەری ڕوونبێژییە، بۆیە بەشەکانی دیکەی ڕەوانبێژی وەک (واتاناسی، جوانکاری) باس ناکەین تەنها ڕوونبێژی و دەرخستنی بنەماکانی ئەم هونەرە لەم داستانە بە پێژەی خانا دەخەینە ڕوو. هونەرەکانی ڕوونبێژیش بریتین لە (لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە).

**یەکەم لێکچواندن/** دیارترین هونەری ڕوونبێژییە شاعیران لە هۆنینەوەی بەرهەمەکانیاندا بەکاریدەهێنن، تا ئەو مەبەستەی دەیانەوێت جوانتر و سەرنجڕاکێشتر، یاخود نەگونجاو ناشرینتر بیخەنە ڕوو. واتە ئەو شتە دەچوێنن بە شتێکی دیکە، کە لە خاسییەتدا هاوبەشن و لای زۆرینەی کۆمەڵگاوە شتێکی زۆر جوان یان ناشیرینە، هەروەها(( یەکێکە لە هونەرە هەرە دیارەکانی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی ئاسانترین جۆری ئەو پێکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کە وێنە بونیاد ئەنێن، لەو باوەڕەدان کە سەرەتاترین هونەرێک بێت نەک هەر لە شیعردا، بەڵکو لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکدا لەکاتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت)) (سلێمان، ٢٠١٤، ٤٧).

لێکچواندن لە ڕێگەی بەراورد خاڵی لێکچوون و جیاوازی دەخاتەڕوو، بە جۆرێک (( وەبیر هێنانەوەی لێکچوونە کە لایەنێک یان چەند لایەن لە نێوان دوو شتی جیاوازدا دەگرێتەوە. بناغەی لێکچواندن لە ڕووی دەروونناسییەوە وە بیرهێنانەوە(تداعی معانی)یە. واتە شتێک دەبینی شتێکی تری وەک ئەوت بیردێتەوە، کە ئەم شتەی بینیوتە شێوەی ئەو دەدات یان لە ئەدەبدا لەسەر بنەمای خەیاڵ دامەزراوە لە ڕاستیدا لێکچواندنی ئەو دووشتەی، کە باسدەکرێت لە بیرو هۆشی هۆنەر یا نووسەردا درووست بووە)) (پارسا، ١٣٩٧، ١٣) ئەم بیر هاتنەوە و لێکچوونەی نێوان ئەو دووشتە دەبێتە هۆی درووست بوونی وێنەی شیعری، واتە ((بنەمای پێکهاتنی وێنەی شیعریی، هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، لە ناو هونەرەکانیشدا لیکۆڵەران و ڕەخنەگران ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە "لێکچواندن" ئاسانترین جۆری ئەو پیکهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە کە وێنەکە دەئەفرێنێت، لێرەوە شاعیر سەربەستر و

دەستکراوەتر دەبێت لە ناو هونەری چواندندا ڕووبکاتە خوازە و خواستن بۆ دروستکردنی وێنە، چونکە دواجار ئەوەی زیاتر شاعیران دەبیتە جێگای سەرنجیان خوازەیە، هەم لە ڕەخنەی کۆن و هەمیش لە ڕەخنەی نوێ دا))(عەلی، ٢٠٠٧، ١٧٠). لێکچواندن چەند جۆرێکی هەیە چەند نموونەیەک لە جۆرە سەرەکییەکانی لێکچواندن لەم داستانەی خانا دەخەینە ڕوو ئەوانیش بریتین لە لێکچواندنی (ڕەوان، چەختاو، قوڵ، درێژ).

**أ- لێکچواندنی ڕەوان:** (( لەم لێکچواندنەدا تەنیا ئەو دوو بەشەی، کە هیچ کات لە لێکچوواندا ناسڕدرێنەوە دەمێننەوە و ئەوانیش لێچوو لەوچوون. ئەم جۆرە لێکچواندنە لە ئاستی هونەرییەوە لە جۆرەکانی دیکە لەسەرترە، چونکە خوێنەر بۆ خۆی بەبێ ئەوزار دەبێ بزانێ ئەمە لێکچواندنەو هەر بۆخۆیشی لێکچوونەکە ببینێتەوە، هەر بۆیەش زیاتر چێژی لێ وەردەگرێ و لەلای ڕەوانبێژان بایەخی زیاتری پێ دەدرێ. (پارسا، ١٣٩٧، ٢٠-٢١). بۆ نموونە خانا لە بەندی (٢)دا دەڵێت:

**مەناڵاو مەوات ئەی <u>سۆسەن خاڵم</u>          خۆ<u>من</u> پەرێ تۆ <u>وەکۆی زوخاڵم</u>**

**<u>جەرگم</u> گرگرتەن پەی تۆ بە <u>تاوەن</u>          نە ئارەزووی نۆش، نە مەیلم خاوەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٦).

(خاڵ، لێچوو/ سۆسەن، لەوچوو) لێرەدا جێناوی لکاوی(م)، کە بۆ کەسی یەکەمی تاک دەگەڕێتەوە واتە شازادە نیشانی دەدات، کە خاڵی یارەکەی شازادە (نۆش ئافەرین) لە گوڵی سۆسەن دەچێت واتە خاڵی یاری چواندووە بە گوڵی سۆسەن. (من، لێچوو/ وەکۆی زوخاڵ، لەوچوو) (جەرگم، لێچوو/ تاوەن، لەوچوو). خۆی چوواندووە بە کێوێک لە خەڵووز و ڕەژوو، کە لە خەمی دووری یار وای لێهاتووە، هەروەها جەرگی چواندووە بە تاوی ئاگر، یاخود لە بەندچی (٤)دا دەڵێت:

**یاوا بە خزمەت <u>شۆخ شەم روخسار</u>          تا نیشت وەبان کورسی زەڕینکار**

**گا دەست نەزوڵفان مەوەرد وە چیندا          پەخش مەکەرد بە <u>رووی جام جەمیندا</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٨٩)

(روخسار، لێچوو/ شەم، لەوچوو) ڕوخساری یاری شۆخی چوواندووە بە شەم، واتە مۆم لە جوانی و ڕووناکیدا. (ڕووی، لێچوو/ جام جەمین، لەوچوو). شاعر ڕووی، یاخود دەم و چاو و ناوچاوی یاری چواندووە بە جام واتە ئاوێنە بەمانای ئەوەی دەم و چاوی یاری وەک ئاوێنە بووە هێندە پاک بووە.

**بەندی(٦): شازادە واتش ئەی <u>گوڵ جەمینم</u>          من فیدای تۆبام ئەی نازەنینم.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٩٤)

(جەمین، لێچوو / گوڵ، لەوچوو) جەمین / لە (جبین)ی عەرەبییەوە هاتووە (تەوێڵ، ناوچاو) بە مانای دەمووچاوی دێت، کە چواندوویەتی بە گوڵ لە جوانی و گەشاوەیدا. کەواتە لەم جۆرەی لێکچواندندا ئەوزارو و ڕووی لێکچواندن نەهاتووە، هەروەها لە بەندی (٢٢)دا دەڵێت:

**نیشت وە لاشەوە <u>سەوڵ سۆسەن خاڵ</u>          پەرسا ئەحواڵات چگوونەگیی حاڵ**

**<u>نازاران شۆخ رەندان جەم جام</u>          هەردوو بەو حەرفە گرتشان ئارام**

**<u>شۆخان تەڕلان</u> هەردوو بە دەمساز          نەوجا بمانۆ هەر بکەران راز.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٨٦-١٨٩)

(خاڵ، لێچوو / سەوڵ سۆسەن، لەوچوو) خاڵی (مەیموونە خاتوون) ئەو پەرییەی زەلغەمی دێو لە چاڵێک لەگەڵ نۆش ئافەرین بەندی کردبوون بە گوڵی (سەوڵ، سۆسەن)چوواندووە گوڵی سەوڵ گیایەکی گەڵا پانی سەوزی هەیە و گوڵێکی پانی سوور ئەگرێت، گوڵی سۆسەنیش جۆرە گوڵێکی جوانی بۆنخۆشە و چەندین ڕەنگی هەیە. (نازاران، لێچوو/ شۆخ ڕەندان جەم جام، لەوچوو) مەبەست لە (ن)، کە جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ (نۆش ئافەرین و مەیموونە خاتوون)ە چوواندوونی بە (ڕەندان) واتە زیرەک و جوان و شۆخەکان وە (جەم) مەبەستی لە جەمشید پاشایە (جام) واتە ئاوێنەی ئەو پاشا خاوەن شکۆیەی، کە وەک ئاوێنەکەی جەمشیدە هەموو دونیای تێدا بینیوە؛ واتە هێندە جوان و قەشەنگن وەک ئاوێنەکەی جەمشید هەموو دونیا دەبینیت لە ڕووخسارەکانیاندا. (شۆخان، لێچوو / تەڕلان، لەوچوو)، ئەو شۆخانە، کە پەری و ئادەمیزادن چواندوونی بە (تەڕلان) واتە ئەو باڵدارە یان مەلە شۆخ و شەنگەیە، کە لە تیرەی باز و شەهێنە لە جوانی قەشەنگیدا.

**بەندی (٢٦): واتش ئەی بابۆ پادشای سەروەر      یەک <u>نەوجەوانێ شێر دلاوەر</u>**

**ساحیب یاڵ و باڵ <u>شێر غورپنەن</u>      فەرزەندە عەزیز پادشای چینەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢١١)

(نەوجەوانێ، لێچوو/ شێر دلاوەر، لەوچوو) مەیموونە خاتوون وەسفی شازادە سوڵتان دەکات بۆ باوکی دەیچوێنێت بە شێرێکی ئازا و دلێر و نەترس. (غورپنەن، لێچوو/ شێر، لەوچوو) شێوەی شازادەی بە شێر چواندووە) وە (غورپنەن) مەبەستی لە هاوارییەتی، کە چواندوویەتی بە دەنگی شێر.

**بەندی (٦٢): دیان وە ئۆتاق <u>دوو حۆری</u> جەبین      دیان وە سوورەت سوڵتان ماچین**

**دیان <u>هەردووشان</u> بییەن وە <u>زووغاڵ</u>      شازادە چینی و شۆخ نەونەهاڵ** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٨٨)

(دوو، لێچوو/ حۆری، لەوچوو) دوو مەبەستی لە (خورشیدە خاتوون، شازادە سوڵتان)ە چواندوونی بە حۆری بەهەشت لە جوانیدا. (هەردووشان، لێچوو/ زووغاڵ، لەوچوو)، کاتێک لە شەوی هاوسەرگیریدا جادووی ڕەشیان لێدەکرێت بۆ بەیانی مەیموونە خاتوون و نۆش ئافەرین دەچن دەبینن بوون بە زوغاڵ ڕەشێتی هەردووکیانی بە زوغاڵ واتە خەڵووز چوواندوە. بەم جۆرە لەم داستانەدا چەندین نموونەی دیکە لەم جۆرەی لێکچواندنی تێدا بەدی دەکرێت.

**ب-<u>لێکچواندنی</u> جەختاو:** ((ئەو جۆرە لێکچواندنەیە کە سێ بنەڕەتی تێدا باس کرابێ و خرابێتە ڕوو ئەویش (لێچوو، لەوچوو، ڕووی لێکچوون) )) (ئەحمد، ٢٠١٩، ١٩٧).

**بەندی (١) مەوات ئەی <u>شەشە دانگ شاباز تەڕلان</u>      ئەی <u>شمقاڕ شۆخ شەهنشای مەلان</u>**

**ئەی <u>بوڵبول شۆخ بوستان شاهی</u>      عالەم شەیدا کەرد بە <u>دڵڕوباهی</u>**

**<u>تۆ ماە و خورشید خاوەر زەمینی</u>      <u>یا مالک مولک ئەی سەرزەمینی</u>**

**<u>تۆ ئەر شیرینی</u> شیرین نامتەن      <u>ئەر گوڵئەندامی</u> کێ بەهرامتەن**

**ئەر <u>لەیل عامری کێ مەجنوونتەن</u>      کێ تەوەلای چۆڵ توون بە توونتەن**

**من نمەزانوو <u>حۆری</u> ڕێزوانی      ئەتۆ <u>کافری</u> یا <u>موسڵمانی</u>** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧١-٧٢)

سوڵتان ئیبراهیم بەم جۆرە وەسفی جوانی نۆش ئافەرینی کردووە؛ واتە شاعیر لەم وەسفەدا چەند چووانديكى كردووە لەوانە: ( تۆ، واتە نۆش ئافەرين، لێچوو، شەشـە دانگ، شاباز، تەڕلان، شمقاڕ شـۆخ، شەهنشـای مەلان، بولبـول شـۆخ بوسـتان شـاهی، لەوچـوو)ە شـاعیر جـوانی نـۆش ئـافەرین دەچوێنێت بە چەنـدین باڵـدار و بولبـولی گوڵسـتانی سـەوز وە بە شـای مەلەکـان بـۆ نمـوونە ئەو باڵدارانەی لە تیرەی هەڵۆن وەک (شاباز، تەڕلان، شمقار) وە بە شەش دانگ دەیچوێنێت (شەش دانگ) بە کەسێک یا شتێک دەوترێت هیچی ناتەواو نەبێت، لە هەمانکاتدا لە زۆرزانیدا دەیچوێنی بە (ڕوباهی) واتە ڕێوی، کە هەموو کەسێکی شەیدای خۆی کردووە، هەروەها بە (ماه، خورشید، خاوەر زەمینی، مالک مولک) واتە بە مانگ و ئەستێرە و وڵاتی ڕۆژهەڵاتی خاوەنی سەر زەوی وە بە کەسایەتی ناو حەکایەت و داستانە فۆلکلۆرییەکان وەک (شیرین، گوڵئەندام، لەیل) بە (حۆری ڕێزوانی، موسڵمان، کافر) دەیچوێنێت. ڕێزوانی، یەکێکە لە باخەکانی بەهەشت، لێرەدا ئەو هەموو لەوچووەی هێناوەتەوە، کە نزیک (١١) لەوچووە بە بێ ئەوزاری چواندن وە ڕوونیشیکردووەتەوە، کە تەواوی شازادەکان لە پێناو جوانی و زۆرزانی نۆش ئافەرین توشی چەندین کێشە بوون، (جوانی، زۆرزانی/ ڕووی لێکچوون). دەتوانین بڵێین ئەمە تایبەتمەندییەکی گرنگی داستانە شیعر و فۆلکلۆر، یاخود بەرهەمە گێڕانەوەییەکانە بەگشتی، کە کەسێک یان شتێک بچوێنی بە ژمارەیەکی زۆر لە شت.

**بەندی (٢) پەردەی <u>لەب یاقوت قرمز ئابدار</u> پەسەند و مەحبووب شاهان خەریدار**

**<u>دەهەن غونچەی گوڵ شکوفتەی تازە</u> بولبول بە مینقار کەردەن ئەندازە** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧٨)

(لەب، لێچوو/ یاقوت، لەوچوو/ قرمز ئابدار، ڕووی لێکچوون) لێوی یاری چواندووە بە یاقووت وە لێوی سوور و ئاوداری هەروەک سووری و ئاوداری و پرشنگی یاقووت. (دەهەن، لێچوو/ غونچەی گوڵ، لەوچوو/ شکۆفتەی تازە، ڕووی لێکچوون) دەمی یاری چواندووە بە خونچەی گوڵ ڕووی لێکچوونەکەی، ئەمەش بۆ جوانی و گەشاوەی دەمی یاری ئەم جۆرە لێکچواندنەی بەکار هێناوە، هەروەها شاعیر مەبەستی ئەوەیە، کەچۆن گوڵێک تازە چرۆدەکات جوان و سەرنجڕاکێشە؛ یاریشی بە هەمان شێوە جوان و سەرنجڕاکێشە، چونکە کرانەوەی چرۆ و خونچەی گوڵێکی تازە بە جوانترین گوڵ دادەنرێت واتە لێرەدا شاعیر لێچوو لەوچووی هێناوەتەوە ئامرازی چواندنی نەهێناوە، کەواتە دەبێت بە چواندنی جەختاو.

**بەندی(٤٦): ئاما بە جەواب <u>نازار دوڵبەر</u> نە دورج دەهان <u>ڕێزنا گەوهەر</u>**

**<u>شۆخێ</u> نەرووی تەخت گرتە بی قەرار ڕەنگینتەر نە ڕەنگ <u>لالەی نەوبەهار</u>**(ئەمینی، ٢٠١١، ٢٩٨)

(نازار دوڵبەر، لێچوو/ ڕێزنا گەوهەر، لەوچوو) (شۆخێ، لێچوو/ لالەی نەوبەهار، لەوچوو) ئەمە گفتوگۆی نێوان خورشیدە خاتوون و کەنیزەکانییەتی ئەوان لێی دەپرسن لە کوێ بووە ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، کە مەیموونە خاتوونی بینیووە. شاعیر وەڵامی خورشیدە خاتوون بە گەوهەر دەچوێنێ، مەیموونە خاتوون بە لالە واتە گوڵی سەرەتای بەهار، ڕوونیدەکاتەوە، کە ڕەنگیتر و جوانترە لەو گوڵە؛ ئەوزار نەهاتووە.

**پ-لێکچواندنی قوڵ:** لەم جۆرە لێکچواندنەدا، لێکچوون نەهاتووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە زەین و سەرنجدانی خۆی، لێکچوونەکە ببینێتەوە، هەر بۆیەش ئەم جۆرە لێکچوواندنە هەستێکی خۆشتر دەداتە خوێنەر)) (پارسا، ١٣٩٧، ١٩). بۆ نموونە خانا لە بەندی (٢)دا دەڵێت:

**بەندی (٢):<u>مەگریو چون شەمع قەسر و عەمارەت</u> دڵەی دەردینان مەدۆ وە غارەت**

**<u>ئەبرووان کەمان قەوس ئاسای</u> قودرەت خەم کەردەن بە دەست قەواس سەنعەت** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧٦-٧٦).

(قەسر، لێچوو/ چون، ئەوزار/ شەمع، لەوچوو) (ئەبرووان، لێچوو/ کەمان، لەوچوو/ ئاسای، ئەوزار ).

**بەندی (٢١): خانا ئەی <u>دونیای</u> بێ تان و بێ پۆ <u>گەردەلوول ئاسا</u> مەیۆ مەویەرۆ**

**<u>نەعرەتە</u> پێکا <u>چون ئەبر بەهار</u> پەی شەهزادەی چین ئاوەرد پەلامار** (ئەمینی، ٢٠١١،١٧٥-١٧٨)

(دونیای، لێچوو/ گەردەلوول، لەوچوو/ ئاسا، ئەوزار) (نەعرەتە،، لێچو/ چون، ئەوزار/ ئەبر بەهار،لەوچوو).

**ت-لێکچواندنی درێژ:** ئەم جۆرەیان (( هەر لە ناوەکەیدا دیارە کە دەوترێت (درێژ)، هەموو ڕەگەزەکانی هونەری لێکچواندنی تێدا هاتبێت، کە ڕەگەزەکانی لێکچواندنیش بریتین لە (چوێنراو، ئەوزار، پێچوێنراو، ڕووی لێکچوون))(گەردی، ٢٠١٣، ١٣-١٤) بۆ نموونە خانا لە بەندی (٢) دا دەڵێت:

**<u>چەمەی ئاو ساف وێنەی شیروقەند</u> <u>ساف و خۆشگەوار</u> دانایان پەسەند**

**<u>گوڵ ئارای جەمین</u> نەقش نیگارەن <u>چمان کە گوڵزار فەسڵ بەهارەن</u>**

**<u>سەرگۆنا گوڵ گوڵ بە وێنەی ئاتەش</u> <u>چون لەعل</u> مەعدەن ئاب دیدەکەش.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٧٥-٧٧)

(چەمەی ئاو ساف، لێچوو، وێنەی، ئەوزار، شیر وقەند، لەوچوو، ساف و خۆشگەوار، ڕووی لێکچوون) (گوڵ ئارای جەمین، لێچوو، چمان، ئەوزار، گوڵزار فەسڵ بەهارەن، لەوچوو، نەقش نیگارەن، ڕووی لێکچوون) ئەمە وەسفی باخی ناو کۆشکی نۆش ئافەرینە، کاتێک شازادە سوڵتان زۆر سەرسامی ئەو باخچەو گوڵ و گوڵزارە دەبێت سەرچاوەی ئاوی ساف و پاکی ناو باخەکە بە شیرو شەکر دەچوێنێ، کە هێندە تامی خۆشە و پاکە زۆر خۆش دەخورێتەوە لە جوانی و تام خۆشیدا داناکان پەسەندیانکردووە.لە بینینی نۆش ئافەرین دەکەوێتە وەسفکردنی ڕوخساری گوڵ ئارایشتی یاری چواندووە بە گوڵزاری وەرزی بەهار لە جوانیدا، کە نەخشی سەر تابلۆیەکە، سەرگۆنای چواندووە بە گوڵ و ئاگر وە ئاوی سەر دەم و چاوی چواندووە بە کانگای لەعل، کە جۆرە بەردێکی ئاڵ وسەرنجڕاکێش و بەنرخە. **بەندی (٨):**

**<u>شازادە</u> جۆشا <u>وێنەی شێر مەست</u> <u>تاو دا بە هیمەت</u> گرتش بەند دەست.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٠٣)

(شازادە، لێچوو، وێنەی، ئەوزار، شێر مەست، لەوچوو، تاو دا بە هیمەت، ڕووی لێکچوون) ئەمە بەرەنگاربوونەوەی شازادە، مەلیک محمدە، کە شەوێک لە کاتی ڕۆشتنی بۆ لای نۆش ئافەرین مەلیک محمد و پاسەوانەکانی ڕێگەی لێ دەگرن، بەڵام شازادە ناوبراو بریندار دەکات و چەند پاسەوانێکیش دەکوژێت. شاعیر لێرەدا ئازایی شازادە بەو شێرە دەچوێنێ، کە هیمەت و هێزێکی زۆری هەیە و بەرەنگاری هەموو ناخۆشی و مەترسییەک دەبێتەوە، هەوڵی ئازاردانی بدات لە ناوی دەبات.

**بەنـدی(١٢):وێـش دا نەرووی ئـاب شـای پەری سـیفەت          مەنمانـا وێـنەی بەت نەرووی شەت(ئەمینی، ١٢٢،٢٠١١).**

(شای، واتە نۆش ئافەرین، لێچوو/ وێنەی، ئەوزار/ پەری سیفەت، بەت، لەوچوو/ مەنمانا نەرووی شەت، ڕووی لێکچوون)، کاتێک نۆش ئافەرین دەچێت بۆ سەرچاوەی پیرۆزی نۆش تا خۆی بشوات و ئامادەبێت بۆ هاوسەرگیری، شاعیر نۆش ئافەرین دەچوێنێ بە پەری و بەت (بەت) ئەو باڵندە سپییەیە، کە لە مراوی گەورەترە. واتە نۆش ئافەرین لە سپێتی و پاکی لە بەت و فریشتە دەچێت.

**بەندی (٢٤): دیش یە چاهێ تاریک و دشوار     بەو تەور تاریکەن چون تەلیسم نار**

**بەی چی بەی دەستوور کارت درەنگەن      یارت پەشێو حاڵ چون سیاسەنگەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٥).

(یە چاهێ، لێچوو/ چون، ئەوزار/ تەلیسم نار، لەوچوو/ تاریک و دشوار، ڕووی لیکچوون)، (یارت، لێچوو/ چون، ئەوزار/ سیاسەنگەن، لەوچوو/ پەشێو حاڵ، ڕووی لیکچوون)، زەلغەمی دێو نۆش ئافەرین دەڕفێنێت بۆ تەلیسمی زەنگۆڵە؛ لە چاڵێکی قوڵ و سامناک بەندی دەکات، شاعیر ئەو چاڵە بە تەلیسمی ئاگر دەچوێنێ؛ تاریکی لە جادووی ئاگرین دەچێت؛ دژوارو سامناکە، بەڵام شازادە فریای دەکەوێت لەو کاتەدا نۆش ئافەرین گلەی لە درەنگ بەدەمەوە چوونی دەکات، شاعیر حاڵی یاری بە بەردی ڕەش بوو دەچوێنێ، کە هێندە غەمی خواردووە و لە حاڵ و وەزعێکی پەشێودا بووە وەک بەردی ڕەش بووی لێ هاتووە.

**بەندی (٦٢): واتن شازادە ئیمشەو نەپەردە   هەردوو بێ هۆشەن بە وێنەی موردە**·(ئەمینی، ٢٠١١، ٣٩)

(هەردوو، لێچوو/ بە وێنەی، ئەوزار/ موردە، لەوچوو/ بێ هۆشەن، ڕووی لیکچوون)، شاعیر هەردوو واتە(خورشیدە خاتوون و شازادە)ی چواندووە بە مردو، کە لە شەوی بەیەکگەیشتنیان جادوویان لێ دەکرێت لەم نموونەیەدا (بێ هۆشەن) ی هێناوە، کە ڕووی لێکچواندنە، واتە لە بێ هۆشیدا هاو شێوەی مردوون، ئەمەش خوێنەر بە توانای زانستی خۆی دیاری دەکات.

**دووەم خوازە/** ئەو هونەرەی ڕوونبێژییە، کە وشەیەک بۆ مەبەست و مانای ڕاستی خۆی بەکارناهێنرێت، بەڵکو لە بری مانایەکی دیکەی خوازراو بەکار دەهێنرێت، بۆ بەخشینی جوانی و قەشەنگی یان بە پێچەوانەوە بە بەرهەمەکە، واتە (( خوازە بریتییە لەو وشە بەکار هێنراوەی، بۆ بێجگە لە واتای دروستی خۆی بەکارهێنراوە، واتە سەبارەت بە ڕاستەقینەی خۆی، بۆ شتێک بەکارهێنراوە، بێجگە لە خۆیەتی، دیارە هاوچەشنێکیشی لەگەڵدایە، ڕێگرە لەوەی بۆ واتای دروستی خۆی بەکارهێنرابێ)) (السكاكي، ٢٠٠٠، ١٧٠)، یاخود ((خوازە شێوەیەکی دیکە لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەندێشەی شاعیرانە، قسە یان فێڵێکی سەرنجڕاکێشە، کە بوێژ یان ئەدیب بە ئاوازێکی هەڵخەڵەتێنەر و خستنە داوی گوێگر یان خوێنەرەوە لە ئەدەبدا بەکاری دەهێنێت)) (سرمد، ١٣٨٧، ١٤٨). شاعیران لەڕێگەی گۆڕینی مانای وشەکان بۆ مانایەکی خوازراو ئیستاتیکا بە شیعر دەبەخشن دواجار هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی وێنەی شیعری، بۆیە ((شیوازی شاعیر لە کار و

مامەڵەکردنیدا، لەگەڵ وشەو دەستەواژەکان، شێوازێکی هونەریی جوانکارییە و کارێکی هونەرییە کە شاعیر بنیادی دەنێت. کەرەستەی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا خوازەیە، کە بە گواستنەوەی وشە لە مانا ڕاستەقینەکەیەوە بۆ مانایەکی تر بنیات دەنرێت، چونکە ئەو واتا و مانا نوێیەی کە لە ڕێگای ئەم هونەرەوە دەیگەیەنێت، واتا ڕاستەقینەکەی نایگەیەنێت.)) (نوری کاکی، ٢٠١٣، ٢٦٠). گرنگی خوازە لە ناو بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت لە دەقی شیعریدا لەوەدایە، کە شاعیران ئازاد دەکات لە بەخشینی مانای نوێ بە وشەو دەستەواژەکان، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی نەتەوەی شاعیردا، چونکە خوازە ((دیاردەیەکی زمانییە، بە تەنیا تایبەت نییە بە زمانێک جیا لە زمانەکانی دی، دروستبوونی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە بەرەو پێشچوونی زمان)) ( السامرائي، ١٩٧٤، ٢٦٠). خوازە دوو جۆری هەیە، کە(( بە پێی بەکارهێنانی لە لایەنی ژیری و زماندا دابەش دەبێ بۆ دوو جۆر: **یەکەم: خوازەی ژیری** المجاز العقلي، ئەوەیە وشەیەک بدرێتە پاڵ وشەیەک کە مافی درانە پاڵی نەبێ گەر لەبەر بوونی پەیوەندی نێوانیان نەبێ. واتە تۆ کە کارێک دەدەیتە پاڵ ناوێک دەبێ ئەو ناوە شیاو بێ بۆ ئەو دانە پاڵەو ژیری مرۆڤیش دانی پێدا بنێ)) (گەردی، ٢٠١٣، ١٦٦-١٧٢). بۆ نموونە لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**شازادە شنەفت موژدە ژ حەمید وانا شوکر زات دانای کەس نەدید**

**رووکەرد وە شار کێشا ئاە سەرد چەند بار سوجدە قەسر دەمشق شارش کەرد**

**واتش ئەلسەلام قەسر دوڵبەرم هەم قیبلەی دونیاو هەم تاج سەرم**

**...............زام نێش خارانم هەم ڕۆشنایی هەردوو چەمانم (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٤٠)**

شاعیر لە دێڕی دووەم مەبەست لە (سوجدە قەسر دەمشق شارش کەرد) وە سڵاولێکردنی و وەسفکردنی بە قیبلەو تاجی سەر و ڕۆشنای هەردوو چاوانی ئەمانە نابنە بکەری ڕاستەقینە، ژیری ئەوە پەسەند ناکات، کە قەسر و شاری دیمەشق ببنە قیبلەو تاجی سەر و ڕووناکی چاو، بەڵکو دوڵبەری دەبێتە بکەری ڕاستەقینە، لەبەر ئەوەی لەو شار و قەسرە دەژیت ئەو کارانە دراوەتە پاڵ قەسر و شار. **بەندی (١٧):**

**ئەی چەرخ غەدار پڕ جە قەباحەت کێ نیشتەن تێدا ساتێ بە راحەت. (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٤).**

لێرەدا شاعیر وشەی (چەرخ)ی بەکار هێناوە مەبەستی خەڵکی چەرخ و زەمانەیە، کە غەدارن واتە زاڵمی و زۆرداری خەڵکی زەمانەی داوەتە پاڵ چەرخ؛ مەبەستییەتی بڵێت: خەڵکە زاڵم و بێ ویژدانەکانی زەمانە چەرخیان بە جۆرێک ناخۆش کردووە، کە کەسانی دیکە دڵخۆش و ئاسودە نابن تێیدا. واتە کاتێک، دەڵێت: (ئەی چەرخی غەدار) لێرەدا زۆر ڕوونە، کە چەرخ ناتوانێت غەداری بکات، بەڵکو دەبێت بدرێتە پاڵ کەسەکان، لەبەر ئەوەی کەسەکان لەو چەرخ و زەمانەدا ژیاون غەدارییەکە دراوەتە پاڵ چەرخ. **بەندی (٢٥):**

**خانا گۆش بدەر دنیا بێ شەرمەن هەر ڕۆ بە رەنگێ بازارش گەرمەن**

**گاهێ مەدۆ نۆش گاهێ مەدۆ رەنج گاهێ مەدۆ سەنگ دەمێ مەدۆ گەنج. (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٨)**

ئەمە لەسەرەتای بەندی بردنی نۆش ئافەرینە بۆ چیای زەرغام لە لایەن زەلغەمەوە خانا، کە دەڵێت (دنیا بێ شەرمەن) و هەر ڕۆژەو کارێک دەکات جارێ خۆشی و جارێ ناخۆشی وە سەنگ و گەنج واتە گەنجینە و پارەداریت دەداتێ، ئاشکرایە دونیا توانای کردنی کاری بێ شەرمی نییە، بەڵکو کەسەکان و ڕووداوەکانی ناو دنیا ئەو کارە بێ شەرمانە دەکەن؛ وەک ئەو کارەی زەلغەم. کەواتە دەبوو (کاری بێ شەرمەن)، کە دراوەتە پاڵ دنیا دەبو بدرایەتە پاڵ بکەری ڕاستەقینە، کە ڕووداو کەسەکانی دونیان، بۆیە بەمە دەوترێت خوازەی ژیری دانە پاڵ کات، چونکە ژیری ئەو کارانەی دراونەتە پاڵ دنیا پەسەندی ناکات.

سەبارەت بە پێناسەی خوازەی ژیری عەزیز گەردی دەڵێت: (( خوازەی ژیری بریتییە لەوەی کە شتێک بدرێتە پاڵ شتێکی تر کە لە راستیدا هەق نەبێت بدرێتە ئەو وەک: ئەسکەندەر لەشکرەکەی دارای شکاند، وەنەبێ هەر بە تەنها ئەسکەندەر چەکی هەڵگرتبێ دوژمنی بەزاندبێت، بۆی هەیە هەر شەڕیشی نەکردبێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو فەرمانی بە سەربازەکان داوە بۆ لێدان و ڕەتاندنی دوژمن، سەربازەکان دوژمنیان شکاندووە کەچی ناو بۆ ئەسکەندەرە، کەواتە ئێمە شکاندنی لەشکرەکەمان دایە پاڵ ئەسکەندەر هەر لەبەر ئەوەی فەرمان و ژیری ئەوی تیایە)) (گەردی، ١٩٧٢، ٨٦) بۆ نموونە لەم داستانەدا خانا لە بەندی (٥٦)دا دەڵێت:

**فەرما خان محمد رەفیق رازم مەحرەم عەزیز رازو نیازم**
**نامە ئینشاکەین بە جەهانگیر شا لازمەن جەی وەقت شا بکەین ئاگا**
**ئەوەڵ ئیبتیدا بە نام خودا دووەم بە ئیقباڵ فەڕ پادشا**
**فاریغ بیم جە شەڕ ڕاگەی پڕ خەتەر نە جەفای دێوان سزای جانەوەر**
**سکەندەر شێوە شای دارا شکۆ بدەر مزگانی موژدە بۆ بە تۆ**
**کاخ سولەیمان ئەو سیا غوڵە هەم بەرباد کەردم دێو زەنگۆڵە**
**جای ئادەمی خوار جەهەم کەردم پاک جانەوەرانم یەکسەر کەرد هەلاک**
**جەزیرەی واق واق زەنگیی ئادەم خوار مەغریب شارم گرت تا خەتا دیار**
**خاتوونە خانم هەم بەر ئاوەردم شای فەرەنگیش تەسەروف کەردم**
**بە زۆر بازوو دێوم دا شکەست ئاوەردم بە دەست شۆخ دیدە مەست.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٣٤٥-٣٤٦) کاتێک شازادە سەرکەوتوو دەبێت لە چەندین ڕوودا و شەڕی دێو و زەنگیی و ئەو پاشا و شازادانەی، کە نۆش ئافەرین نەبوو بە نسیبیان، بۆیە هەریەکەیان ڕقێکی گەورەی بەرامبەر بە شازادە بۆ دروست بوو و هەوڵی کوشتنی شازادەیان دا، جا کاتێک شازادە لە و هەموو هەوڵ و شەڕە ڕزگاری دەبێت دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دیمەشق فەرمان بە( خان محمد) دەکات نامەیەک بنوسێ بۆ جەهانگیر شا و هەواڵی سەرکەوتنەکانی بۆ بنێرێت؛ لە نامەکەدا هەموو سەرکەوتنەکان دەداتە پاڵ خۆی و خۆی بە وێنەی ئەسکەندەر لە قەڵەم دەدات، لە کاتێکدا سەرجەم هاوەڵەکانی بەژدار بوون، کە خان محمد، حەمید، فەرەنگی دێو بە تایبەت ڕوخ ئەو باڵدارەی، کە بۆ هەموو شەڕەکان هاوکاری بوو، گەر ئەو

نەبوایە لە جەزیرەی واق واق لە دەست زەنگیان ڕزگاری نەدەبوو. واتە شاعیر شازادە دەکاتە پاڵەوانی سەرەکی، لەبەر ئەوەی فەرمان و ژیری بەکار هێناوە لە سەرکەوتنەکاندا، بۆیە لەم چەند دێڕەی وەسفی سەرکەوتنەکانی شازادە وەک خوازەی ژیری بەکار هێنراوە.

**دووەم: خوازەی زمانی (المجاز اللغوی):** (( بریتییە لە گواستنەوەی وشە لە واتای دروستی(فەرهەنگی)ی خۆی، کە لە بنچدا بۆی دانراوە، بۆ واتایەکی نوێ، ئەمە لەبەر بوونی پەیوەندییەک لە نێوان واتای یەکەم و دووەم، دیارە دەبێ هاوچەشنێکیشی هەبێ، ڕێگری بکات لەوەی واتای یەکەم مەبەست بێ و بیر بۆ ئەوە ببات، مەبەست واتای دووەمە)) (عبدالله، ٢٠١١، ١٦٥). واتە بەکارهێنانی وشەیەک، کە واتای بنەڕەتی خۆی نەدات، بەڵکو واتایەکی نوێ بدات، یاخود ((واتە لادانی وشە لە مانای بنەڕەتی خۆی بۆ مانایەکی تر لەگەڵ بوونی پەیوەندی یەک لە نێوان هەردوو مانادا، نیشانەیەکیش هەبێ قەدەغەی مانای یەکەم بکات)) (گەردی، ٢٠١٣، ١٧٢). لە بەندی (٣)دا دەڵێت:

**هۆرێزا وە پا <u>سەوڵ خەرامان</u>        نە پای قەسر زەڕ ئاما بە دامان**

**دیدە نەرابی ئەو شۆخ نازدار        کەی بەیۆ وە باغ شێربەچەی خونخوار.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٨٧-٨٨)

شاعیر، کە دەڵێت: (سەوڵ خەرامان) سەوڵ گوڵێکی جوانە گیایەکی گەڵا پانی سەوزی هەیە و گوڵێکی پانی سوور ئەگرێت، (خەرامان) واتە شەنگ و شۆخی؛ هێنانی ناوی گوڵێکی شەنگ و شۆخ مانای دروستی و فەرهەنگی خۆی نییە مەبەستی مانای یارە، کە وەک سەوڵی خەرامانە لە جوانیدا، واتە پەیوەندی لە نێوان مانای یەکەم، کە سەوڵ خەرامانە لەگەڵ مانای دووەم، کە یارە جوانییە، بەڵگەش بۆ ئەمە نیشانەی (هۆرێزا وە پا)یە، لەبەر ئەوەی گوڵی سەوڵ لە ڕاستیدا توانای هەستانە سەر پێی و ڕۆشتنی نییە، ئەوەی توانای ڕۆشتنی هەبێ یارە، کە نۆش ئافەرینە، یاخود، کە دەڵێت: (شێربەچەی خونخوار) واتە شێری دڵڕەق ئەم ناوە مانای دروستی و فەرهەنگی خۆی نییە بۆ مانای ناوی شازادە سوڵتان هاتووە؛ واتە وەک شێر دڵڕەقە لە ئازاردانی یارەکەی، کە بە درەنگ هاتنی یاری ئازار دەکێشێ، پەیوەندییەکەش لە نێوان (شێربەچەی خونخوار، شازادە سوڵتان) وەک مانای یەکەم و دووەم دڵڕەقییە، شوێنی(باغ)دەبێتە نیشانەیەک، کە مەبەست لە هاتنی (شێربەچەی خونخوار) بۆ ناو باغی کۆشک مرۆڤێکی دڵڕەقی وەک شازادەیە، باغی کۆشک شوێنی شێری ڕاستەقینە نییە، بەڵکو شوێنی لە دارستان یان باخچەی ئاژەڵاندایە.

**بەندی(٤٥): گوڵ تۆتۆ خەفتەن کەفتەن وەهەمدا    شکۆفتەن بەشەوق نە حەڵقەی خەمدا.** (ئەمینی، ٢٠١١،٢٨٧)

کە دەڵێت: (گوڵ) مەبەستی مانای دروستی و فەرهەنگی خۆی نییە بۆ مانای ناوی خورشیدە خاتوون هاتووە؛ واتە وەک گوڵە لە جوانیدا، پەیوەندییەکەش لە نێوان (گوڵ، خورشیدە خاتوون) وەک مانای یەکەم و دووەم جوانییە، بەڵگەش بۆ ئەمە نیشانەی کرداری(خەفتەن کەفتەن)ە، لەبەر ئەوەی گوڵی ڕاستەقینە لە ڕاستیدا توانای کرداری خەوتنی نییە، ئەوەی توانای خەوتنی هەبێت خورشیدە خاتوونە، کەواتە گوڵ خوازەی زمانییە خوازراوە بۆ خورشیدە خاتوون، کە وەک گوڵە لە جوانیدا.

**بەندی(٦٣): گشت رەعنا قامەت گشت کەمەند دراز  مەیۆن پەرێ تۆ وەعیشوەو وە ناز.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٤٠٠)

هێنانی ناوی (رەعنا) بەمەبەستی مانای دروستی و فەرهەنگی خۆی نە هاتووە، بەڵکو بۆ ناوی ئەو کەسانە خوازراوە، کە لە کێوی قافن و فەیازی عابید خان محمد ڕادەسپیرێ، تا بچێت تەلیسمی زەریری جادووگەر بشکێنێ، تا خاو بەندی شازادەو خورشیدە خاتوون بەتاڵ بێتەوە. واتە ئەو کەسانە قامەتیان وەک گوڵە رەعنایە لە جوانیدا، پەیوەندییەکەش لە نێوان (گوڵە رەعنا، کەسەکانا) وەک مانای یەکەم و دووەم جوانییە، بەڵگەش بۆ ئەمە نیشانەی کرداری(مەیۆن)ە، واتە هاتن، لەبەر ئەوەی گوڵی رەعنا لە ڕاستیدا توانای کرداری هاتنی نییە، ئەوەی توانای هاتنی هەبێت کەسەکانی ناو ئەو کێوەن، کەواتە گوڵ، هەروەها ((بە پێی ئەم پەیوەندی یەی نێوان هەردوو مانادا خوازەی زمانی دەبێ بە دوو بەش، یەکەم: خوازەی بەربڵاو، دووەم: خوازەی وێکچوون/ (خواستن الاستعارة) )) (گەردی، ٢٠١٣، ١٧٣-١٨٠) ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دووەم جۆر (خواستن) دەخەینە ڕوو.

***خواستن (خواستن الاستعارة):** شاعیران هونەرەکانی ڕەوانبێژییان هەموو کات بەکارهێناوە، بە تایبەت لە بەرهەمەکانی گێڕانەوەیی وەک داستاندا، لەبەرئەوەی هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن و گەیاندنی مەبەست و پەیامەکانیان. بۆ نموونە (خواستن)، کە یەکێکە لە هونەرە گرنگەکانی ڕوونبێژی و بەشی دووەمی خوازەی زمانییە، لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە دەتوانن ئێستاتیکیایەکی فراوان بە زمانی گێڕانەوەکەیان ببەخشن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێنەر بچێتە ناو دونیایەکی خەیاڵی و چێژێکی تایبەت لە بەرهەمەکە وەربگرێت و لەلای پەسەنترین بێت. خواستن چەند پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ کراوە لەوانە ((وشەی metaphora مێتافۆر یۆنانییەو بە مانای "گواستنەوە" دێت و بۆ یەکەم جار ئەرەستۆ بەکاری هێناوە، واتە سیفەتێکی شتێک دەگوێزینەوە بۆ شتێکی تر یان بۆ مرۆڤ، یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە. ئەمە گرنگترین و بڵاوترین فیچەری زمانە، کە تیایدا یەک شت، بیر یان، کارێک بە وشەو دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چونکە هەندێ خاسییەتی هاوبەشیان هەیە)) (هاڵبێرگ، ٢٠١٨، ٧٦). واتە گونجاوە دیاردەی تایبەتی نێوان مرۆڤ و سروشت و گیاندار و بێگیان ئاڵوگۆڕ بکرێت، بۆ نموونە دیاردەی سروشت بدرێت بە مرۆڤ وە گیاندار بدرێت بە بێگیان.

ئەتوانین بڵێین بۆ پێناسەی ئەم هونەرە چەندین بۆچوونی جیاواز هەن لە سەرچاوەکاندا، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە سەرجەمیان هەمان مانا دەگەیەنن ئەویش ئەوەیە، کە ((لە هەموویاندا خواستن گۆڕینی شتێک بە شتێکی دیکە، یا وشەیێک بە وشەیەکی دیکەیە، لەبەر پەیوەندییەکی سنووردار، کە هەمیشە لێکچوونە)) (ویس، ٢٠٠٢، ١٢٦)، هەروەها بەشێک لە سەرچاوەکان جیاوازی نێوان (خواستن و لێکچواندن)یان خستووەتە ڕوو لەوانە (سەعد فاروق) دەڵێت: (( ئەگەر لێکچواندن پشت بە دوو بنەما ببەستێت، ئەوا خواستن لەسەر یەک بنەما دەوەستێ، هەرچەندە بە جۆرێک لە لێکچواندنیشی دادەنرێت، بەڵام بە لابردنی ئەوزار و ڕووی لێکچواندن لە خواستندا، لە واقیعدا هەموو

ئەوانە دەکرێن بۆ ئەوەی لە خەیاڵدا وای دابنێین، کە بۆ خواستراو یەکسان بووە بە لێخواستراو)) (شێخ بزێنی، ۲۰۱۱، ۱۷٦). واتە ئاڵوگۆڕییەکان شوێنی یەک بگرنەوە و ببنە هۆی بەخشینی جوانی، تا خوێنەر بتوانێت پەی بەو ئاڵوگۆڕییانە ببات.

عەزیز گەردی زۆر بەڕوونی ئەو جیاوازییانەی باسکردووە و دەڵێت: (( لێکچواندن دوو بنەڕەتی هەیە-لێ چوو، لەوچوو، کەچی لە خواستن یا تەنها لەوچوو ئەوترێ یا لێچوو ئەوترێ و پەیوەستێکی لەوچووی ئەدرێتێ، هەردووکیان رێ ئەکەون لە هاوبەشکردن لە شتێکەوە، بەڵام ڕێگەو چۆنییەتی ئەو هاوبەشکردنە ئەگۆڕێ، لە لێکچواندن لەوچوو تەواوتر و گەشاوەترە لە لێ چوو، بەڵام لە خواستن هەردووکیان تێکەڵ ئەکرێن ئەو تێکەڵکردنەش دوو شتەکە پتر لێک نزیک ئەکاتەوە، لە لێکچواندنا لێکچوون ئەشێ بوترێ و ئەشێ نەوترێ کەچی لە خواستن بە هیچ جۆرێ لێکچوون نابێ دیار بێ ئەگەر دیار بکەوێ لە خواستن ئەکەوێ و ئەبێ بە لێکچواندن)) (گەردی، ۱۹۷۲، ۷۲). خواستن تەنها لە بواری ئەدەبدا گرنگی پێنەدراوە، بەڵکو لە بواری دیکەی وەک زانستی زمان گرنگی تایبەت بەخۆی پێدراوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم هونەرە وشە و واتای تازە دروست دەکات، کە ئەمەش دەرفەتێکی بەپێزە بۆ فراوانبوون و دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی وشە، بۆیە (( میتافۆر جۆرێکە لە دانایی، چونکە لە ڕاستی دا ئەو سەرنجە باوە ڕاست نییە کە گوایە میتافۆر تەنیا جوانکاری و خۆش بەخشین و ڕازاندنەوە بێت، بەڵکو درککردن و پەی بردنە بە دیاردە پەنهانەکان وە زۆربەی دەربڕینە ناسکەکان لە میتافۆرەوە سەرچاوە دەگرن و لە هەمان کاتیشدا وریاکردنەوەو وروژاندنی گوێگریشمان بۆ مسۆگەر دەکات، هەر بۆیە جێی خۆیەتی بە بەردەوامی بەرگی وشەکانمان بگۆڕین و دەربڕینەکانمان خاڵیکەینەوە لە واتا باوەکانیان و پڕیان کەین لە وزەی نوێ)) (علی، ۲۰۰۰، ۱۸). کەواتە دەتوانین بڵێین خواستن یەکێکە لە هونەرە پڕ بەبایەخەکانی ڕوونبێژی و لە ناو چواندندا هەڵدەقوڵێ واتە چواندنێکی پوختە؛ بەکارهێنانی وشەیەکی خوازراوە، کە مەبەست و مانا ڕاستییەکەی خۆی ناگەیەنێت، بەڵکو مانایەکی خوازەیی دەگەیەنێت. شاعیران لە قۆناغی ڕابردوو ئێستادا بە چڕی بەکارییان هێناوە و دەهێنن، تا ئەو ئاستەی دەکرێ بڵێین بەرهەمێکی شیعری نییە ئەم هونەرە بە پێزەی تێدا بەکار نەهێنرابێت. سروشت هەمیشە لای شاعیران گرنگ و ئیلهام بەخش بووە لە ڕێگەی تایبەتمەندی سروشتەوە هونەری خواستنیان بەکار هێناوە بە تایبەت شاعیرانی هەورامی، چونکە ((یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیرانی هەورامان لیریکای سروشتە، باسی خەزانی پایزە، هەموو کاتێکیش لەگەڵ هەست و نەست و ئەندێشەی مرۆڤدا دەربڕدراوە، شاعیران بە میتافۆر (خواستن) ی قووڵ و بەراوردی دانسقە و چاوەڕواننەکراو و دەربڕینی ناسک تابلۆیەکی تەواویان نەخشاندووە))(محەمەد، ۲۰۰۷، ۷).

لە سەرچاوەکاندا خواستن دابەش دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا، کە(( خواستن بە پێی هاتنی یەکێ لە هەردوولاکەی کە بۆخواستراو(ألمستعارله) و لێ خواستراو(ألمستعارمنه) دوو بەشی هەیە یەکەم: خواستنی ئاشکرا (ألإستعارة التصريحية)، دووەم: خواستنی شاراوە (ألإستعارة المكنية) ))

(گەردی، ٢٠١٣، ١٨٥-١٩٤)، دیارە، کە ئەم دووجۆرەش هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی لقی دیکەیان هەیە، بەڵام ئەم دوو جۆرە سەرەکی و دیارترینن، بۆیە ئێمەش لەم داستانەدا تەنها ئەو دوو جۆرە دەخەینە ڕوو.

**أ-خواستنی ئاشکرا:** (( ئەوەیە کە تەنیا لێخواستراو (لەوچوو) لە ڕستەدا هاتبێ، هەر بەهۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ناوی لێخواستراو (لەوچوو= مشبەبە) گۆڕدراوە بۆ مەبەستی خواستراو، پێی دەگوترێت خواستنی ئاشکرا)) (پارسا، ١٣٩٧، ٧٣) بۆ نموونە لەم داستانەدا خانا لە بەندی (٢٤)دا دەڵێت:

**تەمام گرد رازان <u>سەوڵ نازپەروەر</u> یەک یەک حاڵی کەرد <u>شێر دڵاوەر</u>.** (ئەمینی ٢٠١١، ٢٠٧)

**یار/ بۆ خواستراو دەرنەکەوتووە. سەوڵ نازپەروەر، شێر دڵاوەر/ لێخواستراو، دەرکەوتووە.**

**جوانی، ئازایەتی/ خواستراو حاڵی کەرد، واتە تێگەیاند/ نیشانەی خواستنە**

ئەمە کۆتای گفتوگۆی نێوان نۆش ئافەرین و شازادە سوڵتانە، کاتێک شازادە سوڵتان نۆش ئافەرین ڕزگار دەکات لەو چاڵە تەنگ و تاریکەی زەلغەمی دێو نۆش و مەیموونە خاتوونی بەند کردبوو، لێرەدا سەوڵ نازپەروەر، شێر دڵاوەر) بە مانای ڕاستی و دروستی خۆیان بەکار نەهاتوون، بەڵکو بەشێوەی خواستنی ئاشکرا بەکاریهێناون شاعیر یار، کە بۆخواستراوە و دەرنەکەوتووە چواندوویەتی بە گوڵی (سەوڵ نازپەروەر)، کە لێخواستراوە و دەرکەوتووە، بەهەمان شێوە شازادە، کە دەکاتە یاری نۆش ئافەرین بۆ خواستراوە و دەرنەکەوتووە چواندوویەتی بە (شێر دڵاوەر)، کە لێخواستراوەو دەرکەوتووە.

**بەندی(٤٥): کەمەر بەند تەڵا بەستەن نەڕووی پشت <u>جفتێ شەمامەی تەڵا</u> نەڕووی <u>مشت</u>** (قوبادی، ٢٠١١، ٢٩١)

**سنگی یار-مەمک/ بۆ خواستراو دەرنەکەوتووە. جفتێ شەمامە/ لێخواستراو، دەرکەوتووە.**

**تەڵا، واتە ئاڵتونی و جوانی/ خواستراو. مشت/ نیشانەی خواستنە.**

شاعیر وشەی (جفتێ شەمامەی) بۆ واتای ڕاستی خۆی بەکارنەهێناوە، واتە هونەری خواستن لەو وشەیەدا کۆبووەتەوە، چونکە مەبەستی ئەو شەمامە ڕاستییە نییە، کە بەری میوەیەکە، بەڵکو مەبەستی هەردوو مەمکی یارە، هەروەها وشەکانی (تەڵا، مشت) یارمەتیمان دەدەن، کە بڵێین وشەکە بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەهاتووە، ڕووی لێکچوونی ئەو دووەش ئاڵتونی و جوانییە.

**بەندی(٤٦): ((ئاما بە جەواب نازار دوڵبەر نە دورج <u>دەهان</u> <u>ڕێزنا</u> <u>گەوهەر</u>** (ئەمینی ٢٠١١، ٢٩٨)

**قسەی یار / بۆ خواستراو دەرنەکەوتووە. گەوهەر/ لێخواستراو، دەرکەوتووە.**

**بەنرخی قسەی یار/ خواستراو. دەهان، ڕێزنا/ نیشانەی خواستنە.**

شاعیر وشەی (گەوهەر)ی بۆ واتای ڕاستی خۆی بەکارنەهێناوە، چونکە مەبەستی ئەو گەوهەرە ڕاستییە نییە، کە بەردی بەنرخی وەک یاقووت و ئەڵماس و مرواری....ییە، بەڵکو مەبەستی قسەی یارە، کە وەک ئەو بەردە بەنرخە، هەروەها وشەکانی (دەهان، ڕێزنا) یارمەتیمان دەدەن، کە بڵێین وشەکە بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەهاتووە، ڕووی لێکچوونیش گرنگی و بەنرخی قسەی یارە.

**بەندی(٦٣): هۆرێزا وە جەخت پڕتاف دا وەدەو لوا باوەرۆ ئەو <u>نەمام نەو</u>**

**قەدرێ لێش گوزەشت ناما وە دما** **نیشانێ ناما ژەو حۆری لەقا** (ئەمینی، ٢٠١١، ٤١٧-٤١٨)
**یار / بۆ خواستراو دەرنەکەوتووە.** **نەمام نەو، حۆری لەقا / لێخواستراو، دەرکەوتووە.**
**جوانی و شەنگی یار/ خواستراو.** **باوەڕۆ، ناما (یار) / نیشانەی خواستنە**

ئەمە گفتوگۆی(ئەمیر ئومەرای قاف)ە لەگەڵ شازادە سوڵتان، کە چیرۆکی عاشق بوونی خۆی بە (نوور ئەلعەین) دەگێڕێتەوە، شاعیر وشەکانی (نەمام نەو، حۆری لەقا) هێناون، کە هونەری خواستنی ئاشکران بۆ (یار)، کە بۆخواستراوە و دەرنەکەوتووە چواندوویەتی بە(نەمام نەو، حۆری لەقا)، کە لێخواستراون و دەرکەوتوون ئەوەشی خواستراوە جوانی یارە، کە جوانی و گەشاوەی نەمامی تازە و حۆری بەهەشتی گواستووەتەوە بۆ یارەکەی.

**ب-خواستنی شاراوە:** (( ئەو خواستنەیە تیایدا چوێنراو دەربکەوێت و پێچوێنراو دەرنەکەوێت. ئەو جۆرەیە، کە تیایدا لێخواستراو دەرنەکەوتووە تەنها درکانێکی بۆ کراوە بەیەک لە پەیوەستەکانی یان خاسیەتێک لە خاسییەتەکانی، لەگەڵ دەرکەوتنی بۆ خواستراو)) (کریم، ٢٠٢١، ٢٠٣). واتە لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، کە پێچەوانەی جۆری یەکەمی خواستن بێت لەم جۆرەیاندا (لێچوو) دێت و (لەوچوو) دەرناکەوێت، ((بەڵام پەیوەست-لازم-ێکی لی وەربگیرێ بدرێ بە لێچوو)) (گەردی، ١٩٧٢، ٧٧). لە بەندی (١٧)دا دەڵێت:

**ئەی چەرخ غەدار پڕ جە قەباحەت** **کێ نیشتەن تێدا ساتێ بە راحەت** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٤).
**چەرخ/ بۆ خواستراوە دەرکەوتووە** **مرۆڤ/ لێخواستراوە، دەرنەکەوتووە**
**چەرخ غەدر ئەکات/ خواستراوە لە مرۆڤەوە غەدر ئەکات،**

لەم دێڕەدا خواستنی شاراوە لە (چەرخ غەدار)ە لێکچواندنی چەرخی کردووە بە مرۆڤ، ئادەمیزاد لابراوە، کە لەوچووە، بەڵام پەیوەستێکی لێ وەرگیراوە، کە غەدارییەو دراوە بە لێچوو، کە چەرخە وە هەر وشەی (غەدار)ە دەبێتە نیشانەی خواستنەکە. واتە کاتێک، دەڵێت: (ئەی چەرخی غەدار) ئاشکرایە غەداری بۆ مرۆڤ بەکاردێت بۆ چەرخ بەکار نایەت، چونکە چەرخ ناتوانێت غەداری بکات، بەڵکو مرۆڤ غەداری دەکات. واتە وشەکە لە مرۆڤەوە خواستراوە بۆ چەرخ، ڕوونتر بڵێین (چەرخ/ لێچووە.... لەوچوو نەهاتووە، بەڵام بەهۆی وشەیەکی تایبەتەوە کە (غەدر)ە خوێنەر تێدەگات، کە لەوچوو مرۆڤە)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم داستانە بوونی ئەفسانەیەکی زۆرە، خواستنی شاراوە لەم دێڕەدا (دنیا)یە چوێنراوە بە دێو واتە(دنیا) چوێنراوە باسکراوە ناوی دێوەکە(زەلغەم) پێچوێنراوە باسنەکراوە (بێ شەرمەن) نیشانەی خواستنەکەیە، لەبەر ئەوەی بێ شەرمی شیاوی دونیا نییە، بەڵکو شیاوی دێوەکەیە، واتە ئەم سیفەتانە لە دێوەکەدا هەن نەک لە خودی دونیا. شاعیر لەم دێڕەدا مەبەستی بێ شەرمی زەلغەمی دێوە، کاتێک جاری پێشوو نۆش ئافەرین دەڕفێنێت شازادە دەڕوات ڕزگاری دەکات عەلقەم دەکوژێت و دەیەوێت زەلغەمی برایشی لەناوبەرێت، بەڵام زۆر دەپاڕێتەوە، تا شازادە نەیکوژێت، شازادەش لێی خۆش دەبێت و ئازادی دەکات، بۆ جاری دووەم دیسان لە شەوێکدا

فرسەت دەهێنێ و نۆش دەڕفێنێتەوە، تا تۆڵەی براکەی بکاتەوە، جا شاعیر لێرەدا مەبەستی لە بێ شەرمی دێوەکەیە، کە لە ئاستێکدایە بە ڕفاندنی یاری ئازاری شازادە دەدات، لە کاتێکدا ئەو لێی خۆش بوو.

**بەندی (٤٤): ناوەردن نەخاو <u>دیدەی زەمانە</u>  هەرکەس بوینۆ مەبۆ دێوانە.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٨١)

**زەمانە/ بۆ خواستراوە دەرکەوتووە  مرۆڤ/ لێخواستراوە، دەرنەکەوتووە**

**دیدە / نیشانەی خواستنە  زەمانە دەبینێ/ خواستراوە لە مرۆڤەوە ئەبینێ.**

شاعیر لەم دێڕەدا خواستنی شاراوەی لە (دیدەی زەمانە)دا هێناوەتەوە، واتە زەمانە وەک مرۆڤ، زیندەوەران چاوی هەیە و دەبینێ (زەمانە، لێچوو)ە بە (مرۆڤ) چوێنراوە نیشانەی خواستنەکەش دیدە واتە چاوە بەوە دەزانین زەمانە بە مرۆڤ چوێنراوە، کەواتە جۆری خواستنەکە شاراوەیە، لەبەر ئەوەی لێچوو کە (زەمانە)یە هاتووە و لەوچوو کە (مرۆڤ)ە نەهاتووە، هەمان نموونە لە بەندی (٤٥) دا دەڵێت:

**بە وێنەش نییەن نە ڕووی زەمانە  ناوەردەن نەخاو <u>دیدەی شش جەهان.</u>** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٩١)

**شش جەهان / بۆ خواستراوە دەرکەوتووە  مرۆڤ/ لێخواستراوە، دەرنەکەوتووە**

**دیدە / نیشانەی خواستنە  شش جەهان دەبینێ/ خواستراوە لە مرۆڤەوە ئەبینێ.**

جیاوازی لەگەڵ نموونەی پێشوو، تەنها وشەی زەمانە بووەتە (جەهان)، کە هاو واتان، دەڵێ شش جەهان، واتە مرۆڤی شەش جیهان ئەم جوانییەی خورشیدە خاتوونیان لە خەویشدا نەبینییوە، نەک لە ڕاستیدا لە هەردوو بەندەکەدا وەسفێکی پڕ لە هونەری ڕوونبێژییانەی خورشیدە خاتوونی کردووە.

**بەندی (٥٨): <u>گوڵ خەندە کەردەن</u> یاران جە شادی  بەدڵ کەردشان موبارەک بادی.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٣٥٨).

**گوڵ / بۆ خواستراوە دەرکەوتووە  مرۆڤ، یار/ لێخواستراوە، دەرنەکەوتووە**

**خەندە کەردەن / نیشانەی خواستنە  گوڵ خەندە دەکات/ خواستراوە لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ.** خواستنی شاراوە لە (گوڵ)دایە چوێنراوە بە مرۆڤ، واتە(گوڵ) چوێنراوە و باس کراوە، مرۆڤ پێچوێنراوە و باس نەکراوە (خەندە کەردەن)کەواتە خەندەکردن دەبێتە نیشانەی خواستنەکە و بەوەدا دەزانرێت، کە گوڵ بە مرۆڤ چوێنراوە، لەبەر ئەوەی خەندەکردن سیفاتی گوڵ نییە، بەڵکو سیفاتی مرۆڤ، یارە. **بەندی(٦٣):**

**نە شەوق شوعلەی <u>شەمس باڵ زەڕین</u>  مەدهۆش و مات بی دڵەی ئاگرین.**(قوبادی، ٢٠١١، ٤٣٥).

خواستنی شاراوە لە (شەمس باڵ زەڕین)ە لێکچواندنی شەمس، واتە خۆری کردووە بە مرۆڤ، ئادەمیزاد لابراوە، کە لەوچووە، بەڵام پەیوەستێکی لێ وەرگیراوە، کە باڵە دراوە بە لێچوو، کە شەمسە وە هەر وشەی (باڵ)ە دەبێتە نیشانەی خواستنەکە.  واتە کاتێک، دەڵێت: (شەمس باڵ زەڕین) ئاشکرایە مرۆڤ باڵی هەیە نەک خۆر. کەواتە وشەکە لە مرۆڤەوە خواستراوە بۆ خۆر، ڕوونتر بڵێین (شەمس/ لێچووە.... لەوچوو نەهاتووە، بەڵام بەهۆی وشەیەکی تایبەتەوە کە (باڵ)ە خوێنەر تێدەگات، کە لەوچوو مرۆڤە.

**سێیەم درکە**: داستان ئەو ژانرەیە بواری داهێنانی هونەری فراوانە؛ کات و دەرفەتێکی لەبار لەبەردەم داستاننوسدا هەیە بۆ خستنەڕووی توانا هونەرییەکانی خۆی، بەو پێیەی لەم ژانرەدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بونیادی جوانیناسی بەگشتی بەکاردەهێنرێن. شارەزایانی ئەدەب هەر لە ڕابردوو تا ئێستا درکییان بە گرنگی و کارتێکەری درکە کردووە بە شێوازێکی دەربڕینی ئەدەبی پێناسەیان کردووە لەوانە دکتۆر(عەزیز گەردی) دەڵێت: ((درکە ئەوەیە وشەیەک یا کۆمەڵە وشەیەک بێنی کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت هەر لەو کاتەدا لەڕستەکە مانایەکی تر بدا بەدەستەوە وە مەبەست ئەم مانایەی بەم دوایی یە بێت)) (گەردی، ١٩٧٢، ٨٨). یاخود (( درکە شێوەیەکی ئاخاوتنە، کە جێگەی ناوی شتێک بە ناوی چەند شتێکی تر دەگرێتەوە، کە یەکسەر ئەوت بیر دەخاتەوە بۆنموونە بوتڵ و خواردنەوە، ڕۆژنامە- ڕۆژنامەنووس، تەنوورە و ژن، مۆزارت-بۆ مۆسیقای مۆزارت....)) (هالبێرگ، ٢٠١٨، ٧٨). واتە درکە دەستەواژەیەکە، کە قسەکەر بە شێوازی واتای نهێنی دەری دەبڕێت، تا وشەکان کاریگەر بن، لەبەرئەوەی گەر وشەکان بە شێوازی ئاسایی دەرببڕێن گاریگەر نابن، بۆیە دەبێت نووسەر بە شێوازی هونەری واتاکان بگەیەنێت ئەم شێوازە هونەرییەش لە (درکە)دا وەک هونەرێکی ڕەوانبێژی بەدیدەهێنرێت، چونکە(( درکە ئەوەیە، قسەکەر مەبەستی چەسپاندنی یەک لە ماناکانە، بەڵام بەو وشانە گوزارشتی لێناکات، کە لە زماندا بۆ ئەو مانا مەبەستەی دانراون، بەڵکو بەرەو مانایەکی تر دێت، کە بەدواهاتوو و هاو واتای مانای مەبەستە، لەبری ئەو دەست بەوە دەگرێت و دەیکاتە بەڵگەیەک بۆ گەیاندنی مانای مەبەست)) (الجرجاني، ٢٠٠١، ٦٠).

درکەو خوازە جیاوازن وەک (عەزیز گەردی) دەڵێت: ((درکە بەرهەڵستی ئەوە ناکات کە مانا نەژادییەکەمان مەبەست بێت کە ئەڵێ ی(فلان چۆک درێژە) ئەتوانی بڵێی مەبەست چۆک درێژییە و هیچی تر بەبێ ئەوەی بۆ مانا درکاوەکە بچێت، کەچی لە خوازەدا بە پێچەوانەی ئەمە نیشانەیەک هەیە بەرهەڵستی ئەوە ئەکات مانا ڕاستەقینەکەمان مەبەست بێت کە ئەڵێ ی (شێرێکی چەکدارم دی) هەر ئەبێ مانا خوازراوەکەت مەبەست بێت کە (پیاوی ئازا)یە، وە ناتوانی بڵێ ی مەبەستم (شێری ڕاستەقینەیە) چونکە نیشانەیەک هەیە ئەبێ بە بەرهەڵست ئەویش وشەی (چەکدار)ە، چونکە چەکداری هەر بۆ پیاوی ئازایە نەک شێری ڕاستەقینە))(گەردی، ١٩٧٢، ٨٨-٨٩). واتە لە خوازەدا وشەیەک دەبێتە نیشانە، کە خۆێنەر زووتر وشە خوازراوەکە بدۆزێتەوە، بەڵام لە درکەدا دەکرێ وشە درکپێکراوەکە بۆ مانای خۆیی و مانا نهێنییەکەی پشتەوەشی بەکاربهێنرێت، بۆیە درکە ((دەبێ وشە یان ڕستە مانای بنەڕەتی خۆی هەبێ، لەهەمان کاتیشدا مانایەکی پەیوەستیش بگەیێنێ، مەبەستیش پەیوەستەکە بێ، مانا بنەڕەتەکەش قەدەغە نەبێ، بەمەش واتە: مانای پەیوەست دەبێ بە مەبەستی سەرەکی لەدەربڕینی بەم شێوازە، مانای بنەڕەت دەبێ بە (پێوەستراو) دووەمیش دەبێ بە(پەیوەست)یەکەم مانای فەرهەنگی خۆی لەدەست نادات پەیوەندیش لە نێوان هەردوو ماناکەشی (المجاورة) دەبێ)) (موحسین گەردی، ٢٠١٣، ٢٢٦).

درکە لە چەند بنەمایەک پێکهاتووە، کە(( زانایانی ڕەوانبێژی هاوڕان لەسەر ئەوەی هونەری درکە لەسەر سێ کۆڵەکە وەستاوە و بنیاتنراوە ئەوانیش: ١-درک پێکراو(المكنى يه):بریتییە لە واتای دروست کە زاراوەکە بۆی بەکارهاتووە لەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەستەکە. ٢- درک بۆ کراو (المعنى عنه): بریتییە لە واتای پەیوەستی درک پێکراوەکە، کە قسەکەر لە ڕێگەی درکەوە هێما و ئاماژەی بۆ دەکات. ٣- نیشانە- القرينة: نیشانە لە درکەدا دەبێت بە هۆیەک بۆ بەرگری کردن لە بوونی واتا دەرەکییەکە، واتە نیشانەی درکە جیایە لە نیشانەی خوازە))( کریم، ٢٠٢١، ٢٢٣-٢٢٤).

بە پێی سەرچاوەکان درکە چەند جۆرێکی هەیە، کە (( بە وردبوونەوە لەو دابەشکردنانەی ڕەوانبێژان بۆ بەشەکانی(درکە)یان کردووە، دەگەینە ئەوەی بڵێین: درکە سێ جۆری هەیە ئەوانیش بریتین لە: ١- درکە لە سیفەت ( الكناية عن الصفة) ٢- درکە لە مەوسوف( الكناية عن الموصوف) ٣- درکە لە هاوگری ( الكناية عن النسبة) لەوەشدا تەواوی ڕەوانبێژان یەکڕان و چ دابەشکردنێکی دیکەی نییە)) (مستەفا، ٢٠١١، ٢٠٩).

**یەکەم/ درکە لە سیفەتدا:** ئەو جۆرە درکەیەیە، کە ((لەجیاتی ئەوەی کەسێک یا شتێک بێ، سیفەتێکی ئەوانە بێ)) (پارسیا، ١٣٩٧، ٩٤). یاخود دەریا جەمال پێی وایە، کە درکە لە سیفەتدا ((ئاوەڵناویشی پێدەگوترێت، ئەم جۆرە درکەیە وا دروست دەبێت کە درکەکە سیفەتی دیاری کراوی کەسێک یان شتێک بدرکێنێت، وەک ئازایەتی، جوانی، گەرمی، هەژاری....هتد واتە ڕاستەخۆ ئەو سیفەتە دەرناخات کە مەبەستییەتی، بەڵکو هەڵوێستێک پیشان دەدات و لەوێوە تۆ سیفەتەکە دیاری دەکەیت)) (جمال، ٢٠٠٩، ٢٤٨) لە دوو جۆری (درکە لە سیفەت، لە خود)دا بە پێی زوو، درەنگ درککردن کراون بە دوو بەش(درکە لە سیفەتی دوور و نزیک) (درکە لە خودی دوور و نزیک)، کە ((درکەی نزیک ئەوەیە خوێنەر بە ئاسانی و بەبێ لێکدانەوەی زۆر واتای درکەکەی بۆ ڕوون بێتەوە، بەڵام درکەی دوور ئەوەیە لە سیفەتێک یان لە چەند سیفەتێک نەتوانین بە ئاسانی و ڕاستەوخۆ بگەین بە خودی وەسفکراو، بەڵکو لەڕێگای ئەم سیفەتە یان ئەم سیفەتانە بگەین بە خودی شتەکە کە وەسفکراوەکەیە)) (فیود، ٢٠١٠، ٢٣٣-٢٣٤ ) بۆ نموونە خانا لەبەندی (١)دا دەڵێت:

**شازادە پەرسا کێن ئەی جەوان بەی تەورە <u>گوستاخ</u> لوا بە مەیدان. (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٨)**

**گوستاخ / درک پێکراو چاو نەترسی و بێ شەرمی و قسەزانی/ درک بۆکراو**

ئەمە گفتوگۆی نێوان شازادە و هاوڕێکانییەتی، کاتێک دەچنە بازاڕی دیمەشق سەرجەم شازادەکان خۆیان ئامادە کردووە، تا نۆش ئافەرین ببینن، شازادە سوڵتان یەکێ لە شازادەکان لە مەیدانەکە دەبینێ و دەپرسێ ئەمە کێیە؟ بەو شێوە بە بێ شەرمی و بێ ترس و قسەزانانە دەدوێت. درکە لەم دێڕەدا لە وشەی (گوستاخ)دا بەرجەستە دەبێ، واتە ئەمە وەسفکراوەکەیە مەبەست لێی (بێ ترسی و قسەزان)ی شازادەکەیە، لەبری ئەوەی بڵێت ئەم جەوانە چاو نەترس و قسەزانە کێیە؟ کەوا بە بێ ئەوەی شەرم لە کەس بکات لەم مەیدانە دەدوێ، دەڵێ (بەی تەورە گوستاخ لوا بە مەیدان) لە مانای

یەکەمەوە، کە (گوستاخ)ە بە مانای دووەم، کە (بی شەرمی و قسەزان)ییە دەگەین، ئەمەش دەبێتە درکە لە سیفەتی دوور. **بەندی(١٣):**

**بەو تەور <u>گڕەی نار جەرگش</u> مەدا جۆش مەشنەوا <u>کزەی جەرگ وێش</u> بە گۆش.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٢٥)

**گڕەی نار جەرگش مەشنەوا کزەی جەرگ وێش/ درک پێکراو غەم و خەفەت وپەژارە/ درک بۆکراو.**

ئەمە دەرخستنی بارودۆخی شازادە سوڵتان ئیبراهیمە، کاتێک عەلقەمی دێو نۆش ئافەرین دەڕفێنێت، کە هەواڵەکە دەبیستێ زۆر پەرێشان دەبێت. درکە لەم دێڕەدا لە(گڕەی نار جەرگش، مەشنەوا کزەی جەرگ وێش)دا بەرجەستە بووە، واتە ئەمە وەسفکراوەکەیە مەبەست لێی ئاگر و جەرگ نییە بە مانای وشە، بەڵکو مەبەستی لەوەیە، کە هێندە پەرێشانە وەک ئەوە وایە بە ڕاستی جەرگی بسوتێ و گوێی لە کزەی سوتانەکەی بێت. لێرەدا خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ درک بە ئازار و ئەشکەنجە بکات. کەواتە لە مانای یەکەمەوە، کە (گڕەی نار جەرگش، مەشنەوا کزەی جەرگ وێش)ە بە مانای دووەم، کە (ئازار و غەم و ئەشکەنجە)یە دەگەین، ئەمەش دەبێتە درکە لە سیفەتی دوور.

**بەندی(١٥): مەکێشە جەفا جە دەرد و داغش ناوەردەن زەرەر <u>گوڵێ نە باغش</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٣١)

**گوڵێ نە باغش/ درک پێکراو ئەندامانی جسمی یار/ درک بۆکراو**

ئەمە گفتوگۆی نێوان(فەیازی عابید) و (جەهانگیر شا)یە باوکی نۆش ئافەرینی، کاتێک کچەکە دەڕفێنرێت لەلایەن عەلقەمەوە زۆر نیگەران دەبێت خەم دەخوات، بەڵام فەیازی عابید دڵنەوای دەکات، کە هیچ زەرەری پێ نەگەیشتووە، واتە (گوڵێ نە باغش) مەبەستە ڕاگەیەنراوەکەیە، بەڵام لێرەدا مەبەستی لە واتا ڕانەگەیەنرا و دوورەکەیە، کە دەڵێت: (گوڵێ نە باغش) مەبەستی جوانی و گەنجی سەرجەم ئەندامانی جەستەی نۆش ئافەرینە وەک چاو ڕوومەت...... واتە لە مانای یەکەمەوە، کە (گوڵێ نە باغش)ە بە مانای دووەم، کە (جوانی و گەنجی ئەندامانی جەستەی نۆش ئافەرینە وەک چاو ڕوومەت......)یە دەگەین، ئەمەش دەبێتە درکە لە سیفەتی دوور.

**دووەم/ درکە لەخودی شت مەوسوف:** (( لێرەدا سیفەتێک یان چەند سیفەتێک دەگوترێ، کە تەنیا لە یەک شتدا هەن، بەو شتانە دەگەینە ناسینی خاوەنی سیفەتەکان، کە مەوسوفە، یان زاتە، وەکو نانە خۆری پێنج ئەنگوست، چڵکی دەست...هەموو مەتەڵەکانی کورد لەو جۆرەن)) (گەردی، ٢٠٠٢، ). لە بەندی (١)دەڵێت: **ئەی چادر کەبود بێ چڵ و سوینە ئەی دوون دەوران نەزان چوینە**

**ئەی ئاگای دەردان ژ بان سەرە ئەی شادی تاسەر وەکەس نەدەرە**

**ئەی ژ دەنگ پای موور خەبەرداره ئەی قەرار دادەی لەیل و نەهارە**

**ئەی گیان کێش گیان جانداران سینە ئەی کون فەیەکون هیچ کەس نەوزینە.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥٨-٥٩)

واتە ئەم ئاسمانە شینە بێ ڕاگر و پایە، ئەم دەورانە، کە نازانین چۆنە، ئەوەی ئاگای لە دەردەدارانە لە سەرەوە، ئەوەی کەیف و خۆشی تا سەر بە کەس نادات، ئەوەی ئاگای لە دەنگی باڵدارانە، ئەوەی بڕیاردەری شەو ڕۆژە، ئەوەی خاوەنی گیانکێشی گیاندارانە، ئەوەی خاوەنی هێزێکی گەورەیە، کە ئاماژە بە ئایەتێکی (قورئان)ی پیرۆز دەدات ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾

(سورەتی یس: ئایەتی ٢٨) واتە کاری خوای گەورە وایە ئەگەر شتێکی ویست پێی ئەفەرمێت ببەو ئەبێ. لێرەدا دەبینین، کە سەرجەم ئەو سیفەتانە تەنها لە (خودای گەورەو میهرەبان)دا هەن ئەم سیفەتانە وەسف و ستایشێکی جوانی (پەروەردگار)ن داوا دەکات لە خاوەنی ئەو سیفەتە جوانانە، کە شکست نەهێنن. ئەمە سەرەتای داستانەکەیە، کە وەزیرەکەی سوڵتان خۆی دەناسێنیت و داوا لە (خوای گەورە)دەکات، کە سەریانخات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان ئەویش گەیشتنی شازادە سوڵتانە بە نۆش ئافەرین. درکە لە سەرجەم ئەو سیفەتانەدا بەرجەستە دەبێت، واتە مەوسوفی ئەم سیفەتانە (خوای گەورەیە) بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە هیچ هێزێک نییە خاوەنی ئەم سیفەتانە بێت، جگە لە خوای تاک و تەنیا، کەواتە لە ڕێگەی ئەو سیفەتانەی سەرەوە دەگەین بە مانای دووەم یان خاوەن وەسف، کە هێزو توانای(خودای مەزن)ە، ئەمەش دەبێتە درکە لە خودی دوور.

**بەندی(٢٣): شازادە نەوجا شکۆفا چون گوڵ وات شوکرم بە تۆن <u>دانای بێ موشکڵ</u>.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٩٥)

**دانای بێ موشکڵ / درک پێکراو خوای گەورە زانا و بێ کێشە/ درک بۆکراو.**

ئەمە سوپاسی شازادەیە بۆ خوای گەورە، کە دەچێتە تەلیسمی زەنگۆڵە بۆ ڕزگارکردنی نۆش ئافەرین، کە زەلغەم ڕفاندوویەتی. درکە لە (دانای بێ موشکڵ)دا بەرجەستە بووە واتە (خوای گەورە زانا و بێ کێشە) ئەم دەربڕینە درکاوە بووەتە وەسف بۆ خاوەنەکەی، کە (خودای گەورە)یە بەمەش دەبێتە درکە لە خودی دوور.

**سێیەم/ درکەی درانەپاڵ:** (( ئەوەش وا ئەبێ کە سیفەتیک یا کۆمەڵە سیفەتێک بدەیتە پاڵ کەسێکەوە یا شتێکەوە، بەڵام وانەبێ ڕاستەوخۆ ناوی کەسەکە یا شتەکە بێنی کە سیفەتەکانی ئەدەیتێ بەڵکو هەموو سیفەتەکان ئەدەیتە پاڵ شتێک کە ئەو شتە تایبەت بێ بە کابراوە کە سیفەتەکان لەو شتەدا هەبوون مانای وایە لە کابراشدا هەن)) (گەردی، ١٩٧٢، ٩٣) نموونەی ئەم جۆرە درکەیەش لەم داستانەی خانا لە **بەندی (٤٩) دەڵێت:**

**سوار بی خورشید نازار دڵتەنگ زوڵف کەرد <u>بەیداخ شەڕ</u> ئاشووب جەنگ** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣١٥).

**زوڵف کەرد بەیداخ شەڕ/ درک پێکراو درێژی و جوانی و شەکاوەی زوڵفی یار/ درک بۆکراو.**

شاعیر دەیەوێت بڵێت زوڵفی یار وەک ئاڵای شەڕ بەرز و شەکاوەیە و پەخشکراوە بەسەر هەموو بەرەی جەنگدا، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەمانەی نەوتووە، بەڵکو ئەم سیفەتانەی داوەتە پاڵ شتیکی تر، کە ئاڵای شەڕە، بەمەش لێکچوون لە نێوان زوڵفی یار، کە خوازەیە و (بەیداخ شەڕ)واتە ئاڵای شەڕ، کە لە ڕووی ئەرکەوە چوون یەکن دروست بووە، بەمەش درکەی درانە پاڵ دروست بووە.

**بەندی(٥٦): کلید فەرەح عەقڵ و هۆشمەن جە عەیب و عیلەت پەردەپۆشمەن (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٥٦)**

**کلید فەرەح، پەردەپۆشمەن/ درک پێکراو ڕێنیشاندەری خۆشی و کەیفی عەقل و هۆش/ درک بۆکراو**

کاتێک عیزەت خانی وەزیری جەهانگیر شا، کە دەکاتە باوکی (سەلیم) خیانەتی لێ دەکات؛ ژەهر دەداتە سەلیمی کوڕی، تا بیکاتە ناو خواردنەکەی شازادە؛ جەهانگیر شا، کە بەمە دەزانێت فەرمان دەدات بیکوژن؛ داوا لە سوڵتان ئیبراهیم دەکات، کە خان محمدی وەزیری بداتێ، تا بیکاتە وەزیری

خۆی؛ شازادە ڕازی نابێت. لێرەدا شاعیر دەیەوێت بڵێت خان محمدی وەزیرم وەک چۆن کلیل هۆکاری کردنەوەی چەندین دەرگای خۆشییە؛ خان محمدیش ئاوایە بۆم و ڕزگارکەرمە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەمانەی نەوتووە، بەڵکو ئەم سیفەتانەی داوەتە پاڵ شتیکی تر، کە کلیلە، بەمەش لێکچوون لە نێوان هۆشیاری ڕزگارکەری خان محمد، کە خوازەیە و کلیل ڕووی ئەرکەوە چوون یەکن، بەمەش درکەی درانە پاڵ درووست بووە.

کەواتە سەرجەم ئەو هونەرانەی، کە لە ئاستی شیعری خرانە ڕوو دەورێکی ئێجگار گەورەیان هەیە لە بەخشینی ئێستاتیکا و واتایەکی تایبەت و بەپێز بە داستانەکە، بەجۆرێک خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی وەردەگرێت، چونکە ژانری شیعریش بەهۆی تایبەتمەندییەکانی وەک(کێش، سەروا، خەیاڵ، زمان، ڕەوانبێژی......) لە ژانرەکانی دیکەی وەک پەخشان جیادەکرێتەوە، هەروەها بە بەکارهێنانی ئەم توخمانە لە شوێنی تایبەتی خۆیان و بە شێوازی هونەری بەرهەمێکی ئەدەبی بەپێز درووست دەبێت، بەڵام بە لابردنی یان ئاڵوگۆڕکردنی هەریەک لەوانە دەبێتە هۆی تێکدان و کەمکردنەوەی بەهای ئەدەبیی و هونەری بەرهەمەکە. کەواتە شیعر کاریگەری لەسەر زمان و وێنە دەکات بەوەی بەهۆی زمانی وێنە و خواستن و خوازە....بەرهەمێکی پڕ لە ئاواز و مۆسیقی دەهێنێتە کایەوە، کە بۆ تێگەیشتنی پێویستی بە بیرلێکردنەوە و تێڕامان هەیە.

## بەشی سێیەم

## بنیاتی هونەریی داستانە شیعری

## ( سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی لە ئاستی گێڕانەوەدا

### پاری یەکەم / تەکنیکەکانی گێڕانەوە

یەکەم/ وەسف

دووەم / گفتوگۆ- دیالۆگ

سێیەم / خۆدواندن – مۆنۆلۆک

چوارەم / سەفەر

پێنجەم / خەون و فانتازیا

### پاری دووەم/ توخمەکانی گێرانەوە

أ- پاڵەوان

ب- ڕووداو

پ-شوێن

ت- کات

# بەشی سێیەم

# پاری یەکەم

## تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە داستانە شیعری(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)

گێڕانەوە هونەرێکە لە ڕابردوو و ئێستادا جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا؛ سەرهەڵدانی پەیوەستە بە گەشەکردنی مرۆڤەوە؛ سنوورێکی فراوانی هەیە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت، چ بەشێوەی هونەری یان ئاسایی؛ گێڕانەوە بریتییە لە خستنەڕووی ڕووداوێک و بەسەرهاتێک لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسانی دیکە، یاخود دروستکردنی وێنە و دیمەنێک بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری ناخ و دەروونی گێڕەرەوە بەشێوە و زمانی شیعری، یاخود پەخشانی؛ گێڕانەوەی بابەت و ڕووداوەکان، هەندێک جار پەیوەستن بە کاتی ڕابردوو، یاخود داهاتوو هەندێک گێڕانەوەش هەیە ئەفسانە و فانتازیای زۆری تێدا بەکاردەهێنرێت، واتە چۆنییەتی گێڕانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت بە پێی توانای هونەری گێڕەرەوە، تا چەند تەکنیک و توخمەکان لەشوێن و کاتی گونجاودا دەخاتە ڕوو هێندە گێڕانەوەکە بەپێز و سەرنجڕاکێش دەبێت لای گوێگر، گێڕانەوە بە تایبەت لە ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵ و ئامانجی فراوانی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ڕۆڵی تەکنیک و توخمەکانی گێڕانەوە بخەینە ڕوو لە ژانرێکی گرنگی وەک داستاندا؛ سەرەتا تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا، پاشان توخمەکانی گێڕانەوە دەخەینەڕوو.

**تەکنیکەکان بریتین لە: (وەسف، گفتوگۆ-دیالۆگ، خۆدواندن-مۆنۆلۆگ، سەفەر، خەون و فانتازیا)**

**یەکەم/ وەسف :** وەسف یەکێکە لە تەکنیکە گرنگ و بە بایەخەکانی گێڕانەوە؛ چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە خستنە ڕووی سەرجەم توخمە سەرەکییەکانی گێڕانەوە، بۆیە شاعیران ئەوەی، کە لە ژیانیاندا هەیە و هەستی پێدەکەن بە هەر پێنج هەستەکە و کاریگەری هەیە لەسەریان؛ لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە گوزارشتێکی جوانی بۆ دەکەن. نووسەران لە هەموو قۆناغێکدا گرنگییەکی تایبەتییان پێداوە وە(( ئەم تەکنیکە لە سەدەی پێنجەمی زاینیەوە سەریهەڵداوە و بە تایبەتی بۆ ئەوە بەکاردەهات، کە وەسفی شتە هونەرییەکانی پێدەکرا، لەم ڕۆژگارەی ئێستاشدا دوای ئەوەی چەندین گۆڕانکاری و نوێگەری هاتوونەتە نێو دونیای ئەدەبەوە، دەتوانین وەسف بە یەکەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دەق دابنێین، لەبەر ئەوەی دەبێتە مایەی فراوانکردنی)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٥٧) سەبارەت بە پێناسەی وەسف (کاروان مهدی) دەڵێت: (( شێوازێکی دارشتن ئامێزە، باسی ڕووکاری هەستی و ناهەستی وەسفکراو دەکات و دەیخاتە بەر دیدە، ڕەنگێکی وێنەگرتنە، چاو دیدە دەدوێنێ، شێوە و ڕەنگ و سێبەرەکانی بۆ دەدوێنێ، هەڵگری کۆمەڵێک ماناو دەلالاتی سەربەخۆیە لەناو دەقدا، زانیاری لەسەر شت و بابەت و کارەکتەر و شوێن دەبەخشێ، پێشبینی دەکات و مەیلی چاوەڕوانی و بەردەوامبوون و بەدواداچوون لای خوێنەر دەوروژێنێ، وەکو تەکنیکێکی کات ڕۆڵی هەیە لە وەستان و خاوکردنەوەی بزاوتی

گێـڕانەوە)) (عوسـمان، ٢٠٠٨، ٢٠). هەروەهـا وەسـف ئـامڕازێکی سـەرەکییە بـۆ ڕازانـدنەوە و دەوڵەمەندکردنی دەقی گێڕانەوە؛ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا هەیە، بەجۆرێک کە (( وەسف پێویستییەکی سەرەکی گێڕانەوەیە زۆر زەحمەتە بێ وەسف بتوانین بگێڕینەوە، بەڵام کارێکی ئاسانە وەسف بکەین بێ گێڕانەوە)) (محمد، ٢٠٠٦، ١٧٦).

کەواتە وەسف لە گێڕانەوەدا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە بنیاتی کەسایەتی و بەرەوپێشـبردنی ڕووداوەکـان؛ پەیوەنـدییەکەیان یارمەتیـدەرە لە ڕاگرتنـی کـاتی گێـڕانەوەی دەقـی بەرهەمە ئەدەبییەکان؛ داستانەکانیش وەک دەق دەبنە پانتاییەکی فراوانی ئەم تەکنیکە بە پێزە، چونکە ((داستان ئەو جێگا و شـوێنەیە کە وەسـف دەتوانێت ڕۆڵـی خـۆی تێدا بگێڕێت و مەزنـی خـۆی دەر بخات، هەروەها توانای زمانی و دۆزینەوەی شتی تازە لەو ئەنجامەدا بێنێتە کایەوە))( واخرون، ٢٠١٢، ٧٣). بەکارهێنانی وەسـف لە دەقە ئەدەبییەکان جیاوازە؛ لە هەندێکیاندا بەڕێژەیەکی کەم بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هەنـدێکی دیکەیاندا بە پێچەوانەوە بە ڕێژەیەکی زیاد سـودی لـێ وەردەگیرێت، بە هەمـوو جۆرەکانیی وەک ( وەسـفی جوڵاو، وەسـتاو، دەرەکی، نـاوەکی) بە ڕادەیەک، کە بەتەواوی پشت بەم تەکنـیکە دەبەسـتێت وەک دەقە گێڕاوەکـان. گێـڕانەوە خسـتنەڕووی چەنـد ڕووداوێـکە؛ نووسـەر بەجۆرێکی هونەری جیهانێکی خەیاڵی دروست دەکات و هەوڵدەدات لە ڕێگەی تەکنیکەکانی گێڕانەوە وا لە خوێنەر بکات هەست بەو جیهانە خەیاڵییە بکەن و لێی تێبگەن، جا یەکێک لەو تەکنیکە گرنگانە وەسفە، چونکە وەسـف (( ڕۆڵێکی سـەرەکی دەگێڕێت لە شـێوازی ڕیتمی دەقەکە، واتە لە وەسـتان و خـاوکردنەوەی جـوڵەی گێـڕانەوە، لە هەمـان کاتـدا ڕوخسـاری دەردەخـات و کاتەکـان دیاریـدەکات، هەروەهـا وێنـای ڕوخسـاری کەسـێتییەکان دەکـات، ئەو چوارچێـوەیەی کەسـێتی و پاڵەوانەکـان تێیدا دەجوڵێنەوە و ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن دیاریدەکات)) (تاوکوزي، ٢٠١٢، ١٠١-١٠٢).

تەکنیکی وەسف بەپێی تێپەڕینی کات لە ڕۆڵ و ئەرک و لێکدانەوە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، چونکە(( لە سەرەتادا مانایەکی تەسک و دیاریکراوی هەبوو، بەستراببووەوە بە دەرخستن و پیشاندانی دیوی دەرەوە و ڕواڵەتی شتەکان، بەڵام لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسـەر جۆر و شـێوازی گێـڕانەوەدا هـات لەو تەوەرە تەسـکەی کە خـۆی بە ڕواڵەتـی دەرەوە دەبەسـتەوە دەرچـوو. تـوانی شۆڕبێتەوە ناخی شتەکان و دیووی ناوەوەیان پیشانبدات)) (ئەحمد، ٢٠٢١، ١٠٣).

دەتـوانین بڵێـین وەسـف چەنـد ئەرکێکـی گرنگـی هەیە جگە لە ڕازانـدنەوەی دەق، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ توخم و ڕەگەزەکانی دیکەی دەقدا هەیە؛ گێرەڕەوە دەتوانێت سـوودێکی گەورەی لێ وەربگرێت لە بەرەو پێشبردنی دەق و بەخشینی جوانیناسی بە دەقەکەی، بۆیە وەسـف ((بە جـوڵێنەری سـەرەکی ڕووداوەکـان دادەنـرێ، هاوکـات وەسـفی شـوێنەکان و وەسـفی دیـمەنە سروشتییەکان و وەسفی کەش و هەوا کە ئاماژە بە داهاتنی وەرزەکانی سـاڵ دەکات)) (عەلی، ٢٠٠٩، ٧٦). ئەرکیشی بریتییە لە: ((١- ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەقە بەهۆی بەلاغەتەوە، کە ئەرکی

کۆنی شاعیرانە لە گێڕانەوەدا. ٢- ئەرکی شیکردنەوە دەبینێت، کە ڕاڤەی ڕەهەندەکانی دەروون و ڕەفتارەکانی کارەکتەر دەکات. ٣- ئەرکی ڕاکێشانی خەیاڵی خوێنەر دەبینێت)) (یوسف، ٢٠١٥، ١٤٣-١٤٤).

داستان وەک بەرهەمێکی گێڕانەوە زمانێکی سادەو ساکار بەکاردەهێنێت، بۆیە وەسف لە دەقی داستانیدا سادەیە و زیاتر ئەرکی ڕازاندنەوەی دەقەکەیە، بەو پێیەی داستان موڵکی میللەتە؛ نووسەر لە سنووری بیری گشتیدا وەسفەکان دەخاتە ڕوو، نەک بەپێی لێکدانەوەی دەروونی خۆی مەبەستەکانی خۆی بهۆنێتەوە؛ داستانووس جۆرە وەسفێک ناکات، کە هزری خوێنەر ماندوو بکات زیاتر وەسف بۆ ئەوە بەکاردەهێنێت، تا ژیانی ئەو قۆناغ و سەردەمە بخاتە ڕوو وەک وەسفکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و جل و بەرگ و تەختی پاشایەتی و بێستان و گوڵ و گوڵزاری باغ و... بە شێوەیەکی گشتی تەکنیکی وەسف پەیوەستە بە توخمی (پاڵەوان، شوێن)ەوە وەسفکردنی کەسەکان و دیمەنەکان بە سادەیی ئەنجام دەدرێت؛ پیاوان وەسفی پاڵەوانێتی و ئازایەتی و لێهاتووییان دەکرێت؛ ژنانیش زیاتر وەسفی جوانیی و شۆخ و شەنگی و زیرەکییان دەکرێت؛ جوانی ژن لایەنێکی بەرچاو دیاریکراوە لە دەقەکاندا، بۆیە ((هونەری وەسف، بە واتای نیگارکێشانی شیعری بە تایبەتی جوانیی ژن، هەروەک لە شیعری گەلانی دنیادا، ئاواش لە شیعری کوردیی بە گشتی و دیالێکتی گۆرانی(هەورامی)دا بە تایبەتی گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی هونەری)) (محەمەد، ٢٠٠٨، ٥٨). بۆ نموونە لەم داستانەی خانای قوبادیدا لە بەندی (٢)دا دەڵێت:

**نیگا کەرد شەخسێ زومورودی تراز — جە تۆی قەسر زەڕ نیان بەسەد ناز**
**یەک دەس ڕەختخواب ئەو بە وێنەی گوڵ — وستەن نەروی تەخت دانەی مەداخل**
**یەک نازەنینێ هانە دلێ ڕەخت — بییەن بە حەیران ڕەخت و قەسر و تەخت**
**شەوق مدۆ بە ناز شۆخ نازەنین — شەمعێ نە سەرین، یەکێ نە پاین**
**چەم نیا وەهەم شۆخ دلڕوبا — بۆی عەتر عەنبەر مەیۆنە ئەوجا**
**بەی شکڵ و شێوە شۆخ ناوەری — نییەن چ ئارام نە حۆری و پەری**
**ئەر بەیۆ زوبان تەمام مووی ئەعزام — وەسف جەماڵش نمەبۆ تەمام**
**چێشش بەیان کەم عاڵەم بزانۆ — حەیفەن جەواهێر مەخفی بمانۆ**
**شیرینێ وەی تەور جە پا تا وە سەر — نییەن جە سوورەت بوتخانەی ئازەر**
**دیدە چون جەیران پەروەردەی پای کاو — هەرکەس مەوینۆ ساف مەبۆ بە ئاو**
**جە لای سیا زوڵف دانە ڕووی جەماڵ — بییەن وە پەردەی ڕێزە ڕێزەی خاڵ**
**گوڵ ئارای جەمین نەقش نیگارەن — چمان کە گوڵزار فەسڵ بەهارەن**
**سەرگۆنا گوڵ گوڵ بە وێنەی ئاتەش — چون لەعل مەعدەن ئاب دیدەکەش**
**پەردەی لەب یاقوت قرمز ئابدار — پەسەند و مەحبووب شاهان خەریدار**
**دەهەن خونچەی گوڵ شکوفتەی تازە — بوڵبوڵ بە مینقار کەردەن ئەندازە.** ( ئەمینی، ٢٠١١،٧٦-٧٧)

سوڵتان ئیبراهیم بۆ یەکەم جار نۆش ئافەرین دەبینێ، کاتێک بە دزییەوە دەچێتە کۆشک؛ لێرەدا گێڕەرەوە وەسفێکی زۆر جوان و هونەرییانەی(نۆش ئافەرین) دەکات؛ لەسەرەتادا وەسفی قەرەوێڵەو پێخەف و...، کە دەڵێت: شازادە چوویە ناو کۆشک قەرەوێڵەیەکی بینی چوار قاچی ئاڵتوونی هەبوو؛ پێخەفێکی بەسەردا درا بوو؛ نازەنینێک دەستی گرتبووە خەنەو لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە بوو؛ سەرجەم قەسر و تەختەکە سەرسامی جوانییەکەی بوون، پاشان دەکەوێتە وەسفی ڕووخسارو قژی و....... واتە وشەکانی (حۆری و پەری، جەواهێر، شەمع، شەوق، بوتخانەی ئازەر، سیا زوڵف، گوڵزار فەسڵ بەهارەن، سەرگۆنا گوڵ، ئاتەش، لەعل، لەب یاقوت، قرمز ئابدار، دەهەن خونچەی گوڵ، شکوفتەی تازە....... هەموویان وەسفن بۆ ڕوخسار، کە سیمبوولی جوانی(نۆش ئافەرین)ە؛ خوێنەر بە ئاسانی تێدەگات ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی تێدا نییە؛ جوانکارییەکی بەرزی هونەری تێدا بەرجەستە بووە، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بە جوانی و شۆخ و شەنگی نۆش ئافەرین دەکات، کاتێک جوانییەکەی دەچوێنێت بە حۆری و پەری و گوڵی بەهارو......

دەبینین لە وەسفدا زیاتر هونەری (لێکچواندن) بەدیدەکرێت، لەبەر ئەوەی لەم هونەرەی ڕوونبێژیدا وێنە بە ئاسانی دەگاتە خوێنەر. کەواتە وەسف لەم چەند دێڕەدا ئەرکی ڕازاندنەوەی بینییوە؛ دەکرا بەچەند دێڕێکی کەم ئەم وەسفە بخاتە ڕوو، بەڵام گێڕەرەوە بە (٣٦ دێڕە شیعر) وەسفێکی درێژی جوانیی نۆش ئافەرین کردووە، مەبەستی ئەوەیە، کە جوانییە لە ڕادەبەدەرەکەی نۆش ئافەرین نیشان بدات؛ وەسفی دەروونی سوڵتان ئیبراهیم بکات بەرامبە بە جوانی یارەکەی، هەروەها ئەم وەسفە دەبێتە هۆکاری خاوکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوەکە، لەبەر ئەوەی جوڵەی تێدا نییە تەنها دید و بیرکردنەوەی شازادەیە بۆ جوانیی یارەکەی، هەروەها دەتوانین بڵێین، کە ئەم وەسفە لە جۆری وەسفی وەستاوە. واتە (( پرۆسەی وەسفکردنەکە دەبێتە مایەی خاوکردنەوە و ڕاوەستاندنی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی گێڕانەوە، پەیوەندی بە ساتێکی دیاریکراوی بەسەرهاتەکەوە دەبێت، دەکەوێتە دەرەوەی کاتی ڕووداوەکە، دەبەسترێتەوە بە دەرخستن و پیشاندانی سیما و سیفەتەکانی کارەکتەر و شوێن و شتەکانەوە لەڕووی ناساندنەوە)) (فایەق، ٢٠٠٨، ٢٧). لە بەندی(٤٤)دا دەڵێت:

**خورشید نە سەر تەخت گرتەنش قەرار** — **شەوق مەدا چون شەوق شۆڵەی خۆرئێوار**
**ئاهیر کەفت نە جەرگ سفتەی شازادە** — **جە نیگای ئەو شۆخ فەرەنگی زادە**
**مەدهۆش بی نەشەوق نازار دڵکێش** — **یەکسەر شی وەباد عەقڵ و فام و هۆش**
**خورشید چ خورشید رای تاریف نییەن** — **نە وێنەی حوران نە چون پەرییەن**
**نە وێنەی شیرین شار ئەرمەنەن** — **نە تەرسای شار نە جە فەرەنگەن**
**نە چون گوڵئەندام خاقان چینەن** — **نە چون هومەیلا گیسوو مشکینەن**
**نە چون زولەیخا میسری موقامەن** — **پەری و جن و دێو نە سەوداش سامەن**
**پەی شۆخی و شەنگیی شیرین عاڵەم** — **دیدەی زەمانە ناوەردەن بە چەم**
**عارفان شەیدای ڕێزەی قەندشەن** — **شاهان گرفتار تای کەمەندشەن**

**دەروێش و مسكین سەرنە سەوداشەن** **مورشیدان خەستەی تیغ مەوداشەن**

**جە ئادەم بەری سەر ڕشتەی نوورەن** **پەری بەهەشتەن هەم وێنەی حوورەن.** (ئەمینی، ٢٠١١،٢٨٠-٢٨١)

ئەمە وەسفی خورشیدە خاتوونە كچی( قاتب شا)ی پادشای فەرەنگ، كاتێک شازادە لە سوپای زیگوات ڕزگاریان دەكات قاتب شا وەسییەت دەكات و دەڵێت بە شازادە داوایەكم هەیە بۆم جێ بەجێ بكە ئەویش ئەوەیە؛ خورشیدە خاتوون بكە بە جێگرەوەم لە پاشایەتی و تاجی پاشایەتی لەسەر دا بنێ؛ دوای مردنی شازادە وەسییەتەكەی بەجێ دەگەیەنێت؛ خورشیدە خاتوون دەبەنە كڵێسا بۆ ڕێوڕەسمی تاج لەسەر نانی؛ لەم كاتەدا گێڕەرەوە وەسفێكی درێژی جوانیی خورشیدە خاتوون دەكات، بە(٣٢دێڕ)، بەهەمان شێوەی وەسفی بەندی پێشوو ئەم وەسفەش لە جۆری وەسفی وەستاوە.

لێرەدا خورشیدە خاتوون، بەجۆرێک پیشان دەدات، كە هیچ كەس و جوانێک ناگات بە جوانییەكەی ئەو؛ جوانییەكەی دەچوێنێت بە حۆری و پەری بەهەشت، هەروەها ناوی كچانی جوانی چەند شارێكیش دەهێنیت، كە بەوانیش ناچێ، هەرچەندە ناوبانگێكی زۆریان هەیە لە جوانیدا، ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی، كە((لە گێڕانەوە كۆنەكاندا، چ ئایینی و چ ئەفسانە و هەقایەت، شارەكان سیحری خۆیانیان هەیە. هەر یەک لە شارەكان تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە شیعری كلاسیكدا چین و ماچین، ئەو شوێنانەن بە ناوهێنانیان كچی شۆخ و قەشەنگ و مامز و میسک دێتە زەینەوە. كشمیر بە ئاوریشم و ئەسفەهان بە بابەتە بازرگانییەكان.......)). (كەسنەزانی، ٢٠٢١، ٢٣٦). بەگشتی وەسفەكانی ناو ئەم داستانە درێژن، مەبەست لەمەش ڕازاندنەوەی دەقی داستانەكەیە لە لایەكەوە؛ لە لایەكی دیكەشەوە توانا و لێهاتوویی هونەری خانای قوبادی دەخاتە ڕوو لە وەسفەكاندا.

هەندێک جار خانا وەسفی ئازایەتی و لێهاتوویی ژنان دەكات لە ڕزگاركردنی خۆشەویستانییان بۆ نموونە لە بەندی (٩) دا وەسفی ئازایەتی نۆش ئافەرین دەكات لەكاتی ڕزگاركردنی سوڵتان ئیبراهیمدا، كە(مەلیک محموود) پیلان بۆ كوشتنی دادەنێت؛ وەزیرەكەی ڕادەسپێرێت بۆ ئەو كارە، ئەویش لەگەڵ چەند سەربازێكی لەكاتی ڕۆشتنی سوڵتان ئیبراهیم بۆ لای نۆش ئافەرین بێ هۆشی دەكەن؛ نۆش ئافەرینش دەچێت، تا بزانێت بۆ دواكەوتووە؛ لە ڕێگا چاوی بە كەسێک دەكەوێت، كە كۆڵێک لەسەر پشتییەتی لێی دەپرسێت ئەوە چییە بە كۆڵتەوە؟ ئەویش وا دەزانێت، كە نۆش ئافەرین لە خۆیانە، بۆیە دەڵێت:

**مۆژدە بەر وەلای جەمع سەرووەران** **واچە كارسازی وێشان بكەران**

**سوڵتان ئیبراهیم گرتەنم نەدۆش** **بە وێنەی بێ گیان كەردەنم بێ هۆش**

**نۆش ئافەرین دی گوفتار وەی تەرزە** **سەرتا پای باڵاش ئاما بە لەرزە**

**دەست بەرد قەبزەی تیغ كێشا نە غەلاف** **داش نەفەرق سەر شەقش كەرد تا ناف**

**غەڵتان بە زام فەرق وێشەوە** **ئەسڵا سەدایێ ناما پێشەوە**

**شیرین بە چابک مدارا نەكەرد** **شازادە نە دۆش وەزیر بەر ئاوەرد**

**گرت بە دۆشەوە رووكەرد بە یانە** **فارێغ نەكەردش چەرخ زەمانە**

پاشان لەڕێگە ماڵەوە توشی (٤٠) پاسەوانی ناو بازاڕ دەبێت دەکەوێتە شەڕ لەگەڵیان؛ سەرەتا سەردەستەکەیان، کە ناوی ئەفراسیاو دەبێ لێی دەپرسێت و دەڵێت:

**غوڕا وات ئەی شەخس نەی زوڵمات تار　　　نە ئەهل شاری یا جە نابێکار**

**ئەی بارە چێشەن نە پشت کەردەنت　　　جە خەزانەی کێ تۆ ئاوەردەنت**

**دڵبەر وێنەی شێر زەنەندەی خەتەر　　　دامان مەردیش دا نە رووی کەمەر**

**دەست پێکا وە تێغ هوون بە رەندە ڕێز　　　بە وێنەی پڵەنگ نەجا کەرد ئاخێز**

**ئەفراسیاو وات ئەی بەدەن سیا　　　پەی چێش مەگێڵی کوچەو گوزەرگا**

**ئەی کۆڵە چێشەن نەی شەب دەیجور　　　گرتەنت نەدۆش چون دوزدان دەستوور**

**نۆش ئافەرین وات خوون جەرگ تۆن　　　قابز ئەرواح مەوت مەرگ تۆن**

**نەعرەتە پێکا شێر دۆڕ شناس　　　وات جە دەست من نمەبۆت خەلاس**

**دەست بەرد پەی قەبزەی شمشێر پڕ بیم　　　داش نە موهرەی پشت، کەردش بە دوو نیم**

**غەڵتان بی نەخاک کەفت نە گوزەرگا　　　دەرسات نە ئەوجا گیانش بی تەبا..** (ئەمینی، ٢٠١١، ١١٣-١١٤).

لەم چەند دێڕەدا زیرەکی و ئازایەتی نۆش ئافەرین وەسفکراوە، کە چەند کەسێک دەکوژێت لە پێناو ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەیدا. ئەم وەسفە بە وەسفێکی جولاو دادەنرێت، چونکە (( وەسفی جولاو ئەو وەسفەیە، کە نووسەر نایە بە شێوەیەکی دوور و درێژ وەسفەکەمان بۆ بکات و دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکان ڕابگرێ، بەڵکو هەردووکیان تێکەڵ بە یەکتری دەکات، ناوە ناوە وەسف دەکات و پاشان دیالۆگی ئەکتەرەکان دێتەوە ناو، واتە وەسفی کارەکتەرەکان ناکات لە دۆخێکی وەستاودا، بەڵکو لە دۆخێکدا وەسفیان دەکات، کە دەجوڵێن و کردارەکان ئەنجامدەدەن)) (ئەحمەد، ٢٠٢١، ١٠٦). لەبەر ئەوەی وەسفی هەڵسوکەوت و جولانەوەی پاڵەوانەکان دەکات، کاتێک شەڕ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆی نێوانیان لەبیر ناکات و ئاماژە بە هەموو گفتوگۆکانیان دەکات، ئەمەش بەردەوامی ڕووداوەکانی گێڕانەوەکە دەگەیەنێت، بۆیە بە وەسفی جولاو دادەنرێت.

لە وەسفی پاڵەوانەکاندا هەردوو بنەمای وەسفی کورت و درێژی پەیڕەو کردووە، بەڵام بە زۆری وەسفی درێژی خستووەتە ڕوو، بۆ نموونە لە زۆربەی بەندەکاندا وەسفێکی زۆری ئازایەتی و لێهاتوویی پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە(سوڵتان ئیبراهیم)ی کردووە، کە ڕووبەڕووی چەندین دێو درنج و جادوویی و کێشەو سەختی و شەڕی زۆر دەبێتەوە؛ بۆ نموونە بەندی (١٧)دا دەڵێت:

**یەکێ جە دیوان قەد وێنەی منار　　　دەست و پا چون فیل ئەنگوشت چون خیار**

**گەردنش وێنەی شتور دراز بی　　　دندانش وێنەی (سورفە)ی گوراز بی**

**هۆرێزا نە رووی تەخت خۆڵ و خاک　　　دەس دا بە ساتور بەور سینە چاک**

**دانە فەرق سەر دێو بەد کردار　　　شەقش کەرد تا ناف بە وێنەی خیار**(ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٧-١٤٨)

ئەمە شەڕکردنییەتی لەگەڵ دێوەکانی جەزیرەی گۆیا، کە بە لێهاتووانە سەردەکەوێت. لەبەندی (٢٣)دا دەڵێت:

جه ناگا دێویٚ ئاما په دیدار بەد شکڵ و زۆردار قەد وێنەی منار
مووی ئازاش جه تەرح سەر حەڵقەی کەمەند زیاتر مەبی جه پەشم گووسفند
تەیر و کەبووتەر جه سوب تا به شام نه سایەی ئەو موو مەگرتن ئارام
شازادە چون شێر دەست دا به شمشێر رووکەرد به مەلعوون واتش بەدگەوهەر
دانه کەمەربەند دێو جادووکار کەردش به دوو نیم به وێنەی خیار
دەرسات پەیدا بی گەرد و غوباریٚ سایەقەی شەرەر بەرق و نەزاریٚ...( ئەمینی، ٢٠١١، ١٩٨-١٩٩).

تایبەتمەندییەکی ئەم داستانە بوونی ئەفسانەیەکی زۆرە، بەتایبەت لە خستنە ڕووی توانا و ئازایەتی شازادە، کە توانای بەرەنگاربوونەوەی، چەندین دێو درنج...... هەیە، بۆ نموونە دێوێکی بەو جۆرە زەبەلاح، وەک خەیار دەکاتە دوو پارچە، لێرەدا دەبینین، کە(( مرۆڤ بەشێوەی مرۆڤ خۆیشی، چ ژن، چ پیاو پاڵەوانی ئامادە و سەرەکیی نێو دەقە ئەفسانەییەکانە، لەو پاڵەوانانەی کە ئاساییین و کەچی کاری ئەفسانەیی دەکەن)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ١٨٢). کەواتە وێناکردنی مەیدانێکی شەڕ لە نێوان شازادە و دێوێک و وەسفکردنێکی ئەفسانەیی ئازایەتی و لێهاتوویی شازادە، توانای بەرزی هونەری خانای قوبادی دەخاتە ڕوو لە هۆنینەوەی ئەم داستانەدا. **بۆ وەسفی شوێن لە بەندی(٢)دا دەڵێت:**

باغیٚ دین چ باغ عەجەب گوڵزاریٚ نییەن جه سەرای هیچ شەهرەیاریٚ
موشک بۆ، خوشڕەنگ چراغان بەکول نەسرین و سۆسەن بییەن مەداخل
عەرعەر چناران جه بەرزی دەماغ کەردەن سایەبان خیابان باغ
چەمەی ئاو ساف وێنەی شیروقەند ساف و خۆش گەوار دانایان پەسەند
جارییەن نه رووی سەوزەی فەزاوە وێنەی مرواری به رووی تەلاوە
جەرگەی نارەوان دار ئەرغەوان جه شنۆی نەسیم لاحەول مەوانان
لارەی یاسەمەن وێنەی تاجداران سیب و بەیی بۆخۆش نه سایەی داران.( ئەمینی، ٢٠١١، ٧٤-٧٥)

وەسفی سروشت، گوڵ و گوڵزار لەو وەسفانەیە، کە دەچنە خانەی وەسفی شوێنەوە، لە بەندی(٤٥)دەڵێت: **فەرش ئەنداز باغ مەداخڵ به گوڵ وەنەوشەی وەش بۆ رەیحان و سونبوڵ**
**لالەو یاسەمەن نه رووی سەبزەی باغ بۆی عەتر و عەنبەر مەدۆ نه دەماغ**
**سەوڵ چناران نه رووی ئاب رەسته نیگار مەئاب گوڵ بەستەن وه دەسته.**( ئەمینی، ٢٠١١، ٢٨٧-٢٨٨) لەم دوو بەندەدا وێنەیەکی هونەری فۆتۆگرافییانەی زۆر جوانی سروشت بەدیدەکەین، کە شاعیر وەسفی گوڵ و گوڵزار و سەوزایی باخی هەردوو عاشقانی سوڵتان ئیبراهیم (نۆش ئافەرین و خورشیدە خاتوون) دەکات لە بەندی (٢)دا بە (١٥ دێڕە شیعر) و لە بەندی(٤٥)دا بە (١١ دێڕە شیعر) وەسفی شوێن دەکات.

**بەندی (٢٤): دیش یه چاهیٚ تاریک و دشوار بەو تەور تاریکەن چون تەلیسم نار.**( ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٥)

لەم دێڕەدا وەسفی کورتی شوێنی خستووەتە ڕوو؛ ئەمە ئەو چاڵەیە، کە زەلغەمی دێو نۆش ئافەرینی تێدا بەند کردووە لە تەلیسمی زەنگۆڵە (تاریکی و دشواری و قوڵ و سامناک و چواندنی بە

تەلیسمی ئاگر) چەند وەسفیکی کورتی ئەو چاڵەن، خوێنەر تەنیا ئەو چەند سیفەتەی چاڵەکە دەبینیٚ؛ ئیتر نازانیٚ چۆنە؛ خانا وەسفی زیاتری ناکات، سەرجەم وەسفی ئەو چاڵە لەو دێڕەدا دەخاتە ڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە شوێنەکە لە بابەتییەوە دەگۆڕێت بۆ خودی؛ شاعیر دەیەوێت شێوازی ڕزگارکردنی نۆش ئافەرین لەلایەن سوڵتان ئیبراهیمەوە لە دێڕەکانی دواتردا بە خێرایی بگەیەنێتە خوێنەر. خانا وەسفی ناخ و دەروونی پاڵەوانەکان دەکات و لە وەسفی بابەتی دوور دەکەوێتەوە.

لە بەندی (٤٩-٥٠) دا دەڵێت:

**خورشید عاڵەم شای شیرین چارە          گێلاوە بە سەد داد و پەژارە**

**شی بە تۆی حەرەم نیشت نەپەردەی غەم          نە تەخت شاهی یاوا بە ماتەم**

**نە داغ هێجران دووریی شازادە          تەرک کەرد خۆراک پیاڵەو بادە**

**شی بە تۆی خەڵوەت پەردە نشین بی          پەریٚ شازادە مات و غەمگین بی**

**نە شەوق شادی نە مەیل بادە          حەرام کەرد نە داغ دووریی شازادە.( ئەمینی، ٢٠١١، ٣١٦-٣١٨)**

لەم دێڕانەدا باری دەروونی خورشیدە خاتوون وەسفکراوە، کاتێک ماڵئاوایی لە شازادە دەکات زۆر غەمبار دەبێت، ئاگای لە تەختی پاشایەتی و بەڕێوەبردنی وڵاتی نامێنی و پشگوێیان دەخات، تا هەندێک لە وەزیرەکانی بڕیاردەدەن کیانوشی ئامۆزای ئاگادار بکەن، بۆ ئەوەی هێرش بکات و شوێنی خورشید بگرێتەوە، چونکە پێیان وایە ئیتر خورشید بۆ پاشایەتی گونجاو نییە.

کەواتە ئەم داستانە دەوڵەمەندە بە تەکنیکی وەسف، لە وەسفی (پاڵەوان، شوێن....)، زۆربەی جۆرەکانی وەسفی تیدایە، وەکو وەسفی وەستاو، کە وەسفی شتەکان دەکات لە دۆخێکی وەستاودا وەسفی جوڵاو لە دۆخێکی جوڵەییدا، وەسفی پاڵەوان لەو کاتەی کە لە ناو شوێنەکاندا لە ململانیٚ و جوڵەدان یان وەسفی دەرەکی، کە وەسفی ڕوخساری دەرەوەی شوێن و پاڵەوانەکان دەکات، هەروەها وەسفی ناوەکی، کە وەسفی ناخ و دەروونی پاڵەوان یان توخمەکانی دیکە دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر ناخی پاڵەوانەکان هەیە.

**دووەم/ دیالۆگ (گفتوگۆ):** دیالۆگ یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، کە گێڕەرەوە لە قۆناغەکانی زۆر ڕابردوودا بەکاریهێناوە، تا بتوانیٚ بە شێوەیەکی گونجاو و سەرکەوتووانە بەرهەمە گێڕانەوەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت. دیالۆگ (( شوێنێکە کارەکتەرەکانی لێوە بە دیاردەکەوێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و قسە گۆڕینەوە، وادەبیٚ قسەی یەکتر پەسەند دەکەن و هەندێک جاریش نایکەن، خوێنەریش تێیان دەگات)) (موفتی، ٢٠١١، ١٦٨). واتە قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێوان دوو پاڵەوان یان زیاتر بە تەکنیکی دیالۆگ ناسێنراوە، چونکە ئەو گفتوگۆیەی نێوان پاڵەوانەکان دەبێتە هۆکاری دەرخستنی زۆربەی ڕاستییە نادیارەکان و ناسین و جیاکردنەوەی پاڵەوانەکان لە یەکتری، بۆیە دیالۆگ (( شێوازی کەسایەتییەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە و ناوەڕۆکەوە دەردەخات، هەر ڕستەو وشەیەک لە ڕێگای کارەکتەرەکان دەردەچێت، گوزارشتە لە خودی خۆیان، یان ئەو واقیعەی لە ژیان و

کۆمەڵگاکەیدا هەیە دەیخاتەڕوو))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٧٢)، هەروەها دیالۆگ هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی گێڕانەوە، بەجۆرێک (( نوسەر لە ڕێی دایەلۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و ئاینی کارەکتەرمان پێ بناسێنێت)) (ئەلوەنی، ٢٠٠٦، ١٥)، جا کاتێک نووسەر ئەو سیفەتانەی پاڵەوان بناسێنێت؛ بە درێژایی گێڕانەوەکە جۆری پاڵەوانەکان بە ئاسانی دەناسرێنەوە، گەر ڕوونکردنەوەی زیاتریش لە بارەیانەوە نەخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی نووسەر سیفەتی گشتی پاڵەوانەکانی لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوانیان دەخاتە ڕوو.

ڕێژەی بەکارهێنانی دیالۆگ لە ناو جۆرەکانی ئەدەب جیاوازە، بۆ نموونە لە هەندێکیاندا دەبێتە سەرەکیترین تەکنیک لەوانە دراما، چونکە (( ئەو سیفەتەی دەقی دراما لە وانی تر جیا دەکاتەوە، بوونی دیالۆگە و وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی لە ژانرە ئەدەبییەکانی تریش دیالۆگیان تێدایە، بەڵام هیچیان بە هێندەی دراما وەک ڕەگەزی سەرەکی تێیاندا کار ناکات)) (حەسەن، ٢٠٠٤، ١٠٤).

بەگشتی دیالۆگ وەک تەکنیکەکانی دیکە ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ((ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا، چونکە شاعیر/نووسەر خۆی بە دوور بگرێت و بیەوێت شوێنپەنجەی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەرنەچێت، ئەوا ئەرکەکە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر دیالۆگی کارەکتەرەکان و مەیدانیان بۆ چۆڵ دەکات، دیالۆگی نێوان کەسەکان دیالۆگی ئاسایی ڕۆژانە نییە، بەڵکو هونەری بەرزە لە داستاندا، چونکە داستان گەورەترین بەرهەمی گشتگیری میللەتە، پاڵەوانەکانیشی نموونەی خانەدان و پایە بەرزن، بۆیە دیالۆگەکانیشیان هونەریترن لە گفتوگۆی ئاسایی)) (جەمیل، ٢٠٢١، ٢٧٥)، یاخود ئەرکی دیالۆگ لە دەقی ئەدەبیدا بریتییە لە(( ١-دروستکردنی کارەکتەر و وەسفکردنی کارەکتەرەکان. ٢-بەرە و پێشبردنی ڕووداوەکان. ٣-کەمکردنەوەی قورسایی ئەرک.٤-خستنەڕووی ڕووداوەکان.٥-ڕازاندنەوەی شوین.٦-پێدانی زانیاری پێویست بە خوێنەر.))(یونسی، ١٣٨٢، ٣٥)

لە داستاندا دیالۆگی پاڵەوانەکان بە ڕوونی بە دیدەکرێت؛ لە ڕێگەیەوە بەرزی و ئاستی لێهاتووییان دەخرێتە ڕوو، بەجۆرێک (( ئەو تەکنیکە زۆر بە بەرفراوانی، بە هاوکاری تەکنیکەکانی دیکەی وەکو وەسف، بە شێوەی جیاجیا بەکاردێت. دەتوانرێت گفتوگۆی نێوان پاڵەوان و کەسێتییە بەشدارەکانی دیکە بخرێتە ڕوو، کە بە زۆری لە ڕێگای گێڕەرەوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکانمان دووبارە بۆ دەگێڕێتەوە، کەواتە گفتوگۆ هەر لە دێرینەوە لە داستانەکاندا شوێنی بووەتەوە و بەکارهاتووە))(ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٤٢). لەبەر ئەوەی لە داستاندا شاعیر خۆی کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات؛ جۆری گێڕانەوە ناڕاستەوخۆیە. لەم داستانەدا خانا خۆی ڕاناوی(ئەو)ی گۆشەنیگای (هەمووشتزان)ی بەکارهێناوە، لە ڕێگای دەستەواژەکانی (وات، واتن، واتش.......)خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوەکە کردووە و بووەتە گەیەنەرێک بۆ گەیاندنی گفتوگۆی پاڵەوانەکان بە خوێنەر. بۆ نموونە لە بەندی (٧) دا دەڵێت:

**واتش ئەی وەزیر جای عەقڵ و هۆشم　　　مزانی من مات دەروون پڕ جۆشم**

**ئینە چن وەختەن موڵک و ماڵ و شار** **بە جا گوزاشتم پەی شۆخ دڵدار**

**نە شار دەمشق گۆشە نشین بیم** **غەریب وڵات ئەی سەرزەمین بیم**

**من ئامام نازار بە زۆر بوەرووم** **بە ئارەزووی دڵ نیکاحش کەرووم......**

ئەمە گفتوگۆی نێوان مەلیک محمد و وەزیرەکەیەتی؛ کاتێک سەرجەم شازادەکانی دێن بۆ دیمەشق، تا بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە و هەوڵی بە دەستهێنانی نۆش ئافەرین بدەن؛ مەلیک محمد یەکێکە لەو شازادانە، لێرەدا دەیەوێت نۆش ئافەرین ببینێت، بەڵام نازانێت چۆن؟ دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرەکەی؛ سەرەتا بە (١٢دێرە شیعر) وەسفی دەروونی خۆی دەکات، کە چەندە پەرێشانە بۆ یاری و دەڵێت: دەڕۆم خۆمی پێ دەناسێنم، بەڵکو مەیلی هەبێت بە بینینم؛ وەزیرەکەشی دەڵێت:

**وەزیر وات ئەی شا سەرم نەڕاتەن** **سەرم ها نەڕات هەرچ رەزاتەن**

**شای نۆش ئافەرین یەک لەنجە دارۆ** **هەزار کەس پەرێش ئەرواح مەسپارۆ**

**چەند کەس شازادە ئیقلیمات نشین** **نە پایەی قەسرش کەفتەن ماتەمین**

**ئیسە ئەر تۆ مەیل ئەی کارە پێتەن** **هۆرێزە بشۆ پەروا جە کێتەن**

**گوفتار رازت یەکسەر کەر تەمام** **واچە نە خزمەت شۆخ جەمین جام......**

وەزیرەکەی ڕێگای نیشان دەدات، کە چۆن بڕوات (مەلیک محمد)یش دەڵێت:

**مەلیک وات وەزیر تەنها بێ یاوەر** **تەنها چۆن بشۆم وە قەسر دڵبەر**

**بەڵکم نە رووی راە غوڵامان شاە** **بیاوان بە من جە رای گوزەرگا**

**چێش واچووم جواو عوزر لوانم** **چۆن مەسمووع ببۆ راز زوبانم.....**

پاشان وەزیر وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

**وەزیر وات ئەر تۆ خەیاڵت پەوسەن** **خاترت بەی تەور پڕ جە وەسوەسەن**

**ئەی لیباس و بەرگ جە وێت ڕەها کەرد** **بە وێنەی زەنگی رووی وێت سیا کەر**

**سیاپۆشی کەر جە سەر تا دامان** **بنمانی جە شکڵ چەشن غوڵامان.(** ئەمینی، ٢٠١١، ٩٥-٩٧)

ئەمە گفتوگۆی نێوان دوو لە کەسێتییەکانی داستانەکەیە؛ ئەم گفتوگۆیە دیمەنێکی شانۆیی نیشان دەدات؛ گێڕەڕەوە، تا ئەم دێڕەی گفتوگۆکە بە سەربەخۆی بەشداری ناکات، تەنها لە پرسیار و وەڵامەکاندا دەڵێت: (مەلیک وات، وەزیر وات)، واتە بەو وشانە دەکەوێتە نێوان خوێنەر و پاڵەوانەکانەوە، هەروەها خوێنەر لەڕێگەی ئەم جۆرە گفتوگۆیەوە دەتوانێت چەندین زانیاری و هەواڵ بەدەست بهێنێ، کە یەکێک لە شازادەکان ئۆقرەی ئەوەی نییە، تا کاتی بینینی نۆش ئافەرین ئارام بگرێ؛ دەیەوێت بڕوات بۆ کۆشکەکەی و بیبینێت، بەڵکو عاشقی ببێت، هەروەها ئەوە بەدیدەکرێت، کە گفتوگۆیەکی سادە نییە، بەڵکو وەسفی دەروونی مەلیک محمدمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە وڵاتی خۆی بەجێهیشتووە، تا خۆشەویستەکەی بەدەست بهێنێ. واتە شاعیر((پشت بە هەردوو توانستی وەسف و شیکردنەوە دەبەستێت، لەم حاڵەتەشدا کەسی قسەکەر زۆر بە وردی و لەسەرخۆ لە شتەکان ڕادەمێنێ و وەسفێکی قوڵیان دەکات ئەنجام لە ڕێگای خەیاڵێکی زیندووەوە، کە وەسفی جوڵەو

هەڵچوونەکان دەکات، شتەکان شی دەکاتەوە، چونکە شیکردنەوە پشت بە وەسفکردن دەبەستێت)) (سەعید، ٢٠١٣، ٦٤) دواتر گێڕەرەوە ئەم ڕۆڵە لە کەسییەتییەکان وەر دەگرێتەوە و خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، تاکۆتایی بەندەکە و دەڵێت:

**تەدبیر وەزیر بە خاتر ئاوەرد وێنەی زەنگییان لیباس سیا کەرد....( ئەمینی، ٢٠١١، ٩٧)**

بەگشتی لەم داستانەدا جۆری دیالۆگی سادە و لێکدراو، یاخود شیکاری بە دیدەکرێت، کە لە دیالۆگە سادەکاندا پاڵەوانەکان ئالۆگۆڕی زانیاری سادە دەکەن، واتە ئەو زمانەی لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا بەکاردێت زمانێکی سادەیە و دوورە لە تەم و مژی و ئاڵۆزی، یاخود ((دیالۆگی سادە بریتییە لە گفتوگۆی ئاسایی و سادەی نێوان کارەکتەرەکان، کە تێیدا بە شێوازێکی دوور لە ئاڵۆزی و بە زمانێکی ئاسایی نزیک لە قسەی ڕۆژانە دەدوێن)) (مجید، ٢٠١٧، ٤٧٩). خانا لە بەندی (٥١)دا دەڵێت:

**مەیموونە خاتوون پەیدا بی دەردەم کەفت نە خاک پای خورشید عاڵەم**
**خورشید وات خاتوون چۆن خەبەر زانای وێت بەی تەور بە شار فەرەنگ یاونای**
**خاتوون وات ئارۆ سەیر سارام کەرد ئارەزووی شازادەم بە خاتر ئاوەرد**
**ئامام کە خەبەر بپەرسۆ جە تۆ بزانوون جە کۆن شێر پڕ شکۆ**
**تا من وارێد بیم بەی ماوا و بەی جا زانام شازادە ها نە ڕووی سپا**
**شازادە وات خاتوون ئەی یار وەفا چۆنەن چ تەورەن عبدالرحمن شا**
**واتش شا بابام دیدەش نە ڕاتەن ئارەزوو بە گەرد خاشاک پاتەن.....( ئەمینی، ٢٠١١، ٣٢٨)**

ئەم دیالۆگە لە نێوان (شازادە سوڵتان، خورشیدە خاتوون، مەیموونە خاتوون)ە دیالۆگێکی سادەیە هاوشێوەی قسەی ئاسایی ڕۆژانەیە، کاتێک خورشید لە باروودۆخێکی سەختە بەهۆی هێرشی کیانووشی ئامۆزایەوە، شازادە فریای دەکەوێت و ڕزگاری دەکات، لەو کاتەدا مەیموونە خاتوونیش دێت. خانا تەنها لە دێڕی سەرەتا بە ڕاستەوخۆیی وەک گێڕەرەوە دەردەکەوێت، پاشان بە بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی سێیەمی نادیارەوە گفتوگۆی پاڵەوانەکان لە (٦دێڕە شیعر)ی دواتردا بە خوێنەر دەگەیەنێت؛ واتە خانا بەهۆی دەربڕینی (خورشید وات، خاتوون وات، شازادە وات) بە ڕوونی دەریدەخات، کە خۆی دیالۆگەکان دەگێڕێتەوە. شێوەی دیالۆگەکانیان پرسیار و وەڵامێکی سادەیە سەبارەت بە گەیشتنی مەیموونە خاتوونە؛ ئەو پرسیار و وەڵامانە مانای ئەوەیە، کە پاڵەوانەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە زانیارییان بە یەک بەخشیووە؛ زانیارییەکانیش سادەن، ڕاستە هۆکاری هاتنی مەیموونە خاتوون تامەزرۆی هەواڵ پرسینی شازادەیە، بەڵام زیاتر وەسفی تامەزرۆییەکەی ناکات؛ بۆیە بە دیالۆگی سادە دادەنرێت. لە گفتوگۆی نێوان مەیموونە خاتوون و باوکیدا؛ دیالۆگێکی لێکدراو، شیکاری بەدیدەکرێت، چونکە ((دیالۆگی شیکاری هەندێجار لەسەر بنەمای وەسف و شیکردنەوە دادەمەزرێ و تێیدا لە ڕوانگەی وەسفی قووڵ و وردەوە تێڕامان ئەنجامدەدرێت، ئەم جۆرە دیالۆگە گفتوگۆیەکی قووڵەو ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن لەخۆ دەگرێت و پشت بە بەڵگە و پاسا و دەبەستێت بە ئامانجی قایلکردن)) (مجید، ٢٠١٧، ٤٨٢)، بەندی (٢٦) دەڵێت:

واتش ئەی فەرزەند نوور دنیا و دین	چون نەجاتت بی جە دەست لەعین
واتش ئەی بابۆ پادشای سەروەر	یەک نەوجەوانێ شێر دلاوەر
ساحیب یاڵ و باڵ شێر غورپینەن	فەرزندە عەزیز پادشای چینەن
بە باهۆ چون بەور ڕۆستەم داستان	جەماڵ چون خوسرەو شاە سەرمەستان

**عەلقەم فەوت کەردش جە رووی دەریا بار  قەسر سولەیمان کەردش یەختەسار..( ئەمینی، ٢٠١١، ٢١١)**

لێرەدا دەبینین، کە وشە و دەربڕینەکانی ئەم دیالۆگە سادە نین، بەڵکو خانا بە دەربڕینی لێکدراو وەسفکراو دیالۆگەکە دەخاتە ڕوو، لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە ئازایەتی و لێهاتووی شازادە سوڵتان دەردەخات، لەسەر زاری مەیموونە خاتوونەوە بە (٩دێرە شیعر) وەسفی سەرجەم کردارە پاڵەوانێتییەکانی ناوبراو باس دەکات، کە چۆن بەرەنگاری چەندین سەختی بووە لەوانە عەلقەم، زەلغەمی دێو، زەنگی مرۆڤ خۆری کوشتوون، تەلیسمی زەنگۆڵەی شکاندووە...، تا توانیوویەتی نۆش ئافەرینی خۆشەویستی ڕزگار بکات. بە خستنەڕووی ئەم پاڵەوانییەتییەی شازادە؛ خانا بەهای مەزنی و جوانی عەشقمان بۆ وێنا دەکات، بەوەی شازادە تەنها لە پێناو ڕزگارکردنی یاری گوێی بە هیچ مەترسییەک نەداوە و سەرکەوتوو بووە. وەک لە پێشتردا ئاماژەمان بە بوونی ئەفسانەیەکی زۆر لەم داستانەدا کرد، لە تەکنیکی دیالۆگیشدا ئەم ئەفسانەیە ڕەنگی داوەتەوە. لە بەندی (١٨)دا خانا گفتوگۆی نێوان شازادە و (روخ)ی باڵدار دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

شازادە پەرسا ئەی مورغ شیرین	پەی چێش کەفتەنی نە تەخت زەمین
مورغ وات فیدات بام، چونکە پەرسای لێم	پەنەت مەواچووم سەرگوزەشت وێم
من روخم نامەن نە عام مەنشوورم	بەڵێ رای یەک ساڵ جە مەکان دوورم
ڕۆژێ هەوای مەیل سارام کەفت نە سەر	ئارەزووی ئەی جام ئاوەرد بە نەزەر
واتم لوقمەیێ نەی جای وێرانە	پەیدا کەم بەرووم تا ئاشیانە
پەی بەچەکانم بوەران بەکام	بیاوم پێشان چاشت یا وەقت شام
ناگا یەک زەنگی پەتیارەی دروشت	چنارێ قەوی گرتەبێ نەمشت
مەلعون ناغافڵ شانا لێم وە قەست	بە زەرب ئەو دار یەک باڵم شکەست.....

**روخ بە(١٠دێرەشیعر) حاڵی خۆی بە شازادە دەڵێت، شازادەش دەڵێت:**

شازادە واتش ئەی مورغ گوستاخ	ئەمن بە دەرمان تۆ مەکەرووم چاخ
زام رووی بەدەن هەم شکستە باڵ	مەکەرووم سارێژ نەی جاگە دەرحاڵ
چون هەردە جاران پەرواز کەی پەی وێت	تۆ من مەبەریت بە دەریای موحیت

**روخیش دەڵێت:**

روخ کە ئێد شنەفت گوشاد بی جە خەم	وات قەسەم بە زات دارای موعەزەم
ئەر بکەی دەوای باڵ شکەستەم	سارێش بۆ زامان هووناو جەستەم
نەخدمەتکاری نەداروووم درێغ	نمەبۆم هەرگیز نە کارت فارێغ

ئەم گفتوگۆیەی نێوان (روخ، شازادە) (١٦دێڕە شیعر)ە. گێڕەڕەوە لە ڕێگەی ئەرکەکانی دیالۆگەوە، کە یەکێک لە ئەرکەکانی بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانە؛ توانیوویەتی شازادە لە شوێنی زەنگییە مرۆڤ خۆرەکـان ڕزگـار بکـات، ئەویـش بە هێنـانی ئەفسـانەی باڵـدارێک بەنـاوی (روخ)، واتە ئەوەی لەم گفتوگـۆیەدا بەڕوونـی بەدیـدەکرێت ئەوەیە، کە خانـا ئەفسـانەیەکی لە ڕادەبەدەری بەکارهێنـاوە بـۆ بەردەوامیدان بە هۆنینەوەی داسـتانەکەی، کە ئەو باڵدارە چەند کەسێک لەسـەر پشـتی سـەردەخات دەیانبـات بـۆ دەریـای موحیت، شـازادە توانـای گفتوگـۆی هەیە لەگەڵ ئەو باڵـدارەدا؛ دەتـوانین بڵێـین مەبەسـتی خانـا لەخسـتنە ڕووی توانـای پـاڵەوانی سـەرەکی لە قسـەکردنی لەگەڵ باڵدارەکانـدا؛ بیرهێنانەوەی موعجیزەی پێغەمبەر سولەیمانە لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ گیانلەبەراندا، چونکە شازادە بە درێژایـی داسـتانەکە توانـای قسـەکردنی هەیە لەگەڵ باڵـدارەکان و دێـو درنـج و؛ تەنـانەت توانـای گوێگرتنیشی هەیە، کاتێک هەر لەم بەندەدا گوێی لە دوو باڵداری سەوز و سـوور دەبێت باس لە بەر و پێست و گەڵای ئەو دارە دەکەن، کە وەک چارەسەر بەکاردێت. دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **نە پای یە درەخت دڵ بە کامیاب** | **شازادە بێدار یاران شین نە خواب** |
| **ناگا جفتێ مورغ ئاما بە گوستاخ** | **جە بان ئەو دار نیشتن وەیەک شاخ** |
| **یەکێ قرمز بی یەکێ سەبزە پەڕ** | **جای سەبزە و قرمز چون شەمامەی زەڕ** |
| **مورغ سەبز پەرسا پەی چی مەکۆشی** | **پۆست ئەی درەخت پەی چی مەنۆشی.......** |

ئەم دوو باڵـدارە بەردەوام دەبـن لە پرسـیار و وەڵام لەگەڵ یەکتـردا شـازادە گـوێی لە تەواوی گفتوگۆکەیان دەبێت پاش فڕینی باڵندەکان دەڕوات بۆ لای دارەکە، تـا پێسـت و گەڵا و بەرەکە بهێنێت بۆ چارەسەرکردن.

**شازادە دەردەم هۆرێزا بە جەخت مدارا نەکەرد یاوا بە درەخت....( ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٩-١٥٠)**

چەنـدین دیـالۆگی دیکە هەن لەم داسـتانەدا، هەریەکەیـان ئەرکێـک یـان چەنـد ئەرکێـک دەگێـڕن. یەکێکی دیکە لەو ئەرکـانەی دیـالۆگ لەم داسـتانەدا هەیەتـی خسـتنە ڕووی لایەنـی چـاکە و خـراپەی پاڵەوانەکـانە واتە(( دیـالۆگ ئەرکێکـی تـری هەیە ئەویش بە دیارخسـتنی چاکەو خـراپەیە لە ئەنجـامی قسـەی کارەکتەرەکـانەوە بەدەردەکەوێـت بـۆ ئەوەی ململانێکـان بەردەوام بـن لە داسـتاندا و ڕووی خـراپە و چـاکە بەدەر بخـات و بەردەوام ململانێکـان لە ئەنجـامی قسـەی خـراپ و کـرداری خـراپەوە بەدەر دەخات)) (جەمیل، ٢٠٢١، ٢٨٩). بۆ نموونە لە بەندی(٥٤)دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **شازادە مەسعوود ڕوو کەرد نە مەیدان** | **واتش ئیبراهیم بێ نام و نیشان** |
| **بەیۆ نە مەیدان نەبەرد بنمانیم** | **حەق شار دەمشق نەتۆ بستانیم** |
| **خان محمەد واتش مەلعوون گومڕا** | **کەم بکەر بێ جا شووم بێ حەیا** |
| **تۆ چ حەد داری شازادەی سالار** | **تەڵەب بکەری نە ڕووی کارزار. (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٣٤)** |

لێرەدا گێڕەڕەوە لە ڕێگەی ئەم جـۆرە گفتوگۆیـانەوە هەوڵـدەدات لە لایەکەوە ڕووداوەکـان بەرەو پێشەوە ببات؛ لەلایەکی دیکەوە لایەنی چاکە و خراپەی پاڵەوانەکـان بخـاتە ڕوو؛ بەمەش ڕقی نهێنـی

ئەو دوو شازادەیەی مەغریب دەردەخات بەرانبەر شازادە سوڵتان، کاتێک لە دیمەشق شازادە سوڵتان دەبێتە ڕێگر لەبەردەمیاندا بۆ بەدەستهێنانی نۆش ئافەرین، بۆیە هەوڵ دەدەن تۆڵەی لێ بکەنەوە. لە کاتی گەڕانەوەی شازادەو هاوەڵانی بۆ دیمەشق؛ شازادە دەکەوێتە بیری خورشیدە خاتوون دەڕوات بۆ لای و بۆ وڵاتی فەرەنگ؛ سەرجەم هاوەڵانی بە خان محمد دەسپێرێت؛ دوای ڕۆشتنی شازادە سوڵتان؛ شازادە مەسعوود و سەعید بە چل هەزار سوپاوە ڕێگەیان لێ دەگرن. دەکەونە ململانێ و پێکدادان لەگەڵیاندا؛ خان محمد فەرمان دەکات بە حەمید نۆش ئافەرین و سەرجەم هاوەڵان بباتە کێوێکی بەرز، تا پارێزراو بن، خۆی دەچێتە مەیدانی شەڕەکە و دەڵێت:

**جە کۆ هات بە وار روو کەرد نە سپا　　واتش ئەی مەسعوود شووم رووسیا**

**بەیۆ بە مەیدان یەکایەک تەنیا　　تا سەرش نە قەلب بکەرووم جیا**

**واتش ئیبراهیم فیرارش کەردەن　　ئیسە تۆ ئامان ئەجەل ئاوەردەن**

**شای نۆش ئافەرین ماە زەڕ ئەفشان　　تۆ بدەر وە من وێت بوەر رەوان.......**

**خان محمد واتش مەلعوون موردار　　ئومێدم بەستەن بە دانای جەبار**

**تا روحم مەندەن هەم گیان شیرین　　سەر مەنیۆم نە ڕای شای نۆش ئافەرین.....**

لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە خوێنەر خێرا هەست بە ڕوودانی شەڕوو پێکدادانێکی گەورە دەکات، چونکە چەندین وشەی هەجوو داشۆرین لە لایەن پاڵەوانەکانەوە دەربڕاون، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە لایەنە هونەرییەکان ئەم داستانەی خانای قوبادی، کە بەرێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت بە جیاواز لە بەرهەمەکانی دیکەی. ئەرکێکی دیکەی دیالۆگ لەم داستانەدا دەرخستنی خاڵی لاوازی پاڵەوانەکانە. بۆ نموونە لە بەندی(٤٦)دا دەڵێت:

**شازادە دیا جەماڵ خورشید　　جە پا تا وەسەر لەرزا وێنەی بید**

**شازادە چوون خاک دەروون کەیل غەم　　کەفت نەخاک پای خورشید عاڵەم**

**واتش چێش مەبۆ گیانم بۆ فەدات　　ئارۆ بسپارووم گیان نە قەدەمگات**

**خاتوونە واتش شازادەی غەمبار　　وێت سبوک مەکەر جە خدمەت یار**

**هیچ باکت نەبۆ شای والا مەقام　　سەد چون خورشید مەکێشی نەدام**

**ئەلحەمدولیلا دەوڵەت یارتەن　　دوعای گەنجولعەرش مەدەدکارتەن**

**وێت سبوک مەکەر گیانم بۆ فیدێت　　وەزیر و نەدیم تەعنە مەدەن لێت.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٩٤-٢٩٥)

کاتێک خورشیدە خاتوون لە ناو باخەکەیدا لەگەڵ مەیموونە خاتوون دانیشتوون؛ فەرمان دەکات بە دایەنەکەی، کە شازادە ئاگادار بکات و بیهێنێت بۆ ناو باخەکە؛ لەو کاتەی، کە شازادە خورشید دەبینێ هێندە سەرسامی جوانییەکەی دەبێت لە هۆش خۆی دەچێت، لێرەدا گێرەڕەوە خاڵی لاوازی شازادە دەخاتە ڕوو، کە توانای بینینی جوانی خورشیدە خاتوونی نەبوو؛ بەڕادەیەک گەشتە ئەو ئاستەی وەک داری بی بلەرزێت و بکەوێتە خاکی بەر پێی یاری، ئەمەش کەمکردنەوەیە لە پاڵەوانێتی شازادە، سەرەڕای ئەو هەموو کردارە پاڵەوانییەتییەی کە دەیکات، کەچی لاواز و بێهێزە بەرانبەر هێزی جوانی

یاری، خورشیده خاتوونیش پێی دەڵێت لەسەرخۆبەو و خۆت سوک مەکە، تا وەزیر و هاوەڵانت توانجت لێ نەدەن.

کەواتە تەکنیکی دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ و کارای گێڕاوە لەم داستانەدا؛ بووە بە ناسنامەی هزری پاڵەوانەکان و جیاکردنەوەیان لە لایەنی بەخشندەیی و قارەمانی و یارمەتیدەر، لە هەمانکاتدا خراپەکاری و ناپاکی...، کە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گێڕەرەوە بۆ خوێنەران گوازراوەتەوە.

**سێیەم/ مۆنۆلۆگ (خۆدواندن) :** زاراوەی مۆنۆلۆگ لە وشەکانی (( (monos) (تاک) و (logos) قسەکردن درووستبووە)) (فلکی، ١٣٨٢، ٤٢). واتە تاکدەنگی وە یەکێکی دیکەیە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە؛ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە((دەربڕینی دەنگێکی ناڕەزاییی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، ڕاسترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێ بە ئاشکراو پڕ بەدەم هاوار بکرێ و دەربـبڕدرێ)) (موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٠). دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی هزرو هۆشی پاڵەوان لە لایەن خودی خۆیەوە سەبارەت بە دیاردەیەک، یاخود دیمەنێک بە بێ دەربڕین، کاتێک پاڵەوان ناخی ئاڵۆز و ناجێگیرە، یاخود سەرسامە و مەبەستییەتی ئەو ئاڵۆزیی و سەرسامییەی بە ئاشکرا دەرنەبڕێت، تا دڵنیا نەبێتەوە لەو دیاردەیەی بووەتە هۆکاری ئاڵۆز بوونی ناخی، بۆیە لەگەڵ خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، لەبەرئەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکە هی خودی خۆیەتی خۆی دەبێتە قسەکەر و گوێگریش وە هەر خۆشی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بەبێ وەرگرتنی بۆچوونی دیکە.

مۆنۆلۆگ و دیالۆگ دوانەیەکی دانەبڕاون لەناو دەقدا، دیالۆگ ڕاگۆڕینەوەیە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر؛ لەڕێگەی دیالۆگ و دەرخستنی بیروبۆچوونەکانەوە خوێنەر تاڕادەیەک شتە شاراوەکانی پاڵەوانی بۆ ئاشکرا دەبێت، بەڵام زۆرێک لە نهێنی و بیروبۆچوونی پاڵەوان هەیە بە دیالۆگ ناخرێتە ڕوو، تەنها بە دانپێدانانی پاڵەوان خۆی نەبێت، بۆیە ((مەنەلۆگ ئەو کاتە لەدایک دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگخواردووەکەی کارەکتەر و نووسەر بکات)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٨١). گێڕەرەوە، کاتێک بیبەوێت ڕاستگۆیی ناخ و دەروونی پاڵەوانەکانی بخاتە ڕوو ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنێت، چونکە (( لە مەنەلۆگدا فیکر و بارودۆخی کارەکتەر و خواست و ئارەزووە شاراوەکانی وەدەردەکەون)) (حەسەن، ٢٠٠٤، ١٠٣).

کەواتە مۆنۆلۆگ ڕۆڵی زیاتری هەیە لە خستنەڕووی لایەنە شاراوەکانی ناخی پاڵەوان، تا دیالۆگ، چونکە خوێنەر لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە ڕاستەوخۆ زانیاری ناخی شاراوەی پاڵەوانی پێدەگات، لەبەر ئەوەی پاڵەوان خۆی هەوڵی بەخشینی زانیارییەکانی ناخی دەدات، بۆیە ( دەکرێت دیالۆگ و مۆنۆلۆگ ئیش و کارەکانیان کورتبکەینەوە بۆ چەند خاڵێک: ١- هەردووکیان زانیاری سەبارەت بە پاڵەوان دەبەخشن. ٢- دیالۆگ گوفتارەکانی ئاشکران، مۆنۆلۆگ بە نهێنین و کارەکتەرەکانی تر ئاگادار نین. ٣- دیالۆگ لە نێوان دوو کەسدایە، مۆنۆلۆگ لە خودی یەک کارەکتەردایە. ٤-ڕستەی دیالۆگ زیاترە،

مۆنۆلۆگ کەمترە. ٥-دیالۆگ بەزمانی شیعر و پەخشانە، مۆنۆلۆگ زۆربەی کات بە پەخشانە))(جەمیل، ٢٠٢١، ٣٠١-٣٠٢).

بەگشتی مۆنۆلۆگ چەند ئەرکێکی گرنگی هەیە لە ناو دەقدا لەوانە:(١-دەرخستنی ناخی پاڵەوان و ئاشناکردنی خوێنەر بەو زانیاریانەی لەناو هۆش و ناخی ئەواندا هەیە.٢-یارمەتی پاڵەوان دەدا لە دەربڕینی بۆچوونی ناخی بە شێوەیەکی چڕ.٣-بەخشینی کتو پڕی بە دەق لە گەیاندنی ئەو زانیاریانەی حیکایەتخوان دەیەوێت بە خوێنەریان بدات. ٤-دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرجەستەکردن و زیاتر واقیعی بوونی پاڵەوان.)(قادر، ٢٠٠٩، ٢٤٤). لەبەرئەوەی مۆنۆلۆگ گوزارشتە لە ترس و دڵەڕاوکێ و توڕەبوون و بەگشتی خۆشی و ناخۆشییەکانی پاڵەوان و کەس گوێی لێ نییە جگە لە خۆی؛ زۆر گرنگی بە جوانکاری زمان و ڕێکخستنی وشەیی نادات وە (( ئەو کاتەی کارەکتەر دێتە دواندن، ڕاستگۆترین دوانە، چونکە لەگەڵ هێزێکی شاراوە دێتە دواندن، نووسەر یان کارەکتەر گوزارشت لە ئێش و ئازار و گرفتەکانی خۆی دەکات)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٨٢)، بۆیە ئەو هێزە شاراوە و ڕاستگۆیەی بەبێ هونەری جوانکاری زمان دەردەخات؛ زیاتر لە شێوەی زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا سەرجەم هەستی ناخی خۆی بەرامبەر بە دیمەن و ڕووداو، یاخود کەسەکانی دەوروبەر دەخاتە ڕوو.

داستانیش وەک ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوە بەفراوانی ئەم تەکنیکەی تێدا بەکارهێنراوە، بەجۆرێک ((هونەری مۆنۆلۆگ زۆر کۆنەو لە داستانە بەرایییەکانی گریکدا بەکارهاتووە و (هۆمیرۆس) لە هەردوو داستانەکەی خۆیدا ئەم هونەرەی بەکار هێناوە)) (قادر، ٢٠٠٩، ٢٤٧)، هەروەها لە داستاندا ئەم تەکنیکە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت، تا زیاتر پاڵەوان بناسێنرێت و دەربکەوێت، چونکە داستانەکان بە زۆری لە ڕێگەی پاڵەوانەوە دەناسرێنەوە، واتە (( لە داستاندا پاڵەوان گرنگترین توخمە و مۆنۆلۆگیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پاڵەوانەوە هەیە و لە ناخی ئەودا دروست دەبێت)) (قازی، ٢٠٠٧، ٥٣).

ڕەخنەگران چەند جۆرێک لە مۆنۆلۆگ دەستنیشان دەکەن؛ بەگشتی دوو جۆر مۆنۆلۆگ هەیە ئەوانیش: ((مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ))(خدر، ٢٠٠٧، ١٠٩)، بەڵام لەبەر ئەوەی داستان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی، کە (( لە داستاندا حیکایەتخوان لە جۆری (هەمووشتزان)ەو ئەمەش مانای وایە ئەو ڕاناوەی بۆ گێڕانەوەی داستان بەکاردێت ڕاناوی سەربەخۆی(ئەو)ە، بۆیە لە داستاندا تەنیا دوو جۆری مۆنۆلۆگ بەدی دەکرێن کە یەکێکیان (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ)یەو ئەوی دیکەشیان (خۆدواندن)ە.))(قادر، ٢٠٠٩، ٢٤٧). لە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە ئەو جۆرە زانیارییانەی پاڵەوان دەخاتە ڕوو، کە خوێنەر مەبەستییەتی، واتە ((گێڕەرەوە بۆچوون و خواست و ئارەزووە تایبەت و نهێنییەکانی کارەکتەر لەسەر زمانی خۆیەوە دەگوازێتەوە، لە ڕاستیدا ئەمجۆرە مەنەلۆگە تێکەڵەیەک لە هزرو بیرو ئەندیشەی کارەکتەر و قسەی گێڕەرەوەیە))(حەسەن، ٢٠٢١، ١١).

خۆدواندن: ئەو جۆرە تەکنیکەیە، کە پاڵەوان لەگەڵ خۆیدا بەدەنگی بەرز قسە دەکات، واتە لەبەر خۆیەوە سەبارەت بە دیاردەیەک، یاخود دیمەنێک دەدوێت، لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەشییەوە بە

خوێنەر دەناسرێت، یاخود خۆدواندن بریتییە لە ((ئاخاوتن لەگەڵ خۆ، کە کارەکتەر بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت تاوەکو خوێنەر ئاگاداری خواست و ئامانجەکانی بێت و لەم ڕێگەیەوە زانیاری سەبارەت بە کارەکتەرەوە دەست خوێنەر دەکەوێت)) (میرصادقی، ١٣٨٨، ٤١٧)، گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ مەبەستی ناخی ناخاتەڕوو، بەڵکو لەڕێگەی حیکایەتخوانەوە هەست و سۆزی ناخی دەخاتە ڕوو، لە هەمانکاتدا ((تایبەتمەندییە دەروونییەکانی گێڕەرەوەش بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت)) (میرصادقی، ١٣٨٦، ٥١٤).

خۆدواندن و مۆنۆلۆگ دوو جۆری تەکنیکی شەپۆلی هۆشن، هەرچەندە هەردووکیان زانیاری ناخ و دەروونی پاڵەوان دەخەنە ڕوو، بەڵام جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، کە (( جیاوازی خۆدواندن لەگەڵ مەنەلۆگ ئەوەیە: لە خۆدواندندا کارەکتەری چیرۆک بەدەنگی بەرز بۆ گوێگر، دوێنراوێک قسە دەکات و ئەو قسانەی کارەکتەر لە مەنەلۆگدا دەیکات گوێگر و دوێنراوی نیە، جگە لەوەی کارەکتەر لە ئامادەبوونی کەسانی دی بێ ئاگایە، جیاوازییەکی دی ئەوەیە گەیاندنی سۆز و بیری پەیوەست بە چنین و کاری هونەری لە کاتێک مەنەلۆگ پێش هەموو شتێک گەیاندنی ناسنامەی زەینییە)) (موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٠). بەشێک لە بنەمای هونەری داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادیش بە تەکنیکی (مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ و خۆدواندن) بنیاتنراوە. لە بەندی (٧)دا دەڵێت:

**خەیاڵ کەرد نە دڵ ئینە یانی چێش** **کێ بۆ ئەی جەوان بێ خۆف و ئەندێش**
**نیشتەن هەم زانوو دلبەر بە گوستاخ** **مەنۆش بادە بە زەوق و دەماغ**
**هیچ باکش نییەن جە شای کەمەر لاڵ** **ئەفشار مەکەرد شەمامان کاڵ**
**من شازادانم یەکایەک دییەن** **ئەی جەوان نەو تووڵ شازادە نییەن (ئەمینی، ٢٠١١، ٩٩)**

ئەمە ئەو مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆیەیە، کە مەلیک محمد لەگەڵ خۆی دەیکات؛ بەهۆی وتنی (خەیاڵ کەرد نە دڵ)دا دەردەکەوێت، حیکایەتخوانە زانیاری ناو دڵی مەلیک محمد بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، لە هەمانکاتدا نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ناسینەوەی جۆری مۆنۆلۆگەکە، کە ناڕاستەوخۆیە و لە دڵی خۆیدا دەدوێت، چونکە مەلیک محمد خۆی بە تەنهایە، کاتێک دەچێت بۆ بینینی نۆش ئافەرین، بەڵام دەبینێت گەنجێک لە ژوورەکەی نۆشدایە و نەناسراوە بە شازادەکان ناچێت لە دڵی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆکردن، ڕوونتر بڵێین گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە ڕاستیی و درووستی گفتوگۆی ناو دڵی مەلیک محمد وەک پاڵەوان بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، تاوەکو خوێنەریش ئاگاداری ناخ و دەروونی ئاڵۆزی پاڵەوان بێت، کە دووچاری دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری دەروونی بووە و زۆر سەختە لەلای یەکێکی دیکە ببینێت، کە بێ ترس لە ژووری ئەو کچەیە، کە عاشقییەتیی و دەیەوێت بیکاتە هاوسەری داهاتووی خۆی. بەندی(٩):

**شیرین مەکەردش خەیاڵێ نەدڵ** **بە خەیاڵ تەشویش لیش مەبی حاسڵ**
**ئەی شەخسە کێ بۆ نەی شەو دەیجوور** **ئەی کوڵە چێشەن ئاوەردن جە دوور**
**عەزم کۆ دارۆ چێشش مەقامەن** **با من بپەرسووم ئەو مەرد چێش نامەن (ئەمینی، ٢٠١١، ١١١)**

خانا له ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە ڕاز و نیازی ناخی نۆش ئافەرینمان لەو کاتەدا بۆ دەگوازێتەوە له شێوەی پرسیارو وەڵامدا، کە بە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت، چونکە نۆش نیازەکەی دەرنەبڕیوە، کاتێک گێڕەڕەوە دەڵێت:(شیرین مەکەردش خەیاڵی نەدڵ) واتە لەدڵی خۆیدا گفتوگۆکەی ئەنجامداوە، کاتێک نۆش گومان دەکەوێتە دڵییەوە لە درەنگ هاتنی شازادە؛ دەڕواتە دەرەوەی کۆشک، تا بزانێت بۆ نەهات؛ لەڕێگە کەسێک دەبینێ کۆڵێک لەسەر پشتییەتی؛ جێگەی گومانە لەلای؛ دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خۆی و دەڵێت: ئەمە کێ بێت؟ کۆڵەکەی چی بێت؟ بۆ کوێ دەڕوات؟ مەبەستی کوێی هەیەو و پلەی چییە؟ باپرسم ناوی چییە؟ گەر ئەم تەکنیکە نەبێت لە ناو داستاندا خوێنەر چۆن لەم ڕووداوە نیازی پاڵەوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆیە گێڕەڕەوەی داستان لە ڕێگەی دەرخستنی ناخی پاڵەوانەکانەوە بەم تەکنیکە ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە دەبات و وەڵامی ئەو پرسیارانەی لای خوێنەر دروست دەبن دەداتەوە، ئەمەش ئاستێکی هونەری بەرز بە داستانەکە دەبەخشێت. بەندی (١٩):

**دوعا مەکەرد و مەسۆزا و مەوات — ئەی یار شیرین ڕۆحم بۆ فیدات**
**یە پەی چی مەیلت دەربارەم سەردەن — سەرت نە جامەی خامۆشی بەردەن**
**مەر نمەزانی من سفتەی داخم — گیرو گرفتار تەلیسم کاخم**
**کەی ڕەها کەرۆ بوینوت وەچەم — تا ساکن یبۆ جە خۆف عەلقەم(ئەمینی، ٢٠١١، ١٦٨)**

ئەمە لێکدانەوە و بیرکردنەوەی نۆش ئافەرینە، کە بە خۆدواندنی لەگەڵ خۆی دەخرێتە ڕوو، کاتێک عەلقەمی دێو دەیرفێنێت بۆ کۆشکی سولەیمان، لێرەدا خانا بنیادێکی هونەری جوان و وێنە بۆ کێشراوی درووستکردووە؛ بێ ئاگایی نۆش ئافەرین سەبارەت بە گرنگی پێدانی لە لایەن شازادە سوڵتانەوە دەردەخات؛ لەوەی کە گلەی لێ دەکات وا دەزانێت یاری مەیلی ساردە و نایەت ڕزگاری بکات؛ لە سەرەتادا بە شێوازی پرسیارکردن دەڵێت: مەگەر نازانی من داخ کراوم و گرفتاری تەلیسمی کاخم؟ بۆ خۆت خامۆش و بێدەنگ کردووە؟.... لایەنی ئاڵۆزی ناخ و بێ توانایی و ڕەشبینی پاڵەوان پیشان دەدات، هەروەها خانا بەم خۆدواندنە زەمینەیەکی لەبار بۆ خوێنەر دەرەخسێنیت، کە لە دێڕەکانی دواتردا چی ڕوودەدات؛ ئەویش، کاتیک نۆش ئافەرین ئەمە دەڵیت و لا دەکاتەوە دەبینێ شازادە لەتەنیشتیدا وەستاوە؛ لەو کاتەدا هەردووکیان بێ هۆش دەبن، واتە خانا بە خستنەڕووی گلەییەکانی نۆش ئافەرین خوێنەر ئامادە دەکات، کە ئەگەر شازادە لەو کاتەدا بێت بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی نەبێتە ڕووداوێکی کتوپڕ، بەمەش ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە عاشقان و خۆشەویستان دڵیان لەیەک پاکە وەک دەڵێن (دڵ ئاوێنەی دڵ)ە، خێرا گلەییەکانی نۆش دەگەنە شازادە و دێت بە هانایەوە.

لە دێڕەکانی دیکەدا و پاش بەهۆش هاتنەوەیان شازادە سەرجەم سەختییەکانی ڕێگەی بۆ باس دەکات، کە چەند ڕووداوی ناخۆش هاتوونەتە سەر ڕێگەی لە پێناو ڕزگارکردنی؛ ئەم ڕوونکردنەوانەی شازادەش ئەوە دەردەخات، کە نۆش ئافەرین بەدەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە

گلەییەکانی دەربڕیووە، بۆیە شازادە پاساو بۆ درەنگ گەیشتنی دەهێنێتەوە، لەبەر ئەوە بە خۆدواندن دادەنرێت، هەروەها خانا خۆدواندنێکی دیکەی نۆش ئافەرینی خستووەتە ڕوو، کاتێک لە چاڵێکی تارک بەندکراوە لەلایەن زەلغەمەوە لەبەر خۆیەوە پەژارەو خەمباری خۆی باس دەکات. بەندی(٢٤):

**داخڵ بی وە چا شێر دلاوەر          دیش نیشتەن غەمبار سەوڵ نازپەروەر**

**بەسۆز دەروون مەسۆزا و مەوات          جاگەت خالّییەن رۆحم بۆ فیدات**

**مەر نمەزانی یارت ئەسیرەن          گەردەنش جەبەند تەوق و زەنجیرەن**

**من دایم پەی تۆ زار و غەمینم          لە زیندان دێو ماتەم نشینم....**

**ئەی میوەی درەخت زیندەگانیی من          ئەی ئاب حەیات جاویدانی من**

**پەی چی بەی دەستوور کارت درەنگەن   یارت پەشێوحاڵ چون سیاسەنگەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٥).

کاتێک شازادە ئەم خۆدواندنەی نۆش دەبیستێت دەڵێت:

**واتش حازرم گیان شیرینم          منیش سەرگەردان نۆش ئافەرینم.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٥).

بەم جۆرە خانا لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە بارودۆخی پاڵەوانەکان دەگۆڕێت و ڕووداوەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە دەبات، ئەویش رزگارکردنی نۆش ئافەرینە لەو چاڵەدا، واتە تەکنیکی خۆدواندن دەبێتە هۆکاری دەرخستنی پەرێشانی و ئازاری پاڵەوان لە دووری خۆشەویستەکەی وە خوێنەر تا ئاستێکی باش ئاگاداری ئەو حاڵە سەختەی پاڵەوان دەبێت.

لەم داستانەدا چەندین مۆنۆلۆگی دیکە بەدیدەکرێن، کە هۆکاری بەهێزی و پتەوی بنیاتی داستانەکەن؛ لەوانە: مۆنۆلۆگی نزاکردن و سوپاسگوزاریی (خودای گەورە) لەلایەن پاڵەوانەوە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ناهەموار و ئازاربەخش، هێشتنەوەی بارودۆخی خۆشی شادی، واتە ((هیچ کاتێک نەبووە مرۆڤ بەرامبەر بە خودا قسەی خۆی بکات ڕووبەڕوو، قسەکردن لەگەڵ خودا ڕووینەداوە لە شێوەی دیالۆگدا (جگە لە گفتوگۆی چەند پێغەمبەرێک بەرامبەر بەخودا) واتە مرۆڤ ئەو کاتەی داوای شتێک لە خودا دەکات هاوشێوەی دیالۆگێکی ئاسایی چاوەڕێی وەڵامی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو مرۆڤ بە پەنهانی و لە نێو دڵی خۆیدا ڕاز و نیازی خۆی بۆ خودا ئاشکرا دەکات، چونکە دەزانێت خودا دەتوانێت داواکەی ببیستێت بە بێ دەنگ هەڵبڕین و قسەکردنیش)) (قاضی، ٢٠٢١، ٧٣). لە بەندی(٢٤)دا دەڵێت:

**وات یاڕەب ئامان گوناکارانم          خەجاڵەت نەکار شەرمەسارانم**

**بە نوور خورشید ماه تابانت          بە ئافەریدەی چەتر و سەیوانت**

**بیاوە بە داد پادشای شاهان          روزی دەهەندەی جەمع گومراهان**

**ساکە شازادە دڵ ئاوەرد بە جۆش          واتش یا کەریم سەتار سرپۆش**

**یا کانی کەرەم پادشای شاهان          یا دەلیل خەیر گوم کەردە راهان**

**ئومێدم بە تۆن پادشای سەروەر          نەجاگەی غەریب ناوەرووم زەرەر**

**یا کەس بێ کەس بێ کەسان کەس          سیوای زات تۆ نییەن دادڕەس**

**بەدەریم نەجات نەی کاخە چۆڵە** **نەی تەلیسم سەخت موڵک زەنگۆڵە**

**یارم گرفتار تەلیسم دێوەن** **دێو بەدکردار مەردم فریوەن**

**بابۆم نە شار چین دیدەش نەڕامەن** **ئینتیزار دیدار هەر وە تەمامەن. (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٠٠-٢٠٣)**

لێرەدا خانا هاوار و خواست و نزای شازادە بۆ لای(خوای گەورە) دەخاتە ڕوو، کاتێک زەلـغەم نۆش ئافەرینی ڕفاندووە بۆ تەلیسمی زەنگۆڵە بۆ لای ئارایش دێو، ئەم شوێنە شوێنێکی ئەفسانەیی زۆر سەخت و دژوارە؛ هەوڵی زۆر دەدات تا دەرگای ئەو شوێنە بکاتەوە، بەڵام بێ سوودە لە ماندوێتیدا خەوی لێ دەکەوێت؛ فەیازی عابید دێتە خەوی ڕێنمایی دەکات، کە لەوحەیەک لە ژێر بەردێکی ڕەشە لەلای دەستە ڕاستییەوە دەڵێت: هەرچی لێ نووسراوە جێ بە جێی بکە، لەو لەوحەشدا نوسراوە، گەر بە سێ تیر ئارایش دێو نەکوژیت بۆ هەتا هەتایە وەک پارچە بەردێک دەمێنیتەوە، جا کاتێک شازادە لە تیری یەکەم و دووەم سەرکەوتوو نابێت بۆ تیری سێیەم زۆر دەپاڕێتەوە لە (خوای گەورە)، خانا ئەم نزاو پاڕانەوەیەی شازادە بە وەسفکردنێکی جوانی (خوای گەورە) ڕازاندووەتەوە، پاشان بەردەوام دەبێت لە مۆنۆلۆگەکەی و بێ توانایی خۆی نیشان دەدات؛ داوا لە (خوای گەورە)دەکات ڕزگاری بکات، چونکە باوکی بە تامەزرۆییەوە لە چین چاوەڕێیەتی.

دەبینین خانا مۆنۆلۆگێکی هونەری بەپێزی خستووەتە ڕوو، قسەو ناخی پاڵەوان لە شێوەی دەربڕینی ترس و غەم و پەژارە بۆ (خوادی تەنها و کەسی بێ کەسان) دەگەیەنێتە خوێنەر، لە هەمانکاتدا پاڵەوان چاوەڕێی وەڵامدانەوەیەکی کردارییە، چونکە بڕواو متمانەیەکی بەهێزی بە (خوای گەورە)هەیە، بۆیە لەگەڵ هاویشتنی تیری سێیەم وەڵامی نزاو پاڕانەوەکانی بە کرداری دەدرێتەوە ئارایش دێو دەکوژێت، بەمەش تەلیسمەکە بەتاڵ دەبێت و نۆش ئافەرین ڕزگار دەکات. خانا بەم مۆنۆلۆگە دەیەوێت پەیامێکی گرنگ و جوان بگەیەنێت، ئەویش بڕوا بوونە بە هێز وتوانای (خوای تاک و تەنها)، پێمان دەڵێت، گەر هێزێکی وا گەورە نەبێت کێ لە توانایەتی ئەو شوێنە ئەفسانەییە ترسناکە ببڕێت و پیرەژنێکی وا پڕ لە مەترسی بکوژێت، بۆیە ئەتوانین بڵێین خانا لە گەیاندنی پەیامە دینییەکەی بە شێوەیەکی بەرزی پڕ لە هونەری زۆر سەرکەوتوو بووە. لە زۆر بەندی دیکەی ئەم داستانەدا لەم جۆرە مۆنۆلۆگانە بەدی دەکرێت. بەندی(٤٦):

**ئاە سەرد کێشا ئەو نە ڕووی گەردوون** **واتش یا کەریم هەم ڕەب بێ چوون**

**قودرەتت فرەن حەیی کەرەمدار** **جە قەترەی مەنی هەم ئاو موردار**

**خەڵقت کەردەن شۆخێ بەی وێنە** **مەدرەوشۆ بەرەنگ تەڵای خەزێنە.( ئەمینی، ٢٠١١، ٢٩١-٢٩٢)**

خانا لە ڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە سەرسامی یەکێک لە پاڵەوانە ئەفسانەییەکان، کە (مەیموونە خاتوون)ە و وەک پەریـیەک بەرامبەر هێز و توانا و دەستڕەنگینی (خودای تاک و تەنها) لە دروستکردنی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، کاتێک دەچێت، تا بزانێت دایەنەکەی بۆ نەگەڕایەوە؛ ئەو ناردبووی بۆ شاری فەرەنگ، تا هەواڵی شازادەی بۆ بهێنێتەوە، بەڵام دایەنەکەی کە (خورشیدە خاتوون) دەبینێت سەرسامی جوانیی و شۆخ و شەنگی دەبێت، بەجۆرێک هیچ جوڵەیەکی نامێنێت، خانا وەسفی

باغ و جوانییەکەی خورشیدە خاتوون بە (٢٧دێڕەشیعر) دەهۆنێتەوە، پاشان مەیموونە خاتوون خۆی دەڕوات، ئەویش بە هەمان شێوەی دایەنەکەی سەرسامی ئەو جوانییە دەبێت؛ بە هەمان شێوە خانا بە (١٧دێڕەشیعر) وەسفێکی هونەری بەرزی جوانییەکەی دەکات؛ لە کۆتایدا مەیموونە خاتوون دەکەوێتە گفتوگۆکردن لە ناخی خۆیدا خاناش ئەو گفتوگۆ و سەرسامییەمان بۆ دەگوازێتەوە.

لەو چەند مۆنۆلۆگانەی، کە خرانە ڕوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەریند)دا مۆنۆلۆگی ناڕاستەخۆ ڕێژەی زیاترە لە خۆدواندن؛ خانا لەم داستانەیدا ئەم تەکنیکەی بە شێوەیەکی هونەری بەکارهێناوە و سەرکەوتوو بووە؛ هەرچەندە بەقوڵی ناخی پاڵەوانەکانی نیشان نەداوە؛ واتە مۆنۆلۆگەکانی قوڵ نین، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی هونەری نووسینی داستان لەو قۆناغەی شاعیردا، بەڵام بنەمای داستانەکەی پێ بەهێز کردووە؛ لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە توانیوویەتی ململانێ و ڕوودا و ناخی پاڵەوانەکانی داستانەکە بخاتە ڕوو.

**چوارەم / سەفەر :** بریتییە لە چالاکی کەسێک، یاخود چەند کەسێک و ئەنجامدانی پرۆسەی بەجێهێشتنی شوێنی نیشتە جێ بوونییان بۆ شوێنێکی دیکە؛ ئەم جیهێشتنەش بۆ جێ بەجێ کردن و بەدەستهێنانی چەندین مەبەست ئەنجام دەدرێت لەوانە: سەفەری بازرگانی، سەفەری وەرگرتنی پشوو و چێژ بینن، سەفەری چارەسەرکردنی نەخۆشیی.....واتە گۆڕینی باری ژیانی کەسی گەشتیارە. سەفەر تەکنیکێکی هونەری کۆنە شاعیران و نووسەران وەک ئامرازێکی سەرەکیی لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریانهێناوە، کە بووەتە هۆکاری دەستپێک و بنەمای بەهێزکردنی تەکنیکە هونەرییەکانی دیکەی ناو بەرهەمەکانیان، بە تایبەت بەرهەمە گێڕانەوەییەکان، چونکە (( بە شێوەیەکی دینامیکی یەکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؛ ڕووداو و ململانێکان بە شێوەیەکی گونجاو پەرە دەسێنن  وە جوڵەی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی گونجاو و لۆژیکی بەڕێوە دەچێت)) (حليفي، ٢٠٠٦، ١١٤-١١٥). لە دەقە گێڕانەوەییەکاندا سەفەر دەبێتە هۆکاری بەخشینی سیفەتی پاڵەوانێتی بە پاڵەوان، چونکە لە زۆر باردا هۆکاری ئەو سەفەرە وای لێدەکات گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانیدا ڕووبدات و بیکاتە کەسێکی بە توانا و بەهێز و لێهاتوو، وەک (ت. س. ئیلیۆت)دەڵێت:(( بگەڕێن بجوڵێن ئەی گەڕیدەکان، بە دڵنیاییەوە کاتێک دێنەوە ئێوە ئەو کەسانە نابن کە پێشتر ڕۆشتوون)) (فهيم، ١٩٨٩، ٧). واتە ڕووداوە جۆربەجۆرەکان و سەرکێشییەکانی سەفەر وا لە پاڵەوان دەکەن شارەزاییەکی فراوان لە زۆربەی بوارەکانی ژیانەوە وەربگرێت.

داستان وەک ژانرێکی گرنگی ئەدەبی گرنگی و بایەخێکی تایبەتی بەم تەکنیکە داوە، لەبەر ئەوەی ((سەفەر و داستان دوو زاراوە و دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکترن و ناتوانن بەبێ یەکتری هەڵبکەن، چونکە گەشت و سەفەرکردن یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی داستان، هەتا ئەوەی لە زۆر داستاندا دەبێتە توخمی بنەڕەتی و سەرەکی داستانەکە؛ هیچ داستانێک بەرچاو ناکەوێت، کە ئەو توخمە یان تەکنیکەی تێدا نەبێت و لێی بێبەش بێت، کە پاڵەوان و قارەمانی ناو داستانەکە پێی

هەڵدەستێت و ئەنجامیدەدات)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٤١٧)، یاخود زۆر جار ڕووداوە سەرەکییەکە (( لە بارەی پاڵەوانێکەوەیە، کە بەهۆیەک لە هۆیەکان لە باری ژیانی ئاسایی خۆیدا، دەست بە گەشتێک دەکات بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام ئەو شتە لەمیانەی سەفەرێکی درێژدا، پەیوەست دەبێتەوە بە شتی تر، وەک ئەڵقەی زنجیرێک یەک بەیەکی ڕووداوەکان لەگەڵ یەک تێهەڵکێش دەبن، تا پاڵەوان دەیەوێت بگات بە خواستێکی، ڕووبەڕووی مەرجێک دەبێتەوە. بۆ بەجێهێنانی مەرجەکەش، تووشی مەرجی تر دەبێت، بەڵام پاڵەوان بە زرنگی خۆی و یارمەتی هێزە بانمرۆییەکان و ئاژەڵ و مرۆڤی باش، بە خواستەکەی دەگات. لە میانەشیدا دێو، ئەژدیها، پیرێژنی بەدفەڕ و بەدکاری ناحەز بە سزای خۆیان دەگەن))(کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ٨٥). بۆ نموونە لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی سەفەر تەکنیکێکی بنەڕەتییە. پاڵەوانی سەرەکی لە وڵاتی چین سەفەر دەکات بۆ وڵاتی دیمەشق، بەمەبەستی گەیشتن بە (نۆش ئافەرین). ئەم سەفەرەی پاڵەوان سەفەرێکی دوور و درێژ و پڕ لە سەختی و دژوارییە، چەندین دێو، ئەژدیها دێنە سەر ڕێگەی، سەرەتا بە سەفەرێکی دەریایی پاڵەوان دەست پێ دەکات؛ لە بەندی (١)دا دەڵێت:

**واتن شازادە شەیدای شوور عەشق نیشت وە تۆی کەشتی لوا پەی دەمشق**
**بچیم بزانیم شازادە چێش کەرد وەڕووی دەریاوە چۆن تەشریفش بەرد**
**شازادە ئەورۆ نیش وەتۆی کەشتی نەزاناش وەنەرد بەخت بەرگەشتی**
**کەشتی راهی بی وە باد موراد دە رۆز ویارا بێ کەم و زیاد**.... .( ئەمینی، ٢٠١١، ٥١-٥٢).

شازادەی وڵاتی چین (سوڵتان ئیبراهیم) لە ڕێگەی بازرگانێکی شاری دیمەشق وێنەی (نۆش ئافەرین) کچە شازادەی وڵاتی دیمەشق دەبینێت و عاشقی دەبێت، ئەم نهێنییەی لای هاوڕێیەکی نزیکی باس دەکات، کە (خان محمد)ە، لە هەمانکاتدا وەزیری باوکییەتی، کە باوکی بەو هەواڵە دەزانێت بەهیچ جۆرێک ڕازی نابێت بە سەفەرکردنی شازادە، بۆیە شازادە بە نهێنی بڕیاری سەفەر بۆ وڵاتی مەعشووقەکەی دەدات، خان محمد، کە بەمە دەزانێت بڕیار دەدات ببێتە هاوڕێی سەفەرەکەی.

واتا گێڕەرەوە بۆ دروستکردنی ڕووداوێکی گرنگ، کە مەودایەکی فراوانی هەبێت بۆ درێژەدان بە داستانەکەی بە تەکنیکی سەفەرێکی نهێنی دوو لە پاڵەوانەکان دەست پێ دەکات، مەبەستی سەفەرەکەی شازادە لە پێناو عەشق و خۆشەویستییە؛ ئەو هێزی عەشق و خۆشەویستییە پاڵنەری ناخ و دەروونی دەبێت بۆ چارەنووسێکی نادیارو پڕ لە سەختی و دژواری، بەڵام بڕیاری سەفەری خان محمد بڕیارێکی هاوڕێیانەیە، بەجۆرێک هێندە بە وەفا و دڵسۆزە تا کۆتایی سەفەرەکە زۆر بە دڵسۆزی لەگەڵی دەمێنێتەوە و دەبێتە پشت و پەناو یارمەتیدەرێکی بە توانا، لە هەمانکاتدا بەم بڕیارەی خۆشەویستی و وەفا بۆ پاشاکەی دووپات دەکاتەوە، بەوەی کە ناهێڵێت کوڕەکەی بێ یارو یاوەر بڕوات بۆ ئەو سەفەرە پڕ لە مەترسییە، هەرچەندە دەزانێت پاشاکەی ناڕازییە، کاتێک (عادل شا) بەمە دەزانێت زۆر نیگەران دەبێت دەڵێت:

**عادل شا ژ حەرف خاسەی غوڵامان یەخەی کەیانی ئاوەرد وە دامان**

**سەرو سورەتش کویاوە ژبەرد        هەرتا کە تاواش شین و زاریش کەرد**

لەو کاتەدا عادڵ شا هیچی پێ ناکرێت، چونکە زۆر دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە نزایان بۆ دەکات بە سەلامەت بگەڕێنەوە دەڵێت:

**واتش ئەی فەرزەند شازادەی چینم        فیدای گیانت بۆ گیان شیرینم**

**.........وێت یارت بۆ        خواوەند ژسەر نیگەهەردارت بۆ. (ئەمینی، ٢٠١١، ٥١)**

لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە کرد، کە ساغکەرەوەی ئەم داستانە ئاماژەی بەوە داوە لە چەند شوێنێکی دەستنووسەکاندا چەند وشەیەک نەماوە و کاڵ بوونەتەوە وەک ئەم نموونەیە، بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت ئەو وشانەی لە نیوە دێڕی دووەم فەوتاون ئەو وشانەن بۆ نزاکردن دادەڕێژرێن. لەم داستانەدا چەند سەفەرێکی دیکە هەن لەلایەن پاڵەوانی سەرەکیی و پاڵەوانەکانی دیکەوە؛ ئەتوانین بڵێین سەرجەم سەفەرەکان پەیوەندییان بە بنیاتی پاڵەوانی سەرەکییەوە هەیە، کە پاڵەوانەکانی دیکە دەبنە ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەرێکی دڵسۆز لە سەفەرەکانیدا بۆ نموونە سەفەری (حەمید مەلاح)، پاش ئەوەی شازادە و وەزیرەکەی کەشتییەکەیان تێک دەشکێت ڕێگەیان دەکەوێتە دارستانێک (حەمید مەلاح) دەناسن، کە ئەویش بە هەمان شێوەی شازادە گرفتاری (جەهانسۆز) کچی ئەسکەندەر شایە، کاتێک بارودۆخی یەکتری باس دەکەن؛ هەردوولا بەڵێن بە یەکتر دەدەن هاوکاری یەکتر بکەن، حەمید بەوەی شازادە بگەیەنێتە دیمەشق و شازادەش بەوەی، کە هاوکاری بکات لە بەدەستهێنانی(جەهانسۆز)دا، تا لە کۆتایی داستانەکە هەردوولا بەڵێنەکەیان دەبەنە سەر و دەگەن بە خۆشەویستەکانیان. لە دەسپێکی ئەم سەفەرەدا دەڵێت:

**چۆڵ و بیابان هەردە وە هەردە        وێنەی ئاهوان وەڵەد گوم کەردە**

**حەمید بەڵەد بی، وێش پێشڕەوی کەرد        وەشەب و وەرۆز راهان تەی مەکەرد**

**چل رۆز وە شتاب قەترەی جەهد و جەخت        مەهمیزدان مەرکەب وەوەقت و بێ وەقت**

**یاوا وەجاگەیێ دەمشق دا دیار        حەمید مەلا ئاما وەگوفتار**

**وات ئەی شازادە یە دەمشق شارەن        بدەر مزگانی مەنزڵگەی یارەن. (ئەمینی، ٢٠١١، ٦٣-٦٤)**

لەپاش گەیشتنیان بە دیمەشق شازادە سوڵتان بە نهێنی دەچێتە کۆشک و خۆی بە نۆش ئافەرین دەناسێنێت، ئەویش عاشقی دەبێت، چەند جارێکی دیکە بەو جۆرە یەکتر دەبینن، تا ڕۆژێک نۆش ئافەرین دەچێتە سەر سەرچاوەی نۆش، بەمەبەستی غوسلکردن وەک نەریتێک لەو سەرچاوەدا و خۆ ئامادەکردن بۆ دیاریکردنی هاوسەری داهاتوویی؛ لەو کاتەدا (عەڵقەم)ی دێو دەیرفێنێت، پاش وەرگرتنی زانیاری لە فەیازی عابید دڵنیا دەبنەوە، کە عەڵقەمی دێو نۆش ئافەرینی لە (دەریای موحیت و قەسری سولەیمان) بەندکردووە، لەبەرئەوە بە پێشنیازی فەیازی عابید لەڕێگەی توتییەکەوە، کە هەر کاتێک توتییەکە ناوی هەریەک لە شازادەکانی هێنا ئەوە دەبێتە ڕزگارکەری نۆش؛ توتییەکەش ناوی شازادە سوڵتان ئیبراهیم لە ناو هەموو شازادەکاندا دەهێنێت بۆ ڕزگارکردنی نۆش، بۆیە شازادە دەست بە سەفەر دەکات بۆ کۆشکی سولەیمان. واتە گێڕەڕەوە بۆ بەرەوپێشبردن و

گۆڕانکاریی گەشەسەندوویی پاڵەوان و ئاڕاستەکردنی بەرزو نزمی ڕێڕەوی ڕووداونی ڕووداوەکان سەفەری دووەمی پاڵەوانی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**شازادە و یاران ڕاهی بین بەڕا　　　پشت بەستن بە زات یەکتای بێ هامتا**

**تەی کەردن راهان سەحراو بیابان　　　لوان تا چەندێ بە مەغریب یاوان**

**نیشتن نە گەشتی کەردشان شێتاب　　　بە مودەی سێ ماە ویەرد نە رووی ئاب.**(ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٤-١٤٥)

پاش ڕێگەیەکی دوور، چەندین سەختی لە دورگەی گۆیای مرۆڤخۆرەکان بە یارمەتی روخ دەچنە کۆشکی سولەیمان نۆش ڕزگار دەکات، لەو کاتەدا عەلقەم دێت دەکەونە شەڕکردن، عەلقەم دەکەوێتە دەریا لە هەمانکاتدا (زەلغەم و دەلغەم)ی برای عەلقەم نۆش دەڕفێنن بۆ ڕەوزەی دڵگوشاد؛ شازادەش بە یارمەتی روخ دەڕوات بۆ ڕەوزەی دڵگوشاد بۆ ڕزگارکردنی نۆش؛ دەلغەم دەکوژێت و لە زەلغەم دەبوورێت، لە کاتی گەڕانەوەیاندا دووبارە زەلغەم نۆش دەڕفێنێت دەیباتە تەلیسمی زەنگۆڵە؛ شازادە ڕزگاری دەکات لەگەڵ (مەیموون)ە خاتوون، دەچنە شاری پەرییان بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەوێ دەبن.

**مەیموونە خاتوون شیرین بێ گەرد　　　ڕەویەی بوزورگی هەم بە جا ئاوەرد**

**ئەوەندە خدمەت کەر جە ئەندازە ڕەد　　　تا چل ڕۆژ تەمام مەرەخەس نەکەرد**

**جە دمای چل ڕۆژ یاد وەتەن کەرد　　　تەشریف بە حوزوور شای پەرییان بەرد**

**جەرووی بوزورگی روخسەت بدەر پێم　　　تا شۆم بە وەتەن مولک بابۆی وێم.** (ئەمینی، ٢٠١١،٢٢٢-٢٢٣).

کەواتە گێڕەڕەوە هەموو ئەم سەفەرانەی پاڵەوانی سەرەکی، کە ئەو سێ دێوە(عەلقەم، زەلغەم، دەلغەم)ناچاری دەکەن بیانکات بۆ شوێنە سەرسوڕهێنەر وفانتازییاکانی (دورگەی گۆیا، کۆشکی سولەیمان، ڕەوزەی دڵگوشاد، تەلیسمی زەنگۆڵە)، بەمەبەستی ڕزگارکردنی خۆشەویستی؛ وەک تەکنیک و بنیاتێکی هونەری بۆ ڕۆڵ و خزمەتی کەسێتیی پاڵەوان و ڕووداو و توخمەکانی دیکە بەکارهێناوە، ڕوونتر بڵێین گێڕەڕەوە ئەو دێو و شوێنانەی بۆ بەرز بوونەوەی ڕووداو بۆ لوتکە و دواتر کۆتایی پێهێنان و خستنە ڕووی ئەنجامەکان بەکاریهێناوە، واتە تەکنیکی سەفەر وای کردووە ڕووداوەکان و سەرجەم توخمەکانی دیکەی داستانەکە بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردندا بن.

سەفەری پاڵەوانێکی دیکە، ئەویش (ئەمیر سەلیم)ە، کە کوڕی یەکێک لە وەزیرەکانی باوکی نۆش ئافەرینە بە ناوی (عیزەت خان)، تکایەکی زۆر لە پاشا دەکات ببێتە هاوسەفەری شازادە؛ پاشاش ڕازی دەبێت، بەڵام ئەم سەفەرەی سەلیم بۆ مەبەستی ناپاکیکردن و کوشتنی شازادە بە ژەهر و بەدەستهێنانی نۆش ئافەرینە؛ ڕێنیشاندەری ئەم ناپاکیکردنەش باوکییەتی؛ پێی دەڵێت لە دوای جێ بە جێ کردنی پیلانەکەت دەگەڕێیتەوە بۆ دیمەشق و دەبیتە پاڵەوانی ڕزگارکردنی نۆش؛ ئەوکاتەش پاشا نۆش ئافەرین دەکاتە هاوسەری تۆ، بۆیە دوای ڕزگارکردنی نۆش لەلایەن شازادەوە و لەکاتی گەڕانەوەیاندا بەرەو دیمەشق شەوێک لە دارستان پشوو دەدەن سەلیم بە فرسەتی دەزانێت پیلانەکەی جێ بەجێ دەکات.

گۆش بدەر بە ئەو ناپوختە و ناخام جە ئەمیر سەلیم دێوانەی کەم فام
ئەویش گرفتار نۆش ئافەرین بی دایم جە داغش ماتەم نشین بی
شەو ئاما ناپاک رووسیای کەم فام کەس حازر نەبی شی بە لای تەعام
زەرەیێ نەو شیرەی زەهر بێ ئامان بە مەخفی ڕێزا نە ڕووی تەعامان. (ئەمینی، ٢٠١١،٢٢٧)

لێرەدا گێڕەرەوە بە دەرخستنی سەفەری ئەم پاڵەوانە ڕوودا و ململانێکان و شەڕ لە نێوان سەلیم و هاوڕێیانی شازادە دەخاتەڕوو، کۆتایی ئەم ململانێیەش بە کوشتنی سەلیم دەبێت بە دەستی نۆش، کە خانا مەبەستییەتی ئازایەتی، توانای نۆش ئافەرین لەو ڕووداوە بخاتە ڕوو، نۆش پاش گەڕانەوەیان سەرجەم ئەو ناپاکییە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە باوکیشی (عیزەت خان)ی وەزیری بانگ دەکات و لێی دەپرسێت، ئایا ئاگاداری ئەوە بوویت؟ ناوبراویش هەرچەندە دەڵێت من ئاگاداری نیازی کوڕەکەم نەبووم، بەڵام پاشا باوەڕی پێ ناکات وسزای کوشتنی بەسەردا دەسەپێنێت. کەواتە ئەم سەفەرەی پاڵەوان سەفەرێکی کاتیی بووە، چونکە ویستوویەتی دوای گەشتن بە ئامانجەکەی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی؛ گێڕەرەوە ئەم سەفەرەی بۆ سەرەتای چەند ڕووداو گۆڕانکارییەکی داستانەکە بەکاریهێناوە، بەڵام پاڵەوان لە کاتی گەڕانەوەیدا بەهۆی خراپەکاری و خیانەتکردن و بێوەفاییەوە گیانی دادەنێت، لە هەمانکاتدا ئەم خیانەتکردنەی دەبێتە هۆی کوشتنی باوکیشی، کە هەردووکیان دەکرێن بە پەند بۆ هەموو ئەوانەی خیانەت لە پاشا و خێزانەکەی دەکەن، بۆیە لێرەدا گەر تەکنیکی سەفەر نەبوایە ڕووداوەکان بەو جۆرە نەدەگەشتنە خوێنەر، بەڵام سەفەر بووەتە هۆکاری درێژەپێدەری ڕووداوەکانی داستانەکە.

کاتی گەڕانەوەی بۆ دیمەشق توشی چەند شەڕێکی دیکە دەبێت لەوانە شەڕکردن لەگەڵ دوژمنانی پاشای فەرەنگ؛ بەهۆی ئەوەی، کە یارمەتی باوکی خورشیدە دەدات و ڕزگاری دەکات لە دەست دوژمنەکانی ئاشنایەتی پەیدا دەکات لەگەڵ خورشیدە خاتوون و عاشقی دەبێت ماوەیەکیش لە وڵاتی فەرەنگ دەمێننەوە، پاشان سەفەر دەکەن بەرە و دیمەشق، بە هەمان شێوە توشی چەند شەڕێکی دیکە دەبێتەوە لەلایەن ئەو شازادانەی هاتبوونە دیمەشق، تا نۆش ئافەرین ببێتە هاوسەرییان ئەوانیش: (مەلیک بەهمەن، ئەلیاس، تۆفان، شازادە مەسعوود، سعید)، کە بەهۆی پیلانی ئەمانەوە دەچێت بۆ (شاری حەلەب، وڵاتی مەغریب) توشی چەندین کێشە و سەختی دەبێتەوە؛ دواجار لەم شەڕانەشدا سەرکەوتوو دەبێت؛ دەگاتەوە دیمەشق پاش ماوەیەک مانەوەی لەوێ؛ دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، کە چینە لەوێ زەماوەند دەکات. بەم جۆرە دەبینن، کە سەرەتا و کۆتای داستانەکە سەفەرکردنی پاڵەوانی سەرەکیی و هاوڕێکانی بووە. کەواتە تەکنیکی سەفەر لەم داستانەدا بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی بنیاتی کارەکتەرەکان بووە، هەروەها هۆکاری دروست بوونی ڕوودا و پێکدادانەکان و فراوانبوونیان بۆ ئاستی لوتکە و کۆتایی هێنان بووە، لەهەمانکاتدا بووەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ خستنەڕووی شوێنی نوێ و گونجاو بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان، ئەمەش بۆ توانا و سەلیقەی

گێـڕەڕەوە دەگەڕێـتەوە لە هەڵبژاردنـی سـەفەری پاڵەوانەکـان، کە تەکنیکـی سـەفەری کـردووەتە بنەمایەکی هونەری سەرکەوتوویی داستانەکەی.

## پێنجەم/ خەون و فانتازیا :

**أ- خەون:** دیاردەیەکی بایەلۆژی نامۆی مرۆڤە، کە لەکاتی نائاگاییدا ڕۆحی گەشت دەکات بۆ جیهـانێکی جیـاواز، لەوانەیە ئەو جیهـانە جیهـانێکی خۆشـیی و شـادی بێـت یـان بە پـێچەوانەوە جیهانێکی ناخۆش و سامناک بێت، یاخود خەون ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی ترس و یادگارییەکان وە ڕەنگدانەوەی ڕاستی ژیان و بیرکردنەوەی ڕۆژانەی مرۆڤ. بەدرێژایی مێژوو گرنگی و بایەخی زۆر بە خەون دراوە لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانـدا؛ بـۆ نمـوونە لە بـواری ئاینیـدا، کە بـۆ سـەرجەم ئایینەکان گرنگ بووە؛ بە تایبەت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کە لە (قورئانی پیرۆز) و فەرموودەکانی پێغەمــبەر(د.خ)دا بە ڕوونــی باســکراوە، بەجۆرێـک خەون پەیــامێکی خــوداییە بــۆ پێغەمبەرانــی بەمەبەستی گەیاندنی بە جیهانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.  دوو جۆر خەون هەیە خەونی (خۆش و ناخۆش) وەک پێغەمبەرمان (محمد) (د.خ) دەفەرمێت ((الرؤیا من الله والحلم من شیطان)) واتە خەونی خۆش لە لایەن خوداوەیە، خەونی ناخۆش لە لایەن شەیتانەوەیە.

بەگشتی هەموو مرۆڤێک خەون دەبینێت؛ پێویستییە دەروونی و جەستەییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە ڕەنگدانەوەی خەونەکاندا بۆ نموونە، گەر کەسێک بە برسێتی بخەوێت لەوانەیە خەون بە خۆراکەوە ببینێت......هتـد واتە ((خەون، زنجیـرەیەک خەیـاڵکردن و وێنـاکردنە، کە لەکـاتی نووسـتندا ڕوودەدات. خەونەکانیش جیاوازییان هەیە، لە ڕووی یەکانگیری و دروستی و لۆژیکی لە یەکتری جیادەکرێنەوە. لەبارەی لێکدانەوەی خەون (سیگمۆند فرۆید) دەڵێت: خەونەکـان بریتین لەو ئـامرازانەی کە دەروونی مـرۆڤ پەنـای بۆ دەبـات، بۆ تێرکردنی حەز و ئـارەزووە چەپێنراوەکان(کبت)، بەتـایبەت ئەوانەی کە تێرکردنیان ئەستەم و قورسە لە ژیانی ڕاستەقینە و واقیعدا)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٧٤).

جیهانی خەون جیهانێکی ئازادە؛ مرۆڤ توانـای هەیە گۆڕانکاری بکات لە زۆربەی بوارەکاندا واتە ڕێسا و یاسـایەکی تـایبەت نییە لەم جیهانەدا، کە مرۆڤ پابەندی بێت، بۆیە(( یاسـاکانی ئەو لۆجیکە پەیڕەو ناکەن کە لە کاتی بێداریدا بەسەر هزرمـانەوە بـاڵا دەسـتن هەردوو چەمکی شـوێن و زەمەنی تێدا پشتگوێ خراوە...بایەخێکی زۆر کەم بە یاساکانی شوێن دەدەین بە ئاسانی دەتوانین لە سـاتێکدا، لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر بڕۆین دوو کەس بکەینە یەک کەس، یان کەسێکمان هەبێ لە ناکاو ببێتە کەسێکی تـر)) (فروم، ٢٠١١، ١٨).  لەهەمـوو قۆناغەکانـدا خەونزانەکـان هەوڵی لێکدانەوەی خەونەکانیـان داوە؛ هەندێک جار لێکدانەوەکان جیاوازن لەگەڵ واقیعدا بۆ نموونە خەون بینین بە پرسـەو خەم و ناخۆشیی لێکدانەوەی دڵخۆش بوونی کەسەکەیە لە واقیعدا، یاخود خەون بینین بە کەسێکی مردوو، کەلە خەونەکەدا مـردووەکە دەسـتی بگرێـت وا لێکـدەدرێتەوە ئەو کەسـەی خەونەکەی بینییـوە لە ماوەیەکی کەمدا دەمرێت....

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بوونی خەونە لە بەرهەمە ئەدەبیی و فۆلکلۆرییەکاندا، کە بەرێژەیەکی بەرچاو سوودیان لەم تەکنیکە وەرگرتووە؛ بە تایبەت لە داستاندا، کە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت؛ گێڕەرەوە بۆ دروستکردنی ململانێ و ڕووداوەکان، یاخود بەگشتی گۆڕان لە توخمەکانی دیکەی داستانەکەدا بەکاری دەهێنێت؛ بۆ نموونە لەم داستانەی خانادا بنیاتی ڕوودانی ململانێ و شەڕکردنی شازادە لەگەڵ زەلغەم لە تەلیسمی زەنگۆڵە بە تەکنیکی خەون بەرە و پێشەوە دەڕوات لەبەندی (٢٣)دا دەڵێت:

**سەراسیمە بی خاکش کەرد وەسەر** **ئاخر بێ هۆش بی نە پای قاپیی دەر**

**ئاما نە خاوش عابێد پڕ هۆش** **واتش شازادە دەروون پڕ نە جۆش**

**هورێزە نە خاو خودا یارتەن** **دانای زولجەلال نیگادارتەن**

**بشۆ بنیشە شازادەی سەرمەست** **جە تەرەف راست سەنگ سفید هەست**

**تۆ بشۆ بەوجا شازادەی چینی** **لەوحێ پڕ نەخەت نەوجا مەوینی**

**هەرچی نویسیان نە رووی لەوح زەڕ** **سەعی کەر تەمام بە عەمەل باوەر**

**ئێد وات غایب بی عابد پڕ فەر** **شازادە نە خاو سەر کێشا وە بەر**(ئەمینی، ٢٠١١،١٩٥-١٩٦)

کاتێک شازادە دەچێت بۆ ڕزگارکردنی نۆش ئافەرین لە تەلیسمی زەنگۆڵە شوێنێکی ترسناک و سەختە؛ سەردەکەوێت بەسەر چیاکەدا دەرگایەک دەبینێ زۆر هەوڵدەدات بیکاتەوە ناتوانێت لە تاو ماندوێتیدا خەوی لێ دەکەوێت؛ لەو کاتەدا فەیازی عابید دێتە خەوی و دڵنەوایی دەکات و دەڵێت خوای گەورە یارمەتیدەرتە، پاشان شوێنی بەردێکی سپی پێ نیشاندەدات، کە لە ژێریدا لەوحەیەک هەیە و پێی دەڵێت هەرچی تێدا نووسراوە جێ بەجێی بکە؛ لەو کاتەدا شازادە بەخەبەر دێتەوە و ڕێنماییەکانی فەیازی عابید جێ بەجێ دەکات. لێرەدا خانا بەهۆی ئەم خەونەوە ڕووداوەکان فراوان دەکات، بەوەی شازادە دەچێتە ناو تەلیسمەکە و ڕووبەڕووی چەندین دێوی زەبەلاح دەبێتەوە، بەجۆرێک تا ئێوارە دێو دەکوژێت زۆر ماندوو دەبێت دەست دەکات بە پاڕانەوە لە خودای گەورە بۆ ڕزگار بوونی هێندە دەپاڕێتەوە، تا خەوی لێ دەکەوێتەوە دووبارە. لەبەندی (٢٤)دا دەڵێت:

**ڕێزا نە دیدەش ئەسرین هونین** **ئاخر بێ هۆش کەفت نە رووی سەرزەمین**

**سەرتاپا جە هون ئەسرین ببی تەڕ** **ئاما نە خوابش عابد خوش فەڕ**

**واتش شازادە شێر بەچەی خونخوار** **تۆفیق مەدۆ پێت پادشای جەبار**

**لەوح بگیر بە دەست ڕووبەڕووی ماران** **دەفع مەبۆ تەمام ماران هەزاران**

**ساکە ئێد شنەفت بەور سینە چاک** **هۆرێزا نە رووی ئەو خاک نمناک**(ئەمینی، ٢٠١١،٢٠١)

واتە بۆ دووەم جار عابید دێتە خەونی و ڕێگای نیشان دەدات، ئەویش بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە شوێنێک ئارایش دێوی پیرەژن دانیشتووە؛ سەیری لەوحەکە دەکات نووسراوە دەبێت بە سێ تیر ئەو پیرەژنە بکوژێت، گەر ئەوە ئەنجام نەدەیت بۆ هەمیشە وەک بەردت لێ دێت، ئەویش دەست بە هاویشتنی تیرەکان دەکات لە یەکەم و دووەمدا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە زۆر دەپاڕێتەوە دووبارە خەوی لێ دەکەوێتەوە

به زار و زەویر روو مالاَ نە خاک ئاخر بێ هۆش بی، نەو خاک موغاک
هەم دیسان جە نەو عابید پڕ هۆش ئاما نە خاوش ئەو بەور پڕ جۆش
واتش ئەی فەرزەند پادشای چینی نیگا کەرد بە لەوح ئەوسا مەوینی
سێ دەفعە تێدا ئیسم شای مەردان بوەر جە رووی تیر ڕەها بکەران
ئینشەلاَ بە عەون دانای لامەکان مەدەی جە ئەو دێو مەکەری بێ گیان. (ئەمینی، ٢٠١١،٢٠٤).

ئەتوانین بڵێین لە سەرجەم داستانەکەدا خانا تەنها لەم سێ کاتەدا و لە نێوان شازادە سوڵتان و فەیازی عابیدا تەکنیکی خەونی بەکارهێناوە، ئەمەش بووەتە باشترین بنەما بۆ ڕووداوەکانی ئەو ئەشکەوتە ترسناکە، کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان وەرگرتووە، یەک لە دوای یەک شازادە بەسەر سەختییەکاندا سەردەکەوێت ڕووبەڕووی ململانێکان دەبێتەوە و نۆش ئافەرین ڕزگار دەکات، واتە تەکنیکی خەون بووەتە هۆکاری ڕێنیشاندەری سەرکەوتنەکانی، چونکە (( خەون تەکنیکێکی زێدە کاریگەرە و گرینگییەکەیش زیاتر لەوەدایە کە کات و شوێن و سنوور و دوور و نزیکی و داب و نەریت و لۆژیکی و نا لۆژیکی نازانێت، سنور و بەربەستەکان دەبڕێت، دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە، کێوە بەرزەکان تەخت دەکات و دەریای بێ بن و بێ پەی دەکاتە شەقامێکی خۆش و تەخت)) (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٨٢-٣٨٣).

کەواتە، گەر تەکنیکی خەون نەبوایە گێڕەڕەوە چۆن ڕێنمایی و زانیارییەکانی فەیازی عابیدی بگوازتایەتەوە بۆ شازادە بۆ ڕزگارکردنی لەو شوێنە، بۆیە خانا سێ جار بە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە ڕەوتی ڕووداوەکانی گەیاندووەتە لوتکە و ئەنجامەکەشی خستە ڕوو، کە ڕزگارکردنی نۆش ئافەرین بوو لەو ئەشکەوتە ترسناکەدا، لە هەمانکاتدا خەون بویە هۆی دروستکردنی تەکنیکی دیالۆگ لە نێوان شازادە و فەیازی عابیدا.

**ب- فانتازیا :** جیهانێکی بێ سنوور و ئازادە دوورە لە ڕاستی و واقیع و پڕ لە خەیاڵە؛ لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەندێک ڕێساو یاسا و ڕێگریی جیاواز هەن، کە ئەمانە وایان لێ دەکەن ئازاد نەبن لە دەربڕینی خولیاکانیاندا، بەجۆرێک نەتوانن حەزو ویستەکانی ناخیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەرببڕن، بۆیە بێ سنووری و ئازادی ئەم تەکنیکە (( ئەو جیهانە ئاڵۆزەیە، بۆ ساتێکیش بێت هیوا و ئاوات و حەز و ئارەزووەکانی واقیع بە خەو و خەیاڵ دێنێتەدی وە دەکرێت بە جیهانێکی جوانتر و تەواوتر بزانین، لە جیهانی ئاسایی، ئەویش بەهۆی بوونی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە، هەروەها تێڕوانین و بیرکردنەوەمان بۆ دیاردەو شتی دیکە، کە تا ئێستا لە جیهانی ئاساییماندا وون و نادیارن)) (موحسین، ٢٠٠٠، ١٥٢-١٥٣).

وشە و زاراوەی فانتازیا (( لە سەردەمانی کۆن و نوێدا لە نێو ئەدەبی هەموو گەلانی دنیادا بەرچاو دەکەوێت و لە بنەڕەتدا لە وشەی (fhantasia)ی یۆنانییەوە هاتووە، کە ئەویش لە وشەی (fhaiinein)وە هاتووە کە وشەیەکی فەلسەفییە. بەلای (ئەفلاتوون)ەوە بە واتای(کاریگەری هەڵخەڵەتاندنی بینینە، بەلای(ئەرستۆ)شەوە بە واتای ئەندێشەی بەرهەمدار هاتووە))(ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٩١).

واتە ئەم تەکنیکە وەک چەمکێکی بەکارهاتووی ناو دونیای ئەدەب و هونەر لە قۆناغەکانی ڕابردوودا چەسپێنراوە؛ پشتی بە خەیاڵ بەستووە. هەندێک لە مرۆڤەکان هێزی بیرکردنەوە و هزریان هێندە فراوانە توانای دروستکردنی ئەو جیهانەیان بۆ حەز و خولیاکانیان بەشێوەیەکی سەرکەوتوویی هەیە؛ لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و وردەوە ئەو جیهانە بە جوانترین شێوە دروست دەکەن، بەمەش دەبنە کەسانێکی جیاواز و بەهرەدار وەک شاعیران و نووسەران، بۆیە ئەم تەکنیکە یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکان لە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نووسەران لە ڕابردوو ئێستاشدا بۆ بەخشینی ئێستاتیکا بە بەرهەمەکانیان بەکاریان هێناوە، تا بتوانن بابەتی قەدەغەکراو لەڕێگەی ئەم تەکنیکەوە بخەنە ڕوو، چونکە فانتازیا لە جیهانێکی خەیاڵی پێک دێت؛ خەیاڵیش سنووری نییە، بۆیە نووسەران پێویستییان بەو جیهانە بێ سنوورییە هەیە لە دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانیاندا، واتە(( لە جیهانی فانتازییدا دەتوانرێت هەموو ئەو بیرو تێڕوانینانە بخرێنە ڕوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی شەرعی و یاسایی و نەریتی و کۆمەڵایەتی ببێتە بەربەست لەبەردەمیدا، چونکە جیهانێکە لە هەموو سانسۆرێک داماڵدراوە و بە تەواوی ئازاد و سەربەستە، وەک چۆن هیچ کەسێک ناتوانێت بەربەست و سانسۆر لەسەر خەون بینینی هیچ کەسێک دابنێت، بە هەمان شێوەش ناتوانرێ سانسۆر بخرێتە بەردەم جیهانی فانتازیی، چونکە پەیوەندی نێوان فانتازیا و خەون کارێکی بەڵگە نەویستە))( (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٣٩٣).

بوونی فانتازیا لەناو ئەدەب بەگشتی و بەرهەمە گێڕانەوەییەکاندا بە تایبەتی هۆکاری سەرنجڕاکیشی و بەپێزی بەرهەمەکە و سەرجەم توخمەکانییەتی، چونکە(( لە بەرهەمی فانتازیدا پێویستە دیاردەی سەروو-سروشتی هەبێت، ئیتر لەوانەیە ئەم دیاردەیە کەسێک بێت، یان ڕووداوێک بێت، یاخود لەوانەیە شوێنێک بێت، مەرجیش نییە بەردەوام ئەم سەروو- سروشتە لێکدانەوەیەکی لۆجیکی یاخود واقیعی بۆ بکرێت))(تاتانی، ٢٠١٥، ٥١) بەهۆی ئەم دیاردەی سەرو سروشتە بەرهەمەکە دەبێتە جێگەی سەرنجی گوێگر و گەشەکردنی بە شێوەیەکی زیندوویەتی، تا چەندین قۆناغێکی داهاتوو. لەوانە بەرهەمی داستان، کە ئەم تەکنیکە کەم تا زۆر لە هەموو داستانێکدا بەکارهاتووە.

ئەم داستانەی خانای قوبادی فانتازیای بەڕێژەیەکی زۆرینە تێدا بەکارهاتووە؛ لە زۆربەی توخمەکاندا ڕەنگی داوەتەوە وەک (پاڵەوانی، شوێن، ڕووداو...)ی فانتازی. خانا بۆ فراوان بوونی سەرجەم تەکنیک و توخمەکانی داستانەکەی جیهانێکی فانتازیی دروست کردووە بە بوونی خێزانێکی دێو، کە لە دایکێک بەناوی(ئارایش) دێو و پێنج کوڕی بە ناوەکانی (عەلقەم، زەلغەم، دەلغە، زەڕفام، گوڵفام) وە کچێکی بە ناوی (زەریر) پێک هاتووە، سەرەتا بە کارەکتەری (عەلقەم)ی دێو، ئەو جیهانەی دروست کردووە، کە وەک هەموو ئەو شازادانەی عاشقی جوانی نۆش ئافەرین دەبن، ئەویش عاشقی دەبێت، واتە جیهانێکی عاشقایەتی و خۆشەویستی لە نێوان دێو و مرۆڤدا دەکاتە سەرەتای بەکارهێنانی تەکنیکی فانتازیا لە بەرهەمەکەیدا، بەڵام ئەم خۆشەویستییە یەک لایەنە و تەنها لەلایەن(عەلقەم)ی دێووە دەبێت، بۆیە لەکاتی خۆشۆردنی و خۆ ئامادەکردنی لە سەرچاوەی نۆش بۆ

دیـــاریکردنی هاوســـەری داهـــاتووی نـــۆش ئـــافەرین دەڕفێنێـــت بـــۆ تەلیســـمی زەنگـــۆڵە، کە لە بەندی(١٣)دەڵێت:

**ناگا جە کردار زەمانەی کەچباز جەو دەم جە رووی غەیب دەستێ بی دراز**

**دەستێ پەی باهۆی دوڵبەر ئاوەردش هۆرکەند نە زەمین رفانا و بەردش**

**شیرین هاوار کەرد نە سەرچەشمەی نۆش خەیلێ فەغان کەرد ئاخر بی خامۆش.**( ئەمینی، ١٢٤،٢٠١١)

کاتێک بـاوکی و خەڵکی شـار و کۆشـک بەمە دەزانـن زۆر غەمبـار دەبـن و هەوڵـی دۆزینـەوەی دەدەن؛ خانا بە (٣٣دێڕە شیعر) پەرۆشی خەڵکی شار بۆ ون بوونی نۆش دەخاتە روو؛ لە بەندی دواتردا (١٤):دەڵێت:

**جە دمای چەندێ هەم ئاما بەهۆش شۆخ شیرین ناز ماه قەسەب نۆش**

**دیش نیشتەن دێوێ عەجیب شکۆهێ بەد شکڵ و بەدڕەنگ مێسال کۆهێ**

**دێو بەد سیرەت ئاما بە ئاواز وات ئەی نازەنین شای شیرین ئەنداز**

**گۆش بدەر بە من بشنەوە ڕازم بزانە مەتڵەب رازو نیازم**

**ئینە دوو ساڵەن گرفتار تۆم بە جان و بە گیان خەریدار تۆم**

**عەڵقەمم نامەن جە ئەسڵ نەژاد هیچ پەروام نییەن جە ئادەمیزاد**

**مەبۆ چەنی من بە شاد بنیشی بە جوفت حەڵاڵ نازم بکێشی**

**نازەنین زاناش هیچ چارەش نییەن بەعزێ حەرف مایەی ناعیلاجییەن**

**واتش ئەی عەلقەم بەڵێ بە یەک شەرت موهلەت یەک ساڵ پا نەکەی غەڵەت**

**دێو قەبوڵ کەردش راز و مودەعاش بە وێنەی غوڵام کەفت نە خاک پاش**

**واتش ئەر دەربارەم زەڕەیێ لوتف بۆ من بە دە ساڵە موهڵەت دەم بە تۆ.**( ئەمینی، ١٢٧،٢٠١١-١٣٠)

دیمەنە فانتازییەکە لەوەدایە، کە لە دونیای واقیع و ڕاستیدا، هەرگیز دێو عاشقی مرۆڤێک نابێت، هەروەها بەو شێوە مەرجی بۆ دابنێت و بییەوێت بیکاتە حەڵاڵی خۆی وە ڕازی بێت نەک یەک ساڵ، بەڵکو دە ساڵ چاوەڕێی بکات؛ خانا لەڕێگەی ئەم خێزانە دێوەوە چەندین دیمەن و ڕووداوی جۆر بە جۆری فانتازیی دروست کردووە، لەوانە ڕووداوی ململانێی عەڵقەم و شازادە، بە کوشتنی عەڵقەم کۆتـای دێت، دووبارە ڕفاندنی نۆش لەلایەن(زەلغەم، دەلغەم)ەوە بۆ لای (ئارایش دێو)ی دایکییان، بەهەمان شێوە شازادە سەرکەوتوو دەبێت و هەرسێکیان دەکوژێت، بەڵام ڕووداوی تۆڵە کردنەوەی (زەڕفام، گوڵفام) لە شازادە سوڵتان دەخاتە کۆتـایی داسـتانەکە لەکاتی گەڕانەوەی شازادە و نۆش و سـەرجەم هـاوەڵانی بـۆ وڵاتـی چـین بەمەبەسـتی زەماوەنـدکرن، شـەوێک لەکـاتی خەوتنیـان لەنـاو خێوەتێکدا هەردوو دێو پەلاماریان دەدەن، سـەرەتا زەڕفـام پەلامـاری شـازادە دەدات، بەڵام شـازادە ئازایانە دەیکوژێت، گوڵفـام لە پشـتەوە دارێک دەکێشـێت بەسـەری شـازادەدا بێ هـۆش دەبێت، لەو کاتەدا نۆش بەخەبەر دێتەوە و وەک شێر پەلاماری گوڵفام دەدات و دەیکوژێت. بەندی(٦١):

شازادەی چالاک فرسەت دانە پێش        دانە کەمەرگەش تیغ هندی کێش
کەمەرگای ناپاک دێو ڕەجیمە        بە وێنەی خەیار کەرد بەدوو نیمە
گوڵفام ناغافڵ زەربەی سەهمناک        دا جە شازادە ئوفتاد نە ڕووی خاک
بە ئەمر بێچوون بینای کردگار        شای نۆش ئافەرین نەخاو بی بێدار
دا نە فەرق دێو زەربەی مووشکاف        کەردش بە دوو نیم تا بەکول ناف(ئەمینی، ٢٠١١،٣٧٨-٣٧٩)

بەم دیمەنی ڕووبەڕوو بوونەوەیە و چەندین دیمەنی شەڕکردنی دیکە خانا وێنەی فانتازی وا دەخولقێنێت، کە ئەو توانا و هێزەی شازادە و نۆش هەیانە لە کوشتنی ئەو دوو دێوەدا، هیچ کات مرۆڤی ئاسایی ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی نییە، چونکە قەبارەی گەورەیی و بەهێزی دێوەکان دەچوێنێت بە منارە یان شاخ....، کاتێک هێندە قەبارە گەورە بن کەسانی ئاسایی چۆن دەتوانن بکەونە شەڕکردن لەگەڵیان؟ شازادە و نۆش ئافەرین بەشمشێر وەک خەیار دەیانکەن بە دوو کەرتەوە، بۆیە گومانی تێدا نییە، کە ئەو دیمەنانە بە تەواوی دیمەنی فانتازین.

بەهەمان شێوە تۆڵەکردنەوەی (زەریر)ی کچی ئارایش دێو لە شازادە، کە کۆتا ئەندامی ئەو خێزانەیە دەخاتە کۆتایی داستانەکە، کاتێک شازادە سوڵتان و خورشیدە خاتوون هاوسەرگیری دەکەن لە شەوی یەکەمیاندا (زەریر)جادویی ڕەشیان لێ دەکات، فەیازی عابید لە ڕێگەی تابلۆیەکەوە ڕێنماییان دەکات بە شکاندنی تەلیسمی زەریری جادووگەر تەنها لە لایەن (خان محمد)ەوە لە کێوی قاف و دەرهێنانی شووشەیەک لەناو جەرگی زەریر؛ بەو شێوە ئەو جادووییە بەتاڵ دەبێتەوە و شازادە و خورشیدە خاتوون بەهۆش دێنەوە. لە وەسفی جوانی سروشت و پاڵەوانە ژنەکاندا، چەندین دیمەنی سەرنجڕاکێشی فانتازیای دروستکردووە، بەجۆرێک وەسفی واقیع تێدەپەڕێنن و دەبنە خەیاڵی و فانتازی لە وەسفی نۆش ئافەرین لە بەندی(٢)دا دەڵێت:

**دیدە چون جەیران پەروەردەی پای کاو        هەرکەس مەوینۆ ساف مەبۆ بە ئاو**
**ئەبروان کەمان قەوس ئاسای قودرەت   خەم کەردەن بە دەست قەواس سەنعەت(ئەمینی، ٢٠١١، ٧٧)**

یاخود لە وەسفی خورشدە خاتووندا لە بەندی (٤٥)دا دەڵێت:

**چون نور خورشید نە بورج چوارەم        نیشتەن نە ڕووی گوڵ بەو بەرزە تارەم**
**جەلادا خاڵان شۆخ شەم جەمین        واتی گڕسەندەن تەمام سەر زەمین(ئەمینی، ٢٠١١، ٢٨٩)**

ئەتوانین بڵێین گێڕەرەوە بۆ بەخشینی جیهانێکی فانتازیا چەندین دیمەنی فانتازیای خستووەتە ڕوو، لەوانە:

١- بوونی تابلۆیەکی ڕێنیشاندەر، کە سەرجەم زانیارییەکانی تێدا نووسراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن فەیازی عابید دەدرێت بە شازادە سوڵتان.

٢- بوونی باڵندە و شوێن و گیانەوەر و گژو گیای سەرسوڕهێنەر و فانتازیا. بۆ نموونە وەک تووتی

**تووتی بە زبان فەسیح گویا بی        ئیبتیدا حەرفش بە بسمیلا بی**

**جەو دما واتش سوڵتان ئیبراهیم ئینشەڵا بەفەزڵ ئیسم عەزایم**

**مەدەدکارتەن فەیز نوور زات تۆ نۆش ئافەرین مەدەری نەجات ن**(ئەمینی، ٢٠١١، ١٣٧)

هەروەهـا بـوونی شـوێنی فانتازیـای وەک دورگەی گۆیـا، کە زەنگیـیە مرۆڤخۆرەکـان لـێ بـوون. بەندی (١٧):

**پەرسا ناخودا ئینە چ جاهەن یە جەزیرەی باغ کام پادشاهەن**

**واتش جەزیرەی گۆیا نامشەن شاهان حەسرەتمەند پەی دیدارشەن**

**جا گرتەن تێدا جانەوەران چەند ئینسان مەوەران چون بادام قەند.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٥)

بوونی درەختی عـود و سـەنج؛ دوو باڵندە سـوور و سـەوز، کە شـازادە گفتوگۆکەیـان دەبیسـتێت لەبارەی وەسفی ئەو درەختە، کە چەندین سوودی هەیە لەوانە (گەڵاکەی دەبێتە هۆی چاککردنەوەی برین....)، هەروەها بوونی باڵندەی (روخ)، کە لەلایەن زەنگییە مرۆڤ خۆرەکان بریندار کراوە و باڵی شکاوە، بۆیە شـازادە گەڵای عـود و سـەنج بۆ چـاککردنەوەی بـاڵی (روخ) بەکاردەهێنێت، ئەویش لە بەرامبەردا دەڵێت: هەتا ماوم لە فەرمانت دەرناچم لەو کاتەدا شازادە و هاوڕێکانی ڕزگاریان دەکات و بەرەو دەریای (موحیت) دەیانبات، تا کۆتایی داستانەکە یارمەتی دەری شازادە دەبێت.

خانا بەبوونی (تووتی، روخ، دار عوودو سنج، دوورگەی گۆیا، کێوی قاف، کۆشکی سولەیمان...) چەند دیمەنێکی جوانی فانتازیـایی دروسـت کردووە، لە دونیـای واقیع دا باڵندەیەک بـوونی نییە، کە هێندە بە توانا بێت چوار کەس لەسـەر پشتی هەڵگرێت و بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ بیـانگوازێتەوە؛ لەهەمانکاتدا گێڕەرەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هێز و تەرازووی ڕووبەڕوو بوونەوەی شـازادە و هاوڕێکـانی وەک پاڵەوانـانی خۆشەویسـت لەلایەن خـۆی و گـوێگرەوە لەگەڵ نەیارانیانـدا ئەم جیهـانە فانتازییایەی بەکارهێناوە.

٣-بوونی خۆشەویستی نێوان (مرۆڤ و پەری) نێوان (شـازادە سـوڵتان، مەیمـوونە خـاتوون)دا، کە پەرییە و لە کۆتایی داستانەکەشدا هاوسەرگیری دەکەن.

کەواتە تەکنیکی(فانتازیا) ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە لە بنیاتی گشتی و توخمەکانی ئەم داستانەدا؛ هێز و هونەری باڵای بە گێڕانەوەی داستانەکە بەخشیوە، بووەتە هۆکاری سەرنجڕاکێشان و تێرامانی گوێگر و بەخشینی جوانی و چێژێکی تایبەت بەداستانەکە.

## پاری دووەم

## توخمەکانی گێڕانەوە

**یەکەم/ پـاڵەوان:** بـونەوەرێکە، کە لەمرۆڤێـک یـاخود هەنـدێک کـات لە دێـو پەری و باڵندەیەک......پێکـدێت لە بەرهەمە گێڕانەوەییەکانـدا بە ئەنجامـدانی کـردەوەیەک؛ ئەو کـردەوەیە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕووداو؛ بەو پێیەی ڕووداوی داستان ڕووداوێکی گەورەیە پاڵەوان ئەو ڕووداوە گەورەیە دەهێنێتە کایەوە، بۆیە پاڵەوان توخمێکی گرنگی ناو بەرهەمە گێڕانەوەییەکانە بە تـایبەت لە داسـتاندا، کە سـەرەکیترین تـوخمە؛ گێڕەڕەوەکـان هەڵیانـدەبژێرن و لەگەڵ هـزر و ئەندێشـەی خۆیانـدا دەیـانگونجێنن بۆ گەیاندنی مەبەستی سـەرەکی دەقـی گێڕانەوەکەیـان، یـاخود(( کارەکتەر کۆمەڵێک خاسیەتی جەستەیی، عەقڵی و دەروونییە، پێکهاتەی تاک پێکدەهێنێت، هـاو کات لە چوارچێـوەی سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتییـدا دەژیـت)) (مەنتک، ٢٠٢١، ١٣٣)، هەروەهـا پـاڵەوان تـاکی نـاو کۆمەڵگایە جیاناکرێتەوە لە نەریتی کۆمەڵگا، چونکە(( لە منداڵدانی کۆمەڵگە لە دایک دەبێت بەو مانایەی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پەتی)) (هواری، ١٩٧٦، ١٤).

دروسـتکردنی پـاڵەوان گرنگتـرین و هەسـتیارترین ئەرکـی نووسـەرە، چـونکە ئەم ئەرکە بە شـارەزابوونێکی فـراوان ئەنجـام دەدرێت، پێویسـتە گێڕەڕەوە هێندە زانیـاری زۆر بێت گونجانـدن لە نێوان پاڵەوانەکاندا بکات، بۆیە(( نووسـەر دەبێ کەسـەکان وا پیشـان بدات، کە هەڵسوکەوت و کار و کردەوەیان لەگەڵ یەکدا ڕێک بێت و ناکۆک نەبێ، ئەم لایەنەش چەسپاو بێت)) (سـابیر، ٢٠٠٠، ١٥٨). واتە گونجاندنی کارو کردەوەی پاڵەوانەکان و ئاگادار بوون لەو تایبەتمەندییانەی دەبەخشرێنە پاڵەوانەکـان لە لایەن گێڕەڕەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکەوە بێت.

پاڵەوان پەیوەندییەکی بەهێزی بەسەرجەم توخمەکانی دیکەوە هەیە؛ ئەو پەیوەندییە هێندە بەهێزە، کە توخمەکـانی دیـکە لەڕێـگەی پـاڵەوانەوە دەخـرێنە ڕوو بـۆ نمـوونە ڕووداو، یـاخود شـوێن، گەر گێڕەڕەوە بیەوێت شـوێنێک بناسـێنێت لەڕێگەی پاڵەوانەوە دەیناسـێنێت، تـا ببێتە هۆکـاری ڕاسـت و دروسـتی ئەو زانیـاری و ناسـاندنەی شـوێن لە بەرهەمەکەیـدا، بـۆیە سـەرجەم توخمەکـانی دیـکە لە ڕێگەی ئەم تـوخمەوە بەرجەسـتە دەبـن، هەروەهـا گـرنگییەکەی لەوەدایە، کە ((لەئەنجـامی گفتوگـۆی سـەرجەمی کەسـەکانەوە حیکایەتەکەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، نەک تەنهـا لەلایەن کەسـێکەوە کە بۆمـان بگێڕێتەوە)) (خدر، ٢٠١٢، ١٦٩). واتە بـوونی سـەرجەم پاڵەوانەکـان بـایەخێکی زۆریـان هەیە لە هەمـوو بەرهەمە گێڕانەوەییەکەدا، چونکە ڕەفتار و گوفتاریان هۆکاری بەرەو پێشبردنی توخمەکانی دیکەیە.

وەک هەموو توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە پاڵەوان چەند جۆرێکی هەیە لە داستاندا، کە گێڕەڕەوە بەپێی ئەندیشەی خۆی دابەشیان دەکات؛ (سەنگەر قادر) جۆرەکانی بەم شێوەیە دیاریکردووە((١-لە ڕووی کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان:١-کارەکتەری سـەرەکی و لاوەکی هەن. ٢-لەڕووی بـوونی کـاریگەری ڕووداوەکـان لەسـەریان: کـارەکتەری چەسپاو و پەرەسـێن هەن.٣- لەڕووی دەرکەوتنیـان

لەناو دەقدا: کارەکتەری سادەو بازنەیی هەن.٤- لەڕووی چۆنییەتی ئەو کارانەی لەناو دەقدا ئەنجامی دەدەن: کارەکتەری ئەرێنی و نەرێنی هەن))(قادر، ٢٠٠٩، ١٧٦). ئەو پاڵەوانانەی گرنگییەکی زۆریان هەیە و لە سەرەتا تا کۆتایی داستانەکە بوونیان هەیە پاڵەوانی سەرەکین، لەبەرئەوەی پاڵەوانی سەرەکی لە داستاندا ئەرک و بەشدارییەکی زۆری هەیە لە دروستکردن و گۆڕینی ڕووداوەکاندا؛ کردارەکانی جێگای سەرنجی خوێنەرن، چونکە لە ڕووی جەستەیی و هزر و فکرییەوە توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە، کە کەسانی ئاسای ئەو جۆرە توانایەیان نییە، هەموو کار و کردەوەکانیان بوێرانە و لێهاتووانەیە، بۆیە پاڵەوانی سەرەکی(( لە ڕووداوەکاندا جێی تێرامان و سەرنجی زۆرینەیە و پێی دەوترێت "protagonist")) (Abrams,١٩٩٩,٢٤٤)

پێویستە پاڵەوانی سەرەکی دژیەکی لە ڕەوشت و کردارەکانیاندا نەبێت، بۆ ئەوەی نەبنەجێگەی ڕەخنە لێگرتن، لەبەر ئەم هۆکارانەشە خوێنەر دەبێتە لایەنگری پاڵەوانی سەرەکی، کەواتە لە داستاندا پاڵەوانی سەرەکی خاوەنی تایبەتمەندییەکی گەورەیە، بۆیە ((پاڵەوانی داستان زۆر گرنگە و ڕووداوی سەرەکی داستانەکە و هەموو کەسێتییە بەشدارەکانی ناو ڕووداوەکە لە خزمەت و بەرزکردنەوەی پاڵەوانی سەرەکیدان)) (العطار، ٢٠١٢، ٦٤).

یەکێک لە تایبەتمەندی پاڵەوانانی ناو داستان خانەدانییەتی واتە منداڵی پاشا و میر و ئاغاکانی وڵاتیانن بۆنموونە لەم داستانەدا (سوڵتان ئیبراهیم) کوڕی پاشای چینە وە (نۆش ئافەرین)کچی پاشای دیمەشقە، کە هەردووکیان پاڵەوانی سەرەکین؛ پاڵەوانەلاوەکییەکانیش ئەو جۆرانەن، کە هاوکارن لە دەرخستن و پەرەپێدەری پاڵەوانی سەرەکی؛ بەپێی ئەو ئەرکەی هەیانە گۆڕانکاری لە دەقی گێڕانەوەکەدا دەکەن؛ ئەرکی هەندێکیان دژایەتی پاڵەوانی سەرەکییە وە بەپێچەوانەوە هەندێکی دیکەیان دەبنە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەری پاڵەوانی سەرەکی، ئەمەش بۆ مەبەستی دروستکردنی ململانێی و هاتنە کایەی ڕووداوەکانە، واتە(( کارەکتەرە سەرەکییەکان ئەرکی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکان و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەکەوێتە سەر. هەرچی کارەکتەرە لاوەکییەکانن ئەوا لە خزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەبن و ڕۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوان)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٧٤).

لەم داستانەی خانای قوبادیدا (٣٦) کارەکتەر بوونیان هەیە؛ پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ە، کە ناونیشانی داستانەکە بە ناوی ئەو دوو پاڵەوانەوەیە، هەروەها لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆڵیان هەیە؛ سەرەتا سوڵتان ئیبراهیم لەڕێگەی بینینی وێنەیەکی نۆش ئافەرین لەلایەن بازرگانێکی دیمەشقەوە، کە وەسفی جوانی و شۆخ و شەنگی نۆش ئافەرینی بۆ دەکات عاشقی دەبێت و بڕیاری سەفەر دەدات بۆ دیمەشق، چونکە دەیەوێت بگاتە مەعشوقەکەی بە هەرنرخێک بێت؛ هیچ گرنگییەک بە ناڕازیبوونی خێزانەکەی نادات، بۆیە بە دزی خێزانەکەیەوە ملی ڕێگا دەگرێتە بەر و بەڕێ دەکەوێت لەگەڵ خان محمدی وەزیری باوکی؛ لەو سەفەرەیدا توشی

چەندین گیروگرفت دەبێتەوە؛ لە کۆتایی داستانەکەشدا هەردوو عاشق بەیەک دەگەن؛ واتە خانا ڕووداوێک و بەسەرهاتێکی پاڵەوانی سەرەکی دەگێڕێتەوە، بۆیە زەمینەی کات و شوێن بەمەبەستی خستنەڕووی ڕووداوەکان دروست دەکات. بەندی(١):

**مەرد توجارێ ژ شار دیمەشق دیوانەی دەیری شەیدای شوور عەشق**

**ژ تەقدیر چەرخ بینای بێهتەرین توجار دمشق راگەش کەفت وەچین**

**تەسویر سورەت دوخت جەهانگیر ئاوەرد وە خدمەت شازادەی دلیر**

**نیگای سوورەت کەرد شازادە لاڵپۆش ژ عەشق دوڵبەر کێشا یەک خرۆش**(ئەمینی، ٢٠١١،٥٩)

**بەندی(٦٢):بەرەسم قانوون شاهانە دەستوور ئەساسەی عەرووسی کەردن بە زەروور**

**دوو هەفتە تمام شادی نییاشان شای نۆش ئافەرین عەقد کەردشان.** (ئەمینی، ٢٠١١،٣٨٥)

نۆش ئافەرین کچی پاشای دیمەشقە، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم شازادەکانی جیهان دێنە دیمەشق تا هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن، بەڵام ئەم عاشقی شازادەی چین سوڵتان ئیبراهیم دەبێت، خانا جگە لە جوانی ئازایەتی و زیرەکییەکەیش دەخاتە ڕوو، واتە خانا هاو ئاستییەکی لە نێوان (نۆش ئافەرین و سوڵتان ئیبراهیم)دا زۆر بەسەرکەوتوویی دروستکردووە، کە هەردووکیان خانەدانن، ئازاو لێهاتوون، عاشق و جوان و زیرەکن.... ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرکەوتوویی بنیاتی پاڵەوانی داستانەکەی.

پاڵەوانێکی دیکەی سەرەکی هەیە ئەویش(خان محمد)ی وەزیری باوکی شازادە سوڵتان ئیبراهیمە؛ هۆکاری بوونی بە پاڵەوانی سەرەکی ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان و ئایندەی پاڵەوانەکانی دیکەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی داستانەکە ڕۆڵ و ئەرکی جوامێرانەی هەیە و هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشی سوڵتان ئیبراهیمە. بەندی(١):

**بەندە ژ خزمەت بابۆش وەزیرم ..................................................**

**نامم خان محمد وەزیر عادڵ ئیسا نەی جەنگەڵ مەندەبیم خەجڵ.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥٨)

نیوە دێڕی دووەم نموونەیەکی دیکەیە لەم داستانەدا، کە لەناوچووە؛ دڵسۆزی خان محمد زۆر بێ وێنەیە بەرامبەر بە سوڵتان ئیبراهیم بۆ نموونە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ دیمەشق شازادە (سەعید و مەسعود) بە لەشکرەوە ڕێگەی لێ دەگرن بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵام پێش ئەو شەڕە سوڵتان ئیبراهیم دەڕوات بۆ لای مەیموونە خاتوون؛ هاوڕێکانی و نۆش ئافەرین بە خان محمد دەسپێرێت، بۆیە لەکاتی هێرشکردنەکە لەوێ نابێت؛ خان محمد زۆر دڵسۆزانە هاوسەفەرەکانی دەپارێزێت و دەیانباتە سەر شاخێکی بەرز و خۆی دەچێتە مەیدانی شەڕەوە بە حەمید دەڵێت: بەندی(٦٢):

**یا ئارۆ سپا ماوەرووم نەبێخ یا سەرم مەکەن بە ئەڵماس تێخ**

**هەر وەقت کوژیام نە مەیدان کار سەر نیام نەڕای شازادەی سالار**

**هەر وەقت شازادە ئاما وە ئەی جا قەسەمت مەدۆم بە زات ئەڵڵا**

**بواچە خان محمد دیدەش نەڕات بی ئینتیزار بەگەرد، خاشاک پات بێ.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٣٦-٣٣٧)

لە کۆتا بەندا زەریری جادوگەر جادو لە سوڵتان ئیبراهیم و خورشیدە خاتوون دەکات؛ خان محمد بە ئازایەتی و سوارچاکی خۆیەوە ئەو جادووە بەتاڵ دەکاتەوە. بەندی(٦٢)

**خان محمد پەنا بەرد وەخوداوەند رووکەرد وەتەلیسم وەبێ چون و چەند**

**کێشا نەعرەتەی ئەڵاهو ئەکبەر دەست وە تیخ تیز بەرد وە بان سەر**

**دا ژ فەرق سەر ئەو جادووی جەزیر تا وەکەمەرگا خشت بی چون شەب دەیجوور.**( ئەمینی، ٢٠١١، ٣٩٦-٤٠٦)

کارەکتەرەکانی دیکە سەرجەمیان لاوەکین، چونکە دەرکەوتنیان سنووردارە کاریگەرییان لە چاو کاریگەری پاڵەوانە سەرەکییەکان کەمترە. بۆ نموونە دوو مەعشوقەکەی سوڵتان ئیبراهیم، لە نیوە و کۆتایی داستانەکە ڕۆڵیان دەست پێ دەکات، کە سوڵتان ئیبراهیم بۆ گەیشتن بە نۆش ئافەرین و لەو ڕێگە پڕ لە کۆسپ و گیرو گرفتەی گەیشتنی بە مەعشوقی دوو خانمی دیکە دەناسێت و عاشقییان دەبێت پەریـیەک بە نـاوی(مەیموونە خـاتوون) و (خورشـیدە خـاتوون) وەک مرۆڤێـک، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم داستانەیە، کە خانا عاشقی و خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤ و پەریدا دروستکردووە، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە نەبوونی ئیرەییە لە نێوان (نۆش ئافەرین، مەیموونە، خورشیدە خاتوون)دا، سەرسامی جوانی یەکتر دەبن و دەکەونە وەسفی جوانیی یەکتر. بەندی (٥١):

**خاتوونەی پەری نیگای باغش کەرد شۆخێ نەرووی تەخت بە دڵ پەسەند کەرد**

**مەدرەوشۆ بەناز نەتۆی بەرگ زەر بەتاڵ کەردەن شەوق ئەو شەمس خاوەر**

**جەو دەمدا خورشید خاڵان لاجوەرد مەیلی بەلەنجە نیگای هەوا کەرد**

**دیش نە باڵای سەر بەدر مونیرێ زوڵف دەستەی کەلاف دایم دڵگیرێ...** .( ئەمینی، ٢٠١١،٢٩٠-٢٩٢)

کاتێک نۆش ئافەرین، مەیموونە بەهێزی عەشقی شازادە سوڵتان ئیبراهیم بەرامبەر بە خورشیدی عالەمگیر دەبینن، لەبری ئیرەیی و دژایەتیکردن دڵتەنگ دەبن و دەگرین بۆیان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ بەیەکگەیشتنیان. بەندی (٥١):

**وێش لوا بە ناو سەراچەی حەرەم خاتوون و خورشید هەردوو دی بە چەم**

**هەردوو هۆرێزان کەردشان پیشواز پێشوازی کەردن بەسەد عیز و ناز**

**شازادە دەردەم عەلەیک سەند بە ناز نیشتن نە رووی تەخت هەرسێ بە دڵواز**

**خەیلێ دەسبازی کەردن نەئەو جا خاتوونە خانم هۆرێزا وە پا.**( ئەمینی، ٢٠١١،٣٣٠)

واتە بوونی چەندین مەعشوقی پاڵەوانی داستان جیاوازە لە عەشقی غەزەلی و کلاسیکییەکان، کە پابەندی یەک مەعشوق و خۆشەویست بوون، هەروەها ئەتوانین بڵێین ئەم بابەتی چەند عاشقی و هاوسەری و فرە ژنیی ڕەنگدانەوەی بیری قۆناغ و سەردەمی گێڕەرەوەی داستان بووە. پاڵەوانی چەسپاو((ئەو کەسەیە کە لە چیرۆکدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ڕووداوەکانی ناو چیرۆک کاری لێ ناکات. کەسایەتی ناجێگیر ئەم جۆرە کەسایەتییە لەماوەی چیرۆکدا توشی گۆڕانکاری لە بیروبۆچوون و جیهانبینی و تایبەتمەندیی کەسی دەبێتەوە، ڕەنگە زۆر بێت یان کەم، دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتییەکەی یان تێکچوونی)) (صادقی، ١٣٨٨، ٩٥). سەرجەم کارەکتەرەکانی داستانی (سوڵتان

ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) چەسپاو یەک شێوازن هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکییان بەسەردا نایەت بە تایبەت لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریاندا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دانراون، ئەرکیان دەزانرێت چییە، واتە لەم داستانەدا کارەکتەری شێوە گۆڕا و پەرەسێن بوونی نییە.

کارەکتەری سادە ئەرک و بەشداری زۆری نییە لە ڕووداوەکاندا ئەو جۆرە کارەکتەرەیە، کە(( یەکێ لە لایەنە مرۆییەکانی خۆی لە چیرۆکدا دەردەخات، بەڵام پاڵەوانی بازنەیی ئەوەیە، کە بە تەواوی شێوەکانی خۆی لە چیرۆکدا ئامادە بێت)) (مستور، ٢٠٠٥، ٣٥). کارەکتەری سادە (دایەنەکەی نۆش ئافەرین)ە کە دڵسۆز و نهێنی پارێزە، کاتێک سوڵتان ئیبراهیم دێت بۆ ژووری نۆش ئافەرین؛ دایەنەکەی دەیبینێت، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، هەرچەند دەزانێت بە ڕێگری نەکردنیان توشی سزا دەبێتەوە لە لایەن باوکی نۆش ئافەرینەوە، چونکە بە تایبەت بۆ پاراستنی نۆش دانراوە، بۆیە بەیانییەکەی ئامۆژگاری نۆش دەکات، کە دووبارەی نەکاتەوە، ئەویش لەبەرامبەر بێدەنگ بوونی دیارییەکی بەنرخی پێشکەش دەکات. بەندی(٥)

**بەر ئاوەرد نەعلقیمەت پڕ مایە نەرووی ئیلتیفات بەخشا بە دایە**

**دایە خۆشحاڵ بی دانەی گرت بەدەست جە گفتوگۆی بەد زمان وێش بەست.**( ئەمینی، ٢٠١١، ٩٢).

واتە لێرەدا و لە چەند کاتێکی دیکەدا تەنها یەک ڕوو و لایەنی ئەم کارەکتەرە خراوەتە ڕوو، کە نهێنی پارێزی و یاریدەدەری نۆش ئافەرینە، لەبەر ئەوە بە کارەکتەری سادەی داستانەکە دادەنرێت. ئەتوانین بڵێین جۆری پاڵەوانی بازنەیی ناو ئەم داستانە (سوڵتان ئیبراهیم)ە، لەبەرئەوەی خوێنەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی شارەزا دەبێت، لەوانە عاشقێکی پاک و بێگەردی هەیە، بەجۆرێک بۆ گەیشتن بە مەعشوقەکانی چاوەڕوانی زۆر دەکات، تا لە کۆتایدا بەشێوەی ڕێوڕەسمێکی شاهانەیی بە مەعشووقەکانی دەگات، لە هەمان کاتدا دڵێکی میهرەبان و بێگەردی هەیە، کە زۆربەی شازادەکان دەبەخشێت و دەیانکاتەوە بە سەرۆکی وڵاتی خۆیان، لەکاتێکدا ئەوان چەندان پیلانیان لە دژی گێڕاوە و هەوڵی کوشتنیان داوە، واتە لایەنەکانی (ئازایەتی و دڵپاکی و ڕاستگۆی و عاشقێکی پاک....) ئەم پاڵەوانە دەکاتە پاڵەوانێکی بازنەیی، لە هەمانکاتیشدا پاڵەوانی سەرەکی داستانەکەیە.

داستان فراوانە، لەبەر ئەوە ئاساییە کارەکتەرەکانی زۆر بن، ئەمەش وادەکات بۆچوونیان جیاواز بێت و دژایەتی یەکتر بکەن، واتە دابەشی دوو هێزی چاکە و خراپە دەبن، هەندێکیان بە نەرێنی ڕۆڵیان لە بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکاندا هەیە و هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە. لەم داستانەی خانادا کارەکتەرە ئەرێنییەکان( خان محمد، حەمید، خورشیدی عالەم گیر، مەیموونە خاتوون، روخ، فەرەنگی دێو....)، بەڵام پاڵەوانە نەرێنییەکان (شازادە تۆفان، ئیلیاس، مەلیک محمد، ئەمیر سەلیم و باوکی، خێزانە دێوەکە، مەلیک بەهمەن...). ئەتوانین بڵێین لە هەموویان نەرێنی تر(ئەمیر سەلیم، باوکی)یەتی، چونکە وەزیر و کوڕە وەزیری جەهانگیر شا بوون بڕوا و متمانەیەکی زۆری پێیان هەبوو، بەڵام بە پیلانی کوشتنی سوڵتان ئیبراهیم بە ژەهر متمانەیان لێسەندرایەوە و سزا دران بە کوشتن لە بەرامبەر ئەو ڕۆڵە نەرێنییان.

کەواتە بەپێی شێواز ناسی و دابەشکردنی کارەکتەرەکان لەسەر بنەمای شێوازناسی( "ڤلادیمێر پرۆب" حەوت جۆر کەسایەتی هەیە، بە پێی ئەم دابەشکارییە کارەکتەر و پاڵەوانی داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی دەخەینەڕوو:

١-شەڕانگێز agresseurou mechant (خێزانە دێوەکە(ئارایشی دایک، عەلقەم، زەلغەم، دەلغەم، زەرفام، گوڵفام، زەریر)، شازادە تۆفان، ئیلیاس، مەلیک محمد، ئەمیر سەلیم و باوکی، مەلیک بەهمەن..)

٢-بەخشەر donateur (حور العین، کچی پاشای تەلیسمی زێڕین)-

٣-یاریدەدەر auxiliaire ( خان محمد، حەمید، خورشیدی عالەم گیر، مەیموونە خاتوون، روخ، فەیازی عابید، ماە زرئەفشان و باوکی، فەرەنگی دێو....)

٤-شاژن princesse (نۆش ئافەرین، کچی جەهانگیر شای دیمەشق)

٥- زیندووکەرەوە mandateur

٦- پاڵەوان heros (سوڵتان ئیبراهیم، کوڕی پاشای چین)

٧-پاڵەوانی قەڵب faux heros(شازادەی مەغریب، شازادە تۆفان، خوازبێنیکارانی نۆش ئافەرین)(جەمیل، ٢٠٢١، ٢٢٠).

ناوی کارەکتەرەکان هەندێکیان ناوی عەرەبین وەک(سوڵتان ئیبراهیم، عادل شا، خان محمد، حمید، سەعید، مەسعود، شازادە ئیلیاس، مەیموونە خاتوون، مەلیک محمد، ئەمیر سەلیم، حورالعین) هەندێکی دیکەشیان فارسین وەک(نۆش ئافەرین، ماە زرئەفشان، خورشید عالمگیر، جیهانگیرشا، ناهید، مەلیک بەهمەن، جیهانسوز).

بەم شێوەیە کارەکتەر، لەبەر ئەوەی گرنگترین توخمی داستانە؛ بە جۆرێکی بەهێز و کاریگەر لە هەموو جۆر و لایەنەکاندا بنیاتنراوە، تا ببێتە بنیاتێکی بەهێز و کاریگەری داستانەکە.

**دووەم/ ڕووداو:** سەرجەم توخمەکانی گێڕانەوە بەپێی ڕۆڵ و ئەرکیان و بە پێی پێویست بەشداری لە دەقدا دەکەن، بەڵام بوون و بەردەوامی ڕەگەزی ڕووداو دیاردەیەکی گرنگ و هەستپێکراوە، بۆیە(( ڕووداو واتە هێڵ و ڕێڕەوی چیرۆکەکە یان کارە ئەدەبییەکە، ڕووداو واتە ئەو بەسەرهاتە بایەخدارانەی کە بەسەر کارەکتەرەکان دا دێن، واتە وەسفکردنی هەموو بارودۆخەکان و تەواوی ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن)) (Marshall, ١٩٩٨, ١٤٨) بە تایبەت لە داستاندا، لەبەرئەوەی گێڕەرەوە ڕووداو بەسەرهاتی پاڵەوانێک دەگێڕێتەوە، واتە مەبەستی سەرەکی لە داستاندا خستنەڕووی ڕووداوە، چونکە ((لە داستاندا ڕووداو لە هەموو شت زیاتر دەسەڵاتی هەیە))(رسول، ١٩٧٩، ٣٤) ئەم ئەرکەش لەڕێگەی پاڵەوانەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەم دوو توخمە تەواوکەری یەکترن و بەبێ بوونی ئەمان گێڕانەوەی داستانی ئەنجام نادرێت، واتە ((ڕووداو بە کارەکتەرەوە بەستراوە هەروەک نەخۆش بە نەخۆشییەوە، لە هەرکوێیەک ڕوودا و هەبێ هەر دەبێت کارەکتەرێک هەبێت، ئەو ڕووداوەی ئەنجام دابێت)) (وادي، ١٩٨٩، ٣٩). لە هەمانکاتدا، ڕووداو هۆکاری دروستکردنی

پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان توخمەکانی دیکەدا، بەجۆرێک ((بنیاتنانی ڕووداو فاکتەری بەیەکەوە بەستنی توخم و بەشەکانی دیکەی ناو داستانە)) (خیر اندیش، ٢٠٠١، ١١٢). لەبەر ئەوە ڕووداو((کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە))(گەردی، ٢٠٠٤، ٣٣). یاخود ((کۆمەڵە بەسەرهاتێکی ڕێکخراو کاریگەرە کە تایبەتمەندی و جودابیان لەڕێگەی کاتەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرن))(ابراهیم، ١٩٨٨، ٤١).

بەکارهێنانی ڕێژەی توخمی ڕووداو لە ناو ژانرە ئەدەبییەکاندا جیاوازە؛ لە داستاندا (( شاعیر دەبێ تاکە ڕووداوێک هەڵبژێرێت، بۆیە داستان تەنیا ڕووداوێکی سەرەکی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە داستاندا ڕووداوی دیکە نین، چونکە داستان بە دەوری ڕووداوێکی گرنگ و سەرەکیدا دەسوڕێتەوە، ڕووداوی ناوەندی لێی جیا دەبنەوە و ئاڵۆزی گرێی داستانەکە زیاتر دەکەن. پێویستە بەجۆرێک لەگەڵ ڕووداوە سەرەکییەکە گونجان و چوونە ناو یەک دروستبکەن هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی نەکەنە سەر ڕەوتی ڕووداوی سەرەکی داستان و یارمەتیدەری ڕووە و پێشبردنی زیاتری ڕووداوەکە بن و لەو کاتەی گرێی داستانەکە پێویستی بە ئاڵۆزی هەیە ئەوان سەرچاوەیەک بن بۆ ئەو ئاڵۆزییە و کاتێکیش گرێی داستان ڕووە و کرانەوە و کۆتایی دەڕوات، ڕووداوە لاوەکییەکان یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بێ کەم و کوڕی بە کۆتا بگەن))(قادر، ٢٠٠٩، ١٥٥-١٥٦). داستانووس دەبێت باوەڕ بە خوێنەر بهێنێت، کە ڕووداوەکان بە بێ کەم و کوڕی دەگێڕێتەوە، چونکە ڕووداوی داستان ڕووداوێکی مەزنە، واتە بۆ خستنەڕووی ڕووداوێکی تەواو و پڕاپڕو، گەر لە واقیع بوونی نەبێت پەنا دەباتە بەر ڕووداوی فانتازی و خەیاڵ، لەبەر ئەوە ((داستان دەبێتە تێکەڵەیەک لە حەقیقەت و خەیاڵ. حەقیقەت لەو ڕوانگەیەوە کە ڕووداوێکی مێژوویی واقیعی ڕوویداوە و خەیاڵیش لەو زیادەڕۆییانەی کە هەریەکە لە خەڵک شاعیر بۆ زیاتر گەورە پیشاندانی ڕووداوەکە ئەنجامی دەدەن. لە لایەکی دیکەوە بۆ پێدانی هەردوو خەسڵەتی نموونەیی و کەماڵ بە دەقەکە)) ((قادر، ٢٠٠٩، ١٥٧).

بەگشتی ڕووداو لە دەقە گێڕانەوەییەکاندا دەکرێت بە دوو جۆرەوە ((١-ڕووداوی سەرەکی: ناکرێ لابدرێت، چونکە دەبێتەهۆی پەیدابوونی خەوش و درووستبوونی بۆشایی و کەلێنی گەورە کە پڕ ناکرێتەوە. ٢-ڕووداوی لاوەکی: ئەو بایەخەی نییە کە ڕووداوە سەرەکییەکان هەیانە دەکرێ لاببردرێت بێ ئەوەی خەوش و بۆشایی دروست ببێ)) (الحديدي، ١٩٩٦، ١٣٦). ئەم داستانەی خانای قوبادی خەیاڵ و فانتازییایەکی زۆری تێدا بەکارهاتووە، ئەتوانین بڵێین بۆ خستنەڕووی سەرجەم توخمەکانی گێڕانەوە خەیاڵی بەرجەستە کردووە واتە (کارەکتەر، ڕووداو، شوێنی خەیاڵی). چەند هۆکارێک ڕێگا خۆشکەرن بۆ درووست بوونی ڕووداوەکان لە دەقەگێڕانەوەییەکان؛ بۆ نموونە هۆکاری(سیاسی، نەتەوەیی، دڵداری و خۆشەویستی، سروشتی...) ڕووداوی سەرەکی ئەم داستانەی خانا ڕووداوێکی خۆشەویستی و دڵدارییە، کە شازادەی چین عاشقی کچە شازادەی دیمەشق دەبێت؛ لەڕێگەی بازرگانێکی دیمەشقەوە، کە وێنەی نۆش ئافەرینی نیشان دەدات؛ بۆ گەیشتن بەم عەشقە

چەندین کێشە دێتەڕێگەی؛ بە گەشتکردنی شازادە سوڵتان و خان محمدی وەزیر بۆ وڵاتی مەعشوقی دەست پێ دەکات؛ یەکەمین ڕووداو ڕووداوێکی سروشتییە، چونکە بە ڕێگای ئاوی گەشتدەکەن لە پاش(١٠)ڕۆژ لە دەریادا بەهۆی نەهەنگێکەوە کەشتییەکەیان تێک دەشکێت بەم جۆرە ئەو ڕووداوە دەخاتە ڕوو. بەندی(١):

**شازادە ئەورۆ نیش وەتۆی کەشتی نەزاناش وەنەرد بەخت بەرگەشتی**

**کەشتی راهی بی وە باد موراد دە رۆز ویارا بێ کەم و زیاد**

**ستارەی موریخ شانا باڵ و پەڕ نەهەنگێ وە ئاب بەر ئاما وە بەر**

**وێنەی کۆی پەڕاو یا چون بێستوون بەو تەور بوڵەند بی نە بەحر جەیحوون**

**نەهەنگ چون کەشتی ئاوەرد وەنەزەر ئاما وە تەعجیل چوون باد سەڕ سەڕ**

**داش وە کەشتی دا نەهەنگ سەروەتاو تەختە تەختە بی کەشتی وەسەر ئاو.**(ئەمینی، ٢٠١١، ٥١-٥٢).

لەپاش تێکشکانی کەشتییەکەیان لە دارستانێک خۆیان دەبیننەوە؛ حەمید دەناسن لەڕێگەی ئەوەوە دەگەنە دیمەشق و شازادە کۆشکی نۆش ئافەرین دەدۆزێتەوە؛ دوو جار بەنهێنی دەچێتە ژووری نۆش یەکەم جار نۆش وا خۆی پیشاندەدات، کە خەوتووە شازادە موستیلەکەی خۆی دەکاتە پەنجەی نۆش و بەهەمان شێوە موستیلەکەی ئەویش لە پەنجەی خۆی دەکات، بەڵام بۆ شەوی داهاتوو، کاتێک شازادە دێتە ژوورەکەی نۆش بەئاگا دێتەوە یەکتر دەناسن، واتە گۆڕینەوەی ئەنگوستیلەکان دەبێتە سەرەتای ناسینیان و لە دوای ئەم یەکتر ناسینە دەبنە دڵدار و خۆشەویست، پاشان نۆش لەلایەن عەڵقەمی دێوەوە دەڕفێنرێت، چونکە عاشقی نۆش ئافەرینە، شازادە بۆ دۆزینەوەی توشی کێشەو ململانێی زۆر دەبێتەوە، بەڵام جوامێرانە بەسەر هەموو کۆسپ و نەیارەکانیدا زاڵ دەبێت و لە کۆتایدا بە نۆش ئافەرینی خۆشەویستی دەگات، واتە بە بەیەکگەیشتنی دوو پاڵەوانی دڵداری داستانەکە کۆتایی پێدێت بە پێچەوانەی داستانە دڵدارییەکانی دیکە، کە کۆتایی زۆربەی تراژیدیایە. ئەمە ڕووداوی سەرەکی داستانەکەیە؛ واتە بەیەکگەیاندنی دوو پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە ڕووداوی سەرەکییە، کە خانا بەشێوەیەکی زۆر لێهاتووانە بەشەکانی ئەو ڕووداوەی بە دوای یەکدا خستووەتە ڕوو؛ یەکێتی ڕووداوی بەرجەستە کردووە. ڕووداوەلاوەکییەکانی ناو داستانەکە بۆ مەبەستی دەرخستنی ڕووداوی سەرەکی خراونەتە ڕوو؛ وەک دەقە گێڕانەوەییەکانی دیکە؛ چەندین ڕووداوی واقیعی و فانتازی بەپێی ڕیزبەندی بەکارهێناوە بۆ هۆنینەوەی داستانەکە. ئەتوانین بەشێوەیەکی کورت ئاماژە بە ڕووداوەکان بکەین، کە ئەمانەن:

* سەرەتا بە ڕووداوی سروشتی و تێکشکانی کەشتییەکەیان دەست پێدەکات، کە ئاماژەمان پێکرد.

* ڕووداوی بەرەنگاربوونەوەی مەلیک مەحموود و ئەلیاس، سەعید، مەسعوود، لەگەڵ شازادە سوڵتان ئیبراهیم، بەڵام شازادە و خان محمدی وەزیر سەردەکەون و چەند کەسێکیان لێ بریندار دەکەن. بەندی(٨): **چەنی خان محمد یاران هەرسێشان ڕوو کەردن بەناو گوڵباغچەی خەزان**

**دیش کە چەند نەفەر دوزدانە دەستوور** **دیارن جە دوور ئەو شەب دەیجوور**
**شازادە چون شێر نەعرە بەرئاوەرد** **رووکەرد نە دوزدان شوم نابێکار**
**ئەلیاس بەیەک زەرب کەفت نە ڕووی زەمین** **بەهوون ڕەنگین بی سەرتاپای شیرین**
**سەعید و مسعوود هەردوو شازادە** **پەرێ جەنگ وێشان کەردن ئامادە**
**شێر هونەرمەند تیغ کین بەدەست** **خرۆشا بەتاو وێنەی شێر مەست**
**هەردووشان بە تیغ بەدەن کەرد خەستە** **چون مورغ تیژباڵ شاباڵ شکەستە**.(ئەمینی، ٢٠١١،١٠٢-١٠٤).

داستان شێوازێکی بەرزی هەیە شاعیر هەوڵدەدات ڕووداوێکی بێ کەم و کوڕی بخاتە ڕوو، خانا چەمکێکی باڵا و جوان، کە عەشق و خۆشەویستی و ڕووداوی ژیانی دوو عاشقە دەکاتە بنەمای هۆنینەوەی داستانەکەی؛ بۆ فراوانکردنی ڕێڕەوی ڕووداوەکەش ڕووداوی فانتازیی زۆری بەکارهێناوە بەتایبەت لە ناوەڕاستی داستانەکەدا ڕووداوەکان کەڵەکە بوون و بە ڕێکەوتن؛ لێرەدا نزیکەی (٧) ڕووداوی یەک لەدوای یەک دەخاتە ڕوو؛ ئەوانیش:

* ڕفاندنی نۆش ئافەرین لە لایەن عەڵقەمەوە لەسەرچاوەی نۆش، کە بۆ خۆشۆردن چووەتە ئەوێ.

**بەندی(١٣):دەستێ پەی باهۆی دوڵبەر ئاوەردش** **هۆرکەند نەزەمین ڕفانا و بەردش**
**شیر هاوار کەرد نە سەرچەشمەی نۆش** **خەیلی فەغان کەرد ئاخر بی خامۆش**.( ئەمینی، ٢٠١١، ١٢٤). بۆیە باوکی و سەرجەم وڵات لە هەوڵی ئەوەدان، تا شوێنی نۆش ئافەرین بدۆزنەوە و ڕزگاری بکەن، بۆ ئەم مەبەستە شازادە سوڵتان ئیبراهیم هەڵدەبژێرن لە ڕێگەی ڕێنمایی فەیازی عابیدەوە گەشتەکەیان دەست پێ دەکات بەرەو دەریای موحیت و کۆشکی سولەیمان.

* ڕێگەیان دەکەوێتە دوورگەی گۆیا؛ شازادە سوڵتان و هاوڕێکانی بەرەنگاری دێو و ئەژدیهاکانی ئەو دورگەیە دەبنەوە، بەڵام بەهۆی بەرووبومی دار عود و سەنج دێوەکان هەڵدێن، کە شازادە لە گفتوگۆی دوو باڵدار سوودی ئەو دارە دەبیستێت، بۆیە بەو هۆکارە ڕزگاریان دەبێت، بەرەو مەغریب بەڕێدەکەون.

* دەگەنە جەزیرەی (واق واق)، کە شوێنی زەنگیی مرۆڤخۆرەکانە، شازادە و هاوڕێکانی بەدیل دەگرن، خان محمد پێیان دەڵێت ئێمە بیناسازین، ئەوانیش دەڵێن گەر بینایەکمان بۆ دروست بکەن ئازادتان دەکەین، بۆیە شازادەو هاوڕێکانی لە گەڕانیان بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە چاویان بە (روخ) دەکەوێت، کە برینداره؛ شازادە چارەسەری دەکات ئەویش دەیانبات بۆ کۆشکی سولەیمان.

* ڕوو بە ڕووبوونەوەی عەلقەم و شازادە، بە لەناوچوونی عەلقەم ڕووداوەکە کۆتایی دێت، بەڵام لەو کاتەدا زەلغەم و دەلغەمی برای عەلقەم نۆش ئافەرین دەرفێنن بۆ ڕەوزەی دڵگوشا. بەندی(٢٠):

**وەختێ کە عەلقەم شازادە هۆرگرت** **ڕووبەڕووی دەریای موحیت بەر ئاوەرد**
**لە دوای ئەوان زەلغەم و دەلغەم** **حازربین بەو کاخ بەدانی ئەلەم**

**دین نۆش ئافەرین کەس نییەن جەلاش         بۆ عەلقەم دێو زوو کەوتن تەلاش.** (قوبادی، ٢٠١١، ١٧٣)

* ڕوو بە ڕووبوونەوەی شازادە لەگەڵ زەلغەم و دەلغەم بەندی(٢٠):

**زەلغەم دیش ئاما نەبیرەی عادل         لەرزا ژو سامش سەرسام بی خجڵ**

**وات ئادەمیزاد ئەبلەی خەیاڵ خام         خوونی دوو دێدەی عەلقەمی برام**

**واتش ئەی زەلغەم برای عەلقەمە         عەلقەمە کوشتم نۆبەی زەلغەمە**

**یەک موشت وەزەبەت پێکا وەگەردن         یاوناش وە نەزع شەرارەی مەردەن**

**دەلغەم دی زەلغەم وەختەن بۆ هەلاک         هۆرێزا وە پا دێوی دەهەن چاک**

**بازوو بوڵەند کەرد مەلعوون موردار         دەست دا بە شمشێر شازادە نامدار**

**ئەڵماس ئابدار پێکاش وەکەمەر         کەردش وەدوو نیم چوون خیاری تەڕ.** (ئەمینی، ٢٠١١،١٧٨-١٨٠).

* زەلغەم زۆر دەپاڕێتەوە لە شازادە، کە نەیکوژێت ئەویش لێی خۆش دەبێت، بەڵام ئەو لێخۆش بوونەی بۆ بەدەست هێنانی دەرفەتێکی گونجاو بووە، تا تۆڵەی براکانی بکاتەوە، جارێکی دیکە نۆش ئافەرین و بێچووەکانی ڕوخ دەرفێنێت؛ لەو کاتەی دەیەوێت بیان سوتێنێت مەیموونە خاتوون ڕزگاریان دەکات.

لەدوای ئەم (٧) ڕووداوە ڕووداوی واقیعی دەخاتە ڕوو، کە ئەویش تۆڵەکردنەوەی ئەو شازادانەیە، کە هاتبوونە دیمەشق، تا نۆش ئافەرین بە دەست بهێنن، بەڵام جیاواز لە شازادەکان خیانەتی سەلیمە، واتە بە هێنانە ناوەوەی ئەم ڕووداوە ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەرەو هەڵکشان دەبات و داستانەکە فراوانتر دەکات.

* خیانەتی سەلیم، دەبێتە دەسپێکی زنجیرەیەکی دیکەی ڕووداوەکان؛ شازادە و هاوڕێکانی لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ دیمەشق لە ڕێگەدا، لەکاتی پشوو وەرگرتندا سەلیم ژەهر دەکاتە خواردنی شازادەوە.

**بەندی (٢٧): گوش بدەر بە ئەو نا پۆختەو ناخام         جە ئەمیر سەلیم دێوانەی کەم فام**

**زەرەیێ نەو شیرەی زەهر بێ ئەمان         بە مەخفی ڕێزا نە رووی تەعامان**(ئەمینی، ٢٠١١، ٢٢٧).

* ڕووداوی تۆڵەکردنەوەی مەلیک بەهمەن لە شازادە، کە ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی دروست بوونی چەند ڕووداوێکی دیکە لەبەر ئەوەی مەلیک بەهمەن سوپایەکی بێ شوماری ئامادە کردوە بۆ ئەو شەڕە، ئەمەش دەبێتە هۆی جیابوونەوەی شازادە سوڵتان و هاوەڵەکانی؛ شازادە و نۆش ڕێگەیەکی زۆر دەبڕن تا لەهۆش خۆیان دەچن، بەڵام مەیموونە خاتوون ڕزگاریان دەکەن، هەرچی خان محمدی وەزیریشە لەبەردەم باخی (ماهی زەڕ ئەفشان)کچی پاشای ئەنتاکییە لەهۆش خۆی دەچێت، پاش چارەسەرکردنی عاشقی دەبێت، بۆیە باوکی هاوکاری خان محمد دەکات هێرش دەکەنە سەر مەلیک بەهمەن وسەردەکەون.

* شازادە ئەلیاس و تۆفان پیلان دادەنێن بۆ تۆڵەکردنەوە لە شازادە سوڵتان؛ میوانداری دەکەن بۆ خەتا، کاتێک شازادە و هاوەڵەکانی دەڕۆن؛ بەندیان دەکەن؛ دەستێک لە ئاسمانەوە شازادە سوڵتان

دەڕفێنێت، کە ئارایش دێوە، کە لە چاڵێک بەندی دەکات، واتە خانا بۆ زیاتر فراوانکردنی ڕووداوەکان و خستنە ڕووی ئازایەتی پاڵەوانی سەرەکییە دووبارە ڕووداوی فانتازی بەکاردەهێنێتەوە، چونکە شازادە بە ئازایەتی خۆی لەو چاڵە ڕزگاری دەبێت، بەیارمەتی روخ دەگاتە شوێنی ئەلیاس و تۆفان و هاوەڵەکانی ڕزگار دەکات.

* ڕووداوی هێرشی سوپای زیگوات بۆ قاتب شای فەرەنگ؛ بە یارمەتیدانی شازادە سوڵتان لەو سوپایە پاشای فەرەنگ ڕزگاری دەبێت، شازادە عاشقی خورشیدی کچی دەبێت، ئەویش دەیکاتە دیاری شازادە و لە سەرەمەرگدا وەسیەت دەکات، کە خورشید بکات جیگرەوەی خۆی و بیپارێزیت.

* هێرشی کیانوش بۆ داگیرکردنی وڵاتی فەرەنگ، بەڵام بە یارمەتی شازادە ڕزگاریان دەبێت.

* هێرشی سەعید و مەسعود بۆ شازادە و هاوەڵەکانی، دووبارە شازادە سەردەکەوێت و دەیانبەخشێت.

* بەرەنگاربوونەوەی خان محمد و ئەسکەندەر شا لە کاتی خوازبێنی جەهانسوزی کچی بۆ حەمید لەسەر ڕاسپاردەی شازادە سوڵتان؛ لە کۆتایدا ڕازی دەبێت و جەهانسوز و حەمید بەیەک دەگەن.

* هێرشی زەڕفا و گوڵفام بۆ شازادە، نۆش لە کاتی خەودا، بەڵام شازادە، نۆش زۆر ئازایانە دەیانکوژن.

* کۆتا ڕوودا و ڕووداوێکی فانتازییە؛ تۆڵەی (زەریر)ی کچی ئارایش دیوە لە شازادە و خورشیدە خانم، کە لە شەوی بوک و زاوایەتییاندا جادوویان لێدەکات، بەڵام لەڕێگەی ڕێنمایی فەیازی عابیدەوە خان محمد دەستنیشاندەکرێت بۆ ڕزگارکردنیان، ئەویش بوێرانە ئەرکەکەی جێ بە جێ دەکات و ڕزگاریان دەکات.

واتا خانا بە ئاوێتەکردنی واقیع و فانتازیا ڕووداوەکان پەرە پێدەدات، بە بوونی ململانێی و شەڕی خوێناوی ڕووداوەکان گەشە دەکەن، ڕووداوی سەرەتای سروشتییە و ڕووداوی کۆتایی فانتازییە؛ شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بازنەییە، لەبەرئەوەی شازادە سوڵتان ئیبراهیم لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات، کە لە وڵاتی خۆی ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ وڵاتی دیمەشق لە دوای گەیشتن بە ئامانجەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی؛ گۆشەنیگای داستانەکە سێیەم کەس و گێڕەڕەوە زاناو دانایە بەسەر هەموو شتەکاندا کۆتایی داستانەکە کۆتاییەکی بەیەکگەیشتن و خۆشی و شادییە بۆ دوو پاڵەوانی عاشق و سەرەکی لە داستانەکە، لەهەمان کاتدا سەرجەم ئەو پاڵەوانانەی، کە دڵدار و خۆشەویستی یەکن بە یەکدەگەن و ئاهەنگیان بۆ دەکرێت.

**سێیەم/ شوێن:** شوێن وەک چوارچێوەیەک بۆ مرۆڤەکان لەسەرەتای لەدایک بوونیان، تا مردنیان ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە ژیانیاندا، بە جۆرێک لە هەر شوێنێک لەدایک ببن و گەورە بن بە هەموو یادگارییە خۆش و ناخۆشەکانییانەوە خۆشەویستییەکی زۆر پەیوەستیان دەکات بەو شوێنەوە؛ بۆیە نووسەران لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا گرنگی پێدەدەن بەتایبەت لە دەقی

گێڕانەوەیدا؛ لەبەرئەوەی گێڕانەوە باس لە ژیانی پاڵەوان دەکات؛ هەموو مرۆڤێکش لە ژینگە و شوێنێکی تایبەت بە خۆی دەژیت و چالاکییەکانی تێدا ئەنجام دەدات، کاریگەری لەسەر دروست دەکات؛ واتە شوێن وەک توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ((یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی، چونکە بەرجەستەی ڕووداو و پاشخانەکەی دەکات)) (أزوط، ١٩٨٩، ٢٩٠) هەروەها (( ئەو گۆڕەپان و مەیدانەیە سەرجەم کێشە و ململانێکانی نێوان کارەکتەرەکانی تێدا بەرپا دەبێت)) (حمدامین، ٢٠١٢، ٧٠).

کەواتە نەبوونی شوێن لە بەرهەمێکی گێڕانەوەی وەک داستان کەلێن دروست دەکات، هەورەها (( هەر کارێکی ئەدەبی شوێنی تیا ون بێت ئەوا گرنگی خۆی لە دەست دەدات)) (باشلار، ١٩٨٠، ٦). بەپێی بوونی ئەو بەها و گرنگییەی لەناو دەقدا هەیەتی، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بە توخمەکانی دیکەوە هەیە بە تایبەت ڕووداو، لەبەر ئەوە ((بوونی شوێن بەستراوەتەوە بە بوونی ڕووداوەوە، هاوکات بوونی ڕووداویش بەستراوە بە بوونی شوێنەوە، ڕووداو لە شوێندا ڕوودەدات، شوێن بێ ڕووداو بێ بەهاو بێ مانایە)) (ئەسعەد، ٢٠١١، ١٧٦). خوڵقێنەری ڕووداویش کارەکتەرە لە کات و زەمەنێکی گونجاودا، کەواتە شوێن((ڕوودا و زەمەن و کەسەکان لەخۆدەگرێت))(کاکە وەیس، ٢٠٠٥، ١٣٢). نووسەران و ڕەخنەگران چەند دابەشکردنێکی جیاوازیان بۆ جۆرەکانی شوێن خستووەتە ڕوو (( بەڵام (تانیا ئەسعەد) دابەشکارییەکی پوخت و وردی بۆ جۆرەکانی شوێن کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە جۆرەکانی شوێن دیاری دەکات: **١-** لەڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە:(شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی). **٢-** لە ڕوانگەی چەمکی هۆگریەوە:(شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر). **٣-** لە ڕوانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە: (شوێنی داخراو، شوێنی کراوە). شوێنی واقیعی ئەو شوێنە سروشتییانەن کە ئێمە لە ژیاندا دەیانبینین و لەناو دەقیشدا هەن. شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنانەن کە پەیوەندییان بە خەیاڵی نووسەرەوە هەیە نزیکی و دووری ئەو خەیاڵانە لە واقیع وایکردووە دوو جۆر شوێنی خەیاڵی هەبن(١- شوێنی خەیاڵی ئاسایی لەسەر بناغەی واقیع بنیاتنراون. ٢- شوێنی خەیاڵی نائاسایی یان فەنتازی لەسەر خەون و خەیاڵی دوور لە واقیع بنیات نراون. ( شوێنی هۆگر) زیاتر پەیوەندی بە شوێنی گەورەبوونی پاڵەوان و ئەو شوێنانەوە هەیە کە کارەکتەر بە خۆشی تیایاندا دەژی. شوێنی ناهۆگریش یا ئەوەتا پاڵەوان لێی نەژیاوە و هیچ ئاشنایەتییەکی لەگەڵیاندا نییە، یا ئەوەتا کارەکتەر ناچارکراوە کە ژیان لەو شوێنەدا بەسەر بەرێت. (شوێنی داخراو، کراوە) پەیوەندییان بە تایبەتی بوون و گشتی بوونی شوێنەکانەوە هەیە، کە ئەگەر شوێنەکە هی تاکە کەسێک بوو ئەوا داخراوە و ئەگەر هەموو خەڵک توانیان سەردانی بکەن ئەوا شوێنەکە شوێنێکی کراوەیە)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٣٤-١٣٥).

سەرەتا و کۆتایی داستانی (سوڵتان ئیبراهیم نۆش ئافەرین) گەشتکردنە لە نێوان دوو وڵاتی دوور لە یەکەوە، ئەتوانین بڵێین گرنگی و بایەخێکی تایبەتی بە شوێن داوە؛ سەرجەم جۆرەکانی شوێن بوونیان هەیە، هەروەها شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان زۆر بەرفراوانن لە وڵاتی (چین)، کە شوێنی نیشتە جێبوونی (سوڵتان ئیبراهیم)ە بۆ شاری (دیمەشق)، کە شوێنی نیشتە جێبوونی (نۆش ئافەرین)ە

هەموو دەبێتە مەیدانی ڕووداوەکان، ئەم دوو شوێنە زۆر لە یەک دوورن بە ڕێگای ئاوی و وشکانی ئینجا شازادە دەگاتە شوێنی مەبەست، شوێنە واقیعییەکانی داستانەکە(چین، دیمەشق، مەغریب، حەلەب، خەتا،....هتد) بەندی(١):

**وات ئەی فەرزەند شازادەی چینم فیدای گیانت بۆ گیان شیرینم**

**وات ئەی شازادە یە دمشق شارەن بدەر مزگانی مەنزڵگەی یارەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥١-٦٤).

**بەندی(١٨): شازادە پەرسا ئینە چ جاهەن چ حاکم فەرمان کام پادشاهەن**

**ناخودا واتش ئەی سەر زەمینە سەرحەد وەلایەت مەغریب زەمین.** (ئەمینی، ١٥٢،٢٠١١)

شوێنی فانتازی (دوورگەی گۆیا، تەلیسمی زەنگۆڵە، کێوی قاف، وڵاتی پەرییان، ڕەوەزەی دڵگوشا....هتد) ئەوەی گرنگە بگوترێت بوونی ئەو شوێنە فانتازییانەیە، کە شوێنی ژیانی خێزانە دێوەکەن و بە هیچ شێوەیەک لە واقیعدا هەست بە بوونیان ناکرێت؛ بۆ تۆڵەکردنەوە لە سوڵتان ئیبراهیم؛ هەر جارەو نۆش ئافەرین بۆ یەکێک لەو شوێنانە دەڕفێنن . بۆ نموونە کۆشکی سولەیمان لە دەریای موحیتدا. بەندی(١٤):

**دیش ها نە قەسر ساف بلورین بە وێنەی ڕەونەق فێردەوس بەرین**

**نەعەدڵ دەریا موحیت دیارەن تا ئادەمیزاد راگە سێ ساڵەن**

**ئەی قەسر دڵکێش جامڕێز جامشەن کاخ سولەیمان مەنشوور نامشەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٢٩).

دورگەی گۆیا، جەزیرەی واق واق؛ فانتازین، کە زەنگییە مرۆڤخۆرەکان، دێو درنج لێیە بەندی (١٧):

**پەرسا ناخودا ئینە چ جاهەن یە جەزیرەی باغ کام پادشاهەن**

**واتش جەزیرەی گۆیا نامشەن شاهان حەسرەتمەند پەی دیدارشەن**

**جا گرتەن تێدا جانەوەران چەند ئینسان مەوەران چون بادام قەند.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٥)

**بەندی (١٧): ئەی جەزیرەی سەخت واق واق نامشەن شاهان حەسرەتمەند مەیل بە کامشەن**

**بە مەکان وێش خاتر گوشادەن خۆراکش جە گۆشت ئادەمیزادەن.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٥٧).

خانا لە وەسفکردنی باخی کۆشکی نۆش ئافەرین لە دیمەشق، یاخود شوێنەکانی دیکە دەمانباتە ناو چوارچێوەیەکی خەیاڵی، چونکە گەر باخ و شوێنی وا جوان لەواقیعدا هەبن لە ئاست ئەو وەسفەی خانادا نین، کە باخ و کانی و دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاری بە جوانییە تایبەتەکەی بەهەشت و ئاوە خۆش تامەکەی کەوسەر چواندووە، واتە لەڕێگای هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە بەشێوەی خەیاڵی خستوونییەتەڕوو.

**بەندی(٢): باغێ دین چ باغ عەجەب گوڵزارێ نییەن جە سەرای هیچ شەهرەیار**(ئەمینی، ٧٤،٢٠١١).

**بەندی(٢): نە پای ئەو باغچە چەشمەی دی وەچەم ئابش خوشگەوار چون ئاب زەمزەم**(ئەمینی، ١٩٦،٢٠١١).

ئەم داستانە باسی چینی پاشا و شازادەکان دەکات؛ شوێنی هۆگری پاڵەوانەکانی ئەو شوێنانەن، کە تێیدا لە دایک بوون و دەژین وەک کۆشک، دیوەخان، باغچەی کۆشک......، بەهۆی بوونی

خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوان دوو پاڵەوانی سەرەکیدا شوێنی یەکتر دەبێتە شوێنێکی هۆگر بۆیان؛ وەک دیمەشق، کە شوێنی لەدایک بوون و ژیانی نۆش ئافەرینە بووەتە شوێنێکی هۆگر بۆ سوڵتان ئیبراهیم، هەرچەندە شوێنی لەدایک بوونی نییە، ئەمەش وتەیە دوپات دەکاتەوە، کە دەڵێن(ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ پێی خۆشە).

**بەندی(١): رووکەرد وە شار کێشا ئاە سەرد چەند بار سوجدەی قەسر دمشق شارش کەرد**

**واتش ئەلسەلام قەسر دوڵبەرم هەم قیبلەی دنیا و هەم تاج سەرم.** (ئەمینی، ٢٠١١،٦٤).

به هەمان شێوە چین دەبێتە شوێنێکی هۆگر بۆ نۆش ئافەرین، کە لە کۆتای داستانەکە زەماوەندەکەیان دەبەنە چین و بۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ دەبێت. شوێنی نا هۆگر لەم داستانەدا زۆرن، لەبەرئەوەی پاڵەوانی سەرەکیی و هاورێکانی سەختی و مەترسییەکی زۆر دێنە رێگایان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەیان؛ لەوانە چەند جارێک بەند دەکرێن، بۆ نموونە بەندکردنی نۆش ئافەرین لە چاڵێکی تاریک.

**دیش یە چاهێ تاریک و دشوار بەو تەور تاریکەن چون تەلیسم نار**(ئەمینی ، ٢٠١١، ٢٠٥).

یاخود پاڵەوانەکان ناچار دەکرێن دوور لە شوێنی دڵخوازی خۆیان نیشتەجێ بن بۆ نموونە حەمید، کە عاشقی جەهانسوز کچی ئەسکەندەر شایە و رێگرە لە بەیەکگەیشتنیان، لەبەرئەوەی بە هاوشانی کچەکەی نازانێت، بۆیە حەمید دەچێتە دارستان و جەنگەڵ بە تەنیا لەوێ نیشتەجێ دەبێت، ئەو دارستانە شوێنێکی ناهۆگرە بۆ حەمید، چونکە دوورە لە شوێنی خۆشەویستەکەی. بەندی(١):

**دیشان ژناگا ئاما جەوانێ ئەو هەم گرفتار حۆری رێزوانێ**

**ئەو هەم گرفتار وە یار وێش بی ساڵ و مانگ و رۆز، ئەی جەنگەڵ جێش بی...** (ئەمینی، ٢٠١١، ٥٥).

بەگشتی شوێنی دوور لە خۆشەویستان، زیندان،.... شوێنی ناهۆگرن بۆ مرۆڤەکان، هەرچەندە ئەو شوێنە ڕازاوە و جوان بێت، بەڵام مرۆڤ تێیدا بێزارە و غەمبارە ئارەزووی مانەوەی کاتێکی زۆری نییە لەو شوێنە، واتە بارودۆخ و کاریگەرییەکان لەسەر پاڵەوانەکان بۆ دڵخۆش بوونیان، یاخود بە پێچەوانەوە بۆ دڵتەنگ بوونیان وا دەکەن شوێنەکان ببنە شوێنی هۆگر یان ناهۆگر بۆ پاڵەوانەکان.

لەم داستانەدا بێگومان شوێنی فراوانی گشتی و کراوەی تێدایە وەک( کوچە و کۆڵان، سەر رێگای کانی، بازاڕ، کەناری دەریا.....)، کە هەموو خەڵک دەتوانێت سەردانیان بکات و تایبەت نین بە تاکە کەسێکەوە بۆ نموونە کوچە و کۆڵان و بازاڕی دیمەشق، کە گێڕەرەوە لە ڕووداوی بەرەنگاربوونەوەی نۆش ئافەرین و ئەفراسیاو ئاماژەی پێدەکات و نۆش ئافەرین سوڵتان ئیبراهیم بە بێ هۆشی هەڵ دەگرێت و رزگاری دەکات لە پیلانەکەی مەلیک مەحموود، لەو کاتەدا ئافراسیاو سەرکردەی پاسەوانی شەوانەی بازاڕ لێی دەپرسێت: بەندی(١٠)

**داروغەی بازاڕ چەنی چل نەفەر پەیدا بین گرتن گوزەرگای گوزەر**

**ئەفراسیاو وات ئەی بەدەن سیا پەی چێش مەگێڵی کوچە و گوزەرگا**(ئەمینی، ٢٠١١، ١١٢-١١٣).

واتە ئەو شوێنانە گشتی و کراوەن شوێنی سەرجەم خەڵکین، ئەوەتا شازادەکانی دژی سوڵتان ئیبراهیم و پاسەوانانی وڵات و نۆش ئافەرین لەو کاتە درەنگەی شەودا پێیدا تێپەڕ دەبن، بەڵام شوێنی داخراو ئەو شوێنانەن، کە تایبەتن بە کەسێک یان خێزانێکەوە؛ وەک خانوو شوێنی حەوانەوەی خێزان؛ هەموو کەس ناتوانێت سەردانیان بکات و تێیدا بژیت، جگە لە خاوەنەکانیان؛ لەناو خانووش شوێنی داخراوتر و تایبەتر ژووری نوستنە، کە خودی یەک کەس یان خێزان دەتوانن تێیدا بخەون بۆنموونە ژووری نووستنی نۆش ئافەرین لەم داستانەدا شوێنێکی داخراوە، لە هەمانکاتدا شوێنێکی هۆگرە بۆ شازادە سوڵتان ئیبراهیم، کە چەندین جار بە دزییەوە دەچێتە ئەو ژوورە بۆ جێژوان و بینینی نۆش. **بەندی(٢):**

**نیگا کەرد شەخسێ زومرودی تراز          جە تۆی قەسر زەڕ نیان بە سەد ناز**

**یەک دەس رەختخواب ئەو بە وێنەی گوڵ          وستەن نەروی تەخت دانەی مەداخڵ**(ئەمینی، ٢٠١١، ٧٦).

**بەندی(٢): سوبح کە رۆشن بی شوعاع لیک خوەر          لوان پەی حەجلە مەیموونە و تاج زەڕ**

**دیان شازادە نامان وە بیروون          موحکەمەن دەرگا بەستەن ئەندەروون**

**دیان وە ئۆتاق دوو حۆری جەبین          دیان وە سورەت سوڵتان ماچین.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٣٨٨).

ئەمە ڕووداوی جادووکردنی زەریری کچی ئارایش دێوە لە سوڵتان ئیبراهیم و خورشیدە خاتوون لە ژووری خەوتنیان لە شەوی بوک و زاوایەتییان، واتە ژووری خەوتن شوێنی داخراو تایبەتە، بەجۆرێک کەس تا درەنگانێک نەچووەتە ژوورەکە هەواڵیان بزانێت، کە بەیانش دێت بەهەمان شێوە، بەڵام بێدەنگبوونیان دەبێتە جێگەی گومان، لەبەر ئەوە دەرگای ژوورەکە دەشکێنن و دەچنە ژوورەوە دەبینن هەردوکیان جادووی ڕەشیان لێکراوە و وەک مردوون لەسەر جێگەی خەوەکەیان.

بەم شێوەیە دەبینین لەم داستانەدا گرنگی بە بنیاتی توخمی شوێن و جۆرەکانی دراوە و بەشێوەیەکی هونەری و بەرفراوان خراونەتە ڕوو؛ بوونەتە خاوەن بنیاتێکی بەهێز بەگشتی بۆ داستانەکە و برەودان و گەشەکردنی توخمەکانی دیکەی وەک پاڵەوان و ڕووداوو و کات.

**چوارەم/ کات:** کات واتای ژیانە و بەردەوام جوڵاوە و ناوەستێت، گەر بوەستێت ژیانیش دەوەستێت، واتە لەسەرەتای بوونی مرۆڤەوە کات هەبووە؛ هەمیشە هەوڵی زانینی گرنگی کات دراوە؛ کات چەندین ئەرکی جۆراو جۆری لەبوارەکانی ژیاندا بە گشتی هەیە و(( تەنها هۆکارە بۆ پەیوەندییەکان لە بوارە هەمەڕەنگە پێگەیشتووەکان، ژیان، مۆزیک، بیر، هەست، مێژوو))(المالکی، ٢٠٠٢، ٢٢). لە بەرهەمی ئەدەبیدا دیاریکردنی کات نووسەر ئەنجامی دەدات، هەروەها گرنگییەکەی لە جۆرێکی ئەدەبەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە شێوەیەکی یەکسانی نییە، چونکە بە ڕێژەیی دابەش بووە؛ لە هەندێکیاندا بەڕێژەیەکی زۆرینە پشت بە کات دەبەستن وە هەندێکی دیکە بە ڕێژەی مام ناوەندی،

یاخود لاوەکی پشتی پێ دەبەستن.(( ئەوەی لە زەینی ئێمەدایە و ئەوەیشی لە سروشتدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کاتی ئاسایی و ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین سێ جۆرە: کاتی ئێستا کە گرنگترین کاتە بۆ مرۆڤ، کاتی ڕابردوو کە خۆمان یا پێشینەکانی ئێمە تێیدا ژیاون و کاتی داهاتوو کە کارێکی نەزانراو هەست پێنەکراوە ڕەنگە دواتر بێت)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٠٩). بۆ زانین لە هۆکاری ئەو ڕووداوانەی، کە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا ڕوویانداوە؛ توێژەران پێویستییان بە کات هەیە، تا بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەو ڕووداوانە، بۆیە(( زەمەن حاکمترینی حاکمەکانە، بەوەی توانای دۆزینەوە و هەڵماڵینی هەموو شتێکی هەیە)) (محمد، ٢٠٠٢، ١٩)، کەواتە کات لە دەقی گێڕانەوەیدا (( ئەو کاتە ڕێڕەوییەیە، کە چۆنییەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان جوڵانەوەی کەسێتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی تێکستەکە ڕێکدەخات و بە گونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات)) (ئەلوەنی، ٢٠٠٤، ٥٤).

هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان گرنگی بە کاتی ئێستا یان داهاتوو دەدەن وەک ڕۆمان، هەندێکی دیکە بە ڕابردوو، وەک داستانە شیعر.؛ نووسەران بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی گرنگی کاتەوە خستووەتە ڕوو، بەڵام ئێمە مەبەستمانە بە شێوەیەکی پوخت گرنگی و تەکنیکەکانی کات لە ژانری داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی بخەینە ڕوو. بۆیە جۆری ((کات لە داستاندا کاتێکی ڕابردووە و بەسەرچووە، ئەفسانەی نیشتیمانی و نەتەوەیی لەگەڵ ڕابردوویەکی مەزن و شکۆدار بوونەتە بنیات و ڕەگەزی بنەڕەتی داستانەکان و بوونەتە مایەی گەشانەوە و پرشنگدارکردنیان)) (ئەحمد، ٢٠١٩، ٣٣٤).

کات لە داستاندا سنورێکی فراوانی هەیە، لەبەر ئەوەی نووسەر ڕووداوێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە؛ لە گێڕانەوەکەیدا ژیان و ژینگەی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو، کەواتە(( کات گۆشتی ڕووداوە، خوێنی گێڕانەوەیە)) (العامري، ٢٠١١، ٢٢٧)، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی دان بە توخمی کات لە داستاندا کەمترە لە چاو توخمەکانی دیکە، لەبەرئەوەی زیاتر مەبەستی داستان خستنەڕووی ڕووداو و ئازایەتی و لێهاتوویی پاڵەوانەکانە، ئەم دوو ئەرکەش لە مەیدان و شوێنێک ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان زۆر کۆن و ڕابردووە دەما و دەم گێڕدراونەتەوە، پاشان نووسەرێک ئەم گێڕانەوەیەی لە چوارچێوەی بەرهەمێکی داستانی هۆنیوەتەوە، چەندین تەکنیکی نووسین و گێڕانەوەی تێدا بەکارهێناوە، کە هۆکاری بوونی سێ کاتن لە داستاندا ئەوانیش: ((١- کاتی حیکایەت، ٢- کاتی گێڕانەوە و نووسین، ٣- کاتی خوێندنەوە. کاتی یەکەم و دووەم ڕابردوون، بەڵام کاتی سێیەم کاتی ئێستا و ئایندەیە)) (قادر، ٢٠٠٩، ١٠٩).

چەند تەکنیکێکی پەیوەست بە کات هەن، کە شاعیر لە هۆنینەوەی داستاندا بەکاریان دەهێنێت لەوانە: ((١- فلاشباک٢- بڕین، یاخود کورتکردنەوە ٣- ناوبڕ ٤- لابردن)) (جەمیل، ٢٠٢١، ١٣٠-١٣٢). هەروەها (سەنگەر قادر) دەڵێت:((لە داستاندا پێشخراو هەیە و شاعیر بەر لە ڕوودانی ڕووداوێک ئاماژەی پێ دەکات)) (قادر، ٢٠٠٩، ١١٤). کاتی ڕوودانی داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی

خانای قوبادی دیار نییه و گریمانەییه، واته ڕووداوەکانی زۆر له کۆنەوه ڕوویانداوه و به شێوەیەکی سەرزارەکی جۆری ڕوودانەکه گێڕدراوەتەوه و دەما و دەم لەسەر زاری خەڵکی وەریگرتووه و کۆیکردووەتەوه، هەروەها (( زۆربەی چیرۆکه شیعرییەکانی له فارسییەوه وەرگێڕاون بۆ سەر کوردی، بەتایبەت (خەمسەی نیزامی) کەچی وادەردەکەوێت که ئەم چیرۆکه تایبەت به خۆی بێ و له فۆلکلۆر و ڕاز و ئەفسانەی کوردییەوه وەریگرتبێ و دایڕشتبێتەوه، ئاماژەی بەوه کردووه و دەڵێت:

**سەرافان دەور حەکاکان کار          ئەی داستان واتن پەرێ ڕۆزگار**

**یان گوش بدەن وەراز زەمانەی وەرین          بەیان کەم رازان شای نۆش ئافەرین.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٦)

ناتوانرێت کاتی حیکایەتی ئەم داستانه دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی له ناوەڕۆکی داستانەکه دێڕه شیعرێک، یاخود ئاماژه و بەڵگەیەکی ڕوون و باوەڕپێکراو بۆ دیاریکردنی کاتی حیکایەتی داستانەکه بەرچاو ناکەوێت، به هەمان شێوه کاتی گێڕانەوه و نووسینشی دیاریکراو نییه، تەنها کاتی ساغکردنەوەی داستانەکه به ڕوونی بوونی هەیه، ئەویش له لایەن(حەمه ڕەشی ئەمینی)ەوه له ساڵی(٢٠١١)ەوه چاپکراوه. وەک دەقه گێڕانەوەییەکانی دیکه کاتی خوێندنەوەی پەیوەسته به خوێنەر، لەبەر ئەوەی به شیعر هۆنراوەتەوه و ئاوازێکی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕچێژو خرۆشی هەیه خوێنەر چێژێکی تایبەت وەردەگرێت له خوێندنەوەیدا و وای لێدەکات خێراتر و له کاتێکی کەمدا بیخوێنێتەوه. یەکێک لەو تەکنیکانەی پەیوەست به کات لەم داستانەدا بەکارهاتووه **(پێشخراو)ه** (( کردەیەکی گێڕانەوەیه، که خۆی له هێنانەوەی ڕووداوێکی داهاتوو دەنوێنێ، یان ئاماژەکردنه بۆ ڕووداوێک پێش ئەوەی ڕووبدات، که له ڕەخنەدا پێی دەوترێت پێش ڕووداو کەوتن)) (المرزوقی، شاکر، ١٩٨٦، ٧٦). بۆ نموونه لەکاتی گفتوگۆکردنی مەلیک مەحموود لەگەڵ وەزیرەکەی، کاتێک به دزییەوه دەچێته کۆشک، تا نۆش ئافەرین ببینێ، کەچی سوڵتان ئیبراهیم له ژووری نۆش ئافەرین دەبینێت و زۆر بێزار دەبێت، وەزیرەکەشی دەڵێت: بەندی(٧):

**وەزیر وات ئەی شا جوویای دڵداری          فایدەش نییەن ئەی خاکەساری**

**مەبۆ ئەو شەخس فانی کەین بەی تەور          هیچ کەس ناوەرۆ نامش نەرووی دەور**(ئەمینی، ٢٠١١، ١٠٠)

خانا لەم پێشخەرییه ئەنجامی ڕق و قینی مەلیک مەحموود به خوێنەر دەگەیەنێت، که هەموو هەوڵێک دەدات بۆ کوشتنی سوڵتان ئیبراهیم، ئەمەش وا له خوێنەر دەکات هەموو فکر و هزری بڕوات بۆ لای ڕووداوەکانی داهاتوو و چەندین پرسیار له مێشکیدا دروست ببێت لەوانه: ئایا شازاده ڕزگاری دەبێت؟ کێ ڕزگاری دەکات؟ بۆیه به تامەزرۆییەوه بەردەوام دەبێت له خوێندنەوەی داستانەکه، واته پێشخراو هۆکاری خستنەڕووی کرۆکی ڕووداوەکانی داهاتووه، هەروەها هۆکاری دواخستنی کاتی ڕووداوەکانه، که له بەندی دواتردا شازاده سوڵتان ئیبراهیم بێهۆش دەکەن و دەیانەوێت به نهێنی بیکوژن، بەڵام نۆش ئافەرین ڕزگاری دەکات.

تەکنیکێکی دیکەی کات لەم داستانه **(بڕین، یاخود کورتکردنەوه)**یه ئەو جۆره تەکنیکەیه ((که مەودایەکی زۆر به ماوەیەکی کورت و پوخت دەبڕێت بێ ئەوەی کار له بنیاتی هونەری چیرۆکەکه

بکات.گێڕەرەوە ناوەڕۆکی ئەو سالانەی ناو چیرۆکەکە پوخت دەکاتەوە لەوەوە پوختکردنەوە یان کورتکردنەوە دێتەدی))(سعید، ٢٠١٣، ١٥٨)، یاخود کورتکردنەوە بریتییە لە ((بازدان بەسەر هەندێک قوناغدا لە دەقە چیرۆکئامێزەکاندا بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەی پێ بکات، تەنیا دەڵێت: ساڵێک تێپەڕی یان ماوەیەک تێپەڕی، یان ماوەیەک مایەوە، پاشان پاڵەوان گەڕایەوە لە غەریبی)) (یحیی، ٢٠١٥، ١١٨).
لە بەندی(١٧)دا دەڵێت:

**نیشتن نە کەشتی کەردشان شێتاب　　　بە <u>مودەی سێ</u> ماە ویەرد نە رووی ئاب**

**<u>سێ ماە</u> ویەردن جە ئاب تیرە　　　نیگا کەردشان دین یەک جەزیرە.** (ئەمینی، ٢٠١١، ١٤٤-١٤٥).

خانا چۆنییەتی وردەکارییەکانی ئەو سێ مانگەمان بۆ ناخاتە ڕوو، واتە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەی بە تەواوی ڕوون نەکردووەتەوە لە دەریادا و بەکەشتی چی ڕوویداوە، تەنها دەڵێت بۆ ماوەی سێ مانگ لەناو ئاو ڕێگایان بڕی، ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوەیە، کە ڕووداوەکان قورسایی لە دەست نەدەن، لەهەمانکاتدا بۆ زیاتر گەورە نیشاندانی ڕووداوەکانە، کە وردەکارییەکان باس ناکات تەنها ئاماژە بە کاتەکە دەکات.

کاتێک زەلغەم نۆش ئافەرین و بێچووەکانی روخ دەرفێنێت بۆ لای دایکی و دەیانەوێت بیانسوتێنن؛ مەیموونە خاتوون ڕزگاریان دەکات، دەڕۆن بۆ وڵاتی پەرییان بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ. بەندی(٢٨):

**ئەوەند خدمەت کەر جە ئەندازە رەد　　　تا <u>چل رۆژ تەمام</u> مەرەخەس نەکەرد**

**<u>جە دمای چل رۆژ</u> یاد وەتەن کەرد　　　تەشریف بە حوزوور شای پەرییان بەرد.** (ئەمینی، ٢٠١١، (٢٢٣).

خانا وردەکاری و چۆنییەتی خزمەتکردنی شازادە و هاوەڵەکانی لەو چل ڕۆژەدا باس نەکردووە؛ ئەو ماوەیەی کورتکردووەتەوە، هەروەها کورتکردنەوەش دەچێتە چوارچێوەی لادانەوە، لەبەرئەوەی شاعیر بەم تەکنیکە لە هەندێ ڕووداوی لاوەکی خۆی ڕزگار دەکات، واتە (( نووسەر بۆی هەیە ڕووداوی چەند ساڵ و مانگ و هەفتەیەک لە یەک ڕستەدا کۆ بکاتەوە)) (ئەلوەنی، ٢٠١١، ٤٠). چەندین نموونەی دیکەی ئەم تەکنیکە بوونیان هەیە، کەواتە خانا ئەم تەکنیکەی کاتی لەم داستانەدا بە سەرکەوتووی بەکارهێناوە.

**(وەستان، یاخود ناوبڕ)** وەک تەکنیکێکی هیواشکردنەوەی کات لە داستاندا بەکاردێت، ئەمەش بەهۆی وەسفکردنی پاڵەوان، یاخود شوێن.... دەکرێت (( وەستان واتە وەسفکردنی ڕووداوێک لە بەشێک لە بەشەکانی تێکستی چیرۆکەکەدا، بەشێوەیەکی کاتی چیرۆک یەکسان دەبێت بە سفر، لێرەدا گێڕەرەوە بەهۆی ئەو وەسفەوە ڕێرەوی گێڕانەوەکە لە پێناو وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی ڕووداوێک یان کارەکتەرێک ڕادەگرێت)) (مرزوقی، شاکر، ١٩٨٦، ٨٦). بۆ نموونە لە بەندی (٣٧) دا دەڵێت:

**ماە زەڕ ئەفشان تەشریف ئاوەردش　　　سەیرانگای ڕووی باغ بەدڵ ئاوەردش**

**وەختێ کە یاوا بە دەروازەی باغ　　　دیش کە جوانێ وێنەی شەوچراغ**

**کەفتەن وە بێ هۆش نە ڕووی تەخت خاک　　　بە هوون سەرزەمین کەردەنش نەمناک**

**نیشانەی ئەڵماس بەرگ ئەتڵەس پۆش　　　کەمەربەند تەڵا خەرقەی لاڵ نەدۆش**

**گۆناش مەدرەوشۆ وە شەهریاری** **ڕەنگینەن بەهوون گۆنای گوڵناری.** (ئەمینی، ٢٠١١، ٢٤٦).

کاتێک ماهی زەڕ ئەفشان کچی پاشای ئەنتاکییە بەرەو ڕووی باغەکەیان دێت؛ دەبینێت کەسێک لەبەردەم باغەکە بە بێ هۆشی کەوتووە، ئەویش خان محمدە، لێرەدا خانا بە وەسفکردنی جل و بەرگ و ڕوخساری خان محمد و سەرسام بوون، یاخود عاشق بوونی ماهی زەڕ ئەفشان بە خان محمد کاتی گێڕانەوەی داستانەکە دەوەستێنێت، ناوبڕێکی کاتی بەکاردەهێنێت، پاشان هەوڵی ڕزگارکردنی خان محمد دەدەن بە چارەسەرکردنی، بۆیە لە دێڕەکانی دیکە کات دەست پێدەکاتەوە.

لەبەرئەوەی داستان مەودایەکی فراوانی هەیە زۆر گرنگی بە وەسف دەدات؛ وەسفی پاڵەوان، شوێن، ڕووداوو، بۆیە چەندین نموونەی تەکنیکی(وەستان، ناوبڕ) بەهۆی وەسفەوە بەرچاو دەکەون، لە نموونەیەکی دیکە و وەسفی شوێندا خانا ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە؛ لە پێناو خاوکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوەی داستانەکە، ئەویش لە بەندی(٤٧):

**مورغان خۆشخوان بەڕووی شاخەوە** **تاوس نە سەهەند سەبز باخەوە**
**شمشادان ساف نارج و لیمۆ** **ئەنار و ئەنجیر، ئەنگوور و ئەمرۆ**
**میوەی ڕەنگاورەنگ هەریەک نە دارێ** **لایەقەن بە باغ گشت شەهریارێ**
**وەنەوشەی وەشبۆ ساوای سونبلان** **بەر ئامان چون لوول زولف نازاران**(ئەمینی، ٢٠١١، ٣٠٢).

کاتێک خورشید میوانداری شازادە و هاوەڵەکانی دەکات، فەرمان دەکات کۆشک و باغ بڕازێنەوە بۆ میوانداریکردن، خانا بە وەسفێکی دوور و درێژی جوانی باغ ڕەوتی گێڕانەوە دەوەستێنێت، ناوبڕێک و جیهانێکی پڕ لە جوانی سروشت بەخوێنەر دەبەخشێت؛ لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەی کاتەوە.

تەکنیکێکی دیکەی پەیوەست بە کات لەم داستانە بەکارهاتووە، ئەویش (فلاشباک)ە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، کە (( ئەم جۆرە پلۆتە وەهایە، چیرۆکنووس زەمەنی ڕووداوەکە دەپچڕێنێت، بۆ ئەوەی کورتەی ڕووداوێکی تر پیشکەش بکات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە)) (کەسنەزانی، ٢٠١١، ١٢٤). لە بەندی(٢٢)دا دەڵێت:

**سەلام کەرد شیرین بەو شیرین کەلام** **پەرێ وات شیرین عەلەیکە سەلام**
**وات نۆش ئافەرین نمەزانی کێم** **بواچووم پەرێت نام نیشان وێم**
**من ئادەمیی نیم جە پەرییانم** **کناچەی خواجە عەبدوڕەحمانم**
**ڕۆژێ هەوای سەیر سەرام کەفت نە سەر** **چەنی سەد کەنیز زوڵفان بۆ عەنبەر**
**سەیر سەحرام کەرد دیار بە دیار** **تا شیم بەسەرحەد نەزدیک بولغار**
**جە ناگا عەلقەم دێو ناپەسەند** **پەیدا بی نەوجا چوون کۆی دەماوەند**
**دەست ئاوەرد باهۆم گرتە بێ بەقەست** **بە سیحر و ئەفسوون هەردوو دەستم بەست**
**ئیستە سێ ساڵەن دەستاخ دێوم** **بەتەوق و زەنجیر خاتر پەشێوم**
**جە یانەی بابۆ نەداroووم خەبەر** **خودا مەزانۆ چێش ئامان وەسەر**(ئەمینی، ٢٠١١، ١٨٧-١٨٨)

گێڕەڕەوە لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیە و یەکترناسینەی نێوان (مەیموونە خاتوون و نۆش ئافەرین)دا، کە لەناو ئەو چاڵەی عەلقەمی دێو بەندی کردوون؛ تەکنیکی فلاشباکی بەکارهێناوە، بەوەی مەیموونە خاتوون ڕابردوو و ژیانی خۆی بۆ نۆش ئافەرین باس دەکات، کە لە چ ژیانێکی خۆش بووە و خزمەتکاری هەبووە و ڕۆژێک بۆ گەشت و سەیران چەند شوێنێک ڕۆیشتووە، تا لە ناکاو عەلقەمی دێو دەیڕفێنێت و بەندی دەکات، چەندین مەرجی بۆ دادەنێت کە ڕازی بێت، بەڵام ئەو ڕازی نابێت، بۆیە پێی دەڵێت ئەوە شوێنتە تا ڕازی دەبیت، تا ئەو کاتەی چیرۆکی ژیانی بۆ نۆش ئافەرین باس دەکات سێ ساڵی خایاندووە، نۆش ئافەرینیش دڵدانەوەی دەکات و پێی دەڵێت: شازادە ڕزگارمان دەکات؛ واتە خانا بە تەکنیکی فلاشباک ڕووداوی سێ ساڵ پێشتر دەخاتە ڕوو، کە لە داستانەکە ڕوویداوە، بەمەش کاتی گێڕانەوەی داستانەکە خاو دەکاتەوە؛ گوزارشتێکی جوان بە بنیاتی گێڕانەوەکە دەبەخشێت.

کەواتە خانا تەکنیکی کاتی بەشێوەیەکی هوونەری سەرکەوتوو لە داستانەکە بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی جۆری تەکنیکەکانی بۆ خێراکردن و خاوکردنەوەی کات بەرجەستەکردووە، ئەمەش بنیاتێکی بەهێزی داستانەکەیە.

# ئەنجام

لەپاش شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بنیاتی هونەری داستانە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ی خانای قوبادی گەیشتینە چەند ئەنجامێک لەوانە:

١- خانا دەستێکی باڵای لە داهێنانی بیر و هونەری داستانە شیعردا هەبووە؛ داهێنانەکانی لە بواری (وەرگێرانی ئەدەبی، بیری نەتەوەیی، "هەجوو" داشۆرین، بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند)دایە . لە بواری (وەرگێرانی ئەدەبی، "هەجوو" داشۆرین، قاڵبە شیعرییەکانی تەرجیع بەند) دەبێتە سەرمەشق و پێشەنگی شاعیرانی کورد.

٢- خانا لە بنیاتی هونەری داستانەشیعری(سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)دا سەرکەوتوو بووە؛ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو توخم و تەکنیکانەی دەبنە هۆکاری جوانیناسی و بە پێزی دەق لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکدا؛ لەئاستی شیعریدا شێوازێکی هونەری باڵای هەبووە؛ ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بە پێی پلانێکی ئەکادیمی هۆنینەوەی داستانی ئەو قۆناغەی ژیانی داڕشتووە؛ بە شێوازی مەسنەویی ئەم شێوازە سەروای جیاوازی هەیە، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم یەکێتی ئاوازدا، بۆیە خانا لێهاتووانە بۆ قەرەبووکردنەوەی یەکێتی ئاواز چەندین بەدیلی هونەری بەکارهێناوە لە جۆرەکانی ئاوازی (دەرەوە، لایەکان، ناوەوە) لەسەر تەوەری (هاونیشینی "ئاسۆیی" جێنشینی" ستوونی") لەوانە (زیادکردنی هێشووە دەنگی سەروا، پاش سەروا، ڕەگەزدۆزی، دووبارەکردنەوە...ئاوازێکی بەچێژ دەبەخشنە داستانەکە.

٣-بەکارهێنانی وشەی بێگانە(عەرەبی، فارسی) لای شاعیرانی کلاسیک بەگشتی باو بووە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا بابەتی پاراستنی زمان لە ئارادا نەبووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگی پێدانە ئەم بەکارهێنانە لای شاعیرانی هەورامی جیاوازبووە، بەجۆرێک هەوڵیانداوە ئەو وشانە هەورامییانە و بە پوختی بەکاربهێنن و بە پێی یاسا و ڕێسایی زمانەکەیان بیگونجێنن، کە ئەم گۆڕینی وشانە شێوازێکی باو بووە لایان؛ خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی بەسەرکەوتوویی وشەکانی بێگانەی گۆڕیوە بە هەورامی، هەروەها لە بنیاتی ڕستەدا لادانی زمانی لەم داستانەدا بەدیدەکرێت بە بیانوویی پێویستی شیعر؛ شیعریش یاسای تایبەت بە خۆی هەیە بەهۆی لادانی زمانی و واتاییەوە سەرنجڕاکێشتر دەبێت لای خوێنەر؛ واتە شاعیر بۆ بەخشینی جوانی، ئاواز، ریتم، ڕێکخستنی کێش... لادانی زمانی، واتایی، پێش و پاشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بەکاردەهێنێت، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لە ڕووی واتاوە چونکە ڕستە شیعرییەکان لە دۆخی لادانە زمانییەکان دەبنە ڕستەی واتادار.

٤- خانا هونەرەکان ڕوونبێژی بەشێوەیەکی بەرفراوان و وەستایانە بەکارهێناوە؛ لە ڕێی بنەماکانی لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە، کە پێکهێنەری وێنەی هونەرین لە بوونیادی شیعری داستانەکەدا.

٥- تەکنیکەکانی( وەسف، گفتوگۆ- دیالۆگ، خۆدواندن- مۆنۆلۆگ، سەفەر، خەون و فانتازیا) ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەرییان گێڕاوە، بوونەتە هۆکاری بەهێزی و پتەوی بنیاتی داستانەکە بە گشتی؛ لە بنیاتی پاڵەوانەکان، شوێن، ڕووداوەکان.... بۆ نموونە لە سەرجەمی ڕووداوەکاندا تایبەتمەندی خۆیان هەیە؛

سەرەتا بوونەتە هۆی دروستکردنی ڕووداوی سەرەکی و چەندین ڕووداوی لاوەکی، پاشان ڕۆڵی گرنگییان هەبووە لە گەشەکردن و گەیشتنیان بە لوتکە و کۆتای ڕووداوەکان.

٦-گرنگترین توخمی گێڕانەوەی داستانی پاڵەوانە؛ بە هێز و توانا لەڕادەبەدەرییەکەیەوە دەبێتە هۆکاری دروستکردن و پەرەپێدانی توخمەکانی دیکە، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم کێشە و سەختییەکان، یاخود پاڵەوانە دژەکانی هەیە، لەم داستانەی خانای قوبادیدا (٣٦) پاڵەوان بوونیان هەیە؛ پاڵەوانی سەرەکی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ن، کە ناونیشانی داستانەکە بە ناوی ئەو دوو پاڵەوانەوەیە، هەروەها (خان محمد)یش دەبێتە پاڵەوانی سەرەکی؛ هۆکاری بوونی بە پاڵەوانی سەرەکی ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان و ئایندەی پاڵەوانەکانی دیکەدا هەبووە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی داستانەکە ئەرکی جوامێرانەی هەبووە و یارمەتیدەرێکی باشی سوڵتان ئیبراهیم بووە، هەروەها ڕووداوی سەرەکیی داستانەکە ئەڤینی و دڵدارییە، یەکێتی ڕووداو پەیڕەو کراوە، کە بە سەفەرکردنی(سوڵتان ئیبراهیم) لە چینەوە بۆ سوریا(دیمەشق) بەمەبەستی گەیشتن بە مەعشووقی دەست پێ دەکات، لە کۆتایشدا دەگەڕێتەوە بۆ چین؛ تایبەتمەندی ڕووداوی داستانەکە لەوەدایە کۆتاییەکی شادی هەیە، سەرجەم خۆشەویستەکان بەیەک دەگەن، ئەمەش پێچەوانەی داستانە دڵدارییەکانی دیکەیە، کە کۆتاییەکی تراژیدییان هەبووە.

٧-شوێن مەیدانێکی فراوانی ڕووداوەکانە، لەم داستانەدا زۆر بە فراوانی و بەربڵاوی بەکارهێنراوە، سەر ئەزر و ژێر ئەرز، ئاسمان، سەرجەم جۆرەکانی شوێن (واقیعی، خەیاڵی و فانتازییای، هۆگر، ناهۆگر، کراوە، داخراو....) بەکارهێنراوە، بەهۆی بوونی خێزانێکی دێو، کە دژیایەتی پاڵەوانی سەرەکی دەکەن شوێنە فانتازیاییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە سەرنجڕاکێشانی خوێنەردا، درێژەپێدەری ڕووداوەکانن.

٨-کاتی ڕوودان و حیکایەتی داستانەکە ڕابردووە، گریمانەییە و دیارنییە، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕۆکی داستانەکە دێڕە شیعرێک، یاخود ئاماژە و بەڵگەیەکی ڕوون و باوەڕپێکراو بۆ دیاریکردنی کاتەکان بەرچاو ناکەوێت، بە هەمان شێوە کاتی گێڕانەوە و نووسینشی دیاریکراو نییە، وەک دەقە گێڕانەوەییەکانی دیکە کاتی خوێندنەوەی پەیوەستە بە خوێنەر، لەبەر ئەوەی بە شیعر هۆنراوەتەوە و ئاوازێکی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕچێژو خرۆشی هەیە خوێنەر چێژێکی تایبەت وەردەگرێت خێراتر و لە کاتێکی کەمدا دەیخوێنێتەوە، هەروەها تەکنیکەکانی پەیوەست بە کاتی وەک(پێشخراو، بڕین، کورتکردنەوە، وەستان، فلاشباک...) بە لێهاتووانە بەکارهێناوە.

# سەرچاوە کان

## قورئانی پیرۆز: سورەتی الرحمن ئایەتی (١-٤).

**أ- کتێب**

**- کوردییەکان:**


١. ئەمینی، حمەڕەشی، ٢٠١١، سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی حەمەڕەشی ئەمینی. چاپی یەکەم.، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٢. ئەمینی، موحەمەد، ٢٠٢١، ئەدەبی هەورامی و ڕەوتی مێژوویی، لە کتێبی ئەدەبیاتی هەورامی و چەند باسێک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣. ئەحمەد، کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا (بە نموونە زاری کرمانجیی نێوەڕاست)، چ١، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپوری کورد.

٤. ئەرەستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٥. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەزموونی خوێندنەوەو چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٦. ئەسوەد، نەوزادئەحمەد، ٢٠٠١، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج
٧. ئەلوەنی، نجم خالید، ٢٠٠٦، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری شەفەق، کەرکوک.
٨. ئەلوەنی، نەجم (د)، ٢٠١٦، ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٩. ئەلوەنی، نەجم خالد، ٢٠٠٤، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی "ژانی گەل، شار، ڕاز"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٠. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٢، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چ٢، الدار العربیە للعلوم- ناشرون.
١١. ئیبراهیم، محمد عەبدولکریم، ٢٠١٢، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕوخنەی ئەدەبی نوێوە، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
١٢. بەرزنجی، عەلی، ٢٠٠٨، ڕەخنەی بونیادگەری لە تێورییەوە بۆ پراکتیزەکردن، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٣. بەرزنجی، عەلی(د)، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق، چ١، چاپخانەی ئێڤا.
١٤. بێدار، جمال، ٢٠١٣، دەروازەی شیعرناسی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر.
١٥. بێدار، جمال، ٢٠٠٧، لەبابەت ڕێزمانی هۆرامی یەوە، بەرگی یەکەم، (ناو، جێناو، ئاوەڵناو)، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.
١٦. پارسا، سەید ئەحمەد(د)، ١٣٩٧ه، ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی نالی، سنندج.
١٧. پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٢، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبییاتی کوردیدا ( لە کۆنەوە تا ١٩٣٢)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە (١٠)، هەولێر.
١٨. تراویک، بوکنەر، ٢٠٠٨، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، و. حەمەکەریم عارف، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٩. تراویک، بوکنەر، ٢٠٠٨، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین، و. حەمەکەریم عارف، بەرگی دووەم، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢٠. جەمیل، هاوکار، ٢٠٢١، گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا مەم و زین بە نموونە، چ١، چاپخانەی مەم و زین.
٢١. جێرمان، کلۆد، لۆبلان، ریمو، ٢٠٠٦، واتاسازی، د. یوسف شەریف سعید، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٢. حوسێن، سەنگەر نازم، مەولود، ڕێزان سالح، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، چ١، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
٢٣. حسێن، هەژار فەقێ، ٢٠١٤، ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٢٤. حسێنی، ڕەزا سەید، ٢٠٠٦، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و. حمە کریم عارف.
٢٥. حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧، چەشە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٦. خدر، ڕێزان رەحمان، ٢٠١٢، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی(عەبدوڵڵا سەراج)دا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢٧. خۆشناو، نەریمان(د)، ٢٠١٢، ڕستەسازی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢٨. خۆشناو، نەریمان(د)، ٢٠١٤، دەنگسازی، چ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٢٩. خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چ١، هەولێر، دەزگای ئاراس.

٣٠. خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣١. خەیات، کاروان عوسمان، ٢٠١٣، داستانی گورگ و ڕێوی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٣٢. ڕەسول، شوکریە(د)، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.
٣٣. ڕەسول، عیزەددین مستەفا(د)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
٣٤. رحمان، عەبدوڵلا، ٢٠١١، شیعری شانۆی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم.
٣٥. رضایی، تحسین و دیگر، ١٣٩٩، یەکەمین کۆنگرەی شاعیری بەناوبانگی کورد خانای قوبادی، چ١، جوانڕۆ.
٣٦. سەجادی، علاالدین،(د) ١٣٨٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.
٣٧. سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠١٣، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروودا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٣٨. شێخ بزێنی، سەعرد فاروق، ٢٠١١، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمد موختار بەگی جاف دا، هەولێر.
٣٩. صفوی، کورش، ٢٠١٨، لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبییات، د.عوسمان دەشتی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٠. عزیز، شکری، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، و.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
٤١. عەبدوڵلا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٢. عەلی، دڵشاد، ١٩٩٨، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٤٣. عەلی، دڵشاد، ٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٤. عەلیاوەیی، عەبدەڵلا(د)، ٢٠٠٤، کوردستان لە سەردەمی عوسمانی دا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٤٥. فەرهادی، ساجیدە(د)، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤٦. فتاح، محمد معروف(د)، زمانەوانی، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤٧. قازی، قادر فەتاحی، ٢٠٠٧، گەنجینەی بەیتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤٨. خەیات، کاروان عوسمان، ٢٠١٦، دیوانی خانای قوبادی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چ١، چاپخانەی شوان، سنە.
٤٩. ملاکریم، محمد، ١٩٧٥، شیرین و خوسرەو، ساغکردنەوەی (محمدی ملاکریم مودەریس)، زنجیرەی ژیانەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد- ژمارە(٢)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٥٠. کاکی، حمە نووری (د)، ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٥١. کاکی، حەمەنوری عومەر، ٢٠١٣، شێوازی شیعری نویی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
٥٢. گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم (ڕوونبێژی)، چ١، جاحظ بەغداد. چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
٥٣. گەردی، عەزیز، ١٩٧٥، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
٥٤. گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر.
٥٥. گەردی، عەزیز، ٢٠٠٢، ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٥٦. گەردی، عەزیز، ٢٠١٤، کێشناسی کوردی، کۆمپیوتەری نارین، چ١، هەولێر.
٥٧. گەردی، موحسین ئەحمد، ٢٠١٣، بەهاری ڕەوانبێژی، چاپخانەی نارین، هەولێر.
٥٨. گەرمیانی، عادل، ٢٠٠٨، گرنگی داستان و ڕۆمان لە تیۆری ئەدەبدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ٥٥.

٥٩. محەمەدپور، عادل، ١٣٨٨، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، چ١، نشر احسان، تهران.
٦٠. مستەفا، ئیدریس عبدالله(د)، ٢٠١١، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٦١. موکریانی،کوردستان(د)، ١٩٨٦، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی(دار الحرية للطباعة)، بەغداد.
٦٢. مەنتک، حەمە(د)، ٢٠٢١، گێڕانەوەناسی، چ١، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٦٣. هاڵبێرگ، پێتەر، ٢٠١٨،تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، وەرگێڕانی د. ئەنوەر قادر محمد، چ٣، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

## - عەرەبیەکان

١. ابراهيم، عبدالله(د)، ١٩٨٨، البناء الفني لرواية الحرب في العراق، دار الشؤون الثقافية، بغداد.
٢. اسماعيل، عزيز، ١٩٧٣، لأدب و فنونه، الطبعة الخامسة, القاهرة.
٣. باطاهر، بن عيسى(د)، ٢٠٠٨، البلاغة العربية مقدمات و تطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، ليبيا.
٤. تاوكوزي، سالار، ٢٠١٢، بيئة المكان في روايتي الجحيم المقدس و هيلانة، اتحاد الادباء الكرد المركز العام.
٥. ترحييني، فايز(د)، ١٩٨٨، الدراما و المذاهب الادب، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.
٦. التكريتي، جميل نصيف، ١٩٨٠، عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الأدب,دار الرشيد للنشر- مركز العربى للطباعة والنشر والتوزيع، الجمهورية العراقية.
٧. الجرجاني, الامام عبدالقادر, ٢٠٠١, دلائل الاعجاز في علم المعاني, تصحيح الشيخ محمد عبده, علق عليه السيد محمد رشيد رضا, الطبعة الثالثة, دار المعرفة, بيروت-لبنان.
٨. الجنابي، جمال(د)، ٢٠١٣، المكونات الفنية في الشعر النسوي الكردي، اربيل.
٩. الحديدي، عبداللطيف(د)، ١٩٩٦، الفن القصصي في ضوء النقد الادبي الحدث، دار المعرفة، المنصورة.
١٠. حليفي، شعيب، ٢٠٠٦، الرحلة فى الادب العربي، رؤية للنشر والتوزيع.
١١. السامرائي، مهدي صالح(د)، ١٩٧٤، المجاز في البلاغة العربية، الطبعة الأولى، مكتبة دار الدعوة، سوريا.
١٢. السكاكي، أبى يعقوب يوسف، ٢٠٠٠، مفاتح العلوم، تحقيق، عبدالحميد هنداوى، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.
١٣. صدقه، ابراهيم، ٢٠١٠، النص الادبى فى التراث النقدى والبلاغى حتى نهاية القرن الخامس الهجرى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
١٤. العطار، سليمان، ٢٠١٢، الموتيف في الادب الشعبي والفردي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
١٥. عبدالله، محمد حسن(د)، ١٩٧٨، فنون الأدب (أصول، نصوص، قراءت)، ط٢، دار الكتب الثقافيه، الكويت.
١٦. عثمان احمد (د)، ١٩٨٤، الشعر الاغريقى تراثا انسانيا و علميا، ط١، عالم المعرفه ٧٧، الكويت.
١٧. فروم، اريک، ٢٠١١، اللغة المسنبة، ترجمة، محمود منقذ الهاشمي، دار الحوار للنشر والتوازع، ط١، سورية-لاذقية.
١٨. فهيم، حسين محمد، ١٩٨٩، الادب الرحلات، عالم المعرفة (١٣٨)، المجلس الوطني للثقافة والفنون ولآداب, الكويت.
١٩. فيود، بيستون عبدالفتاح(د)، ٢٠١٠، علم البيان، ط٣، مؤسسة المختار قاهرة.
٢٠. كوهين، جان، ١٩٨٦، بنية اللغة الشعرية، ت محمد الوي ومحمد العمري، دار توبقال للنشر.
٢١. محمد، ركن الدين، ٢٠٠٢، الأشارات والتنبيهات فى علم البلاغة، علق عليه، ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.
٢٢. مرزوقي، سمير، شاكر، جميل، ١٩٨٦، مدخل الى نظرية القصة، "تحليل و تطبيقا"، دار الشؤن-الثقافة العام، بغداد.

٢٣. مندور، طارق، ٢٠١٣، نظرية مندور النقدية، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
٢٤. ميخائيل باختن، ١٩٨٢، الملحمة والرواية، ترجمة د. جمال شحيد، الطبعة لاولى، معهد الانماء العربى بيروت-الهيئة القومية للبحث العلمى الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية- طرابلس، بيروت.
٢٥. الملائكه، نازک، ١٩٧٨، قضيا الشعر المعاصر، الطبعة الخامسة، بيروت.
٢٦. هوارى، احمد ابراهيم، ١٩٧٦، البطل المعاصر في الرواية المصرية، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحريةلطباعة، بغداد.
٢٧. واخرون، ثول، ٢٠١٢، معجم المصطلحات الادبيه، المؤسسة الجامية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٨. وادي، طه(د)، ١٩٨٩، دراسات في نقد الرواية، الهئة المصرية العامة للكتاب، ط١، القاهرة.
٢٩. ويس، أحمد محمد(د)، ٢٠٠٢، الأنزياح في التراث النقدي والبلاغي مطبة اتحاد كتاب العرب, دمشق.
٣٠. ويلک، رينية، ١٩٨٧مفاهيم نقدية، ت. محمد عصفور، عالم المعرفة، المجلس الوطنى للثقافة والفنون و الأدب، الكويت.

**- فارسيەكان**

١. ايبرمز، ام.اچ، هرفم، جفرى گالت، ١٣٨٧، فرهنگ توصيفي اصطلاحات ادبى، مترجم، سعيد سبزيان م، تهران، رهنما.
٢. بهار، محمد تقى ملک الشعرا (١٣٣٤)، تاريخ تطور شعر فارسى، چاپ اول، مشهد، كتاب فروشى باستان.
٣. سرمد، زهره، ١٣٨٧، صوره خيال در غزليات شهريار، چ١، انتشارات بلور.
٤. شميسا، (د) سيروس، ١٣٩٣، انواع ادبى، چاپ چهارم، نشر ميترا، تهران.
٥. صفا، ذبيح الله، ١٣٧٨، حماسه سرايى در ايران، انتشارات فردوس، چاپ هفتم، چاپخانه رامين، تهران.
٦. فتوحى، محمود، ١٣٩٥، سبک شناسى نظريه ها و رويكردها و روش ها، چاپ سوم، تهران، انتشارات سخن.
٧. فلكى، محمود، ١٣٨٢، روايت داستان (تئورهاى پايەيى داستان نويسى)، چ١، نشر بازتاب نگار، تهران.
٨. مدرسى، فاطمه، ١٣٩٠، فرهنگ توصيفى نقد و نظريەهاى ادبى، ضاث اول.
٩. ميرصادقى، جمال، ١٣٨٦، ادبيات داستانى، چ٥، نشر سخن، تهران.
١٠. ميرصادقى، جمال، ١٣٨٨، عناصرداستان، چ٦، نشر سخن، تهران.
١١. ميرصادقى، جمال، ١٣٩٣، شناخت داستان، مؤسسه انتشارات، تهران.
١٢. ميرصادقى، جمال، ١٣٩٤، عناصرداستان، انتشارات سخن، چ٩ تهران.
١٣. ميرصادقى، جمال، ميرصادقى، ميمنت، ١٣٨٨، واژه نامه هنر داستان نويسى، چ٢، تهران.
١٤. يونسى، ابراهيم، ١٣٨٢، هنر داستان نويسى، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپخانه ايران يكتا، چاپ هفتم، تهران.

**-ئينگليزييەكان:**

-M.H.Abrams.( ١٩٩٩) Aglossary of Lityary term.
-Marshall, Evan (١٩٩٨). The marshall plan for Novel Writing. Cincinnati, OH: Writers Digest Books.

**ب- نامە ئەكاديمييەكان:**

**كوردييەكان:**

١. حەسەن، ياسين رەشيد، ٢٠٠٤، ناوەڕۆک و تەكنيكى دراماى كوردى(١٩٩١-٢٠٠٢)، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سلێمانى.

٢. حەمە ئەمین، باخان ئەحمەد، ٢٠١٤، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا)بە کەرەستەی کرمانجی خواروو( ساڵانی ١٩٩٠–٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣. خالد،عیماد وەیسی، ٢٠٠٨، بەراوردکردنی داستانی (شێخی سەنعان) ی عەتتاری نیشابووری و فەقێی تەیران، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.
٤. عەلی، ئارەزوو محمد، ٢٠٠٩، تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
٥. علی، بکر عمر، ٢٠٠٠، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٦. عوسمان، کاروان مهدی، ٢٠٠٨، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.
٧. عبدالرحمن، لهۆن، ٢٠٢١، لیریکی گۆرانی (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە (بە نموونەی شیعری : بێسارانی، سەیدی، کۆماسی)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٨. فایەق، دیار، ٢٠٠٨، بنیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی، زانکۆی بەغداد.
٩. فەرحان، مەریوان حسێن، ٢٠١٥، جوانکاری لە شیعری وەفایدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
١٠. قادر، سەنگەر،٢٠٠٩، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین) ی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١١. قاضی، ڕەوەند حمەجزا، ٢٠٢١، ئیستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٢. کەسنەزانی، بوشرا، ٢٠٢٢، ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٣. محمد، تانیا ئەسعد، ٢٠٠٦، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
١٤. محمد، هێمن جاسم، ٢٠١٥، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (خوسرەو جاف)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.
١٥. موفتی، پەری سالح، ٢٠١١، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد ئیسماعیل)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**عەرەبییەکان:**

١. العامري، میادة عبدالکریم، ٢٠١١، البنیية السردية كتاب الاغاني لأبي الفرج الاصبهاني، رسالة ماجستر، جامعة ذي قار، كلية التربية.
٢. المالكی،ماجدة هاشم، ٢٠٠٢، تحليل الخطاب الروائی، في أدب عبدالخالق الركابی، الثلاثية نموذجا، رسالة ماجستر، جامعة ابن روشد، كلية التربية.
٣. يحيی، محمد حامد، ٢٠١٥، العناصر الدرامية في السرديات ابراهيم اسحق، رسالة دكتورا، جامعة السوودان، كلية الموسيقا والدراما.

**پ– گۆڤارەکان:**

١. ابراهیم، عمر، ١٩٧٩، فۆلكلۆر بەرهەم و دەستكەوت و بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵی پێش ئێستایە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ٧٦.
٢. تاڵەبانی، موكەرەم، ٢٠١٠، ئایا سەردەمی داستان بەسەرچووە، گۆڤاری كاروان، ژ(٢٤٨)، ٧٦.
٣. حەویزی، دەریا (د)، ٢٠١٩، ستاتیكای زمانی شیعری لە دیوانی مۆسیقای نامۆیی هاوژین صلیوەدا، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژ(١٠)، كۆیە.
٤-دەشتی، عوسمان(د)، ٢٠٠٩، بنیاتی ئاوازو شێواز لە ساقینامەی (ناڵەی جودایی)، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژ(١٢)، كۆیە.
٥-سەعید، شاهۆ، ٢٠٠٤، شیعر و سیمانتیكای ریتم، گۆڤاری ئاینده ژماره ٥٣.
٦-محەمەد، ئەنوەر قادر، (٢٠٠٧)، مۆتیڤی پایز لە شیعرەكانی بێسارانیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژماره ٢٠.
٧-محەمەد، عیرفان ئەحمد، ٢٠٠٢، دەروازەیەک بۆ زەمەن لە دراما، گۆڤاری ڕامان، ژ٧٠.

**گۆڤاری فارسی:**

١. خیر اندیش، سید مهدی، دری، نجمة(د)، ٢٠١١، ساختار داستان ثردازی در سمک عیار، ثژوهش نامەی ادبیات ه زبان شناسی، سال اول، شمارەی اول.

**ت- فەرهەنگەكان:**

١. موكریانی، گیوی، ١٩٩٩، كوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر.

**د-چاوپێكەوتن:**

بەڕێز مامۆستا جەمال بێدار ٢٠٢٢/٣/١

**پێگەی ئەلیكترۆنی:**

١- دەشتی، عوسمان و حەوێز، سروشت، ٢٠١٥، بنیاتی ریتم لە شیعرە كوردییەكانی ئەختەردا.Osman dashty.net

## ملخص البحث

الشعر المكتوب بالهورامى ضمن الأدبيات اللهجة الكورانية وهي ثروة فنية للشعب الكردي، التي تم تهميشها، ولم يهتم بها قدر الحاجة، فالشاعر (خانا القبادي) واحد من بين هؤلاء الشعراء المنتمي إلى الأدبيات الكورانية والذي يعرف بكثرة مؤلفاته، ومع ذلك لم ينل حصته في الدراسات العلمية، مين أجل ذلك حاولنا في هذه الرسالة عرض ودراسة أشهر أعماله بعنوان (البنية الفنية للملحمة الشعرية " سلطان إبراهيم و نوش آفرين") والمنهج المتبع في الرسالة هو المنهج الوصفي التحليلي، وقد آثرنا أن تكون الرسالة في ثلاثة فصول.

الفصل الأول يتألف من أربع مباحث، المبحث الأول تناول تعريف الملحمة الشعرية، أما المبحث الثاني خصص لتأريخ الملاحم الشعرية العالمية و الكردية ، وفي المبحث الثالث ركزنا على خصائص الملاحم الشعرية، وتناول المبحث الرابع والأخير نبذة عن حياة وابداعات الشاعر"خانا القبادي" في مجال الخيال والملحمة الشعرية.

والفصل الثاني عنوانه( البنية الفنية للملحمة الشعرية " سلطان إبراهيم و نوش آفرين") و يتألف من ثلاث مباحث: ففي المبحث الأول تناولنا البنية الصوتية والتى تمثل الأصوات " الخارجية، الجانبية،

الداخلية" وفي المبحث الثاني تناولنا البنية الأسلوبية ومستوياتها " الصوت، الكلمة، الجملة" في الملحمة ، أما المبحث الثالث فخصص للفنون البلاغية " التشبية، المجاز، الإستعارة، الكناية" مع تعريف موجز لهذا الفن و تحليل النماذج الشعرية.

وجاء الفصل الثالث بعنوان (البنية الفنية للملحمة الشعرية "سلطان إبراهيم و نوش آفرين") ، ويتألف من مبحثين: ففي المبحث الأول تحدثنا عن تقنيات الرواية " الوصف، الحوار، الصوت الداخلي، المونولوج، السفر، الحلم والخيال" في الملحمة ، وتناول المبحث الثاني عناصر الرواية( الحدث ، المكان ، الزمان ) في الملحمة المذكورة.

وختمنا الدراسة بأهم النتائج التي توصلنا اليها ، مع عرض قائمة بأهم المصادر والمراجع للبحث .

# Abstract

In Goran literature, the works of Hawrami poets are an artistic and cognitive asset of our nation. Unfortunately, these great masterpieces have not been given the rights they deserve. Their high level of artistry has not been brought to light through academic research. Khan Qobadi is one of the highest-ranking poets of this beautiful literature and he is known as the most prolific poet. However, there is not enough scientific research on his works. Therefore, this study is a scientific attempt at one of his great masterpieces entitled "Sultan Ibrahim and Nosh Afarin". Based on the historical and descriptive analytical method, this study has been conducted in three main parts:

The first part consists of four section: The first section is dedicated to presenting the terms and definitions of poetry. In the second section, the history of Kurdish and world poetry epos is presented based on scientific sources. In the third section, we have emphasized the existence of the characteristics of the poetry epos. We have devoted the last part of this section to a brief of Khana Qobadi's life and his inventions in the field of thought and the art of poetry epos.

The second part is devoted to the artistic structure of the poetry epos "Sultan Ibrahim and Nosh Afarin" at the poetic level which consists of three sections. In the first section, the melody structure which consists of melody (outside, sides, and inside) is presented in the epic. Then in the second section, the structure of method in which we have shown the levels of sound, word, sentence of the story according to necessity and scientific ability. The third part is dedicated to the art of explanation (analogize, desire, xwaza) with a brief epic of this art, the analysis of the example of the epic poem is presented in this regard.

The third part deals with the artistic construction of the story at the narrative level

It consists of two sections: In first part, we discussed the narrative techniques of (description, conversation, dialogue, self-talk, monologue, journey, dreams and fantasy) in the story. In the second part, we have presented the elements of narrative (hero, event, place, time ) of this great masterpiece by Khana Qobadi.